حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری

رێکخراوە نێودەوڵەتیو هەرێمییەکان
سیستمی ئامرازە یاساییەکان
بۆ پاراستنی ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی

نووسینی
دکتۆر ئەحمەد موسەوی

وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە
عەلی قادر عوبێد

www.pertwk.com

سـلێمانی
2002

ناوی کتێب: رێکخراوە نێودەوڵەتیو هەرێمییەکان
بابەت: نێودەوڵەتی
تایپو نەخشەسازی: مەهدی ئەحمەد

www.pertwk.com

پێشکەشە

+ بەوانەی خەباتیان کردووەو تێکۆشاون لەپێناو رزگاری نیشتمانی گەلی کوردو گیانی پاکییان بەنەتەوەکەیان بەخشیووە.

+ بـەگیانی پـاکی مامۆسـتای خـەباتگێرو یاسـاناس و ئـەدیبی گەلەکەمان برایم ئەحمەد

پێشەکی

یاساکانی کۆن جەنگییان بەڕەوا دادەنا لەیەکلاکردنەوەی کێشە نێودەوڵەتییەکانداو بەڕوویەکی رەهای سەروەرییان دەزانی.

هەر لەم بۆچوونەشەوە هەمیشە هەوڵیان داوە خۆیان پڕچەك بکەن تا بتوانن سەروەرییان بپارێزن‌و هاوسەنگی هێز راگرن.

هەرچەندە کۆمەڵەی گەلان لەپاش، جەنگی جیهانی یەکەمدا دروست بووە، بەڵام لە بڕوانامەکەیدا جەنگی بەکاری ناڕەوا داناو بەمەش جەنگ گیرانی کۆت بەندکرد بەکۆتی یاسایی‌و سەرەتای چارەسەری ئاشتییانەی یەکلاکردنەوەی کێشەکانیشی دارِشت کەدەبێ پێش بەجەنگهاتن پەنای بۆ بەرێ.

www.pertwk.com

نەتەوەیەکگرتووەکانیش هەنگاوی پێشکەوتووتری نا لەو بارەیەوەو جەنگی بەناڕەواو قێزەون داناو پەنا بۆبردنیشی قەدەغەکرد وەك ئامرازێکی یەکلاکردنەوەی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکانی بەدوای ئەمیش دا چەندین رێکخراوی هەرێمی دروست بوون ئامانجییان بەدیهێنانی ئاشتی‌و ئاسایشی نێودەوڵەتییە لەجیهانداو رێگرتنە لەبەرپابوونی جەنگ‌و وێرانکاری.

ئێستا ئەم رێکخراوانە لەگۆڕپانی نێودەوڵەتیدا رۆڵی گرنگ دەگێڕن بۆ پاراستنی ئاشتی‌و ئاسایش‌و سەقامگیرکردنی هاوکاری‌و تەبایی‌و برایەتی نێوان وڵاتان لەجیاتی ناکۆکی‌و جەنگ.

نووسەر لەم بابەتەیدا بەشێوەیەکی زانستییانە پەنای بردۆتە بەر توێژنەوەی زانستی بێ وێنەو توانیویەتی رۆڵی گرنگی رێکخراوە نێودەوڵەتی‌و هەرێمییەکان لەپاراستنی ئاشتی‌و ئاسایش بخاتە روو، بەگەڕان بەدوای هەموو ئەو دەقە یاساییانەی لەبڕوانامەی سەرجەم ئەو رێکخراوانەدا هاتووە لەچۆنییەتی چارەسەری ناکۆکییەکان‌و پاراستنی ئاشتی‌و ئاسایشی کۆڵیوەتەوەو خاڵی بەهێزی‌و لاوازی ئەو دەقە یاساییانەی دانایانە هەڵسەنگاندوون.

بەندەش لەبەرگرنگی بابەتەکەو پەیوەندی راستەوخۆی بەژیانی نەتەوەکەمانەوە کەنەتەوەیەکی چەوساوەی سەر ئەم زەمنییەیەو مافەکانی زەوت دەکرێ‌و ئاسایشی لێ حەرام کراوە. بەتایبەتی کەنووسەر ئاستێکی بەرزی هەیە لەبواری توێژینەوەدا. بەباشمزانی وەریگێڕمە سەر زمانی کوردی بۆ ئەوەی خوێنەرانمان بەزمانە شیرینەکەیان بیخوێننەوەو سوودی لێ وەرگرن، بەو هیوایەی کەلێنێکی بچووك لەکتێبخانەی کوردی پڕکاتەوە.

وەرگێڕ

www.pertwk.com

پێشەکی

شۆڕشی پیشەسازیو پێشکەوتنی زانستو تەکنیك، کەسەدەی بیستەم بەخۆییەوە بینی فاکتەرێك بوو لەو فاکتەرانەی بووە هۆی گەشەکردنی پەیوەندییەکان لەنێوان وڵاتانو هاوکاریکردنیان بۆ بەدیهێنانو دابینکردنی داخوزاییە زۆرەکانی ژیان لەسەرجەم بوارەکاندا، کەپیشەنگیان بواری ئابوورییە کەیارمەتی گەشەپێدانی هاوکاری نێودەوڵەتیدا, جیهانی بەرەو ئەو بڕوایە برد کە لەجیاتی کوشتار پێویستی بەهاوکارییە، هەروەها گرنگی گونجاندنی هەوڵە هاوبەشەکانو ڕێکخستنیان لەبوارە جیاجیاکانی ئابووریو کۆمەڵایەتیو تەندروستیدا.. هتد، بۆ زەمینە سازکردنو گەیشتن بەو پەیوەندی ئاشتیانەی دوور لەگرژبوونی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بۆ دوور خستنەوەی مرۆڤایەتی لەوێرانکاری جەنگ بەتایبەت جەنگی ئەتۆمیو، بەهەند دانانی ئەنجامە کارەساتبارەکانی هەردوو جەنگی جیهانی.

ئەو گەشەپێدانەی بەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان نەهاتەدی بەجیا لەسەر هەڵدانی سەرەتاو بنەما یاساییەکانی نێودەوڵەتی نوێو گەشەکردنی سەرەتاو سیستمی دیموکراتی کۆن کەبانگەشەی بۆیەکسانی نێوان وڵاتان دەکردو دەست وەرنەدان لەکاروباری ناوخۆی وڵاتانو چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتییەکان بەرێگای ئاشتیانەو دەستدرێژی نەکردنە سەریەکترو مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلان ..هتد.

بەپێی ئەوە یاسای نێودەوڵەتی دەوڵەمەندبوو، بەلە خۆگرتنی ناوەڕۆکی نوێ کە وەڵامدەرەوە بێو بگونجێ لەگەڵ ئەو گەشەکردنەی لەپەیوەندییەکانی نێوان وڵاتاندا دروست بووەو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی نوێ پێکدەهێنێ، کەئەمەش بەرهەمی ڕێکەوتنی نێوانیانە بەجیاوازی سیستمە کۆمەڵایەتییو سیاسییەکانیان، ئەوە لەلایەكو لەلایەکی تریشەوە گۆڕانکاری جۆری پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتیو

www.pertwk.com

سەرهەڵدانی دیاردەی ڕێکخستنی نێودەوڵەتی کارێکی وای کرد ئەو گۆڕانە رووبدات جالە سەر ئاستی نێودەوڵەتی بێت یان لەسەر ئاستی ناوچەیی.

ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان سروشتی ئێستایان وەرگرت، دوای درێژەکێشان و گەشە پێدانی کۆنگرەکانی نێودەوڵەتی وەك کۆنگرەی ڤییەنا ساڵی 1815 کۆنگرەی پاریس ساڵی 1856، کۆنگرەی لەندەن 1871، هەردوو کۆنگرەی بەرلین 1871–1884، کۆنگرەی لاهای 1899–1907[1]، بۆ مۆرکردنی پەیماننامەکانی ئاشتی و بۆ چارەسەری کێشەکانی نێودەوڵەتی بەڕێگای ئاشتییانە دەبەستران و، بۆ هەڵسوکەوتکردن لەتەك سەربازی نەخۆش و بریندارو دیلی جەنگ و, ڕێکخستنی بنەماکانی جەنگ، ئەو بارودۆخە گرژەی وڵاتان پێوەیان دەناڵاند، بوونە هۆی بەستنی کۆنگرە وەزریەکان، کەوای دەخواست دامودەزگایەك بدۆزرێتەوە بۆ ڕێکخستنی ئەو کۆنگرەو یەکیەتیانەو لیژنە نێودەوڵەتییەکان[2] وەك (یەکێتی تەلگرافیی نێودەوڵەتی 1865، یەکێتی پۆستی جیهانی ساڵی 1874، نووسینگەی نێودەوڵەتی بۆ کێشانەو پێوانە 1875، یەکێتی پاراستنی موڵکداری پیشەسازی 1883 یەکێتی پەرلەمانی نێودەوڵەتی 1889، یەکێتی پاراستنی مڵکداری ئەدەب و هونەر 1886، یەکێتی نێودەوڵەتی بۆ باجی گومرگی 1890 نووسینگەی کاری نێودەوڵەتی 1919، لیژنەی رووبارە نێودەوڵەتییەکان کەپەیماننامەی پاریس بڕیاری لەسەر داو پەیماننامەی ڤییەنا پێکیهێنا بۆ هەستان بەسەرپەرشتی سەربەستی دەریاوانی لە رووبارە

[1] د. عبدالعزیز محمد سرحان بنچینە گشتییەکانی ڕێکخراوەی نیودەوڵەتی، قاهرە 1968ص33

د.مفید سهاب المنظمات الدولیه ، القاهره 1976 ص 54–56، د. محمد المجذوب وانەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان بەیروت 1976ص28–33 د.محمد عزیز شکری المدخل الی القانون الدولی العام دمشق 1973 ص200–201

[2] عائشە راتب ڕێکخستنی نێودەوڵەتی کتێبی دووەم، ڕێکخراوی هەرێمی و تایبەتمەند قاهیرە 1971ل165–166، د.محمد عزیز شکری ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی جیهانی چەسپاندن دیمەشق 1973 ل30، د. ئیبراهیم ئەلعەنانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی قاهرە 1976

نێودەوڵەتییەکاندا کەبەزیاتر لەهەرێمی وڵاتێکدا تێدەپەرێ، وەك لیژنەی راین و, لیژنەی دانوب، لیژنەی داراییە نێودەوڵەتییەکان کەوڵاتە ئەوروپارییەکان پێکیان هێنان بۆ دەستکەوتنەوەی قەرزەکان لەوڵاتانی قەرزدار وەك لیژنەی قەرزی میسری 1878، لیژنەی قەرزی یونانی 1897.

ئەویەکێتی و لیژنانە خەسڵەتێکی هونەریان هەبوو ئامانجیان بەدیهێنانی هاوکاری نێوان وڵاتان بوو لەبوارە ناسیاسیەکانداو رووبەڕووبوونەوەی پێداویستییە زۆرەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، ئەمانە هەموو رۆڵی خۆیان بینی لەپەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتی و گەیشتنی بەقۆناغی پێکهێنانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی جیهانی کەئامانجی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و هاوکاری وڵاتانە لەسەرجەم بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری..هتد پێکهێنانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە هەرێمییەکان و زیادبوونی ڕێکخراوە تایبەتمەندە جیهانی و هەرێمییەکان.

+ بویت (پسپۆڕی یاسای نێودەوڵەتی) وادەبینێ کەکۆنگرەو یەکێتیە نێودەوڵەتییەکان سەرەتایەکی بنچینەیی بوون بۆگەشەپێدانی بیرۆکەی ڕێکخراوە جیهانی و هەرێمییەکان دوای ئەوە چەندین دەستکەوتی لەبوارە تایبەتمەندەکانی خۆیدا بەدەست هێنا[3]،و (د.محەمەد المجذوب) دەڵێ:" ئەم یەکێتییانە ورەچەخانی قۆناغێکە لەنێوان دیاردەی کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان و دیاردەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا[4]" پێشتر سەرەتای رەوایی کردنی جەنگ لەیاسای نێودەوڵەتی کۆندا دانی پێدانرابوو، بەڵام پەیماننامە نێودەوڵەتیی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان رۆڵی گرنگیان گێڕا لەبواری دانانی ئاستێك بۆ بەناڕەوا کردنی جەنگ دواتریش حەرامکردنی جەنگ وەك ئامرازێك بۆیەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێوان وڵاتان.

کۆمەڵەی گەلان کۆتی بۆ رەوایەتی جەنگ و پەنا بۆ بردنی دانا، کەنابێ پەنای بۆ ببرێ تەنیا دوای پەیڕەوکردنی ڕێ و شوێنی دیاریکراو نەبێت.

[3] بویت، یاسای ڕێکخراوە نێوەدەوڵەتییەکان، بەشی دووەم، لەندەن 1970 ل70

[4] د. محمد المجذوب، سەرچاوە پێشوو ل33

www.pertwk.com

بڕوانامەی پاریس (بریان کلیوچ) 1928 جەنگی دەستدرێژیکردنە سەر وڵاتانی قەدەغەکردو، ئیدانەی پەنابردنی جەنگی بۆ چارەسەری کیشەکانی نێودەوڵەتیو بەکارهێنانی قەدەغەکرد، وەك ئامرازێکی سیاسی نیشتمانی، و وڵاتانی پابەند کردکەبەڕێو شوێنی ئاشتیانە کێشەکانیان یەکلابکەنەوە.

لەبڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا قۆناغێکی نوێو گرنگ دەدرەوشێتەوە لەبواری پەرەپێدانی سەرەتای دەستدرێژی نەکردنە سەر وڵاتان.

ئەم بڕوانامەیە بەوەوە ناوەستێتەوە کەجەنگی دوژمنکارانە قەدەغە بکات بەڵکو هەڕەشەکردنیشی بەبەکارهێنانی هێز دژی سەلامەتی زەوییان سەربەخۆیی سیاسی هەر وڵاتێك یان بەهەر ڕوویەکی تر بێت کەلەگەڵ مەبەستەکانی نەتەوەیەکگرتووکاندا یەکانگیرنەبێەوە (بڕگەی 4 مادەی2 بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان)و دەقی بڕوانامەی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەب کەلەدوای بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان هاتووە دەڵێ (بەکارهێنانی هێز قەدەغەیە پێویستە نەهێشتنی کێشەکان لەنێوان وڵاتانی ئەندامدا بەڕێگای ئاشتیانە یەکلابکرێتەوە).

هەمان فەرمانیش لەرێکخراوە هەرێمییەکاندا هاتووە کەلەدوای نەتەوەیەکگرتووەکان دەرکەوتوون وەك ڕێکخراوی وڵاتانی ئەمریکاو ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقیاو چەندانیتر. هەرچەندە دەقی بڕوانامەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان, جیهانیو هەرێمییەکان جەخت لەسەر بەکارنەهێنانی هێزدەکەنەوە، بەڵام جیهانی ئەم سەردەمە لەکاتی دروستبوونی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە ئاسایشو جێگریی بەخۆیەوە نەبینیووە بەڵکو بەدەیان جەنگ ڕوویانداوە لەنێوان وڵاتانی ئەندامی نەتەوەیەکگرتووەکاندا، کەلەنێوانیاندا جەنگی دەستدرێژی کارانەیە کەوڵاتێك یان چەند وڵاتێك پێی هەستاون، دژی وڵاتێك یان وڵاتانی تر. هەروەك دەستدرێژی سێلایەنەی سەر میسر ساڵی 1956، دوژمنکاری ئیسرائیل بۆ سەر وڵاتانی عەرەب 1967، دەستدرێژیکردنی عیراق بۆسەر کوێت 2/ئاب/1990.[5] هتد، ئەمڕۆ جیهان ڕووبەڕووی هەڕەشەی مەترسی

[5] وەرگێڕ

ئەتۆمی دەبێتەوە لە ئەنجامی بەدەستهێنانی ئەم چەکە کوشندەیە لەلایەن چەندین وڵاتەوەو، زۆربەی وڵاتان چەکی کیمیاییو بایۆلۆجیو چەکی لەناوبردنی سەراپاگیریان هەیە، کە ئەمانە لەهەر بارێکدا بێت سەرچاوەی مەترسین بۆسەر چارەنووسی مرۆڤایەتی بەگشتی. لەبەردەم ئەم بارودۆخە مەترسیدارەدا کەهەڕەشە لەئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکات، لەسەرکۆمەڵگای نێودەوڵەتییە کەهەموو ڕێو شوێنێك بگرێتەبەر بۆ ئاستدانان ، لەپێشبڕێکێی خۆ پڕ چەککردنو هەنگاوی لەوەش دوورتر بگرێتەبەر کەدەقەغەکردنی چەکی بەکۆمەڵ کوژەو بەدیهێنانی چەك داماڵێن بەگشتیو سەرتاسەریو گەیشتنە بەو ڕێککەوتننامانەی کەپشت بەهاوکاری نێودەوڵەتی هاوبەش دەبەستێو پێکەوە ژیان بەئاشتی بۆ دوورخستنەوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەجەنگی لەناوبردنی بەکۆمەڵو مسۆگەرکردنی ئاسایشو جێگیرییەو تەرخانکردنی هەموو هەوڵەکان بۆ خزمەتی مرۆڤایەتیو خۆشگوزەرانیو گەشەکردنی.

ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لەپێش هەمووشیانەوە نەتەوەیەگرتووەکان ئەرکێکی بنچینەیی دەکەوێتە سەرشان لەمسۆگەرکردنی ئاشتیو ئاسایشو هاوکاری نێودەوڵەتیو گرنگی چڕکردنەوەی هاوکاری جۆراوجۆرو هەمەلایەنە لەهەموو وڵاتانەوە بەبێ بەدەرکردنی هیچ وڵاتێك.

کاریگەری ئەو ڕۆڵە پشت بەوڵاتانی ئەندام دەبەستێ کەتاچ ڕادەیەك دەسەڵات دەدەن بەرێکخراوەکەو ڕادەی ئامادەباشییان بۆ جێبەجێکردنی ئەو پابەندبوونانەی دەکەوێتە سەریان بەنیاز پاکی لەئەنجامی ئەندامەتیان لەرێکخراوەکەدا.

نەتەوەیەکگرتووەکان کەزیاتر لە پەنجا ساڵ لەمەوپێش دامەزراوە، ئەمڕۆ پێویستی بەچاو پێداخشاندنەوە هەیە، بەبڕوانامەو شێوازی کارکردنو پێکهاتەی دامودەزگاکانی، و لەوەش گرنگتر سەروەری دیموکراسییەتە تێیدا بەو شێوەیەی کەرێگر بێت لەتاکڕەوی وڵاتێك یان چەند وڵاتێك بەزاڵبوون بەسەر ڕێڕەوی ڕێکخراوەکەو بەکارهێنانی بەپێی بەرژەوەندی تایبەتییان بەبێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی وڵاتانی دیکەی ئەندام.

www.pertwk.com

ئەمە تاقیکردنەوەیەکی قورسە کەرێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان رووبەڕووی دەبێتەوە لەم بارودۆخە جیهانی و سەردەمەدا کەیەك جەمسەریو، بەرەنگاربوونەوەیەکی ئاشکرا پێکدەهێنێ بۆنەتەوەیەکگرتووەکان بەڵکو بۆ بوونی خۆشی.

نەمانی جەمسەرەکان ئەگەر بەجۆراوجۆریش بێت بەندە بەوەی کەولاّتانی ئەندام پێی هەڵدەستن لەهەوڵ و ماندووبوون لەچوارچێوەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا بۆ پارێزگاری کردن و پشتگیری رۆڵی لەڕووبەڕوونەوەی ئەو مەترسیو بەرەنگاریانەی بەرەو رووی مرۆڤایەتی دەبێتەوە کەروو لەزیادبوون و قەبەبوون دەکات، لەچەندایەتی و جۆریشەوە: جەنگەکان،برسێتیێ، هەژاری، نەخۆشی، هەلقوستنەوەو تالاّنکردن، بەبیابان بوون، پیسبوونی ژینگە..هتد، گومان لەوەدانییە کەهاوکاری بەکۆمەڵ ئاڵوگۆڕی سودەکان لەسەر بنچینەی یەکسانی لەنێوان سەرجەم ولاّتاندا گەورەو بچووکیان ئەوە رێگای مسۆگەرە بۆ گەیشتن بەقۆناغی نوێی مێژووی مرۆڤایەتی کەبارودۆخی ترس و دڵەراوکێو نەخۆشی و برسێتی لەئامێز دەگرێ، قۆناغێکە کەتێدا مرۆڤ بەرهەمی رەنج و داهاتە سروشتییەکانی دەستدەکەوێ پەرەپێدانی ئابووری وەدی دەهێنێ لەسایەی جیهانێکدا کەئاشتی و ئاسایش باڵی بەرسەردا کێشا بێ.

بەهەر حاڵ ئەوەی کەنەتەوەیەکگرتووەکان داوای بەدیهێنانی دەکات دەبێت بگاتە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی تریش و رێکخراوە هەرێمییەکانیش بگرێتەوە چونکە نابێت رۆڵیان پشتگوێ بخرێ بەتایبەت لەبواری وەدی هێنانی ئاشتیو ئاسایش و چارەسەری ناکۆکیە هەرێمییەکاندا.

کەچالاکییەکانیان تەواوکردنی چالاکی نەتەوەیەکگرتووەکان و هاوکارییەتی لەڕووبەڕوونەوەی کێشەکان، بەو پێیەی کەلەبەشەکانی ئەم توێژینەوەیەدا روونی دەکەینەوە.

دەروازەی یەكەم

یەكلاكردنەوەی كێشە نێودەوڵەتییەكان لەیاسای نێودەوڵەتی كۆنو سەردەمدا

بەشی یەكەم

www.pertwk.com

كێشە نێودەوڵەتییەكان پێش دروستبوونی كۆمەڵەی گەلان
(عصبة الأمم)

باری ناجێگر لەپەیوەندییەكانی نێوان وڵاتاندا كەسەراپای ئەنجامەكانی ڕەنگدانەوەی هەبوو بەسەر كۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە، زۆربەی لەئەنجامی دژبەیەكی بەرژەوەندییەكانەو لەدوایشدا دەبێتە هۆی دروستبوونی ناكۆكیو كێشە, بۆ ئەو ئەنجامانەی كەناكۆكی كێشەكانی نێودەوڵەتی هۆكاری بوون بەدرێژایی سەدەكانی ڕابردوو، هەوڵە نێودەوڵەتییەكان بەرەو دۆزینەوەی ڕێگە چارەی ئاشتیانە دەرچوون بۆ یەكلاكردنەوەیانو بەتایبەتیش لەكۆتایی سەدەی نۆزدەو بەبەكارهێنانی هێز لەو ناكۆكیو كێشانەدا. سەبارەت بەوە چەندین ڕێككەوتنامەو كۆنگرەی نێو دەوڵەتی بەستران، كە تیایدا وڵاتان بەپەنا نەبردن بۆ هێزو هەوڵدان بۆ یەكلاكردنەوەی هەموو ناكۆكیو كێشەكانیان بەرێگای دۆستانە.

ئەو گەشەكردنەش كەشان بەشانی پێشكەوتنی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەڕۆیشت لەبوارە جیاجیاكانی سیاسیو ئابووریو كۆمەڵایەتیو كولتووریو زانستی.. هتد، بوونە هۆی فراوانبوونەوەی بازنەی پەیوەندییەكانی نێوان وڵاتان، بەوشێوەیەی كەوای لێهات هەر وڵاتێك ئەگەر هێزو پێشكەوتنی بگاتە هەر ئاستێكی باڵا نەتوانێ بەجیا لەوڵاتانی دیكەی دونیا بژیت.

لەلایەكی ترەوە جیهان وێرانكاری جەنگی بینیو گەلانیش ئەركەكەیان كێشا بەدرێژایی سەدەكانی ڕابردوو و كەتائێستاش گرانبارییەكەی دەكەوێتە سەر، هەرچەندە پرنسیپی زۆرو بنەمای ڕێكخەری جەنگەكانو بنەماكانی نەریت دانرابوون، هەموو ئەوانە ڕەنگدانەوەیان بەسەر یاسای نێودەوڵەتی گشتیدا هەبوو. كەلەناوەرۆكدا گەورەترین گەشەیان پێدا، بنەماو سەرەتای نوێ دەركەوتن وەك (دەستدرێژی نەكردن،چارەسەری كێشەكان بەئاشتی)و گەشەپێدانی بنەماو سەرەتا كۆنەكان وەك (ڕێزگرتنی سەروەریو دەست نەخستنە ناوكاروباری وڵاتانی تر)و نەمانی سەرەتای كۆن وەك (مافی جەنگكردن)و تێبینی دەكرێ كەرێژەی گەشەكردنی ئێستا سەركەوتن بەدەست دەهێنێ بۆ وەدیهێنانی ئاشتی لەجیاتی جەنگ، بۆ

www.pertwk.com

هاوکـاری لـەجیاتی نـاکۆکی و زویربـوون. هـەموو ئەوانـەی سـەرەوە بـەهۆی زۆر فاکتەرەوە بوون کەگرنگترینیان ئەمانەن:

هۆشیاربوونەوەی گەلان‌و تێکۆشانیان بەبێ وچانی لەپێناو ژیانی باشترو جیهانی بێ جەنگ.

لـەم پێگەیـەوە، پەیماننامـەو ڕێککەوتننامـە نێودەوڵەتییـەکان دەردەکـەون، کەسەرەتاو بنەماکانیان تەرخانکردووە بۆ جێگیرکردنی بنچینەکانی ئاشتی لەنێوان ئـەو وڵاتانـەی کـەمۆریان کـردووە، وهێنـانی دەق لەسـەر ڕێوشـوێنی ئاشـتییانە بـۆ یەکلاکردنـەوەی ناکۆکییەکانی نێوانیان، کـەگرنگی بـەخۆوە دەبینـێ بـۆ دۆزینـەوەی ڕێگەچـارەی ئاشـتیانە بـۆ کێشـەکانیان بەپەیوەسـت بـوون لەگـەڵ پێشـکەوتن‌و گەشـەکردنی تـەکنیکی لـەڕێ‌و شـوێنەکانی جـەنگ‌و ئامرازەکـانی‌و زیـادبونی زیانـە مرۆیی‌و مادییەکان‌و کاریگەری بەسەر دوا ڕۆژو ئایندەی گەلانی وڵاتـانی جـەنگاوەرو جیهانەوە.

لەسـەرەتادا وڵاتـان هـەوڵیان دەدا بـۆ کەمکردنـەوەی زیانـەکانی جـەنگ‌و سـووککردنی توندوتیژییەکـەی، واتـا ملکەچـکردنی پەیوەندییـەکانی وڵاتـانی بەشەڕهاتوو لەنێوان خۆیان‌و لەگەڵ وڵاتانی بێ لایەن بۆ هەندێ بنـەمای یاسایی، کە بەیاسای جەنگ ناو نرابوو، هەر لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە وڵاتانی دەستیان کرد بەنووسینەوەو تۆمارکردنی ڕێسا نەرێتییەکان لە پەیماننامەکاندا بۆرێکخستنی باری جـەنگ بـەئامانجی پاراستنی خـەڵکانی مـەدەنی‌و قەدەغـەکردنی بـەکارهێنانی چەکە قەدەغەکراوەکان‌و چاودێری دیل‌و بریندار]ی جـەنگ‌و هتـد...، یەکـەمین پـەیماننامـەی لەو جۆرە ڕاگەیاندنی پاریسی دەریایی بوو لەساڵی 1856، دواتر ڕێککەوتننامـەی (جنێڤ)ی بـەدوا داهات بۆ هەڵسوکەوتکردنی لەتەك سەربازو بریندارو نەخۆشانی جەنگ ساڵی 1864 کەبۆ چەند جارێك هاموارکراوە, دواجاریش لە12/ ئاب/1948 دوای ئـەوەش ڕاگەیانـدنی سـانت پـتر سـبورگ بـوو سـاڵی 1868 کەتایبەتـە بەقەدەغـەکردنی بـەکارهێنانی ئـەو فیشـەکانەی دەتەقنـەوە (الدمـدم)، دواتـر ڕێککەوتننامەکانی جەنگی وشکانی‌و جەنگی دەریایی کە هـەردووکۆنگرەی لاهای لێهاتـە بەرهـەم سـاڵەکانی 1899–1907 کـەبڕیاری چـەندین ڕێککەوتننامـەیان دا

لەوانـە کەپەیوەنـدە بەفیشـەکی دەمدەمـەوە، گوللـەی تەقینـەرەوەو بـەکارهێنانی گـازە ژەهراوییەکان‌و دەست بەکرداری جەنگی، دانانی مینی (ئەلغام)ی ژێر دەریایی، دیل گـرتن لەجـەنگی دەریـایی‌و وشـکانیداو ئـەو شـتانەش کـە پەیوەسـت بـوون بـەماف‌و ئەرکی هێزە بێ لایەن‌و کەسەکان لەجەنگی دەریاریی‌و وشکانیدا دواتـر ڕاگەیانـدنی لەندەنی دەریایی سـاڵی1909 [1].

ئـەو پەیماننامـەو ڕێککەوتننامـە نێودەوڵەتیانـەی بەشـدارییان کـرد لەچەسپاندنی سـەرەتاکانی مرۆڤایـەتی‌و بنچینەکانی بـۆ گەشـەپێدانی هاوکـاری نێودەوڵـەتی" بـۆ سووککردنی توندوتیـژی جـەنگ‌و ئەنجامـەکانی‌و، کـەم کردنـەوەی توندوتیـژی‌و گـرژی پەیوەندییـەکانی نێودەوڵـەتی‌و بـاری نـاجێگری‌و دڵـەراوکێی کەهەڕەشـە لەکۆمـەڵگای نێودەوڵـەتی دەکـات، بەپەنابردنـە بـەر جـەنگ، بۆیەکلاکردنـەوەی کێشـە نێودەوڵەتییەکان‌و بەکارنەهێنانی هێز لە ناکۆکییەکانی نێودەوڵەتیدا.

دواتـر دروسـتکردنی کۆمەڵـەی گـەلان بەبانگەشـەی وڵاتـە سـوێندخۆرەکان دوای کۆتـایی هـاتنی یەکـەمین جـەنگی جیهـانی‌و، بەسـتنی ڕێککەوتننامـەی لورانکـۆ سـاڵی 1922، بـۆ پاراسـتنی ئاشـتی، پاشـان بڕوانامـەی پـاریس، بەبەشـداری چـەندین وڵات مۆرکرا، دواتریش دەرکـەوتن‌و سـەهەڵدانی چـەندین ڕێکخـراوی هـەرێمی‌و ڕێکخـراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بوو.

1ـ جەنگ لەسایەی یاسای نێودەوڵەتی کۆن‌و نوێدا:

یاسـای نێودەوڵـەتی کـۆن دانـی نـابوو بـەڕەوایـەتی جـەنگ‌و پـەنابردن بـۆ هێـز وەك ئامرازێك لەئامرازەکانی یەکلاکەرەوەو نەهێشتنی کێشەکانی نێودەوڵەتی، بەو پێیـەی

[1] د. عەلی صادق ئەبولهیف یاسای نێودەوڵەتی گشتی قاهرە 1975 ل791، د. فوئاد شوبات مافـە نێودەوڵەتییـە گشـتییەکان، چـاپی پێنجـەم دیمەشـق 1965/1964 ل608 د, شـافعی محەمەد بەشیر یاسـای نێودەوڵـەتی گشـتی لەشـەڕو ئاشـتیدا 1976 ل574، ئۆینهـام یاسـای نیودەوڵـەتی، بەشـی دووەم لەنـدەن 1952 ل227–231، (د. سـەموحی فـوق العـادە) یاسـای نیودەوڵەتی گشتی دیمەشق1960–ل874.

www.pertwk.com

ئەوە ڕوویەکی ڕەهای سەروەریە کەلەو ماوەیەدا بۆ دەوڵەت دانی پێدانرا بوو، هەر بۆیەش وڵاتان هەمیشە هەوڵیان دەدا گەشە بەتوانا سەربازییەکانیان بدەن لەپێشەسازی چەك و ئامادەکردنی سەربازو گەشەپێدانی ئامرازو هونەری جەنگ، ئەوەش بەتێپەڕبوونی کات کاولکارییەکانی زیاتر کرد بەشێوەیەك بوو بەلاوەنانی سەرەتاکانی ئاکاریی و مرۆڤایەتییەکانی نەهێشت و، لەلایەکی ترەوە ئەوەبوو جێی گرنگیدانی وڵاتانی بۆ کۆت خستنەسەر وڵاتە بەشەڕهاتووەکان بەهەندێك ڕێسا کەهێدی هێدی بوونە نەریتی ڕێکخەر کەلەکات و دوای جەنگیش پیادە دەکران لەپێناو کەمکردنەوەی توندو تیژی.

گەرچی پێکهاتنی کۆمەڵەی گەلان لەدوای جەنگی جیهانی بوو، کەچی بڕوانامەکەی بەشێوەیەکی ڕەها جەنگی بەکردارێکی ناڕەوا نەناساند. واتا کۆمەڵەی گەلان جەنگی بەتەواوی قەدەغە نەکرد بەڵکو کۆتی خستە سەر بەوەی کەنابێ تەنیا دوای ماوەیەکی دیاریکراو نەبێت کە کۆمەڵە تیایدا هەوڵ ئەدا کێشەکە بەرێگەی وتووێژ چارەسەر بکات.

بەڵام بڕوانامەی پاریس (بریان کیلۆج)ی ساڵی 1928 بەڕاشکاوی بۆ یەکەمجار دەقی هێنا لەسەر قەدەغەکردنی جەنگی دەستدرێژی کارانەو پەنانەبردن بۆ هێز وەك ئامرازێك بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێودەوڵەتی.

بەدروستبوونی نەتەوەیەکگرتووەکان دانەرانی بڕوانامەکەی بەئاگابوون کەلەتاقیکردنەوەکانی کۆمەڵەی گەلان لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم، و سوودببینن لێی، بۆیە بڕوانامەکە ئەوەی دوپاتکردەوە کەبەکارهێنانی توندوتیژی کارێکی ناڕەوا یە لەپەیوەندییەکانی نێوان وڵاتانداو، پێویستە لەسەر وڵاتانی ئەندام کەپابەندبن بەبەکارنەهێنانی هێز یا هەڕەشەکردن بەبەکارهێنانی. هەر چەندە بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان قەدەغەکردنی جەنگی سەلماندووە بەڵام هێشتا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەزۆر ناوچەو کێشوەرەکانیدا بەدەست ئەو جەنگانەوە دەناڵێنێ کەتوندوتیژی پێوەدیارەو هەڕەشە لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات بەمەترسی هەڵگیرسانەوەی جەنگی جیهانی سێیەم، کەناتوانرێ پێشبینی ئەنجامەکانی بکرێ

لەبەر پێشکەوتنی زانستی لەبواری چەکسازیدا، بێجگە لەوەش کەبڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بەجەنگ دەقی هێناوە.

هەرچەندە چەمکی جەنگ و ڕەوایەتییەکە گۆڕاوە، بەڵام کەسانی سیاسی کەبڕیاری ڕەوایەتی جەنگ دەدەن و دەڵێن دەوڵەت مافی خۆیەتی کەهەنگاوی بەرەو جەنگکردن بنێ هەرکات کەلەبەرژەوەندیدا بێت، هەندێکی دیکە بۆ ئەوە دەچن کەجەنگ گۆنجاوترین ئامرازە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی نەتەوایەتی و وەدیهێنانی مەبەستەکانی، جەنگیش بڕوبیانووی خۆی هەیەو دەوڵەت هیچ کۆتێکی لەسەر نییە کاتێ کەپەنا بۆ جەنگ دەبات.[2]

گەشە کردنی یاسای نێودەوڵەتی هاوشانی قۆناغەکانی گۆڕان دەڕۆن، لەچەمکی تێگەیشتن لەجەنگ و ڕەوایەتی و هۆکارە هاندەرەکانی و پەنا بۆ بردنی لەسەردەمی ئێستاماندا کەجەنگ قەدەغەدەکرێت قەدەغەکردنێکی لێبڕاوانە تەنها لەیەکباردا نەبێ, کەئەویش بەرگریکردنی ڕەوایە بەتەنیا و بەکۆمەڵ دژی دەستدرێژی چەکدارانەی دەرەکی و دەتوانین قۆناغەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە دیاری بکەین:

1. قۆناغی پێش دروست بوونی کۆمەڵی گەلان: پەنابردن بۆ جەنگ لەم قۆناغەدا ئامرازێکی ڕەوابوو لەئامرازەکانی یەکلاکردنەوەی دانپیدانراو بۆ نەهێشتنی کێشە نێودەوڵەتییەکان.

2ـ قۆناغی دروستبوونی کۆمەڵەی گەلان لەئەنجامی کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم دروست بوو بەبانگهێشتێك لەلایەن وڵاتە سوێندخۆرەکانەوە بەپێکهێنانی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی کەسیفەتێکی جیهانی هەبێت و هەوڵ بدات بۆ خۆلادان لە جەنگ و پەرەپێدانی هاوکاری نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و قەدەغەکردنی بەکارهێنانی هێز لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا و تاچارەسەری کێشەو ناکۆکییەکانی نێودەوڵەتی بەرێگای ئاشتییانە بکات، ئەوەش بەبڕیاری کۆنگرەی ڤێرسای لە 28/نیسان/1919 پێك هات.

[2] د. عەلی سادق ئەبو ئەلهێف هەمان سەرچاوەی پێشوو ل782

www.pertwk.com

پێشەکی بڕوانامەی کۆمەڵەی گەلان ئەوەی لەخۆگرتبوو کەئامانج لەپێکهێنانی بریتییە لەپەرەپێدانی هاوکاری نێودەوڵەتی بۆ بەدیهێنانی ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی بەقەدغەکردنی پەنابردن بۆ جەنگ، دەقەکانی بڕوانامەی کۆمەڵەی گەلان ئاماژە بەپتەوکردنی هاوکاری نێودەوڵەتی دەکات لەسەرجەم بوارەکاندا بۆ مسۆگەرکردنی ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتیو پەنانەبردن بۆ جەنگ، پێش ئەوەی کێشەکە بەڕێگەی دادگا یەکلابکرێتەوە یان بخرێتە بەردەست ئەنجومەنی کۆمەڵەوە.

کەچی کۆمەڵەی گەلان جەنگی بەپلە یەکی بنبڕ قەدەغەنەکرد هەرچەندە. کەدوای جەنگی یەکەمیش پێکهێنرابوو پاشماوەی وێرانکارییەکان نموونە بوون، لەبەردەم وڵاتانی دامەزراێنەریدا.

کاتێ بەدەقەکانی بڕوانامەی کۆمەڵەی گەلاندا دەچینەوە دەبینین ئەو چارەسەرانەی هێناویەتی بۆ ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان سادەن، جەنگی بەکردارێکی ناڕەوا دانەناوە، بەڵکو کۆتی خستە سەر وڵاتان کەپەنا نەبەن بۆ جەنگ تەنیا لەدوای کۆتایی هاتنی وادەی دیارکراو نەبێ کە ئەنجومەنی کۆمەڵە دیاری دەکرد, بۆ خۆلادان لەهەڵایسانی جەنگو بۆ ئەوەی کۆمەڵە لەو ماوەیەدا هەوڵ بدات چارەسەری کێشەکە بەڕێگا چارەی دۆستانە چارە بکات، ئەگەر کۆمەڵە لەهەوڵەکانیدا سەرنەکەوت وڵاتان دەتوانن جەنگ هەڵگیرسێنن بەبێ ئەوەی بەلادان لەبڕوانامەکە دابنرێت.[3]

کۆمەڵەی گەلان یەکەم ڕێکخراوی جیهانی بوو ئامانجەکانی گشتی بن، لەبڕوانامەکەیدا سەرەتا بۆ چارەسەری کێشەکانو دوورکەوتنەوە لەجەنگ داڕێژراونو هەندێك ڕێوشوێنی لەخۆگرتووە بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشە نێودەوڵەتییەکان کەوڵاتانی ئەندام پەنای بۆبەرن لەکاتی هەڵایسان یان هەبوونی ناکۆکی نێودەوڵەتی بەجێبەجێکردنی بەندەکانی.

بەڵام بڕوانامەکەی کەموکوڕی تێدایە یەکێك لەوانە ئەوەیە کە باسی جەنگی کردووە بەڵام باسی گەمارۆدانی ئاشتیانەی نەکردووەو ئاماژەشی بۆ کرداری تۆڵە

[3] مادەکانی 12، 13، 15 لەبڕوانامەی کۆمەڵەی گەلان

سەندنەوە نەکردووەو ئەو ڕێوشوێنانەی دانەناوە کەبۆ ناچارکردن دەگیرێنەبەرو چەندانی تریش کەهاوتای بەکارهێنانی هێزی چەکدارن.

ئەو کەموکوڕیانە بوون بەبیانوو بەدەست حکومەتی ئیتاڵیاوە بۆ داگیرکردنی کۆرڤۆ ساڵی 1923 و بیانووی ئەوەی هێنایەوە کەکردارەکانی تۆڵەسەندنەوە پێچەوانەی فەرمانەکانی کۆمەڵەی گەلان نین.[4]

کۆمەڵەی گەلان سەرکەوتوو نەبوو لەچارەسەرکردنی چەندین کێشەی نێودەوڵەتی بەهۆی باڵا دەستی وڵاتانی ئیمپریالیستی بەسەریداو لاوازی دامودەزگاکانیو دەسەڵاتەکانیو هاتنە ناوەوەی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاو روسیا وەك دوو وڵاتی گەورە لەساڵانی کۆتایی تەمەنیدا.

3. قۆناغی بڕوانامەی پاریس ساڵی 1928، بڕوانامەی پاریس (بریان کیلوج) کەلە 27/ئاب/1928دا بەسترا بەدەستپێشخەری فەرنساو وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو، بەراشکاوی دەقی هێناوە لەسەر قەدەغەکرنو پەنانەبردن بۆ جەنگ وەك هۆیەك لە هۆیەکانی یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێودەوڵەتی. وتووێژەکان لەدوو قۆڵییەوە لەنێوان فەڕەنساو وڵاتەیەکگرتووەکانەوە وەرچەرخا بۆ وتوێژی بەکۆمەڵو 15 وڵات بڕوانامەکەیان لەشاری پاریس مۆرکرد.

بانگهێشتی ئەو وڵاتانەش کرا کەئیمزایان نەکردبوو بۆ هاتنە پاڵ پەیماننامەکە, لەساڵی 1939 ژمارەی ئەو وڵاتانەی هاتنە ناو ڕێککەوتنەکەوە گەیشتە 63 وڵات یەکێتی سوڤیەتیشیان لەنێواندا بوو.

لەدەقی مادەی یەکی بروانامەکەدا هاتووە کە لایەنە بەشدارەکانی ئەم ڕێککەوتنامەیان مۆرکردووە بەناوی گەلانیانەوە رای دەگەیەنن، بەوەی کەئیدانەی پەنابردن بۆ جەنگ دەکەن بەیەکلاکردنەوەی کێشە نێودەوڵەتییەکان، و ڕێگە دەگرن لە بەکارهێنانی وەك ئامرازێکی رامیاری نیشتمانی لەنێوانیاندا.

هەرچەندە دەقی روونو ئاشکرا بۆ قەدەغەکردنی جەنگ هەیەو پەنا بۆ بردنی وەك ئامرازێکی یەکلاکردنەوەی کیشەکانی نێودەوڵەتیو چەندین وڵات

[4] د. سەمموحی فەوقەلعادە یاسای نێودەوڵەتی گشتی دیمەشق 1960 ل830

www.pertwk.com

ڕێککەوتننامەکەیان مۆرکردووەو چەندین وڵاتانی تر هاتوونەتە پاڵی، کەچی هێشتا بەکردەوە نەگەیشتۆتە ئاستی ڕێگرتن لەڕوودانی جەنگ‌و ئەو ناتەواویەی پڕ نەکردۆتەوە کەلەبڕوانامەی کۆمەڵەی گەلاندا هەبوو.

دکتۆر عەلی ئەبو لهێف هۆکارەکان دەگێڕێتەوە بۆ:

1. ڕێککەوتننامەی پاریس ئەو وڵاتانەی پابەند دەکرد کەئیمزایان کردبوو یان هاتبوونە پاڵی لەپەیوەندییەکانیاندا لەگەڵ یەکتریدا، راستە کەژمارەی وڵاتەکەیان گەیشتبووە زیاتر لەشەست وڵات، پێش هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی دووەم، بەڵام زۆربەی ئەو وڵاتانە هەڵوێستی خۆیان هەبوو سەبارەت بەبڕوانامەکە کەوای لێکرد لاواز بێت لەبەهای ئەو کارانەی‌کەم دەکرنەوە کەبڕیاری لەسەر دەدرا.

2ـ بڕوانامەی پاریس بڕیاری لەسەر هیچ سزایەك نەدابوو کەدژی ئەو وڵاتە بگیرێتەبەر کەسەرپێچی دەکات.

3ـ بروانامەکەدیاری نەکرد بوو کەمەبەستی بەرگری لەخۆکردن چییەو ئەو بارودۆخانەی کەجەنگی تێدا بەڕەودا دادەنرێ بەبێ ئەو موزەکەرەیەی لەپاشکۆی پەیماننامەکەدا هاتبوو، بەڵکو ئەوەی بۆ وڵاتانی خۆیان بەجێهێشتبوو کە بەپێی بۆ چوونی خۆیان بڕیاری لەسەر بدەن، بۆیە هەریەك بەپێی خەملاندنی خۆی واکاریان کرد کەهیچ کاریگەریی بڕوانامەکە نەهێڵێن لەڕووی پراکتیزەکردنەوە.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وای دەدانا کەئەوەی تایبەتە بەو پارێزگاری کردن‌و چەسپاندنی سەرەتاکانی (مۆنرۆ)یەو ڕێگەی لەهەر دەست تێوەردانێك گرت کەلەکاروباری کیشوەری ئەمریکادا بکرێت، بەریتانیا وای دانا ئەوەی تایبەتە بەو پارێزگاری کردنە لەسەر بەستی کارکردن لەسەراپای ئیمپراتۆریەتی بەریتانیادا..[6]

بێجگە لەو هۆکارانەی سەرەوە کەبوونە هۆی ئەوەی بڕوانامەی پاریس نەتوانێ ڕێگە لەجەنگ بگرێت کە د.عەلی سادق ئەبولهێف دیارکردبوون، ئەوا نەبوونی دامودەزگایەکی کاریگەر کەرۆڵی خۆی هەبێ لەبواری یەکلاکردنەوەی کێشەکاندا بەئاشتی‌و دەسەڵاتی پێویستی بدرێتێ بۆ ئەوەی ڕێوشوێنە گونجاوەکان بگرێتەبەر.

[6] د. عەلی سادق ئەبولهیف هەمان سەرچاوەی پێشوو ل786

دژی ئەو وڵاتانەی کەپابەندی دەقەکانی بڕوانامەکە نابن‌و لێی لادەدەن. ئەوەش هۆکارێکی گرنگ بوو کەدەتوانین بیخەینە سەر هۆکارە سەرەکییەکانی کەناومان بردن، بێجگە لەوانە هۆکاری بنەڕەتی هەبوون کەخولقاندنی تەنگەژە نێودەوڵەتییەکان‌و تەقاندنەوەی جەنگ‌و کێشە جیهانی‌و هەرێمییەکان بوو لەلایەن وڵاتانی ئیمپرایالیستی‌و ئامرازەکانیانەوە کەهەوڵیان دەدا لەورێیەوە دەسەڵاتی سەرکوتکردن بسەپێنن بۆ ڕێخۆشکردنی بەڕێوەبردنی سیاسەتی فراوانخوازی‌و دوژمنکارانەیان بۆ دڵنیابوون لەسەرەتای دەستدرێژی نەکردن‌و چارەسەری کێشە نێودەوڵەتییەکان بەڕێگای ئاشتیانە کەبڕوانامەی پاریس بڕیاری لەسەردرابوو پەیماننامەی دەستدرێژی نەکردنە سەر وڵاتان‌و ڕێوشوێنە سەرکەوتووەکانی ڕێودی جانیرۆ ساڵی 1933 لەلایەن وڵاتانی ئەمریکایەوەو هەندێ لە وڵاتانی ئەوروپایی[7] مادەی یەکی ئەو پەیماننامەیە جەنگی دوژمنکارانەی ئیدانەکردو سەرجەم وڵاتانی بانگهێشت کرد بۆ چارەسەری کیشەو ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکانیان بەڕێگای ئاشتییانەو بەپێی یاسای نێودەوڵەتی.

4. قۆناغی بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان

هەرچەندە بڕوانامەی پاریس بەراشکاوی دەقی هێنابوو لەسەر قەدەغەکردنی جەنگ‌و پەنابردنی وەك ئامرازێك بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە نێودەوڵەتییەکان، ژمارەیەکی زۆریش لەوڵاتان ئەو پەیماننامەیەیان مۆرکرد بوو لەماوەی پێش ڕوودانی جەنگی جیهانی دووەم، کارێکی پێویست بوو کەبگەنە ڕێکەوتنێك بۆ ڕێکخستنێکی نێودەوڵەتی لەدوای هەڵایسانی جەنگی جیهانی دووەم، کەئەو ڕێکخراوە دەسەڵات‌و توانای هەبێت بۆ وەدیهێنانی ئاشتی بەکۆمەڵ‌و هاوکاری نێودەوڵەتی‌و گەشەپێدانی، ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان پێکهێنرا کەدانەرانی بڕوانامەکەی سوودیان لەتاقیکردنەوەی کۆمەڵەی گەلان وەرگرت بۆ خۆلادان‌و لەو کەموکوڕیانەی کەلەبڕوانامەی کۆمەڵەی گەلاندا هەبوو (بۆ ئەوەی ئەمان لەداڕشتنی بڕوانامە نۆێیەکەدا نەیهێڵن).

[7] لیڤین/ سەرەتای چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکانی‌نێودەوڵەتی مۆسکۆ 1977ل3

www.pertwk.com

پێشـەکی (دیباجـە) بڕوانامـەی نەتەوەیـەکگرتووەکانی ئـەو هۆکـارە هاندەرانـەی لەخۆگرتبوو کە وڵاتان لەو پێناوەدا کۆبووبووەو بەو دەقەی کـەدەڵێ (ئێمـەی گـەلانی نەتەوەیـــەکگرتووەکان ئـــەوەمان گرتـــە ئەســـتۆی خۆمـــان کەنـــەوەکانی داهـــاتوو لەوێرانکاری جەنگ رزگار بکەین کە لەیەك نەوەدا دووجار نەهامەتی بۆ مرۆڤایـەتی دروستکردووە، بەجۆرێ کەلەتوانادا نییە وەسف بکرێت‌و لەبڕگەییەکی مادەی یەکدا بـەدەق هـاتووە کەمەبەسـتی نەتەوەیـەکگرتووەکان بریتییـە لەپاراسـتنی ئاشـتی‌و ئاسایشـی نێودەوڵـەتی‌و بـۆ بـەدیهێنانی ئـەو مەبەسـتە دامودەزگاکـانی ڕێ‌و شـوێنی هاوبەش‌و کاریگەر دەگرنەبەر بۆ ڕێگرتن لەو هۆکارانەی کەهەڕەشە لەئاشتی دەکات‌و لابـردن‌و سـەرکوتکردنی کـرداری دوژمنکارانـەو هـەموو ئەوانـەی کەئاشـتی پێشـێل دەکـەن‌و ڕێبـازی ئاشـییانە دەکـات بـەبیانوو بـەپێی سـەرەتای دادوەری‌و یاسـای نێودەوڵـەتی، بۆچارەسـەرکردنی کێشـە نێودەوڵەتییـەکان کەدەبنـە هـۆی تێکـدانی ئاشتی یان یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانە.

لەبڕگـەی چـواری مـادەی دوو بـەدەق دەڵـێ (ڕێگـە دەگـیرێ لەهـەموو ئەنـدامانی دەسـتە کەهەڕەشـەی ڕەوایـەتی بەبـەکارهێنانی هێـز نەکـەن لەپەیوەندیـە نێـو دەوڵەتیەکانـدا، دژی سـەلامەتی خـاك یاسـەربەخۆی سیاسـی, هـەر وڵاتێـك یـان بەهـەر شـێوەیەکی تـر کەنـەگونجێ لەگـەڵ مەبەسـتەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانـدا. بڕوانامـەی نەتەوەیەکگرتووەکان لەچەندین دەقدا ئەوەی سەلماندۆتەوە کەجەنگ قەدەغەبکرێت‌و هێـزو توندوتیـژی نـەدرێ لەپەیوەندییـەکانی نێـوان وڵاتـان‌و بەپێویسـتی زانیـوە کەوڵاتانی ئەندام پابەندکرێن‌و ڕێگە نەدەن بەهـەر کردارێـك لـەکردارەکانی توندوتیـژی نێودەوڵەتی‌و هەڕەشە پێکردنی.

بـەڵام بڕوانامـەی نەتـەوە یـەکگرتووەکان چـەند سـەرەتایەکی بـە(دەر)کـردووە لەسـەرەتای بەکارنەهێنانی هێـز یـان هەڕەشـەپێکردنی کەلـەم بارودۆخانـەی خـوارەوە پۆلێنی کردوون:

1- حاڵـەتی بـەرگری لـەخۆکردنی ڕەوا, ئەمـەش سـەرەتایەکی یاسـایی‌یە کەڕێگـە دەدات بەدەوڵەت پەنا بباتە بەر بەکارهێنانی هێز بۆ نەهێشتنی مەترسی ئەودەست درێژیەی کەکراوەتە سەری لەلایەن‌وڵاتانی‌ترەوە[8]. (مادەی 51 لەبڕوانامەی ر. ن. ك)[*]

2- جێبـەجێ کردنـی ڕێ‌و شـوێنی ئاسایشـی بەکۆمـەڵ کەئەنجومـەنی ئاسـایش بڕیـاری لەسـەر دەدات بـەپێی دەقـەکانی بەشـی حەوتـەم لەبڕوانامەکـە. بـەواتای بـەکارهێنانی هێـزی چـەکدار دژی وڵاتـی دەسـت درێـژی‌کار ئەگـەر هـاتوو هەڕەشـە لەئاشـتی‌بوو یـان بەزانـدنی بـێ یـان هـەر کردارێـك لـەکردارەکانی دوژمنکـاری بێـت‌و نەتەوەیـەکگرتووەکان پـەنا بـۆ هێـزی سـەربازی وڵاتـانی ئەنـدام بـەرێت بـۆ پاراسـتنی ئاشتی‌و ئاسایش.

3- ڕێ‌و شـوێنی سـەرکوتکردن بگرێتەبـەر بـۆ پاراسـتنی ئاشـتی کەبـەپێی دەقـی (مادەی 107) ڕێگەی داوە هێز بەکار بهێنرێ دژی وڵاتێك لەوڵاتانی دوژمن لەجـەنگی جیهانی دووەمداو. ئەو بەدەرکردنەی کەمادەی 107 هاتبوو کەدژی وڵاتانی ناوەند ئاراستەکرابوو" ئـەڵمانیا، ئیتالیا، یابان" بـەڵام لـەکاتی ئێستاماندا کارەکە جیاوازە دوای ئـەوەی ئـەو وڵاتانـەی سـەرەوە هاتنـە پـاڵ نەتەوەیـەکگرتووەکان. ئـەو حوکمانـە کەبڕوانامـەی نەتەوەیـەکگرتووەکان دەقـی لەسـەر هێنـاوە بەبـەکار نـەهێنانی هێـزو هەڕەشـــە پێ‌نـــەکردن لەپەیوەندیـــەکانی نێـــوان ووڵاتانـــدا، پابەنـــدکردنی تـــەنیا وڵاتانی‌ئەندام ناگرێتەوە بەڵکو ئەو وڵاتانەش دەگرێتەوە کەئەندامی نین‌و ئەوانیش دەبێ پابەندی بن وەك وڵاتانی ئەندام.[9]

هەنـدێ سـەرەتای مرۆڤایـەتی‌و یاسـایی لەکۆمـەڵگای نێونەتەوەییـدا جێگیربـووە کەئێسـتا بـوون بەسـەرەتاکانی یاسـای نێـو دەوڵـەتی نـوێ، لەوانـە"مـافی گـەلان لـە بڕیـاردانی چارەنووسـی خۆیـان‌و، دەسـتوەرنەدان لـەکاروباری نـاوخۆی وڵاتانـدا، بەکارنەهێنانی هێز لەچارەسەری کێشە نێو دەوڵەتیەکاندا..هتد"

---

[8] مادەی /51/ لەبڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان

[*] مەبەست لە (ر.ن.ك) کورتکراوەی ڕێکخراوی نەتەوەیککگرتووەکانە

[9] بڕگەی شەشەم لەمادەی دووەم لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان

www.pertwk.com

پەیوەندییەکانی نێو دەوڵەتی دادگایی کردنی تاوانبارانی جەنگی بەخۆیەوە بینی، لەیەکەمین دادگای نێودەوڵەتییدا بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی بۆ سزادانی نازییەکان لەو تاوانانەی کەدەرهەق بەمرۆڤایەتی ئەنجامیانداو، هەموو سەرەتاو بەها نێودەوڵەتیەکانیان بەزاند.

کەچی هێشتاکە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەدەست گرژیو ناجێگیریەوە دەناڵێنێ بەهۆی هەوڵەکانی وڵاتانی ئیمپریالیستی بۆ دەست بەسەراگرتنی گەلانی جیهانو وڵاتەکانیان بەهۆی ئامرازو هاوپەیمانەکانیانو پەیمانی سەربازی دوژمنکارانە یان. وەك پەیمانی باکوری ئەتلەسیو پەیمانی بەغدا، پەیمانی باکوری رۆژهەلاتی ئاسیا بێجگە لەوە چەندین رێکەوتنامەی دوو قۆڵی کەسروشتو ئامانجی دوژمنکارانەی هەیە. ئەنجامی ئەوانەی سەرەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی توشی گرژیو ناجێگیریو جەنگ دەکەن، چەندین نموونەی نوێ هەیە کەوڵاتانی ئیمپریالستی هەوڵیان داوە کەدەسەڵاتی زوڵمو زۆریان بسەپێنن بەڕێگای جەنگ گێڕانەوە کە لەئەنجامدا جەنگی ئیمپریالستی دەبێ چونکە خزمەتی سیاسەتی ئیمپریالست دەکات، وەك داگیرکردنی خاکی لوبنان لەلایەن ئیسرائیلەوە، و دەست درێژیە یەك لەدوای یەکەکانی ئیسرائیلو هەوڵەکانی بۆ لاوازکردنی رۆڵی میللی لەلوبناندا کەبریتین لەوهێزە نیشتمانپەروەرانەی داگیرکردن رەت دەکەنەوەو, جەنگی عێراق– ئێران کەرژێمی عێراقی دەستی پێکرد، هێرشی بەریتانیا بۆسەر دورگەی فۆکلاند، دابەزینی سەربازی ئەمریکا لەگریناداو دەست وەردانی سەربازی ئەمریکا لەنیکاراگوادا سەرەرای بوونی بڕیاری دادگای دادی نێودەوڵەتی کە بەکۆی دەنگ دەرچووبوو لە 1984/5/10دا دژی وڵاتە یەککگرتوەکانی ئەمریکا بەدەست وەردان لەکاروباری ناوخۆی نیکاراگوادا, بڕیارە کەداوای لەئەمریکا کرد هێزە سەربازیەکانی لەبەندەرەکانی نیکاراگوادا بکشێنێتەوە.

چەندین دەست وەردانی دوژمنکارانەو جەنگ هەن کەوڵاتانی ئیمپریالستی کردویانە لەدوای کۆتایهاتنی جەنگی دووەمی جیهانیو پەیدابوونی نەتەوەیەکگرتوەکان وەك رێکخراوێکی نێو دەوڵەتی کەسەرەتاکانی دەقیان هێناوە لەسەر دەست درێژی نەکردنو دەست وەرنەدان لەکاروباری ناوخۆی ولاتانو مافی

گەلانو نەتەوەکان لەبریاری دیاریکردنی چارەنووسی خۆیانو بەشداریکردنی ئەو وڵاتانە لەدامەزراندنی نەتەوە یەککگرتووەکانو دارشتنی ئامانجەکانی، لەو دەستدرێژی کردنانە ئەو کردە سەربازییەی بەریتانیا بوو لەساڵی 1946 دژی عومانو عەدەنو ساڵی 1948 دژی مالیزیاو ساڵی 1952 دژی کینیاو ساڵی 1955 دژی قوبرسو ساڵی 1958 دژی ئوردن، هێزەکانی بەریتانیا هاوبەشی هێزە دوژمنکاریەکەی فەرەنساو ئیسرائیلی کرد ساڵی کە1956 کرایە سەر گەلی میسر، وڵاتە یەککگرتوەکانی ئەمریکا دەستوەردانی خۆی بەرێگەی چەسپاندنی سزای ئابووری دژی میسر پیادەکرد بەهەڵپەساردنی سپاردەی میسریو هەڵگرتنی کرێی پاپۆرەکان کەلەبەندەرەکانی میسرەوە باریان باردەکرد. بانگکردنەوەی شارەزاو پسپۆرەکانی لەمیسردا ئەو خستنەرووەی ئاشکرا کردبووو ئینگلتەرەش بەدوایدا هاتو دواتریش بانکی نێودەوڵەتی وەك شێوازێك بۆ فشار خستنە سەر حکومەتی میسریو وەك سزادانی لەبەرامبەر کڕینی چەك لەسۆڤیەتو پەیرەویکردنی سیاسەتی بێلایەنیو ئەو رۆڵە پێشەنگیەی کەهەیبوو لەڕووی مادیو مەعنەوییەوە بەرامبەر وڵاتانی عەرەب بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆییانو، وەڵامدانەوەی میسریش بۆ هەموو ئەوفشارانە خۆماڵی کردنی کەناڵی سویسی راگەیاندو، لەو وتەیەی کەسەرۆکی کۆچکردوو جەمال عەبدولناسر لەشاری ئەسکەندەریەدا لە 26ی تەمموزی 1956 خوێندییەوە ئەو خۆماڵی کردنە بوو بەبیانوو بەدەست بەریتانیاو فەرەنساو ئیسرائیلەوە کەهێرش بکەنەسەر میسرو ئەمریکاش پاڵپشتیانی کرد، هەرچەندە بەهێزی سەربازی بەشداری هێرشەکەی نەکرد، سەرەڕای راگەیاندنی پێچەوانەی ئەوە لەراگەیاندنەکانیدا، بەڵام فەرەنسا ساڵی 1947 دەست درێژی کردە سەر مەدەغەشقەرو ساڵی 1954 جەنگێکی خوێناوی دژی جەزائیر دەستی پێکردو, ساڵی 1956 یش دژی تونس، وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکایش دەستی کرد بەسیاسەتی فراوانخوازیو هێرشی بردەسەر فلیپین لەساڵی 1948 داو دواتر لەساڵی 1950دا دورگەی تایوانی داگیرکردو, هەر لەهەمان ساڵدا هێرشی بردە سەر کوریای باکوور وهەر لەساڵی 1950و ساڵی 1954 لەدژی گواتیمالاو، لەساڵی 1958 هێزەکانی لەلوبنانو ئۆردون دابەزاند دوای سەرکەوتنی شۆڕشی 14ی تەمموز

www.pertwk.com

لەعیراق وەك هەوڵێك بۆ پەلاماردانی ئەو شۆڕشە. ساڵی 1959 جەنگی دژی پەنەما بەرپاکرد، لەساڵی 1961 دژی گەلی کوبا و، لە ساڵی 1954 تا 1974 جەنگێکی خوێناوی دژی گەلی ڤێتنام گێڕاکە لاوس و کەمبۆدیاشی گرتەوە.

بەم شێوەیە لەساڵی 1945 تا ساڵی 1975 نزیکەی 470 جەنگی ناوچەیی و چەندان کێشەو جەنگیتر دەتوانین دەستنیشان بکەین، کەهەموو ئەو کێشەو جەنگانە وڵاتانی ئیمپریالیستی لێیان بەرپرسیارن، و بەهۆیانەوە هەوڵیان داوە دەسەڵاتی خۆیان بسەپێنن وەك ڕێخۆشکردنێك بۆ زاڵبوون بەسەر گەلاندا[10] هاوکاری و تەنسیق کردن لەنێوان وڵاتانی ئیمپریالیستیدا بۆ سەپاندنی سیاسەتەکەیان لەوانەیە لەگەڵ یەکتریدا نەگونجێ ئەویش بەڕێگای زیاتربوونی پێداویستییەکانی وڵاتێکی ئیمپریالیستی بۆ فراوانخوازی لەدەستبەسەراگرتنی سەروەت و سامان (المملتکات) هەروەك چۆن سافوشکین باسی دەکات، ئەو دژ بەیەکیەی لەنێوان گەورە وڵاتانی ئیمپرالیستیدا لەسەر ئاستی تێکۆشانیان لەپێناوی دەست بەسەرداگرتنی وڵاتان و بازاڕەکانیان بۆ ساغکردنەوەو بەدەستهێنانی سەرچاوەی کەرەستە خاوەکان و بەگەڕخستنی سەرمایەکانیان ئەمانە چەند شتێك بوون لەدژ بەیەکیە بنچینەییەکان لەجیهانی سەرمایەداری نێودەوڵەتییدا کە لەسەردەمی ئیمپریالیستیدا پەیڕەو دەکرا.

ئەم نەگونجاندنە لەپلەیەکی دیارو ئاشکرای دوژمنکاریدا بوو.. ئەو دوژمنکارییەشی توندتر دەکرد بەڕادەی بەهێزبوونی وڵات و بەڕادەی گەشەکردنی سەرمایەی باڵاو کەڵەکەبوونی پێداویستییەکانی سەرمایەداران بۆ دەست بەسەراگرتن و کۆلۆنیالکردنی بەرفراوانی وڵاتان[11]

[10] بڕوانە دیرین شیلیاغ سافوشکین جەنگە ڕەواو ناڕەواکان، موسکۆ دار تەقەدم 1979، ل132–13 فاخر وشیف، سیاسەتی کولونیالیستی دوای جەنگی جیهانی دووەم مۆسکۆ دار تەقەدم ل 925 بڕوانە مەحمود ڕیاز، یاداشتەکانی و گەڕان بەدوای ئاشتی و ململانێدا لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەیروت چاپی یەکەم ساڵی 1981 ل18– ل23

[11] دیرین شیلیاغ سافوشکین هەمان سەرچاوەی پێشوو ل68

هەڵایسانی هەردوو جەنگە جیهانییەکە تەنها هەوڵدانی وڵاتانی ئیمپریالیستیبوو بۆ سەر لەنوێدابەشکردنەوەیجیهان، ئەو ناکۆکییانەی کەلەنێوان وڵاتانی ئیمپریالیستیدا دروست بوو لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم و بەستنی پەیماننامەی سوڵح بوونەوە هۆی دروستبوونی ناکۆکی قووڵ لەنێوان وڵاتانی براوەو دۆڕاودا، کەلە سییەکاندا ئەو ناکۆکییە گەیشتە ئەو پەڕی توندو تیژی بەهۆی تەنگەژە ئابوورییەکانەوە، کەوڵاتە ئیمپریالیستە بنچینەیەکان پێوەیان دەناڵا،، بۆیە دەستیان کرد بە دۆزینەوەی دەروازەیەك بۆ دەربازبوون لەوتەنگەژانە ئەویش بەڕێگەی سەر لەنوێ دابەشکردنەوەی جیهان، کە ئەمەش ڕێخۆشکردنێك بوو بۆجەنگی جیهانی دووەم، کەدەستیان بە کۆکردنەوەی توانا سەبازییەکانیان کردو پەیمانبەستن لەگەڵ یەکدیدا، کەیەکەم پەیمان بە ڕەسمی لەنێوان ئەڵمانیاو ئیتاڵیاو یاباندا لە 27/ئەیلول/1940 بەمۆرکردنی بڕوانامەی سێ قۆڵی لەبەرلین لەنێوان فەرمانڕەوایی وڵاتانی ناوبراو کەدۆڕاوی جەنگی جیهانی یەکەم بوون. ڕێکخرا بەرەی دووەم لەنێوان بەریتانیاو فەڕەنساو وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکادا بوو کەسەرکەوتووی جەنگی جیهانی یەکەم بوون، ئەمانەش هەوڵیان دەدا بەهەر نرخێك بێت پێگەی ئێستایان بپارێزن و دەستکەوتەکانیان فراوانتر بکەنەوەو بەرامبەرەکانیان لاوازو ملکەچ بکەن. ئەو هاوپەیمانانەش بەڕەسمی لەسەرەتای جەنگی جیهانی دووەمدا بەسترا.[12]

هەر یەك لەم دوو کوتلە هاوپەیمانە ئیمپریالیستە فراوانخوازە هەوڵیان دەدا بەئامانجە فراوانخوازییەکانیان بگەن هەر چەندە بەرژەوەندییەکانیشیان دژ بەیەکی تێدا بوو لەهەردوو کۆتلەکەدا. کەچی ئامانجێکی هاوبەش لەنێوان هەردولا هەبوو، کەئەویش لەناوبردنی دەوڵەتی سۆڤیەتی لاوبوو کە تاقیکردنەوەیەکی پێشەنگی هەبوو بەتایبەت لەتەنگەژە ئابوورییەکانی ئەو سەردەمەدا. هەڵوێستی سەرەتایی هەبوو بۆ پشتگیری گەلان کەلەخەباتدا بوون لەپێناو ئازادی و سەربەخۆیدا, بەهۆی

[12] دیرین شیلیاغ سافوشکین، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل74–77" تیوشکیفین مارکسی للینین و دۆزی جەنگ و سوپا مۆسکۆ 1974 دار تەقەدم ل20

www.pertwk.com

دەسـەڵاتی وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا بەسـەر ڕێکخـراوی وڵاتـانی ئـەمریکاو سەرجەم چالاکییەکانیدا.

وڵاتە بچووکەکانی ئەمریکای ناوەڕاست وایان بەباش زانی کەلەناکۆکییەکانیاندا لەگـەڵ وڵاتەیـەکگرتووەکانی ئـەمریکادا پـەنا بـەرن بـۆ ئەنجومـەنی ئاسایشـی نێودەوڵەتی کەیەکێتی سوڤیەتی پێشووی تێدابوو ڕووبەڕووی ئەمریکا دەبووەوەو دەسەڵاتی لاواز دەکرد.[13]

هێشـتامرۆڤایەتی گـیرۆدەی نـاجێگیریو بەئاشـتی ژیانـە دوای ئـەوەی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بەتـەنها ماوەتەوە لـەپاش نـەمانی یـەکێتی سۆڤیەتەوە سەر هەڵدانی سیستمێکی نوێی جیهانی، کەوڵاتەیـەکگرتووەکانی ئەمریکا بەسەریدا زاڵە وەك بـەهێزترین وڵاتـی دنیا کەچارەنووسی گـەلای بەدەستەو، ویستو ئیرادەی خـۆی دەسـەپێنێ بەسـەر ئـیرادەی وڵاتـانی تـردا جـا ئەگـەر لـەناو نەتـەوە یەکگرتووەکاندابێت یان لەدەرەوەیدا، بێجگە لە پشتیوانی هەمیشـەیی بۆ ئیسرائیل لەدژی وڵاتانی عەرەب.

هـەموو گـەلانی سەربەسـتو ئاشـتیخواز کەدەڕواننـە ژیـان لەکۆمەڵگایـەکی نێودەوڵەتیدا هاوکاریو ئاسایش باڵی بەسەردابکێشێ، دژی سیاسـەتی پێشبڕکێ خـۆ پڕچـەکردنن کەلەگـەڵ خۆیـدا توندوتیـژیو گـرژیو ئـاڵۆزی لەپەیوەندییـەکانی نێودەوڵەتیـدا زیاددەکـات، و دژی هـەموو پـەیمانێکی سـەربازی دوژمنکارانـەن کـەوڵاتانی ئیمپریالیسـتی سـەرکردایەتی دەکـەنو یاریـدەدەری زیـاتر توندوتیـژی ڕێخۆشـکەر بێـت بـۆ جـەنگی دوژمنکارانـە کـەبۆ بـەردەوامبوونی دەسـەڵاتیان پێـی هەڵدەستن بەسەر وڵاتانو بۆ دژایەتی کردنی، ئەو وڵاتانەی کەسیستمی نیشتمانیو پێشـکەوتنخوازییان هەیـە لـەدژی جوڵاندنـەوەی ڕزگـاریخوازی کەهێشـتا لـەژێر دەسەڵاتیاندایە.

[13] د. پتروس غالی جامعەی عەرەبیو یەکلاکردنەوەی کێشە ناوچەییەکان دار طباعة حديثة 1977 ل20

2- شۆڕشـی ئۆکتۆبـەرو ڕۆڵـی فـەرمانڕەوایی سـۆڤیەت لە پێشخسـتنی سەرەتـاکانی یاسای نێودەوڵەتیدا.

شۆڕشی گەورەی سوسیالیزمی لەروسیا بەڕوویەکی ئیجابی لەتێکۆشانی گەلانی جیهانـدا بەشـداربوو کەچـەندانیان سەربەسـتیو سـەربەخۆیی خۆیـان بەدەسـتهێنا، بەڕێگـەی ئـەو سـەرەتا مرۆڤایـەتیو یاسایی و سیاسیانەی کەشۆڕشـەکە پێشـنیازو بانگەشەی بۆ دەکردو پێوەی پابەند بوو.

ئـەو گۆڕانکاریـەی کـەدوای سـەرکەوتنی شۆڕشـی ئۆکتۆبـەری سـاڵی 1917 لەسیسـتمی کۆمەڵایـەتیو سیاسـیدا ڕوویـدا درێـژەی بەچاکسـازییە بنەڕەتییـەکان دا لـەقووڵایی کۆمەڵگـەداو چەسـپاندنی ئـەو سـەرەتایانەی کەپێشـنیازیان دەکـرد. ڕۆڵـی گرنگـی بینـی لەوشیارکردنەوەی گـەلان کەلـەژێر ئاگری کۆیلایـەتیو چەوساندنەوەدا بـوون، دەسـەڵاتی نـوێی شۆڕشـگێڕ لەروسـیادا بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی ڕاگەیانـدنی و بڵاوکردنـەوەی ڕێکەوتننامـە نهێنیـەکان هـەنگاوی هـەڵێنا، لەوانـە ڕێکەوتننامـەی سایکس بیکۆو ڕاگەیاندنی بلفۆر.[14]

[14] ڕێککەوتننامـەی سـایکس بیکـۆ لـەئازاری 1916 لـەنێوان بـەریتانیاو فەرەنساو روسیای قەیسـەریدا بەسـترا بـوو کەدەقەکـەی لەسـەر دابەشـکردنی ناوچـەکانی عـەرەب بـوو کەلـەژێر دەسـەڵاتو فـەرمانڕەوای عوسمانیـدا بـوون لـەنێوان ئـەو سـێ وڵاتـەدا، بـەڵام بـەڵێنێ بلفـۆر ئەوەیە کەلەتشرینی یەکەمی 1917 دا لەنێوان فەڕەنساو بەریتانیا کەرەزامەندی بـەریتانیای لـەخۆگرتبوو لەسـەر پێکهێنـانی نیشـتمانی نەتـەوەیی بۆ جولەکـەکان لەفەلەسـتین، بۆ زیـاتر تێگەیشـتن بڕوانـە د.ئـەمیل تۆمـا, ڕەگـو ڕیشـەی دۆزی فەلەسـتینەیکان دیمەشـق 1980، ل71–89" محەمـەد عـززەت دروزە، دوژمنکـاری ئیسـرائیلی دیـرین، دوژمنکـاری سـەهیۆنی نوێ لەسەر فەلەستینو دراوسێکانی، بەشی دووەم بەبیروت 1980ل29–31

www.pertwk.com

کەئەمانە دوو دڵی توونديان لەناوەندە عەرەبييەکاندا لێکەوتەوە، سەرەڕای ئەوەی کەبەریتانیا بەڵێنەکانی دووبات کردەوە کە مافەکانی عەرەب دەبەخشێ پێیان بەو ئاشکراکردنە، بەخێرایی دەرکەوت کە ئەو بەڵێن‌و پەیمانانەی‌بەریتانیا راست نین‌و مەبەستیان هیۆرکردنەوەی بارودۆخەکەو دواخستنیەتی، تاکو پەیماننامەی ڤێرسای‌و بڕوانامەی کۆمەڵەی گەلان لە28/نیسان/1919 مۆرکران کەتیایاندا وڵاتانی کۆلۆنیالیزمی سیستمی ئینتدابیان داهێنا وەك ئامرازێك بۆ رەوایی دان بەداگیرکردن‌و چەوسانەوەی چەندین گەل‌و وڵات لەنێوانیشیاندا گەلانی عەرەب بوو.

بەو شێوەیە پلانەکە لەبەردەم وڵاتانی عەرەبدا دوای جەنگی جیهانی یەکەم روون بۆوەوە، ئەویش بەوەی کەوایان کرد جولەکەکان بتوانن فەلەستین داگیر بکەن. راگەیاندنی پارێزگاری بەسەر میسردا بەشێوەیەکی رەسمی، سوریا‌و لوبنان خرانە ژێر دەسەڵاتی ئینتیدانی فەرەنساوەو عیراق‌و رۆژهەڵاتی ئۆردون‌و فەلەستین خرانە ژێر دەسەڵاتی ئینتیدانی بەریتانیاوە، بەڵام ناوچەکانی دی وەك نیوەدوورگەی عەرەب‌و کەنداوی عەرەبی لە ژێر فەرمانڕەوایی بەریتانیادا مانەوە.

بڵاوکردنەوەی رێککەوتننامە نهێنییەکان ئاشکرابوونی نەخشەو پلانی ئیمپریالیستی بۆ زاڵبوون بەسەر وڵاتانی دنیاداو دابەشکردنی وڵاتانی عەرەبی وەك رێخۆشکردنێك بۆ دابەشکردنیان‌و داهێنانی سیستمی ئینتداب وەك ئامرازێك بۆ زاڵبوون‌و سەرکەوتنی.

شۆڕشی سۆسیالیزمی ئۆکتۆبەرو ئەو پێشنیازانەی لەدانانی سەرەتاکانی مرۆڤایەتی کردنی، لەوانە (بەخشینی گەلانی ژێردەسەڵاتی روسیای قەیسەری مافی بڕیاردانی چارەنووسی سیاسی خۆیان رۆڵێکی گەورەی گێڕا لەبەرزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی‌و کامڵ بوونی سیاسی). ئەم کارە رێخۆشکەربوو بۆ شەپۆلێك راپەڕین‌و شۆڕشی جەماوەری چەکدارانەی سوریا 1920 دژی داگیرکەری فەرەنسی، شۆڕشی چەکداری لەوانە راپەڕینی چەکدارانەی خەڵکی عیراق لە1920، شۆڕشی میسری 1919 دژی داگیرکەری بەریتانی، راپەڕینەکانی لیبیاو جەزائیرو تونس‌و

مەغریب‌و سودان‌و شۆڕشی عەرەبی فەلەستینی ساڵی 1920 کەبەڕاگەیاندنی ئینتیداب لەسەر فەلەستین دەستی پێکرد.[15]

لینین ئەو قۆناغەی کەلەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر داهات وا باسی لێوەدەکات.. روسیای سۆڤیەتی لاو تاکە وڵات بوو کەچووە سەر رێی پیشکەوتنی سۆسیالیزمی،و لەدوای جەنگە ماندوکەرەکانی کەحەوت ساڵی یەك لەدوای یەکی خایاند، لەرووی ئابوورییەوە زۆری لاواز کردبوو، و لەناو بازنەی وڵاتانی ئیمپریالیستیدا بوو کەهەوڵیان دەدا شۆڕشەکە بەتۆپ‌و گەمارۆی برسیەتی لەناوبەرن.[16]

هەرچەندە وڵاتی سۆڤیەتی نوێ بوو هەروەك چۆن لینینی سەرکردەی باسی کردو هەوڵەکانی وڵاتانی ئیمپریالیستی بۆ گەمارۆدان‌و لەناوبردنی، سەرەڕای بارودۆخی خراپی ئابووری، کەچی رۆڵی گرنگی گێڕا لەبەرەو پێشبردنی جموجۆڵی نیشتمانپەروەرەکان بەرەو تێکۆشانی زیاترو پەیوەندی لەگەڵدا دروست دەکردن، هەر کات هەنگاوەکانی شۆڕشی سۆسیالیزمی جێگیرتر دەبوون لەسەر ئاستی ناوەوە یان لەسەر ئاستی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیدا رۆڵی یەکیتی سۆڤیەت بۆ پشتگیری خەباتی گەلانی چەوساوە زیاتر دەبوو.

یەکەمین هەنگاو کەفەرمانڕەوایی سۆڤیەت هەنگاوی بۆ نا دەرکردنی بەیاننامەی ئاشتی‌بوو لە8/تشرینی دووەمی 1917، ئەو بەیاننامەیە کەپێشنیاری دەوڵەتی سۆڤیەتی بوو بۆ سەرجەم گەلان‌و فەرمانڕەوایانی بەشداربووی جەنگ، بۆ ئەوەی یەکسەر هەنگاو بنێن بۆ وتووێژکردن لەپێناو ئاشتییەکی دیموکراتی‌و دادوەرانە، و ئەو بەیاننامەیە لەگوڕ پێدانی خەباتی گەلان، لەپێناو یەکلاکردنەوەی جەنگە

[15] بڕوانە مەکسیم رودنسون، ئەلیاس مەرقەس، ئەمیل توما، نەتەوە، مسألەی نەتەوەکان، یەکتییی عەرەبی‌و مارکسیەت، بیروت 1971 ل 151“ محەمەد عززەت دروزە هەمان سەرچاوەی پێشووی ل38–41.

[16] لینین جولانەوەی گەلانی رۆژهەڵاتی رزگاریخوازی نیشتمانی، دار ئەلتەقەدوم ، مۆسکۆل18

www.pertwk.com

دوژمنکارانەکانیان‌و پێکهێنانی ئاشتی هەمیشەیی ڕۆڵی هەبوو، بەیاننامەی ئاشتی بەوردی جۆری ئەو پێکهاتنەی دیاریکرد کەفەرمانڕەوایی سۆڤیەتی دانی پێدادەنێ کەدەبێ بەبێ لکاندن‌و سەپاندن پێك بێت (واتا بەبێ داگیرو دەست بەسەراگرتنی خاکی بێگانەو لکاندنی نەتەوەکان بۆ سەر کیانی وڵاتێکی‌تر)،و ئەو باجەی کەدەسەپێنرێت,[17]

لە ڕۆژی 15/تشرینی دووەمی 1917دا،واتە تا دوای هەفتەیەك لەدەرکردنی بەیاننامەی ئاشتی فەرمانڕەوایی سۆڤیەت (مافەکانی گەلانی روسیای راگەیاند) کەسەرەتا بنچینەییەکانی سیاسەتی دەسەڵاتی سۆڤیەتی لەخۆگرتبوو، ئەوانەی کەپەیوەندن بەنەتەوەکانەوە، بەو بۆچۆنەی کەسەروەری گەلانی روسیا یەکسان‌و مافیان هەیە کەبڕیاری چارەنووسی خۆیان بدەن، ئەوەشی لەگەڵدا بێ کەمافی جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیەو سەرجەم ئیمتیازو کۆتە نەتەوەیی‌و ئایینییەکانی هەڵوەشاندنەوە، گەشەپێدانی سەربەستانەی بۆکەمینە نەتەوەکان‌و گروپە ئەنتۆگرافیەکان کەلەسەر خاکی روسیا نیشتەجێن بڕیاردا[18].

هەنگاوەکانی سۆڤیەتی لەیەکەم هەنگاویەوە بەڕیسواکردن‌و هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامە نهێنییەکان کەروسیای قەیسەری بەستبوونی لەگەڵ وڵاتانی ئیمپریالیستدا سەبارەت بەدابەشکردنی تورکیا و ئێران، لەسەر راگەیاندنی پابەندبوون بەناوەڕۆکی مافەکانی گەلانی روسیا کۆمەڵێك سەرەتای دیموکراتی‌و مرۆڤایەتی‌و یاسایی لەخۆ دەگرت‌و بەخشینی سەربەخۆیی بەهەریەك لە پۆڵەنداو فینلەنداو بەخشینی مافی‌چارەی خۆنووسین بەسەرجەم ئەو گەلانەی نیشتەجێی روسیان لەناویشیا گەلانی ناوچەی باڵتیك‌و داننان بەسەربەخۆیی کۆمارەکانی ئەستۆنیاو لاتیڤیاو لیتوانیای سۆڤیەتی کەلەکۆتایی ساڵی 1918 ئەنجامدرا، و

---

[17] مێژووی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتی سۆڤیەت، بەشی یەکەم، دار التقدم، مۆسکۆ 1975ل29-30

[18] زوتوف، ڕێنماییەکانی لینین سەبارەت بەبڕیارەکانی رزگاری نیشتمانی‌و سەردەمی ئێستا، دار التقدم ، مۆسکۆ 1983 ل26

مسۆگەرکردنی سەربەخۆیی گەلانی ئەرمەنی‌و گەلانی تر بەپێی راگەیاندنی مافەکانی گەلانی روسیا.[19]

بەجێبەجێکردنی سەرەتاکانی دیموکراتی‌و پشتگیری‌کردنی ئەو گەلانەی تێدەکۆشان لەپێناو سەربەخۆیاندا رۆڵ‌و شوێنی فەرمانڕەوایەتی سۆڤیەتی بەرزو جێگرکرد سەرەڕای گەمارۆی سیاسی‌و ئابووری دەستوەردانی سەربازی‌و پشتگیری کردنی هێزەکانی چەواشە کەئیمپریالیست سەپاندبوونی بەسەر یەکێتی سۆڤیەتدا بۆ کپکردنەوەی شۆڕش‌و تاقیکردنەوەکەی کەمکردنەوی کارێگەرێتی لەسەر خەباتی گەلانی جیهانی کەلەژێر ئاگری کۆلۆنیالیزم‌و کۆیلەیەتیدا دەیاننالاند.

لەو پەیماننامە نهێنیانەی کەفەرمانڕەوای سۆڤیەت ئاشکرای کردن, هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنی نهێنی نێوان روسیاو یابان بوو کە لەساڵی 1916دا سەبارەت بەو پڕۆسە هاوبەشانەی لەکاروباری چیندا لەسەری ڕێککەوتبوون، وڕێکەوتنی نێوان روسیاو بەریتانیای گەورەو فەڕەنسا سەبارەت بەدابەشکردنی تورکیا، پەیماننامەی نهێنی روسی ئینگلیزی‌و ڕێکەوتننامەی ساڵی 1907 کەتایبەت بوو بەناوچەکانی دەسەڵات لەئێراندا20

فەرمانڕەوایەتی سۆڤیەتی‌و شۆڕشەکەی رووبەڕووی چەندین هەوڵی وڵاتانی ئیمپریالیستی بوونەوە، کەئامانجیان دروستکردنی گیروگرفت‌و لەناوبردنی بوو لە ڕێگەی هێزە نەیارەکانی ناوەوە، بەوپێیەی خەباتی یەکێتی سۆڤیەت هەمەلایەنی بوو، خەباتی کردو لەپێناو چەسپاندنی چەمکە بنچینەییەکانی یەکەمین شۆڕشی سۆسیالیزمی لەجیهاندا.

ئەو بنەمایانەش کەلەناوخۆدا راگەیەندرابوون، پێشخستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێیدا لەسەر بنچینەی نوێ‌و بەدوور لەدەسەڵات‌و دەستوەردان لەکاروباری ناوخۆی وڵاتانی تردا، وڕێزگرتنی مافی یەکسانی‌و سەروەری وڵاتان‌و، پەنا نەبردنە بەر جەنگ بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێودەوڵەتی.بۆ سەلماندنی پابەندبوونی فەرمانڕەوایی سۆڤیەتی بەوسەرەتایانەی کەڕای گەیاندووەو

---

[19] مێژووی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەتی بەشی یەکەم 1917-1945 ل36-37

[20] تونکین یاسای نێودەوڵەتی گشتی قاهیرە 1972 ل33

www.pertwk.com

بەسەرەتاکانی قانونی نێودەوڵەتی ئەم پەیماننامانە بەستران پەیماننامەی (سۆڤیەتی–ئێرانی)، پەیماننامەی (سۆڤیەتی–ئەفغانی)و پەیماننامەی (سۆڤیەتی–تورکی) لەساڵی 1921 دا.21

گەلان لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، سەرەتای دەستدرێژی نەکردن، دەستوەرنەدان لەکاروباری ناوخۆی وڵاتان، بەشێك بوون لەو سەرەتایانەو دەستیان بەجێگیربوون کرد لەناو کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا مافی یەکسانیو سەروەریو چەندانی دی. سیاسەتی دەرەوەی فەرمانڕەوایی سۆڤیەتی لەپەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا پشتگیریکردنی ئاسایشو جێگیربوونی لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیو لەسەر ئاستی ناوخۆیشدا، دەستووری ساڵی 1918 و ئەو دەستورانەش کەبەدوایدا هاتن کەسەرەتاکانی دیموکراتی نوێی لەخۆگرتبوو بەپشت بەستن بەبنچینەی سۆسیالیزمیو دیموکراتی لەڕێکخستنو پتەوکردنی پەیوەندییەکان لەنێوان کۆمارەکان کەیەکێتی سۆڤیەتیان پێك دەهێناو کەمینەو کۆمەڵەکانی تریشدا، دەستورەکان چینەکانی گەلیان لەچوارچێوەیەکی ڕێکخراودا ڕێکخستبوو، وەك ڕێکخستنە جەماوەرییو سەندیکاکانی پیشەییو کۆمەڵەی هەرەوەزیو وەرزشەوانیو چەندانیتریشی لەخۆ گرتبوو.

لەئەنجامی فراوانبوونەوەی پەیوەندییەکانیو پشت بەستنی ئەو پەیوەندییانەی بەبنەماکانی یەکسانیو فەرمانڕەوایەتی نێوان دەوڵەتانو نەتەوە گەورەو بچووکەکانو بنەما یاساییو سیاسییەکانیتر، کە حکومەتی سۆڤیەتی هەر لەسەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشەوە پابەندبوونی خۆی پێوە بەستبوو، هەموو ئەوشتانە ڕۆڵی یەکێتیی سۆڤیەتیان توندتر کرد.

گەورەیی ڕۆڵی یەکێتی سۆڤیەت لەبواری پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتیدا هۆی سەرەکیبوو کەسیو چوار وڵاتی ئەندامی کۆمەڵەی گەلان ساڵی 1934 داوایان لەیەکێتی سۆڤیەتی کرد بەڕەسمی بێتە پاڵ کۆمەڵەی گەلانەوە.22

---

21 مێژووی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت بەشی یەکەم 1917–1945 ل131، ل150

22 میخائیل کینوفسکی بنچینەکانی یاسای نێودەوڵەتی، صوفیا 1974 ل66

ئەو چەند ساڵە کەمەی کەیەکێتی سۆڤیەتی لەکارو چالاکییەکانی کۆمەڵەی گەلاندا بەشداریکرد کەوڵاتانی ئیمپریالیستی زاڵبوون بەسەر کۆمەڵەو چالاکییەکانیدا، سەرەڕای ئەوەش ڕۆڵی هەبوو لەپێشخستنو چەسپاندنی چەندین بنەما لەیاسای نێودەوڵەتیو لەکۆمەڵگای نێودەوڵەتیداو بڕیار لێدانی لەرێکخراوە هەرێمیو جیهانییەکاندا، وەك بنەمای دەستوەرنەدان لەکاروباری ناوخۆی وڵاتانی ترو، 23 چارەسەرکردنی کێشەو ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان بەڕێگەی ئاشتیانە.24 یەکسانی لەمافو سەروەریدا،25 دەستدرێژی نەکردنە26 سەریەکتریو چەندانی تر. واتا فەرمانڕەوایی سۆڤیەتو شۆڕشی ئۆکتۆبەری سۆسیالیستی ڕۆڵیان هەبووە لەدروست کردنی بنەمایی یاسایی نێودەوڵەتیو بەشداریکردن لەگەشەپێدانی سەرەتاکانی یاسای نێودەوڵەتی نوێی، بەتایبەتی دوای زیادکردنی ژمارەی وڵاتانی سەربەخۆ کەهەوڵێکی پێویست بوو بۆ ئەوە بهێنرینە سەر ڕێچکەی گەشەپێدانی یاسای نێودەوڵەتی نوێو سەرەتاکانی مرۆڤایەتیو یاسایی.

تۆنکین ڕۆڵیسیاسەتی سۆڤیەتی بەم دەستەواژەیە دەردەبڕێ "دەوڵەتی سۆڤیەت بەتەنیا پێکهێنانی هۆکارێك بوو بۆ پەرەپێدانی هێزی ئاشتیو پێشکەوتن کەبەبێ سڵکردنەوە بیرۆکەی قەدەغەکردنی جەنگی دوژمنکارانەی بڵاوکردەوە ڕۆڵێکی نوێو گرنگی گێرا لەپشتگیری کردنی ئەو سەرەتایە،27 واتا سەرەتای مافی بریاردانی چارەنووس".

---

23 بڕگەی 7ی مادەی (2) لەبروانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان دەڵێ"ئەم بڕوانامەیە ئەوەی تێدا دانەڕێژراوە کەنەتەوە یەکگرتوەکان بۆی هەبێ دەست لەو کاروبارانە وەربدات کەبەترۆپکی دەسەڵاتی ناوخۆی وڵاتێك دادەنێ.....

24 بڕگەی یەکی مادەی/21/ لەبڕوانامەی کۆمەڵەی گەلان برگەی 3 مادەی دووی بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکانو مادەی/23/ لەبڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان

25 بڕگەی یەکی مادەی دووی بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان.

26 مادەی یەکی بڕوانامەی پاریس، بۆ ئیدانەکردنی پەنابۆجەنگ بردن وقەدەغەکردنی بەکارهێنانی هێز بڕگەی چواری مادەی دوو لەبڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان

27 تونکین هەمان سەرچاوە

www.pertwk.com

سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی لەیەکێتی سۆڤیەتداو، بەخشینی مافەکانی نەتەوەو گەلان بەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیان و پشتگیری کردنی جولانەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی و دژایەتی کردنی کۆلۆنیالیزم، وەرچەرخاندنێکی باشی پێکهێنا لەشێوازی داواکردنی ئەو مافی چارەنووسەو فشاریشی خستە سەر ولاتانی ئیمپریالیستی بەوەی بەکردەوە دان بەو راستیە نوێیەدا بنێن. لەراستیدا بیرۆکەی مافی بریاردانی چارەنووس, کۆنەو زووتر شۆڕشی فەرەنسا بانگەشەی بۆدەکردو لەیاساکانیدا جێگیری کردبوو، کەلەدەقی ئەو یاسایانە ئاماژەی بەوە کردووە لەسەر پێشکەشکردنی یارمەتی چەکدارانە بەو گەلانەی ئارەزوویان هەیە داوای مافی خۆیان بکەن بەڕێگەی دیموکراتی.

بەلام لەکاتی خۆیدا مافی چارەی خۆنووسین دانی پێدا نەنرا وەك سەرەتایەك لەسەرەتاکانی یاسای نێودەولەتی باو. لەگەڵ سەرەتای سەدەی بیست و لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا ولاتانی کۆلۆنیالیستی ئاماژەیان بە مافی چارەنووسی گەلان کرد, سەرەڕای ئەم سیاسەتە، هێشتاکە ولاتانی ئیمپریالیستی لەچەندین بۆنەدا رای دەگەیەنن کەمافی چارەنووسی گەلانی ژێردەست دەبێ لەلایەن خۆیانەوە بڕیاری لەسەربدرێ بەلام راستییەکان ئەوەیان سەلماندوە کەنیازیان لەوەدا درۆیەو هەڵوستیان فرتۆفێلاویە ولەوسەردەمەو دوای جەنگی جیهانی یەکەمیش ئەوانە دەرکەوتن، کاتێ کە یەکێتی سۆڤیەتی پەیماننامە نهێنیەکانی ئاشکراکرد کەلە لەنێوان ولاتە سوێندخۆرەکاندا بەسترابوون و، فەرمانیان دەدا بەدابەشکردنی کۆڵینەکان لەنێوانیاندا، وبەپێی سروشتی بارەکە "کەبەخواستی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان نەبوو بەڵکو ئەو شێوازە کولۆنیالیستانە فاکتەری بەئاگا هێنانەوەی ئەو گەلانەبوون و بەڕووی ئەو سیاسەتانەدا هەڵگەڕانەوەو داوای مافی بریاردانی چارەنووسی خۆیان کردو خەباتی رزگاریخوازیان پرەوپێداو داگیرکەرانیان ناچار کرد ملکەچ بن داخوازییە رەواکانیان وەلام دەنەوەو سەربەخۆییان پێببەخشن.

لەبەرامبەر فرتوفێڵی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان دەبوو پەیڕەوی لەسیاسەتێکی نوێتر بکرێت کەرویەکی تری هەڵخەتانی تێدابێ، ئەویش بەڵێن پێدانی سەربەخۆییبوو بەڕێگەی دۆزینەوەی شێوازێکی نوێ کەئەویش شێوازی ئینتداب

بوو کەسروشتێکی رەوایەتی دەدا بەدابەشکردنی دەوڵەتە ژێر دەستەکان و ناوچەکانی ژێر دەسەلاتیان، بەوەش سیستمی ئینتداب جگە لەشێوازێکی دیکەی زاڵبونی کولۆنیالیستی چیدی نەبوو کەلەگەل سەرەتای مافی بریاردانی چارەنووسی گەلان نەدەگونجا.

ئەو چەواشەکاریە لەچەندین پەیماننامەو رێکەوتنامەی نهێنیدا کەلەماوەی جەنگی جیهانی یەکەمدا بەسترابوون و سێ ساڵ دوای کۆتایی هاتنی جەنگ دەردەکەوێ کەئەوکاتەی رێکەوتنامەی سایکس بیکۆ دەست پێدەکات و لەدوتوێی پەیماننامەی ڤێرسایدا بڕیاری لەسەر دەدرێ، نیەتی ولاتانی کولونیالیستی سوێندخۆرەکان شاراوەنەبوو سەبارەت بەدابەشکردنی کۆڵینەکان لەنێوانیاندا، دابەشکردن و بەشکردنی کوڵینەکان پشتی دەبەست بەهاوسەنگی هێزی نێوان ولاتانی کولۆنیالیستی کەلەململانێدا بوون بۆ هێشتنەوەیان لەژێر دەستیاندا، تاوەکو بڕوانامەی کۆمەڵەی گەلانیش کەلەلایەن ولاتانی کولۆنیالیستەوە دانرابوو وبەویستی سویندخۆرەکان بوو هیچ دەقێکی لەخۆنەگرتبوو پەیوەندبێ بەمافی بریاردانی چارەنووسەوە، چونکە کۆمەڵەی گەلان بەکردەوە دامەزرێنرابوو بۆ ئەوەی ئامرازێك بێت بۆ درێژە پێدانی سیاسەتەکانی کۆلۆنیالیزم هەربۆیەش رێکخراوەکە بەئیفلیجی لەدایك بوو دژی ویستی گەلان بوو کەپەشی سەربەستی و سەربەخۆیبوون.

سەرەڕای هەوڵەکانی ولاتانی ئیمپریالیستی بۆ دانانی ئاستێك بۆ بلاوبونەوەی بیروباوەڕی مافی بڕیادانی چارەنووس و بەدیهێنانی، کەچی ئەوسەرەتایە، سەرەتای مافی چارەنووس بەبەرفراوانی بەدی هێنرا چونگە بڕیاردان لەو سەرەتایە، لەڕووی تیۆرییەوە کاریگەری پێشکەوتنخوازی هەبوو و هەر بەوەوە نەوەستایەوە بریاری مافی گەلان بدات بەوەی کەبڕیار لەویست و سەربەستی خۆیان بدەن وەك دروشمێك یان وەك مافێك داوابکرێت، بەڵکو کاریگەری چەسپاندنی ئەو بڕیارەی هەبوو لەسەر گۆڕەپانی روداوەکاندا، وچەندین ولات سەربەخۆیی خۆیان بەدەستهێنا، بەتایبەت دوای سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیزمی لەروسیا کەبەراشکاوی رایگەیاندبوو دان بەمافی بریاردانی چارەنووسی گەلاندا دەنێن و مافی دیاری کردنی چارەنووسی بەخشینی گەلانی ئۆکرانیاو بیلۆروسیاو ئەزەربیجان و چەندانیتر، کەئەو مافەی

www.pertwk.com

بەبنچینەیەکی ڕەوا دانا بۆ تێکۆشانی ڕزگاری خوازی نیشتمانی بۆگەلانی ژێردەستەو وڵاتانی پشکۆ لەپێناو سەربەخۆییان وپێکهێنانی دەوڵەتی نیشتمانی لەم ڕوانگەیەوە چەندین نووسەری یاسایی نێودەوڵەتی لەوڵاتە سۆسیالیزمەکاندا لەوانەش تونکین، رادینوف، فیکیلوف، شیشکوف، ڕای خۆیان لەمافی چارەنووس دەربڕیووە کەدەڵێن مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلان تەنیا دوای شۆڕشی سۆسیالیزمی ئۆکتۆبەر لەڕوسیا ساڵی 1917 هاتۆتەکایەوە[28] ، بەرەو پێش چوونی شەڕی ڕزگاری نیشتمانیو بەردەوامبوونی، هێرشی مرۆڤی ڕزگاریخوازی بەتەواوی کردەوە، بەرێگەی تاقیکردنەوەو جێبەجێکردنو بەکردەوە وردە وردە ناوەڕۆکی لەوتووێژەکانی پێش دامەزراندنی نەتەوەیکگرتووەکان کارێکی سروشتیبوو و بڕیاری مافی چارەنووس گرنگی باشی پێبدرێ ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کەلەبڕوانامەیەکدا مافی چارەی خۆنووسینی گەلان لەخۆبگرێ ئەوەش وەك دووبارە کردنەوە نییە کەئەگەر بڵێین بیرۆکەی مافی بڕیاردانی چارەنووس پێش دروستبوونی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان هاتۆتە کایەوە.

بەلام بەهۆی بەهێزبوونو پێشکەوتنی شەپۆلی شۆرشگێڕی جەماوەریو قووڵبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی، کەزۆربەی ڕێکخراوەکان لەکاری خۆیان چەسپاندوویانەو بەهێند وەریانگرتووە لەوانیش ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان یەکێکە لەو ڕێکخراوانەی لەسەرەتاوە دیاری کردنی مافی چارەنووس وەك سەرەتایەکی گرنگ لەسەرەتاکانی یاسای نێودەوڵەتی بواری کارپێکردنو دان پێدانی سنووردارابوو، تائەوکاتەی دانیپێدانراو لەبڕوانامەی نەتەوەیەکگرتوەکاندا جێگیربوو. کەدانی بەمافی بڕیاردانی چارەنووس دا نابوو کاتێ کەمەبەستی نەتەوەیەکگرتوەکانی دیاری کردووەو سەرەتاکانی داناو هەر وەك لەم دەقەدا هاتووە پەرەپێدانی پەیوەندی دۆستانەی نێوان نەتەوەکان لەسەر بنچینەی ڕێزگرتنی ئەو سەرەتایەی لەنێوان نەتەوەکاندا فەرمان بەیەکلاکردنەوەی مافەکان دەکات وبەوەی

[28] پیکتورادونوف سیستمی نێودەوڵەتی وڵاتانی پاشکۆو کولونیست صوفیا 1961 ل34 ئینکل شیشکوف شۆرشی ئۆکتۆبەری سۆسیالیزمی گەورەو مافی گەلان لەدیاری کردنی چارەنووسیان، گۆڤاری بیری یاسایی ژمارە/4 ساڵی 1977، صوفیا ل53

هەریەکەیان بڕیاری چارەنووسی خۆیبداتو ئەو ڕێو شوێنانە بگرێتەبەر کەگونجاون بۆ برەودان بەئاشتی جیهانی.[29]

ئەوانەی کەچوار چێوەی هاوکاری نێودەوڵەتی دەیان خوازێ لەبواری ئابووری کۆمەلایەتی سەرەتای مافی گەلان لەدیاری کردنی چارەنووسی خۆیان" بەو ئارەزووەی کەلەپێویستیەکانی جێگیریو خۆشگوزەرانییەو پێویستن بۆ دروستبوونی پەیوەندی ئاشتیو دۆستایەتی نێوان نەتەوەکان لەسەر بنچینەی ڕێزگرتنی ئەو سەرەتایە دامەزراوە کەدەخوازێ بەیەکلاکردنەوەی مافەکانی نێوان گەلان بەشێوەیەك کەهەریەکەیان مافی بڕیاردانی چارەنووسی هەبێ"[30]

مافی بڕیاردانی چارەنووس بوو بەسەرەتایەکی دانپێدانراو لەناو یاسای نێودەوڵەتیدا دوای ئەوەی کەبەچەندین قۆناغدا تێپەڕی. هەرلەکاتی شۆڕشی فەرەنسییەوە تا شۆڕشی ئۆکتۆبەری سۆسیالیزمیو دروستبونی نەتەوە یەکگرتووەکان، واتا ڕاگەیاندنی پرۆژەی مافەکانی مرۆڤو بڕیاری 1514ی ساڵی 1960 کەدەقی لەسەر بەخشینی سەربەخۆیی بۆ گەلانو وڵاتانیکۆڵینە هێناوە. ملکەچکردنی گەلان بۆ کۆیلەیەتی بێگانەو زاڵبوون بەسەریانداو چەوساندنەوەیان نکۆڵی کردنە لەمافە بنچینەییەکانی مرۆڤ ولە بایەخی بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان کەم دەکاتەوەو دەبێتە بەربەست لەبەردەم ئاشتیو هاوکاری نێو دەوڵەتیدا دوای ئەوانە چەندین بریاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکانی بەدواداهات کەهانی وڵاتان دەدات دان بەمافی بڕیاردانی چارەی خۆنووسینی گەلاندا بنێنو پشتگیریو هاوکاریان بکەن لە خەبات کردنیان لەپێناو سەربەخۆییو سەربەستیان دا.

وەیەکێك لەو فاکتەرانەی کەبەشداریان کرد لەو پێشکەوتنە مێژووییەی سەرەتای مافی بڕیاردانی چارەنووسو گواستنەوەی لەبیرۆکەوە بۆ کارپێکردنی ، بریتیە لەپەرەپێدانی هۆشی ڕزگاریو فراوانبوونەوەی هەڵمەتەکانی دژبە کولۆنیالیزم لەسەر

[29] برگەی دووی مادەی یەکی بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان

[30] پێشەکی مادەی/55/ی بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان

www.pertwk.com

ئاستەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمەکانداو خۆی لەڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان و ڕێکخراوە تایبەتمەندەکانی کەکار لەوچوارچێوەیەدا دەکەن.

نابلسی وادەڕوانێتە مافی بریاردانی چارەی خۆنووسین، نکۆڵی کردنی وڵاتانی کۆڵۆنیالیستی پێش جەنگی جیهانی دووەم ، بەڵام دوای دروست بوونی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەم مافەی نەك هەرهێنایە کایەوە بەڵکو بڕیاریشی لەسەردا، ئینجا نەتەوەیەکگرتووەکان چەندین بریاری سەبارەت بەومافە دەرکرد دیاریترینیان بڕیاری ژمارە/2625/ی ساڵی 1970 بوو کەڕاگەیاندنی لەخۆگرتبوو بۆ سەرەتاکانی یاسای نێو دەوڵەتی پەیوەست بەپەیوەندیەکانی دۆستایەتی و هاوکاریی نێوان وڵاتان بەپێی بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان، وگرنگی ئەو بڕیارە لەدەرچوونەکەیە وەیەتی کەهەموو وڵاتانی ئەندامی نەتەوەیەکگرتووەکان لەسەری ڕازی بوون و ئەو بڕیارە دەقێکی هێنابوو لەسەر سەرەتای مافی یەکسانی و بڕیاردانی چارەنووسی بۆ گەلان و، پابەند بوونی هەر دەوڵەتێك بەڕێگرتن لە گرتنەبەری ڕێوشوێنە زۆرەملێکان بۆ بێبەشکردنی دانیشتوان لەمافەکانی دیاری کردنی چارەنووسیان، بەوەش هیچ بوارێك بۆگومان نامێنێتەوە لەئەنجامە یاسایی‌یەکانی پابەندی بەو مافە.[31]

بریاردانی سەرەتای مافی دیارکردنی چارەنووسی وەك سەرەتایەکی بنچینەیی لەیاسای نێودەوڵەتی نوێدا ئەوە دەگەیەنێ کە دان نانە بەڕەوایەتی و یاسایی شێوازەکانی کەئاراستەمان دەکات بەرەو بەدیهێنانی مافی بڕیاردانی چارەنووس، واتا ڕەوایی بەگەرخستنی هێز دژی کۆڵۆنیالیست وئەو گرنگییەی کەبریاردانی مافی چارەنووس بەدەستی دەهێنی وەك یەکێك لەسەرەتاکانی یاسای نێودەوڵەتی نوێ، هاوکاری گەلانی چەوساوە دەکات لەخەباتکردنیان دژی داگیرکەران لەپێناوی گەیشتن بەمافی سەربەستی و سەربەخۆییان.

جێگیر کردنی ئەو مافە لەبروانامەکانی ڕێکخراوە هەرێمیەکان و لەبڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان و بریارەکانی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان و

[31] د. تەیسیر نابلسی داگیر کردنی خاکی عەرەب لەلایەن ئیسرائیلیەکانەوە توێژینەوەیەك لەسەر بارودۆخی داگیرکردنی ئیسرائیل لەبەر رۆشنایی یاسایی نێودەوڵەتی گشتی بەیروت 1981، ل256 ل260

ئەنجومەنی ئاسایش و لەرێکەوتنامەو پەیماننامە نێودەوڵەتیە دوو قۆڵی و بەکۆمەڵەکاندا، دەبێتە بنچینەیەکی یاسایی و نێودەوڵەتی بۆ خەباتی گەلان بۆ گەیشتن بەسەربەخۆیی و سەربەستی تەواویان.

* * * * *

بەشی دووەم

یەکلاکردنەوەی کیشە نێودەوڵەتیەکان

بە پێی بڕوانامەی کۆمەڵەی گەلان

پێش چوونە ناوباسی چارەسەری کێشەو ناکۆکییە نێودەوڵەتیەکان بەپێی سەرەتاکانی کۆمەڵەی گەلان تاقۆناغی بروانامەی پاریس ساڵی 1928 پێویستە ئاماژە بەهەردوو ڕێکەوتنامەی لاهای ساڵی 1899–1907 بکەین کەدەقەکانیان چەندین بابەتی گرنگی تێدایە کەپەیوەستن بەکەم کردنەوەی توندوتیژی لەپەیوەندیەکانی نێوان وڵاتان و بەرقەراربوونی ئاشتی، کەچەندین ڕێکەوتنامەی نێودەوڵەتی دانیان پێداناوە کەبنەمای تایبەت بەجەنگ و بێلایەنی و یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێودەوڵەتیان ڕێکخستووە.

www.pertwk.com

هەردوو پەیماننامەی لاهای هەوڵیان دەدا بۆ نووسینەوەی یاسای نێودەوڵەتی و مانەوەی دامو دەزگای هەمیشەیی ناوبژیوانی، بۆ چارەسەری کێشە نێو دەوڵەتییەکان لەرێگەی چوونە نێوان و ناوبژیوانی بگرێتە بەر، یەکەمین دەستەی دادگای نێودەوڵەتی کەدامەزرا، بریتیبوو لەدادگای ناوبژیوانی هەمیشەیی لەلاهای. لەهۆڵەندا لە ساڵی 1920، کەدەیڕوانیە ئەو کێشانەی خەسڵەتێکی یاساییان هەبوو ئەو کێشانەش کەبەڕێگە دبلۆماسی چارەسەر نەدەکران، لەودەستکەوتانەی کەرێکەوتنامەکانی لاهای بەدەستیان هێنا ئەوەبوو کەڕاسپاردەکان بەزۆرینەی دەنگ کران لەکاتێکدا کەبنەمای کۆی دەنگەکان باوبوو لە کۆنگرەی یەکەمی 27 وڵات بەشداریان تێدا کردو هی دووەمیش 44 دەوڵەت بوون کەکۆنگرەی دووەمیان جەختی لەسەر سنووردار کردنی خۆپڕچەکردن و ڕاگرتنی پیشبرکێی خۆ پڕچەکردن دەکردەوەو پێك هێنانی لیژنەیەکی نێو دەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە لەکاتی ڕوودانی هەر کێشەیەکدا.[1]

"واسەرز" وادادەنێ کەهەردوو کۆنگرەی لاهای ساڵی 1899–1907 لەکۆنگرە گرنگەکانی بواری پارێزگاریکردنن لەئاشتی و لەپەیوەندیەکانی نێودەوڵەتیدا بەشێوەیەکی گشتی، چەندین دەستکەوتی گرنگی بەدەست هێناوە لەبواری دارشتن و نووسینەوەی بنەماکانی جەنگ و بێلایەنی.[2]

د. شوبات بەکۆنگرە گرنگەکانی سەدەی ڕابردویان دادەنی کەتوانیویانە بنەمای مافپەروەرانە بێنێتە سەر مافی نێودەوڵەتی گشتی.گرنگترین بڕیارەکانی هەردوو کۆنگرەکە ئەمانەن:–

1ـ بەیاسایی کردنی بنەماکانی جەنگی وشکانی، ئەمەش دوپاتکردنەوەی بڕیارەکانی کۆنگرەی برۆکسل بوو کەلەساڵی 1874دا بەسترا، وبەپێی ئەم

---

[1] د.کەمال غالی بڕوانامەی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەب قاهیرە 1948 ل166، د. حەسەن ئەلعەتار ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، بەغدا 1970 ل13–14، د. محمد عەزیز شوکری، ڕێکخستنی نێودەوڵەتی جیهانی لەنێوان تیوریاو ڕاستیدا، دیمەشق 1973، ل29

[2] واسەرز، ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەخەوەوە بۆ ڕاستی ، نیورك 1967، ل7.

ڕێکخستنە پێویستە پارێزگاری لەوانە بکرێت کەجەنگاوەرنین و کۆتیش بخرێتە سەر سەربەستی جەنگاوەرەکان لەهەڵبژاردنی جۆری چەکی جەنگیدا.

2. ڕێکخستنی هۆیەکانی دۆستانە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە نێودەوڵەتیەکان وەك هەوڵی دۆستانە، ناوبژیوانی، ئەنجومەنی لێکۆڵینەوە، بەتایبەتی ئەنجومەنی نێوبژیوانی نێودەوڵەتی.

3. داهێنانی دادگای نێودەوڵەتی بۆ دەستکەوتەکانی جەنگی.

4. ڕێزگرتنی دەوڵەتە بێلایەنەکان ڕێزگرتنێکی ڕەها لەلایەن وڵاتانیترەوە.[3]

د. حەسەن چەلەبی وای دادەنێ کەیەکەمین یاسایی نێودەوڵەتی نووسراوە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە نێودەوڵەتیەکان بەشێوازی ئاشتیانە، و لەنێوان ئەو دەقانەی کەئەم یاسایانە دەیانگرێتەوە، دەقەکانی دامەزراندنی دادگای دەستکەوتە نێو دەوڵەتیەکانە کەنەتوانرا بخرێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، وئەو دەقانەی کەدامەزرێنەری دادگای هەمیشەیی ناوبژیوانی نێودەوڵەتی بوو وبواری بۆرەخسا کاربکات و پێشکەش بەدۆزی یەکلاکردنەوەی کێشە نێودەوڵەتیەکان بکات, یەکلایکردنەوەیەکی ئاشتیانە.[4]

بەتەك ئەو بیروڕا باوەی نێوان نووسەرە یاسایییەکان سەبارەت بەهەردوو پەیماننامەی 1899–1907 بەدووکۆنگرەی گرنگی نێودەوڵەتی دادەنرێن کەپایەی سەرەتای یەکلاکردنەوەی کێشە نێودەوڵەتیەکانیان بەرێگەچارەی ئاشتیانە چەسپاندووە. بەڵام تونکین ڕایەکی تر بەم شێوەیە دەردەبڕێ" سەرەتای یەکلاکردنەوەی ئاشتییانەی کێشەکان پەیوەستیەکی توندو تۆڵی هەیە بەسەرەتای دەست درێژی نەکردنەوە، سەرەتای یەکلاکردنەوەی ئاشتیانە پەرەی پێدرا بەهاوتەریبی لەگەڵ پەرەپێدانی سەرەتای دەست درێژی نەکردن، لەناو یاسای جیهانیدا نەبووە پێش شۆڕشی گەورەی ئۆکتۆبەری سۆسیالیزمی.

---

[3] د. فوئاد شوبات مافە نێودەوڵەتیە گشتیەکان چاپی پێنجەم دیمەشق 1964–1965 ل470.

[4] د. حەسەن چەلەبی سەرەتاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان وتایبەتمەندی ڕێکخستنیان، قاهیرە 1970 ل175–176.

www.pertwk.com

هەردوو پەیماننامەی لاهای ساڵانی 1899و 1907 سەبارەت بەیەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێودەوڵەتی بەرێگەی ئاشتیانە تەنها دەربڕینی ئارەزوو بوو لەرێگرتن(بەپێی توانا) لەبەکارهێنانی هێزو پەنابردن بۆ رێوشوێنی ئاشتییانە بۆ نەهێشتنی ناکۆکیەکان.

ئامرازی ئاشتیانە بۆیەکلاکردنەوەی کێشەکان بەپێی هەردوو پەیماننامەی لاهای قۆناغێکی زۆرەملیٚ پێك ناهێنیٚ لەرێو شوێنە ئاشتیەکاندا بەڵکو ئارەزوویەکی سادەیە بەهێنانی چەند دەستەواژەیەك بەورادەیەی بارودۆخەکە رێی پیٚدەدا.[5]

ئەو فرمانانەی لەڕێکەوتنامەکانی لاهایدا هاتوون هەرچەندە هێزی پابەندیان نییەو لاوازن و کەموکوریان تێدایە، بەڵام وەرچەرخانێکی گرنگ بوو بۆ دانانی چەندین بنچینەی یاسایی کەوڵاتان و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانیان و قۆناغێکی گرنگ بوو لەقۆناغەکانی پێشکەوتنی یاسای نێودەوڵەتیدا.

کۆنگرەی لاهای بۆ جێگیرکردنی پەیماننامەکانی نابژیوانی هاندەرو پاڵنەرێکی بەهێزبوون ئەویش بەبەشداریکردنی ووڵاتانی گەورە، بەڵام هیچ پەیماننامەیەك لەنێوان وڵاتە گەورەکاندا نەبەسترا بەهۆی سروشتی ناکۆکییەکانەوە کەدەیانتوانی زیاترجەنگ بنێنەوە، زۆرتر لەوەی لەنێوان وڵاتانی تردا هەیە، کەبریتیبون لەفەرەنسا، ئەڵمانیا، نەمسا، هەنگاریا، روسیا، لەکاتێکدا بنەمای ناوبژیوانی بەزۆر بۆ ئەو کێشانەی شێوازێکی سیاسیان هەبوو، جێگرنەبوو بوو تا 1928/9/25، بەپێی بڕوانامەیگشتی ناوبژیوانی کەکۆمەڵەی نۆیەمی کۆمەڵی گەلان لەسەری رازی بوون[6].

ئارەزووی وڵاتان بۆیەکلاکردنەوەی ئاشتیانەی کێشەکانیان و پەنانەبردن بۆ بەگەرخستنی هێز لەکاتی روودانی ناکۆکی لەنێوانیاندا هۆکارێك بوو بۆ زیادبوونی ژمارەی وڵاتانی بەشدار لەکۆنگرەی دووەمی لاهایدا ساڵی 1907.

[5] تۆنکین هەمان سەرچاوەی پێشو ل44–45

[6] پیێر رینوڤان و جان باتیست دوروزیل دەروازەیەك بۆ مێژووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، وەرگێرانی فایز کەم نەقش، بیروت چاپی دووەم 1982 ل374.

ئارەزووری بەستنی کۆنگرەکان بەبەردەوامی بەڵگەیەکی سەلمێنەرە بۆ هەستکردن بەومەترسیەی کەهەڕەشە لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و جێگیربوونی دەکات وڵاتان هەوڵیان دەدا لەرێگەی ئەو کۆنگرانەوە باشترین رێو شوێنی دۆستانە بدۆزنەوە بۆ چارەسەری کێشەکانیان و لەکاتی سەرهەڵدانی جەنگدا لەکارەساتەکانی کەم بکەنەوە لەسەروبەندی هەڵایسانی جەنگی جیهانی یەکەمدا بوو ساڵی1914 کۆنگرەی سێیەمیلاهای خەریك بوو دەبەسترا.

جویس، جەنگی جیهانی یەکەم و هەموو هەوڵ و رێو شوێنانە لە پێناو ئاشتیدا لەو قۆناغەدا هەوڵی بۆ درابوو بەم شێوەیە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، جەنگی جیهانی یەکەم بەپێی سروشتەکەی وای دەگەیاند کەهەرەس هێنانێکی خەماوی بێت بۆ زۆربەی نەخشەو پرۆژەکانی تر کەئامانجیان پشتگیرکردنی هاوکاری نێودەوڵەتی بوو.

بەڵام هەموو ئەو پرۆژانە بەتەواوی تێکنەشکێنران. بەڵکو هەندێکیان بەهێزتر بوون وەك خاچی سووری نێودەوڵەتی کەجەنگ ئەوەی دەرخست تا چ رادەیەك خەڵکی پێویستیان پێیەتی، هەر جەنگ بەرەو کۆتایی دەهات یەکسەر هەوڵەکان دەستیان پێکردەوە بۆ پێکهێنانەوەی سەر لەنوێی ئاشتی[7].

مادەی 38 لەپەیماننامەی لاهای ساڵیٚ 1907 دەقی هێناوەو دەڵیٚ (وڵاتانی پەیمان بەستوو دان بەوە دادەنێن کەناوبژیوانی دادوەریترین و سەرکەوتووترین هۆیە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە نێودەوڵەتییەکانی کەشێوازێکی یاساییان هەیە دەتوانریٚ بەرێگای چارەی دیبلۆماسی یەکلابکرێنەوە بەتایبەتیش ئەو کێشانەی کەپیوەندن بەشیکردنەوەو چەسپاندنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان).

لەسەر ئەو بنچینەیە باشتر وایە وڵاتان پەنابەرن بۆ ناوبژیوانی لەکاتی دروستبوونی کێشەیەك لەنێوانیاندا بەو رادەی کەبارودۆخەکە بواریان دەداتیٚ لەدەقی ئەو مادەیەی سەرەوەدا بۆمان روون دەبێتەوە کەپانابردن بۆ ناوبژیوانیو هاتنە نێوانەوە ئارەزوومەندانەیە، واتا فەرمانەکانی پەیماننامەی لاهای کەپەیوەندن

[7] جمیس ئیمری جویس چیرۆکی هاوکاری نێودەوڵەتی قاهیرە 1967، وەرگێڕانی عەبدولحەمید عەبدولغەنی بۆ عەرەبی ل143

www.pertwk.com

بەیەکلاکردنەوەی ئاشتیانەی کێشەکانی نێودەوڵەتی تەنها بانگەشەی لەخۆگرتووە. بۆ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکان.

لیڤین بەم دەقەی خوارەوە بەدوای ئەو مادەیەدا دەچێت و دەڵێ: سەرەڕای ئەوەی بانگەشەکردنی ئەو دەقەی هاتووە، لەو مادەیەدا بۆ پەنابردن بۆ ناوبژیوانی، وابەستە نابێ بەچوار چێوەیەکەی تەسکی دۆزەکانەوە، وەك ئەوەی کەبڕوانامەی کۆتایی بەرلین تێیدا بوو لەساڵی 1885، بەڵام دەستەواژەی "بەو رادەیەی بارودۆخەکە بوار بدات" وا لەو بانگەشەیە دەکات کەبەتەواوی لەسەر رای هەریەك لەلایەنەکانی کێشەکە رابگیرێ و لەدوایشدا ئەو مادەیە هیچ قۆناغێکی پابەندکردنی نییە بۆ چارەسەری کێشەکان[8].

سەرەڕای کەموکوڕی و پابەندنەکردنی ئەحکامەکانی رێککەوتننامەی لاهای بەڵام توانیویەتی راستییەك بسەلمێنێ کەبریتییە لەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستیەکانی بۆ دۆزینەوەی چارەسەری ئاشتیانەی ناکۆییەکان زیاتر دەبێ بۆ بۆخۆلادان لەو کارەساتانەی کەلەجەنگ دەکەونەوەو ناجێگیری لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا دروست دەبێ، رۆژ لەدوای رۆژ پشتگیری سەرەتای یەکلاکردنەوەی کێشەکان دەکرێ.

بڕگەو بەشەکانی داهاتووی ئەم توێژینەوەیەمان رادەی ئارەزووی وڵاتان دووپات و روون دەکەنەوەو بۆ جێگیرکردنی سەرەتای چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکان و دۆزینەوەی رێگای دۆستانەی جۆراوجۆر بۆیە کلاکردنەوەی ئەو ناکۆکییەیانەی لەنێوانیاندا سەرهەڵدەدا، بەبێ ئەوەی پەنا بۆ هێز ببرێت.

سەرەڕای ئەو هەموو ئارەزووو هەوڵانەش چ لەلایەن وڵاتانەوە یان لەلایەن رێکخراوە نێودەوڵەتیی و هەرێمییەکان درا، کەچی هێشتا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دوچاری هەڕەشەی بەرپابوونی جەنگ دەبێتەوە لەئەنجامی پەنابردن بۆ هێز لەجیاتی دۆزینەوەی چارەسەری ئاشتیانەی.

[8] لیڤین سەرەتای چارەسەری ئاشتیانە کێشە نێودەوڵەتییەکان مۆسکۆ 1977، ل26

کەواتە دەقی فەرمانەکانی کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان و بڕیارەکان و ئەو مادانەی کەرێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمی و جیهانییەکان لەبڕوانامەکانیاندا تۆماریان کردووە بەس نییە بۆ پەنابردنە بەرهێزو گرتنەبەری رێ"چارەی ئاشتیانە بۆ کێشە نێودەوڵەتییەکان، بەڵکو لەهاوکاری نێودەوڵەتیدا رۆڵی گرنگ دەگێڕن لەسوککردنی ئاستی گرژی بەرێگەی ئەو کەش و بارودۆخە گونجاوەی سازی دەکات.

بۆیەکلاکردنەوەی کێشەو ناکۆکیە نێودەوڵەتیەکان و دانانی رێگە چارەی گونجاو بۆی، وریزگرتنی وڵاتان لەو بەڵێن و پابەندیانەیان کەلەبڕوانامەو پەیماننەکان دەکەوێتەوە کەخۆیان لایەنێکن تێیدا.

1. بڕوانامەی کۆمەڵەی گەلان و چارەسەری ئاشتیانەی کێشە نێودەوڵەتیەکان:

دوای شەڕی جیهانی یەکەم کۆمەڵەی گەلان پێکهات، دوای ئەوەی مرۆڤایەتی دوچاری کارەسات و ماڵویرانی ناسۆرەکانی جەنگ بوو، لەوکاتەدا هەستی کرد کە پێویستی بەدۆزینەوەی رێکخراوێکی جیهانی هەیە کەهەول بدات بۆ خۆلادان لەدووبارە بونەوەی کارەساتی جەنگ و، هەوڵ بدات پەیوەندیەکانی نێودەوڵەتی لەسەر بنچینەیەکی نوێ کەپاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی مسۆگەر دەکات رێکبخاتەوەو کێشەو ناکۆکیە نێودەوڵەتیەکان بەرێگەی ئاشتیانە چارەسەربکاو بەکارهێنانی هیز قەدەغە بکات. لەپێشەکی بڕوانامەی کۆمەڵەی گەلان و دەقەکانی ئەوەی تێدا هاتووە کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستی بەپتەوکردنی هاوکاری یە لەسەرجەم بوارەکانداو پەنا نەباتەوە بۆ جەنگ. پێش ئەوەی کێشەکە بخرێتە روو بەرێگەی یەکلاکردنەوەی دادگایی یان بخرێتە بەردەستی ئەنجومەنی کۆمەڵەوە.

کۆمەڵەی گەلان لەبڕوانامەیەکدا سەرەتایەکی دارشت کەدواتر بووبە سەرەتایەکی گرنگی یاسای نێودەوڵەتی نوێ کەبریتیە لەسەرەتای چارەسەرکردنی کێشەکان بەرێگا چارەی ئاشتیانە، واتا کۆمەڵەی گەلان یەکەم رێکخراوی نێودەوڵەتی جیهانییە خاوەنی ئامانجی گشتی بێت، لەبڕوانامەکەیدا سەرەتای چارەسەری ئاشتیانەی کێشە نێودەوڵەتیەکان دارێژێت و ئاستێکی بۆ دابنێ و دوورکەوێتەوە لەجەنگ، هەروەها بڕوانامەکەی هەندێك رێوشوێنی ئاشتیانەی چارەسەرکردنی کێشە

www.pertwk.com

نێودەوڵەتیەکانی لەخۆگرتووە کەوڵاتان پەنای بۆببەن لەکاتی هەڵایسان یان ڕوودانی کێشەیەکی نێودەوڵەتیدا، ئەنجومەنی کۆمەڵە وەك یەکێك لەدامو دەزگا سەرەکیەکانی ئەوەبوو کەهاوکاری وڵاتانی کێشەداری دەکرد لەگرتنە بەری ڕێوشوێنی گونجاو بۆ گەیشتن بەرێکەوتنو پێشنیاری ڕێگەچارەی ئاشتییانەی بۆ کێشەکان دەکرد سەرەڕای ئەوەی کەلەبڕوانامەکەدا تایبەتمەندی هەیەك لەئەنجومەنو کۆمەڵە دیاری کراوە، بەڵام ئەو کاروبارانەی پەیوەندن بەیەکلاکردنەوەی ئاشتیانەی کێشە نێودەوڵەتیەکان دەچێتە ناو تایبەتمەندی هەردوولا, ئەنجومەنو کۆمەڵەی گشتی. مادەی دووی بڕوانامەی کۆمەڵەی گەلان دامو دەزگا سەرەکیەکانی دەستنیشان کردووە کەبریتین لە:- کۆمەڵەی گشتی_ ئەنجومەنی ئاسایش_ ئەمینداریێتی گشتی تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵەی گشتی هەروەك چۆن بڕوانامەی کۆمەڵەی گەلان دیاریکردووە، هەموو ئەو کاروبارانە دەگرێتەوە کە دەچێتە ناو بازنەی چالاکییەکانی کۆمەڵەی گەلانو پەیوەندن بەئاشتی جیهانییەوە.[9] یەکێك لەو تایبەتمەندیانە بریتییە لەیەکلاکردنەوەی ئاشتیانەی کێشە نێودەوڵەتیەکان کەئەوکاتەی وڵاتان پێوەی پابەندبن و پەنا نەبەن بۆ بەکارهێنانی هێز لەوکێشەو ناکۆکیانەی لەوانەیە لەنێوان ولاتاندا ڕوربدات، هۆکارێکی یاریدەدەر دەبن بۆ دابین کردنی ئاشتیو ئاسایش لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا.

بڕگەی چواری مادەی چواری بڕوانامەی کۆمەڵەی گەلان تایبەتمەندیەکانی ئەنجومەنی کۆمەڵەی دیاریکردووە، کەبریتین لەهەمان ئەو تایبەتمەندیانەی کە بڕوانامەکە بەکۆمەڵەی گشتی بەخشیوە. بەڵام ڕۆڵی ئەنجومەنو کۆمەڵەی گشتی لەچارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان وڵاتانی ئەندام بەرێگەی ئاشتیانە سنورداروەو کۆتی خراوەتە سەر، واتا کێشە نێودەوڵەتیەکانی کەئەنجومەن یان کۆمەڵەی گشتی تێیان دەڕوانێت بریتین لەوکێشانەی کەبەداوایەك لەلایەن یەکێك لەلایەنەکانی کێشەکەوە دەبێ.

[9] / بڕگەی سێ مادەی سێ لەبڕوانامەی کۆمەڵەی گەلان.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کەبڕوانامەی کۆمەڵەی گەلان ڕێگە نادات بەئەنجومەن یان کۆمەڵەی گشتی دەستپێشخەری بکەن بۆ تێروانینی کێشەیەکی نێودەوڵەتی لەکاتی ڕوودانیدا، بەبێ ئەوەی کەلایەنێکی کێشەکە داوای ئەوە بکات.

ئەنجومەنی کۆمکەڵەی گەلان بەوپێیەی یەکێکە لەسێ دەزگا سەرەکیەکەی کارەکانی خۆی بەباشی ئەنجام نەگەیاند وەك دەزگایەکی هەمیشەیی هەروەك چۆن ئێستا لەئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتوەکاندا هەمان شت دووبارە دەبێتەوە.

چونکە بڕگەی سێی مادەی چواری بروانامەکە بەدەق باس لەوەدەکات کە ئەنجومەن هەرکات بارودۆخ وای خواست کۆدەبێتەوە، بەشێوەیەك کەبەستنی کۆبونەوەکان ساڵی لەجارێك کەمتر نەبێ.

بەڵام بارودۆخی نێودەوڵەتیو تەنگەژەو کێشەکانی کەدواتر دروست بوون، وایان پێویست دەکرد کەئەنجومەن بەوەرزی دابنیشێ بۆ بەدواچوونیو دۆزینەوەو پێشنیارو چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نێودەوڵەتی کەدەخرایە بەردەستی. ساڵی 1923 بریارێك دەرچوو کەئەنجومەن بۆی هەیە چوار خول کۆبونەوەی ساڵانەی ئاسایی ببەستێو لەساڵی 1928دا کەم کرایەوە بۆ سێ خوولو بەومەرجەی ئەنجومەن بۆی هەبێ لەخولی نائاساییدا کۆبێتەوە.[10]

کۆمەڵەی گەلان هەندێك بڕگەو مادەی هێناوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتییەکان لەوانە دەقی مادەی دوانزەی بڕوانامەکە هاتووە لەسەر ئەوەی کەوڵاتانی ئەندامی کۆمەڵە دەبێ هەستن بەخستنەڕووی ئەو ناکۆکییانەی کەلەنێوانیادا دروست دەبێ, ودەبێتە هۆی بچڕانی پەیوەندییەکانیان، بۆ ناوبژیوانی یا بەرێگەی دادگا یەکلایی بکەنەوە یان بەلێکۆڵینەوە بەهۆی ئەنجومەنەوە،و ئەندامان بەڵێن دەدەن بەوە کە لەهەر بارێکدا بێت پەنانەبەنە بەر جەنگ پێش کۆتایی هاتنی سێ مانگ لەدەرچوونی بڕیاری ناوبژیوانی یان فرمانی دادگا یان ڕاپۆرتی ئەنجومەن.

[10] د. محەمەد ئەلمەجزوب، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل86

www.pertwk.com

واتا بەپێی دەقی مادەی رابردوو وڵاتان پابەند ناکرێن بەخستنەڕووی کێشەکانیان بۆ بەردەستی ناوبژیوانی یان دادگایان ئەنجومەن بۆ لێکۆڵینەوە، واتا ناوبژیوانی بەپێێ دەقی مادەی ناوبراو بەناوبژیوانییەکی ئارەزوومەندانە دادەنرێ.

بڕگەی دووی مادەی (دوانزەی) بڕوانامەی کۆمەڵەی گەلان ماوەی شەش مانگی داناوە بۆ دەرکردنی راپۆرتی ئەنجومەن کەلەمێژووی خستنە رووی کێشەکەوە دەست پێدەکات.

کەچی ماوەی دەستنیشان نەکردووە بۆ دەرچوونی بڕیاری ناوبژیوانی یان فەرمانی دادگا.

واتا مادەی دوانزە سەرەڕای ئەوەی جەنگو پەنابردنەبەر هێزی قەدەغەنەکردو بەشێوەیەکی لێبڕوانەوە نەچۆتە ناوکێشەکانەوە تەنیا دوای خستوون، بەڵام ئەوە لەوانەیە رێخۆشکەر بێت بۆ چارەسەری دۆستانەی کێشەکان لەوماوەیەی کەدیاریکردبوو هەر چەندەکورتیش بوو بەڵام یارمەتی دەرە بۆ چارەسەری کێشەکە.

تونکین باسی ئەو دەقەئاڵۆزانەی بڕوانامەکەی کۆمەڵەی گەلان دەکات کە تایبەتن بەیەکلاکردنەوەی کێشەکان بەوەی کە نەیانتوانیوە هەموو ئەو ناکۆکیانە لەخۆبگرن کەلەوانەیە لەنێوان وڵاتاندا رووبداتو هەموو رێو شوێنە نائاساییەکانی بەدوور نەگرتبوو بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان کەلەدوو توێی بڕوانامەکەدایە[11] بڕگەی یەکی مادەی سیانزەی بڕوانامەی کۆمەڵەی گەلان لەو کێشانە دەدوێ کەوڵاتانی ئەندامی کۆمەڵەی گەلان کەلایەنێکی کێشەکەنو بەڕێگەی دبلۆماسی بۆیان یەکلانەکرێتەوەو قایل دەبن کەکێشەکە بخەنە بەردەست دادگا نابژیوانی بڕگەی دووی مادەی سیانزە، ئەو کێشانەی کەدەکرێن بخرێتە روو لەبەردەست ناو بژیوانی یا دادگا، بەو ناکۆکییانەی دیاریکردووە کەپەیوەندن بەم کاروبارانەی خوارەوە:

1. شیکردنەوەی پەیماننامەیەك لەپەیماننامەکان.
2. هەر بابەتێك لەبابەتەکانی یاسای نێودەوڵەتی.

[11] تونکین هەمان سەرچاوەی پێشوو ل46

3ـ لێکۆڵینەوە لەڕووداوێك لەو رووداوانەی کەئەگەر دەرکەوت واتە پابەندبوونێکی نێودەوڵەتی بەزاندووە.

4. جۆری قەرەبوویەك کەلەسەر بەزاندنی پابەندبوونی نێودەوڵەتی دێتەکایەوەو رادەی قەرەبووکردنەکە.

لەدەقی مادەی سیانزەدا ئەوە روون دەکاتەوە کەئارەزووی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی گەلان بەرەو ناوبژیوانی چووەو بۆ پێکهێنانی دەستەیەکی دادگای نێودەوڵەتی. کەئەمەش لەمادەی چواردەدا هاتووەو دەڵێ: ئەنجومەنی کۆمەڵە رابسپێردرێ بەئامادەکردنی سیستمێکی دادگای نێودەوڵەتی. دوای رەزامەندی ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان کۆمەڵەی گشتی لە 13ی کانونی یەکەمی ساڵی 1920 بڕیاری لەسەر سیستمی بنچینەیی دادگا، دا کەدواتر ناونرا بەدادگای دادی هەمیشەیی نێودەوڵەتی کەبریتییە لەدەستەیەکی دادوەری بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە نێودەوڵەتییەکان.

لەدەقی مادەی چواردەدا روونکراوەتەوە کەدادگا دوو جۆر تایبەتمەندی هەیە، تایبەتمەندی دادوەری کەبریتییە لەروانین لەو داوایانەی وڵاتان بۆی بەرزدەکەنەوە، تایبەتمەندی راوێژکاری کەبریتییە لەدەرکردنی فتوا بۆ ئەنجومەنو کۆمەڵەی گشتی سەبارەت بەهەر بابەتێك کەلەلایەن ئەوانەوە پێشنیاری دادگا دەکرێت.

مادەی پانزە لەبڕوانامەی گەلان هاتووە بۆ دیاریکردنی دەسەڵاتی ئەنجومەنیو کۆمەڵەی گشتی لەتێڕوانین بۆ کێشە نێودەوڵەتییەکان.

بڕگەی سێی مادەی پانزە بەدەق لەسەر رۆڵی ئەنجومەن دەدوێ، کەبریتییە لەهەوڵدانی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان، لەبارێکدا کەئەگەر ئەنجومەن نەیتوانی بگاتە چارەسەری گونجاو، بەو واتایەی بەیاننامەیەك بڵاودەکاتەوە کەراستیەکان لەخۆ بگرێ, ئەوشیکردنەوانەی پەیوەندن بەکێشەکەوەو مەرجەکانیو یەکلاکردنەوەی کەئەنجومەن بەدادوەرانەی دەبینێ.

مادەکە جیاوازی کردووە لەنێوان ئەو باردۆخەی کەئەندامانی ئەنجومەن بەڕەزامەندی لەسەر بڕیارێك دەری دەبڕن بەتێکڕای دەنگ یان بەکۆی دەنگ بەبێ

www.pertwk.com

لایەنەکانی کێشەکە، لەحاڵەتی یەکەمدا واتا بەتێکڕای دەنگ[12]، ئەندامانی کۆمەڵە پابەند دەبن بەپەنابردنە بەرجەنگ دژی ئەولایەنەی کەرەچاوی ئەنجامە وەدەستهاتووەکانی راپۆرتەکە دەکات، (راپۆرتی ئەنجومەن). بەڵام لەو حاڵەتەی کە رەزامەندی ئەندامانی ئەنجومەن بەزۆرینەی دەنگەکان دەبێت.13 ئەندامانی کۆمەڵەی گەلان ئەو مافە بۆ خۆیان دەهێڵنەوە بۆ ئەنجامدانی هەرکردارێك کەبەپێویستی بزانن بۆ پارێزگاریکردن لەماف و دادوەریی.

واتا مادەی /15/ چەندین ئامرازی لەخۆگرتووە بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشە نێودەوڵەتییەکان، لەبارێکدا ئەگەر ئەو وڵاتانە سەرکەوتونەبوون دەتوانن پەنا بۆجەنگ بەرن بەبێ ئەوەی بەسەرپێچی بۆی هەژمار بکرێت.

لەراستیدا بڕوانامەی کۆمەڵەی گەلان ئەندامانی ناچار نەکردووە کەهەموو کێشەکانیان ملکەچی دادگا یان ناوبژیوانی بکەن، وکۆمەڵەی گەلان نەشی توانیوە کەجەنگی تۆڵە سەندنەوە دوور بخاتەوە لەپەیوەندیەکانی نێوان وڵاتانی ئەندامدا تەنها لەهەندێ باری سنورداردا نەبێت، بەڵکو پیادەکردنی هەندێك رێوشوێنی ئابووری و سەربازی دەگرێتە بەر هەروەك چۆن لەمادەی/16/ داهاتووە، وەك سزایەك دژی ئەو ئەندامەی کەپابەندبوونی خۆی پشتگوی دەخاو پەنا دەباتە بەر جەنگ دژی ئەندامێکی تری کۆمەڵە.14

ئەو سزایانەی کەدەکەونە سەر وڵاتانی دەست درێژیکاربەپێی مادەی /16/ی بڕوانامەی کۆمەڵەی گەلان ئەمانەن:-

1. سزای ئابووری: بریتیە لە بڕینی پەیوەندی ئابووری و دارایی لەنێوان وڵاتانی ئەندامی کۆمەڵەو ئەو وڵاتانەی سەرپێچی فەرمانەکانی بروانامەکەی کردووە.

2. سزای سەربازی: بریتیە لەپێکهێنانی هێزی چەکداری پێویست بۆناچارکردنی وڵاتانی سەرپێچیکار بۆ رێزگرتنی پەیمانەکانی، ورێگەدان بەهێزەکانی کۆمەڵە بۆ جێبەجیکردنی سزا سەربازیەکان ئەوەش بەڕێپێدانی ئەنجومەن ئەنجام دەدرێ.

12 مادەی/6/15 لەبڕوانامەی کۆمەڵەی گەلان.

13 مادەی /7/15 لەبڕوانامەی کۆمەڵەی گەلان.

14 کیلسن، ئاشتی لەرێگای یاساوە، 1944 ل54

3. سزای دەرکردن[15]، بریتیە لەمافی سزادان بەدەرکردن لەئەنجومەن لەبارێکدا کەوڵاتێك لەئەرك و پابەندبونەکانی لابدات، بڕوانامەی کۆمەڵەی گەلان ئەنجومەنی پابەند کردوە بەوەی لەکاتی دەرکردنی سزای لەوجۆرە دەبێت بڕیارەکە بەتێکڕای دەنگە دەربکات (بێجگە لەدەنگی وڵاتی لادەر). لاوازی سزاو مادەکان بروانامەی کۆمەڵەی گەلان کەبەیەکەیەکی تەواوی کار دادەنرێن بەتایبەتی لەوەی کەپەیوەندی بەیەکلاکردنەوەی ئاشتیانەی کێشەکانی نێودەوڵەتی و چەمکی رەوایەتی جەنگ و دوژمنکاری و بەگەرخستنی هێزەوە هەیە/ لەوهۆکارانەبوون کەبوونە هۆی لاوازی کاریگەریەکی کۆمەڵەی گەلان بەسەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە.

ستیڤانونا برگەو مادەکانی کەپەیوەندن بەکێشە نێودەوڵەتیەکانەوەو چۆنیەتی چارەسەرکردنیان لەبروانامەی کۆمەڵەداو ئەو پێشنیارانەی لەبواری چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکانی نێودەوڵەتی‌دا کردویەتی بەم دەستەواژەیە وەسفی دەکات"ئەو فەرمانانەی ئاماژەی بۆکرا بنچینەیەکی یاسایی پێك دەهێنێ بۆ دیاری کردنی پابەندبونەکانی وڵاتان لەچارەسەرکردنی ئەو کێشانە بەرێگەی ئاشتیانە بەڵام کۆمەڵەی گەلان ئەو کێشە بنەرەتیەی چارەسەر نەکرد کەپەیوەندە بەپاراستنی پەیوەندیەکانی ئاشتیانەی نێوان وڵاتانەوەو جەنگی دوورنەخستەوە لەبازنەی کردارە رەواکانی ناو پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان دا"[16]

ئەو چارەسەرانەی کەبڕوانامەی کۆمەڵەی گەلان هێناویەتی پەیوەندن بەیەکلاکردنەوەی ئاشتیانەی کێشەو ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان، بەپلە یەکی کۆتایی نەبوون کەلاوازی فەرمانەکانیشی هاوشانبوو لەکاریگەرێتی کۆمەڵەی گەلانیان کەمکردەوە. کەموکوڕ تریش هەن لەوانە خۆلادانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ هاتنە ناو کۆمەڵەی گەلان و هاتنی یەکێتی سۆڤیەت بۆ نا کۆمەڵە ساڵی 1934 دەرکردنی ساڵی 1939دا کشانەوەی وڵاتان لەکۆمەڵە بووە هۆیەکی تری کەمکردنەوەی کاریگەرێتیەکەی، بنەمای کۆی دەنگەکان بۆ دەرکردنی ئەو بڕیارانەی لەکاروبارە گرنگەکاندا دەردێن، نەبوونی دامودەزگایەکی کەتوانای هەبێ ئاشتی

15 مادەی 4/16/ لەبڕوانامەی کۆمەڵەی گەلان

16 سلاڤا ستیڤانونا، ئاسایشی ئەوروپا، صوفیا 1980 ل 58

www.pertwk.com

بەکۆمەڵ بەدی بهێنێ جگە لەوەش جەنگی قەدەغەنەکرد بەشێوەیەکی بنەڕەتی ڕەوایەتی پێنەدانی لەباریکدا کەکێشەکە بەرێگەچارەی ئاشتیانە سەری نەگرت، دەرنەچوونی بڕیارەکانی ئەنجومەن بەتێکڕای دەنگ، بەڵکو ئەوانەی کەبڕوانامەی کۆمەڵەی گەلان هێنا بوونی بریتیبوون لەدواخستنی جەنگ بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کەدام و دەزگاکانی کۆمەڵە لەو ماوەیەدا بتوانن نەهێڵن جەنگ رووبدات وهەندێ کۆت بخەنە سەر پەنابردنە بەر هێز لەچارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان وڵاتاندا.

لەماوەی کارکردنی کۆمەڵەی گەلان و ئەو تەنگەژانەی روویانداو لەگەڵ چالاکییەکانیدا هاتن و زاڵنەبوون بەسەریانداو چارەسەرنەکردنی هەندێ کێشەی نێودەوڵەتی گرنگ وکەموکورتییەکانی ناو رێکخراوەکە، ئەو فاکتەرانە هانی چەندین دەوڵەتیاندا هەوڵدەن بۆ دۆزینەوەی شێوازو رێکەوتننامە بۆ دەربازبوون لەم و کەم و کوڕیانەی لەبڕوانامەکدا هەیەو پابەندکردنی وڵاتان بۆ خستنەڕووی کێشەکانیان بۆ بەردەست و ناو بژیوانیو دۆزینەوەی رێگە چارەی دۆستانەی تر وەك لێکۆڵینەوە پێکهاتن.

لەسەردەمی کۆمەڵەی گەلان لەچوارچێوەی ئەویشداو لەلایەن وڵاتانی ئەندامەوە چەندین هەوڵ دراون وەك پروتۆکۆلی جنێڤی ساڵی 1924 بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە نێودەوڵەتییەکان بەئاشتی،و پەنانەبردن بۆ جەنگ،و رێکەوتنامەی لۆکارنۆ ساڵی 1925 بۆ پاڵپشتی هاوبەش یارمەتی هاوبەش و ناوبژیوانیو رەوانەکردنی ئەو کێشانەی کەناتوانرێ بەرێگەی دبلۆماسی یەکلابکرێنەوە، بۆ ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان، هەیە بڕیاری کۆمەڵەی گەلان بەچەك داماڵێن و ئاسایش ساڵی 1925، راگەیاندنی تایبەت بەجەنگی دوژمنکاری ساڵی 1927و بڕوانامەی پاریس/ بریان کیلوج/ی ساڵی 1928 بۆ قەدەغەکردنی جەنگەکان بەو شێوەیەی تاوانێکی نێودەوڵەتییەو یەکلاکردنەوەی ناکۆکیی و کێشە نێودەوڵەتییەکان پیادە بکات. بڕوانامەی جنێڤی ساڵێ 1928 پەیوەند بەیەکلاکردنەوەی کێشە نێودەوڵەتییەکانی بەرێگاچارەی (دۆستانە پێکهاتن، دادگا، ناوبژیوانی)، کۆنگرەی لەندەنی دەریایی

ساڵی 1930 بۆ دیاریکردنی بارهەڵگرتنی کەشتیتە جەنگییەکان، کۆنگرەی چەك داماڵینی ساڵی 1932 کە بەسنووردارکردنی خۆ پڕچەکردن کۆتایی هات[17].

سەرکەوتن یان سەرنەکەوتن یان لاوازی هەرەکارێکی بەکۆمەڵ بەندە لەسەر رادەی ئامادەباشی وڵاتەبەشداربووەکەو بەکردەوە هاوکاریکردنی دەوەستێتەوە لەسەر بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی کەرێکخراوەکەیان لە پێناودا دامەزراندووە، لەکاتێکدا ئەگەر سووربوون و نیەت هەبوون لەسەر سەرکەوتنی کردارو چالاکیی و وەدیهێنانی ئامانجەکانی ر ێکخراوەکە ئەوسا لەتوانادا دەبێت کەهەموو بەربەستێك ببرێت کەدێتە سەر رێیو، هەنگاو بەسەر سەرجەم ئەو کەموکوڕیانەدا بنێ کەلەبڕوانامەکەیدا هەیە.

سەرنەکەوتنی کۆمەڵەی گەلان و پابەند نەبوونی بەناوەڕۆکی رێکەوتنامە نێودەوڵەتییە گرنگەکانی تریشەوە لەوەدانەبوو کەهەموو وڵاتانی بەشدار ئارەزوویان نەبێ کەسەرکەون بەسەر بەربەستەکاندا بەڵکو بەهۆی هەوڵەکانی هەندێ لەوڵاتانی ئیمپریالیستەوە بوو کەدەیانویست دەسەڵاتیان بەسەر رێکخراوەکەدا بسەپێنن و ئەوحوکمانە جێگیر بکەن کەبروبیانوو زاڵبوون پیادەکردنیان دەداتێ هەروەك چۆن رووی‌دا بۆ نموونە نەك پاوانکردن لەجێگیرکردنی مادەی/22/ی بڕوانامەی کۆمەڵە کەپەیوەندە بەئینتدابەوەو، پۆلێنکردنی وڵاتانی کەلەژێر ئاگری کۆلۆنیالیستدا بووە بۆ سێ پلە بەئامانجی بەشبەش کردن و زاڵبوون بەسەریاندا، هەوڵدانیان بۆ دەرکردنی ئەو بڕیارانەی کەلەخزمەتی سیاسەتە فراوانخوازیەکەیاندا دەبێت.

ئەوەی بەسەر کۆمەڵەی گەلان و چەندین رێکەوتننامەی نێودەوڵەتیدا هات، لەوانەیە لەنەتەوە یەکگرتووەکان و چەندین رێکخراوی نێو دەوڵەتی هەرێمی و جیهانیش رووبدات.

لێرەدا نموونەی نوێی زۆرمان هەیە لەسەر ئەو هەوڵانە کەلەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کەجارێك بەهەڕەشەی کشانەوە لەرێکخراوەکەو، جارێکی‌دی بەراگرتنی پشتگیری دارایی و چەندین جاریش بەبەکارهێنانی ڤیتۆ.

[17] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە د.عەلی سادق ئەبو لهیف، هەمان سەرچاوەی پێشوو" د.فوئاد شوبات هەمان سەرچاوەی پێشووی ل49" سلاڤا ستیڤانوڤا سەرچاوەی پێشوویل58، د. سەموحی فەوق ئەلعادە هەمان سەچاوەی پێشووی ل 835-867

www.pertwk.com

نموونەی ئەم جۆرە هەڕەشەو هەوڵانە گیانی هاوکاری لەنێوان وڵاتاندا لاوازدەکەن‌و جیاوازیشیان زۆرتر بەرەو فراوانبوونەوە دەچێت، یەکسانی نێوان وڵاتانی گەورەو بچووك هەڵدەوەشێنێتەوە.

ئەو هەوڵانەو چەندین هەوڵی دیش کە وڵاتانی ئیمپریالیستی لەجیهاندا کار بۆ بڵاوکردنەوی دەکەن بریتین لەدروستکردنی خاڵی گرژی کەتەنیا بەئامانجی دەرخستنی هێزە پاڵپشتەکانیەتی بۆ سەپاندنی دەسەڵات‌و زاڵبوون‌و دەسبەسەراگرتنی چارەنووسی گەلان‌و هەوڵی پارچەپارچەکردنی سەر لەنوێی جیهانە.

سەرەڕای لاوازی کۆمەڵەو کۆتای هاتنی‌و هەڵنەستانی بەو رۆڵەی کەنەخشەی بۆ کێشرابوو، بەڵام بەیەکەم رێکخراوی نێودەوڵەتی جیهانی دادەنرێت کەئامانجەکانی گشتی بووبێ‌و بەردەوام بوبێ لەچالاکییەکانی بەکردەوە هەر چەندە سنوورداریش بوو بەدرێژایی ماوەی نێوان هەردوو جەنگە جیهانییەکە،و توانیبتێ پایەی ئەو راستیە هەمیشەییە داکوتێ بەوەی کەکۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستی بەپاراستنی ئاشتی‌و ئاسایشی‌و جێگیریەو دەیەوێ لەگرژی‌و ئاڵۆزی دوورکەوێتەوە ئەوەش وادەخوازێ کەبەبەکارهێنانی هێز قەدەغەبکرێ‌و چارەسەری کێشەکانی نێودەوڵەتی بەئاشتی یەکلابکرێنەوە، لەو فاکتەرانەی کەئاسانکاری دەکات بۆ بەدیهاتن‌و گەیشتن بەو ئامانجە هێنانەکایەی رێکخراوێکی نێودەوڵەتییە کەلەرێگەیەوە وڵاتان هاوکاری بکەن‌و سزای توند بسەپێنن بەسەر هەر وڵاتێکدا کەئیرادەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێشێل دەکات‌و هەڕەشە لەئاشتی‌و جێگیری دەکاو بڕوانامەکانی سوکایەتی پێدەکات‌و کەرۆڵی گرنگ دەگێڕی لەپێشخستنی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتان جائەگەر لەرێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا بێت یان لەپەیماننامە دوو قۆڵی‌و بەکۆمەڵەکاندا بێت.

کۆمەڵەی گەلان لەچارەسەرکردنی هەندێ کێشەی نێودەوڵەتی گرنگداسەرنەکەوت، بەڵام لەچارەسەری هەندێکیاندا بەشداریکرد[18]، سەرەڕای

[18] ئەو کێشانەی کەچارەسەری کردن، کێشەی فینلەندا، سویدی بوو لەسەر دوورگەی ئەلاند ساڵی 1921، کێشەی ئەڵمانی پۆلەندی لەسەر سیلیزیای سەروو ساڵێ 1921، کێشەی

لاوازی دەسەڵاتەکانی‌و یەکێتی سۆڤیەت تاساڵی 1934 نەبوو بەئەندام لەناو کۆمەڵەدا وڵاتە یەکگرتووەکان هەر نەهاتە ناو رێکخراوەکەوە وەك گەورەترین دوو وڵات لەئەندامێتی‌و چالاکییەکانیدا، بەڵام کۆمەڵەی گەلان رۆڵی هەبوو لەگەیشتن بەو راستیەی کەبریتییە لەپێویستی بوونی رێکخراوەیەکی نێودەوڵەتی جیهانی بۆ پەرەپێدان‌و پێشخستنی هاوکاری نێودەوڵەتی‌و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان‌و بۆ دوورخستنەوەی جەنگ‌و کارە وێرانەکارییەکانی‌و لەپێناو چەسپاندنی ئاسایشی بەکۆمەڵ.

2ـ رۆڵی بڕوانامەی پاریس/ بریان کیلۆج-ی ساڵی 1928

بڕوانامەی پاریس (رێککەوتنی گشتی ریسواکردنی جەنگ) بەدەست پێشخەری فەڕەنساو وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بەسترا، لەلایەن 15 وڵاتەوە رێککەوتنەکە لەشاری پاریس لە 27/ئاب/1928 ئیمزاکراو، وڵاتانی دی بانگهێشتکران‌و هاتنە پاڵ

یۆنان‌و بولغاریا لەسەر رووداوی سنورو ساڵی 1925، کێشەی تورکیاو بەریتانیا لەسەر موسڵ ساڵی 1925، کێشەی نێوان کولۆمبیاو پیرۆ ساڵی 1935 و ئەو کێشانەی تێیدا سەرکەوتبوو نەبوو کێشەی ئیتاڵیاو یۆنان ساڵی 1923، کێشەی چین‌و یابان ساڵی 1931–1932، کێشەی ئیتالیاو حەبەشە ساڵێ 1935–1936 کێشەی ئەڵمانیاو پۆلەندا سەبارەت بە وینزج ساڵی 1939، تالانییەکانی ئەڵمانیاو هەلایسانی جەنگی جیهانیدووەم، بگەرێرەوە بۆ د.محەمەد عەبدولعەزیز محەمەد سەرحان، سەرچاوە گشتییەکانی رێکخراوی نێودەوڵەتی قاهیرە 1967/1968ل365" د.موفید شیهاب هەمان سەرچاوەی پێشووی ل65.

www.pertwk.com

ڕێککەوتننامەکە، ژمارەی ئەو وڵاتانەی هاتنە پاڵی گەشتە 63 وڵات لەو ماوەیەی کەکەوتبووە پێش جەنگی جیهانی دووەمەوە.[19]

بڕوانامەی پاریس ناودەبرێ بەبڕوانامەی (بریان کیلوج) بەناوی هەردوو وەزیری دەرەوەی فەڕەنساو وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا.

یەکێتی سۆڤیەت لەنێوان ئەو وڵاتانەدا بوو هاتنە پاڵ ڕێکەوتننامەکە، پێشتر بانگهێشتیان نەکردبوو، بۆ بەشداریکردن لەوگفتوگۆیانەی لە پێش مۆرکردنی ڕێکەوتنامەکە ئەنجامدرابوو، سەرەڕای ئەوەی دەست پێشخەریەکی (فەڕەنساو ئەمریکا) بەلای وتوێژی بەکۆمەڵ وەرچەرخابوو، ئامانجی هەردوو وڵاتی دەست پێشخەری ئەوە بوو کەبانگهێشتی روسیا نەکەن بۆ ئەو ڕێککەوتننامەیە بەتایبەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەبۆ وتوویێژو نەبۆ هاتنە پاڵ ڕێککەوتننامەکە وەك هەوڵدانێك بۆ کۆشەگیرکردن‌و کەمکردنەوەی کاریگەرێتی یەکێتیی سۆڤیەت کەبۆیان دەرکەوتبوو شوێن پێی خۆی کردۆتەوە بەدروستکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ چەندین وڵاتی دنیا لەسەر بنچینەو یاسایی بەدورو لەخۆسەپاندن‌و دەستوەردان لەکاروباری ناوخۆو داننان بەچارەسەری کێشەو ناکۆکییەکانی نێودەوڵەتی بەرێگەی ئاشتییانەو چەندین سەرەتای دی کەبوون بەسەرەتای گرنگی یاسایی نێودەوڵەتی نوێ.

بەپێێ مادەی دووی ڕێککەوتننامەی پاریس وڵاتانی ئیمزاکردووی ڕێککەوتننامەکە پابەند دەبن بەیەکلاکردنەوەی کێشەوناکۆکیەکانیان بەڕێگەی ئاشتی، کەدەقی مادەکە دەڵێ: (لایەنە بەشداردارەکان بڕیار دەدەن بەیەکلاکردنەوەیان چارەسەری هەموو کێشەو ناکۆکییەکانی کەلەنێوانیاندا پەیدا دەبێ جا ئەگەر سروشتی‌و سەرچاوەکەی هەر چۆنێك بێت، بەرەهایی بۆیان نییە جگە لە ڕێگەچارەی ئاشتییانە بەهیچ ڕێگەیەکی تر چارەی بکەن).

بەواتا بڕوانامەی پاریس بڕیاری لەناڕەوایەتی جەنگ داو، دەبێت هەموو کێشەو ناکۆکییەکان بەڕێگە چارەی ئاشتی یەکلابکرێنەوە، ئەگەر سروشتییەکانیان هەر

[19] ئۆبنهایم، هەمان سەرچاوەی پێشووی ل18" د. سەموحی فەوقە ئەلعادە، سەرچاوەی پێشووی ل831

چۆنێك بێت، بەڵام بڕیاری لەسەر دام‌و دەزگایەکەی جێبەجێکردنی نەدا کەدەسەڵاتدارو گونجاو بێ بۆ چەسپاندنی فەرمانەکانی‌و سزادانی وڵاتی سەرپێچیکار.

بڕوانامەی پاریس هەوڵی نەدا کە ئەوکەم‌وکوڕیەی لەکاتی پێکهێنانی کۆمەڵەی گەلاندا هاتبوون پڕ بکاتەوە بەدانانی پێناسەیەك بۆ چەمکی دوژمنکاری‌و دەست درێژیکار.

ستیڤانوڤا لەبواری هەڵسەنگاندنی بڕوانامەی پاریسدا دەنووسێ، بڕوانامەی پاریس چەند کەموکوڕییەکی هەیە کەبوونەتە هۆکارێك کەکاریگەری نەبێت، پێناسێکی بۆ چەمکی دوژمنکاری لەخۆنەگرتبوو، قەدەغەکردنی جەنگی نەبەستەوە بە کێشەی چەکداماڵینەوەو، مافی هەڵویست وەرگرتنی بەرامبەر بڕوانامەکە بەجێ هێشت بۆ وڵاتان کەئەمە لەناوەرۆکە بنەڕەتییەکەی بەتاڵی دەکاتەوە.

سەرەڕای ئەوانەش بڕوانامەی پاریس قۆناغێکی گرنگ پێکدەهێنێ لەتێکۆشان لەپێناو سەقامگیرکردنی چارەسەری ئاشتیانەی کێشە نێودەوڵەتییەکان!![20]

سەرەڕای ئەو کەلەبەرو کەم‌وکوڕیانەی بڕوانامەی پاریس، کەچی بەو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییە گرنگە دادەنرێ کەبنەمای چارەسەری ئاشتیانە بۆ کێشەی نێودەوڵەتییەکان چەسپاندو رۆڵی گرنگی گێڕا لەپێشخستن‌و یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێودەوڵەتی بەرێگەچارەی ئاشتی.

واتا ئەم ڕێکەوتنامەیە سەرزەنشتی پەنابردنی بۆ جەنگ کرد وەك ئامرازێك بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان یان وەك ئامرازێك بۆ وەدیهێنانی سیاسەتە نیشتمانییەکانیان لەپەیوەندییەکانیاندا، و پەنا بۆ جەنگ بردنی بەتاوانی نێودەوڵەتی دانا، واتا بەجەنگی دوژمنکاری هەژمارکرد، بەڵام جەنگی بەرگریکردنی لەخۆی قەدەغە نەکردو بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بەهەمان شێوە کاری کردووە.

[20] سلاڤا ستیڤانۆڤا هەمان سەرچاوەی پێشوو ل59

www.pertwk.com

دژ بەیـەکی دەقـەکانی بڕوانامـەی کۆمەڵـەی گـەلان و قەدەغەنـەکردنی جـەنگ، لەهەمانکاتدا بڕوانامەی پاریس سەرزەنشت و قەدەغەی جەنگی کرد، ئەمانە هۆکارێك بوون بۆ ئەو هەوڵانەی دەدران بۆ راستکردنەوەو هاموارکردنی بڕوانامەی کۆمەڵەی گەلان بەو شێوەیەی کەلەگەڵ بڕوانامەی پاریسدا رێك بێت، هەرچەندە ئەو هەوڵانە سـەرکەوتوو نـەبوون بـۆ راسـتکردنەوەو هـاموارکردن بـەڵام ئەوانـە بەڵگـەن لەسـەر ئـارەزووی وڵاتـان و پێویسـتەکانیان کەلەپێناویـدا تێدەکۆشـان کەبریتییـە لەریسـوا کردنی جەنگ و گەیشتن بەچارەسەری ئاشتییانە لەو کاتەی کەناکۆکی یان کێشـەیەك لەنێوانیانـدا روودەدات و پارێزگـاری لەئاشـتی و ئاسایشـی نێودەوڵـەتی بکـەن، واتـا هەستکردنی وڵاتانی جیهان بەرەو هاوکاری و هەوڵدان ئاراستەی دەکرا بۆ دووبارە نەبوونەوەی ئاگری جەنگی جیهانی یەکەم و ئەو ماڵوێرانییەی کەبەجێی هێشت.

ژمارەی ئەو وڵاتانەی کەرێککەوتننامەی پاریس (بریان کلیۆج)یان مۆرکردو هاتنە پاڵی زیاتر لەژمارەی ئەندامانی کۆمەڵەی گەلان پێش پاشەکشەکردنیش لێی، ئەمەش ئـەوە دەگەیـەنێ کەئـەو وڵاتانـەی بڕیاریـان لەسـەر نـاوەڕۆکی بڕوانامـەی پـاریس دا، بـەڵێنیان داوە کەپـەنا بـۆ جـەنگ نەبـەن و سەرزەنشـتی بکـەن و، بڕیاریـان داو بەیەکلاکردنـەوەی کێشـە نێودەوڵەتییـەکانیان بەڕێگەچارەی ئاشـتی، وایـان دەبینـی کەهەنـدێ دەقـی مادەکـانی بڕوانامـەی کۆمەڵـەی گـەلان بەرژەوەندییـەکانیان وەدی ناهێنێ و ناتوانێ ئاستێك بۆ وێرانکاری جەنگ دابنێ.

لەسـەر ئـەو بنچینەیەی کەکۆمەڵـەی گـەلان رێکخراوێکـی نێودەوڵـەتیی جیهانییـە بەڵام رێککەوتننامەی پاریس تەنیا رێککەوتننامەیە کەلەچوارچێوەی ئەودا بەستراوە بەوپێیـە زۆر پێویسـتبوو کەبڕوانامـەی کۆمەڵـەی گـەلان هـاموار بکرێـت بەشـێوەیەك کەلەگەڵ دەقەکانی بڕوانامەی پاریسدا کۆك بێت.

بەڵام هەموو ئەو هەوڵانەی کەوڵاتان بۆی تێدەکۆشان بۆ هاموارکردنی بڕوانامـەی کۆمەڵەی گەلان سەرکەوتوو نەبوو، کەئەمەش یەکێك بوو لەو کەلەبەرانەی کەهاوشانی کۆمەڵەی گەلان هاتن و تووشی بەستەڵەکیان کرد کەنەیدەتوانی بەسەریاندا تێپـەڕێ و سـەرەڕای ئـەو هەوڵانـە، دووبـارە دەگەرێێنـەوەو ئـەوە دووپـات دەکەینـەوە کەهەنـدێ

وڵات رۆڵیـان لـەوەدا هـەبوو کەدەسـتی درێـژیان بەسـەر کۆمەڵـەو چـالاکییەکانیدا دەرۆیشت.

*** *** ***

بەشی سآیەم

یەکلاکردنەوەی کێشە نێودەوڵەتیەکان
بە پێی بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان

www.pertwk.com

هاوکات لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەدایك بوو، دانەرانی بڕوانامەکەی بەپەرۆشبوون لەسەر چڕکردنەوەو گرنگی دان بەهاوکاری نێودەوڵەتی، چونکە تاکە ڕێگەیە بۆ چارەسەری گیروگرفتە نێودەوڵەتیەکان و ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەستەبەر دەکات، بەسودبینین لەتاقیکردنەوەی کۆمەڵەی گەلان و ئەو ڕێکەوتنامانەی کەدەبەستران بەر لەپێکهێنانی و دواتریش، کەهەندێك لەوڕێکەوتنامانە بەراشکاوی دەقیان لەسەرهاتووە وبڕیار لەسەر قەدەغەکردنی جەنگ و پەنابردن بۆ هێز وەك ئامرازێك بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە نێودەوڵەتیەکان، لەوانە ڕێکەوتنامەکانی پاریس. وبۆخۆلادان لەو کەموکوڕیانەی کەلەبڕوانامەی کۆمەڵەی گەلان و ڕێکەوتنامەکانی تریشدا دەرکەوتبوون بەر لەهەمویان لەڕێکەوتنامەکانی لاهای ساڵانی 1899–1907 .

لەبڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بایەخێکی تایبەت درا یەکلاکردنەوەی ئاشتیانەی کێشەو ناکۆکیە نێو دەوڵەتیەکان، کەهەڕەشە لەئاسایشی نێودەوڵەتی دەکات، ئەو بایەخە بەدووپاتکردنەوەو جەختکردن لەسەر یەکلاکردنەوەی ئاشتیانەو بەگەڕنەخستنی هێز لەپەیوەندیەکانی نێودەوڵەتی‌داو چەندین سەرەتای تریش کەلەزیاتر لەبەشێکدا لەبەشەکانی بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا هاتووە دەردەکەوێ، ولەپێشەکی بڕوانامەکەدا دەڵێ:

"ئێمەی گەلانی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕزگارکردنی نەوەکانی داهاتوومان خستۆتە ئەستۆی خۆمان لەوێرانکاری جەنگ..... با ئەوبارودۆخە بڕەخسێنین کەلەسایەیدا دادوەری دێتەدی و ڕێز لەو پابەندبوونانە بگیرێ کەپەیماننامەو سەرچاوەکانی تری یاسای نێودەوڵەتی دەیهێنێتە کایەوە ......لەپێناو ئەو مەبەستەدا بڕیارمانداوە بەخۆماندا بچینەوەو لێبوردنمان هەبێت و بەیەکەوە بەئاشتی و تەبایی و دراوسێییەتی باش بژین، لەوپێناوە تواناکانمان یەکخەین جێ بەجێ کردنی بنەما نەتەوەیەکگرتوەکان لەئەستۆ بگرین نەخشەی ئەو پلانە پێویستانە دابنێین و نابی هێز بخەینە گەڕ تەنیا لەبەرژەوەندی هاوبەشدا نەبێ".

لەپێشەکی بڕوانامەکەدا روون دەبێتەوە کەپاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لەبابەتە هەرە گرنگەکانی دانەرانی بڕوانامەکەو دامەزرێنەرانی

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بووە هەستکردنیان بەوەی، کەدەبێ ئاشتی بچەسپی لەکۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا کەدەخوازێ و وابەستەیە بەڕێگری کردن لەبەگەڕخستنی هێزو توندو تیژی لەپەیوەندیەکانی نێودەوڵەتیداو کێشەو ناکۆکیەکان بەڕێگەچاری ئاشتیانە یەکلابکەنەوەو وابەستەبن و ڕێزی یاسای نێودەوڵەتی بگرن ڕێ و شوێنی بەکۆمەڵ بگرنەبەر، واتاکار بەسەرەتای ئاسایشی تێکڕایی بکەن.

د. حەسەن ئەلچەلەبی باس لەپەیوەندی هەردوو سەرەتای یەکلاکردنەوەی ئاشتیانەی کێشەکان و بەگەڕنەخستنی هێز دەکات، واتاقەدەغەکردنی جەنگ، بەم شێوەیەی خوارەوە "پەیوەندی نێوان سەرەتای دوورخستنەوەی جەنگ و پاراستنی ئاشتی نێودەوڵەتی هێندە بەهێزو توندوتۆڵە چوونەتە ناو قولایی یەکترەوە بەشێوەیەك وایان لێهاتووە کەیەکێتی‌یەکی تێکهەڵکێش و هەمەلایەن پێك دەهێنن.

ئەو یەکانگیریە لەناوەڕۆکدا کارێکی سروشتی‌یە، کەوابوو ناکرێ چاوەڕوانی دروستبوونی ئاشکرا بکرێت لەکۆمەڵگا جیاجیاکاندا بەبێ دەستەبەرکردنی چارەسەری ئەو ناکۆکیانەی کە دێتە ئاراوە بەشێوەیەك توندوتیژی دووربخاتەوەو پشت بەشێوازی دۆستانە ببەستێ.

لێرەوە ئەو هەوڵانەی کەبۆ ڕی[illegible]ستنی چارەسەری ئاشتیانەی کێشە نێودەوڵەتیەکان دەدران بەشێك بوون لەوبزوتنەوە جیاجیایانە کەلەپێناو وەدیهێنانی ئاشتی نێودەوڵەتی‌دا سەریان هەڵدا"[1]

گرنگی ئەو دوو سەرەتایەش لەوەدا دەردەکەوێ، کەلەناو بڕوانامەکاندا بایەخێکی زۆری پێدرابوو مادەکانی بەشی شەشەم کەلە مادە(33–39)یە تەرخانکراوە بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشە نێودەوڵەتیەکان و مادەکانی بەشی حەوتەم کە(39–51)ی بۆ تەرخان کراوە بۆ ڕێ وشوێن و ئەو کردەوانەی کەدەیگرێتەبەر بۆ ئەو بارانەیە کەهەڕەشە لەئاشتی دەکرێ یان دەبەزێندرێ و کاری دوژمنکارانە روو دەدات.

[1] د. حەسەن ئەلچەلەبی، هەمان سەرچاوەی پێشوو

www.pertwk.com

ئەوەی لەپێشەکیەکەدا هاتبوو لەچەندین بڕگەو مادەدا دووپاتکراوەتەوەو سەلمێنراوە، لەوانە ئەوەی بڕگەی یەکی مادەی یەك هێناویەتی و دەڵێ لەمەبەستەکانی ئەم رێکخراوە بریتیە لە" پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی بۆ بەدیهێنانی ئەم مەرامە، دەستەی نەتەوەیەکگرتووەکان رێ و شوێنی هاوبەش و کاریگەر دەگرێتەبەر بۆ رێگرتن و لادانی ئەو هۆکارانەی کەهەڕەشە لەئاشتی دەکەن و، بۆسەرکوتکردنی کردارە دوژمنکارەییەکان و چەندین شێوازی تر کەئاشتی دەشێوێنن ئەو ئامرازانە دەکاتە بەڵگەی خۆی بەپێی دادوەری و یاسا نێودەوڵەتیەکان هاتوون بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشە نێودەوڵەتییەکان یان ئەو هەڵوێستانەی کەدەبنە هۆی تێکدانی ئاشتی."

بڕگەی ناوبراوە ئەوی سەلماندەوە کەدەبێ پەنا بۆ رێگەچارەی ئاشتی و چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتیەکان ببری بەو پێیەی کەیەکێکە لەو ئامرازانەی دەقی لەسەرهاتووە. بەپابەندبوون بەرێگەچارەی ئاشتیانەی چارەسەری کێشەو ناکۆکیەکان واتا پەنا نەبردنە بۆ جەنگ بەکار نەهێنانی هێزە لەپەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا کەلەئەنجامدا ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دێتە دی کەئامانجی نەتەوەیەکگرتووەکانە،ئەویش لەو ئەنجامانەیە کەگرنگی بێهاوتای پێداوە.

بروانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان رێگەی بەئەنجومەنی ئاسایش داوە کەلەدوو باردا بێتە ناوەوەو دەست لەکاروبارەکان وەربدات بۆ دەستەبەرکردن وپارێزگاری لەئاسایش کە ئەمانەن:-

1- دوای روودانی کردارە دوژمنکاری یەکان.

2- پێش دەستپێکردن، لەبارێکدا بەڵگەو نیشانەکان ئەوە دەربخەن کەئەو بارودۆخە دەبێتە هۆی هەرەشەکردن لە ئاشتی.

بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان کەرێگەی داوە بەئەنجومەن بێتە ناوەوە لەحاڵەتی دووەمدا جیاوازە لەبڕوانامەی کۆمەڵەی گەلان کەمافی چونە ناوکێشەکانی دابوو بەکۆمەڵەی گشتی و ئەنجومەن، ئەوەش بەتەنیا لەحاڵەتی یەکەمدا، واتا دوای روودانی دوژمنکاری و، دوای داواکاری یەکێك لەلایەنی کێشەکە.

سەقامگیرکردنی دەقێکی لەوجۆرە ئەوە دەگەیەنێ کەئەو کەموکوریانەیان نەهێشت کەلەکاتی دروستبوونی کۆمەڵەی گەلاندا هەبوو، ئەمە لەلایەکەوەو لەلایەکی زیاتر پربایەخەوە ئەوەیە هەستکردن بەو پێویستییەبوو بۆ دابین کردنی بارودۆخ و بنچینەی دروست لەپەیوەندیەکانی نێوان وڵاتاندا کەتاکە رێگەیە بۆ مسۆگەرکردنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و، بەخشینی دەسەڵات و بەرپرسیاریەتی بۆ گرتنەبەری هەر رێ و شوێنێك یان هەر کردارێك لەکاتی هەستکردن بەبوونی هەربارێك یان هەڵوێستێك یا کێشەیەك کەلەوانەبێ هۆی هەرەشەکردن لەئاشتی بۆ لابردنی. مادەی دوو ئەو سەرەتایانەی دیاری کردووە کەچالاکیەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان دەیانگرێتەوە.

بڕگەی سێی بۆ یەکلاکردنەوەی ئاشتیانەی تەرخان کردوە کەدەقەکەی دەڵێ:"هەموو ئەندامان کێشە نێودەوڵەتیەکانیان ناهێڵن وبەڕێگەچارەی ئاشتی یەکلایی دەکەنەوە بەو شێوەیەی کەئاشتی و ئاسایشی و دادپەروەری نێودەوڵەتی دوچاری مەترسی نەکات".

بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان پێش پەیماننامەکانی نێودەوڵەتی نەکەوتووە لەجاڕدانی بانگەشەی وڵاتان بۆیەکلاکردنەوەی کێشە نێودەوڵەتیەکانیان بەرێگەچارەی ئاشتی. پەیماننامەی لاهای کەلەساڵی 1907 بەسترا بانگەشەی ئەوەی کردو، لایەنەکانی بەشدار تێیدا بەڵێنیان دا بەوەی کەهەرچی لەتوانایاندایە بیخەنەگەر بۆ نەهێشتنی کێشە نێودەوڵەتیەکان بەرێگە چارەی ئاشتی، وبانگەشەیەکی لەوشێوەیە لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە دەرکرا بۆ پەنانەبردن بۆ جەنگ تەنیا لەبارودۆخی دیاری کراودا نەبێت ، ولەبروانامەی پاریس دا بەدەق لەسەر ئەوە هاتووە کەلایەنە بەشداربوەکانی بەڵێن دەدەن کەهەرناکۆکیەك یان کێشەیەکی نێوانیان یەکلانەکەنەوە یان چارەسەر نەکەن تەنها بەرێگەی ئاشتی نەبێت، بەبی رەچاوکردنی سەرچاوەیان سروشتی ناکۆکی یاکێشەکە ئەگەر هەرچیەك بێت. بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەو کردەوانەی دیاری کرد کەوڵاتانی ئەندام لەسەریانە پابەندی بن بۆیەکلاکردنەوەی کێشەکانیان و رێگە بگرن لەبەکارهێنانی هێز یان هەڕەشەکردن بەبەکارهێنانی لەبواری پەیوەندیەکانی نێودەوڵەتیدا بەهەر

www.pertwk.com

شێوازێك كەنەگونجی لەگەڵ مەستو سەرەتاكانی نەتەوە یەكگرتووەكان، هەموو هاوكاریەكی نەتەوەیەكگرتووەكان بكەن بۆ وەدیهێنانی ئامانجەكانیو پابەندی دەقەكانی بنو بەمەرامێكی پاكەوە ئەو پابەندیانە جێبەجی بكەن كەلەئەستۆیانە ، مادەی/ 33/ لەبەشی شەشەم لەبروانامەكە ئاماژە بۆ ئەو ئامرازە ئاشتیيانە دەكات كەچارەسەری كێشە نێودەوڵەتییەكانی پێدەكری كەبریتین لە:–

دانوستان، لیكۆڵینەوە، ناوبژیكردن، پێكهاتن، ناوبژیوانی، یەكلاكردنەوەی دادگەری، پەنابردن بۆ بریكارو رێكخراوە هەرێمیەكانو چەندانی تر لەو ئامرازە ئاشتیانە.

وڵاتانی ئەندام مافی خۆیانە كەپەنا بەرن بۆ یەكێ لەو ئامرازە دیاریكراوانە بەرن لەومادەی سەرەوەدا یان هەر رێگەیەكی تر دەستنیشان دەكەن هەڵدەبژێرن. واتا بروانامەكە لەسەری پێویست كردوون كەئەو چارەسەرەی بەگونجاوی دەزانن دیاریبكەن بۆ كێشەكانیان كەبەهۆیەوە ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی دەكەوێتە مەترسییەوە وپێویستە هەوڵەكانیان بۆ چارەسەری تەرخان بكەن، وخۆ ئەگەر سەركەتوو نەبوون لەچارەسەری ئاشتیانەیان بۆ دەستەبەر نەكرا وەك ئاماژەمـــان بۆ

كردووە، پێویستە كێشەكەیان رووبەڕووی ئەنجومەنی ئاسایش بكەنەوە(مادە1/37). بەڵام ئەو ڕۆڵەی بروانامەی نەتەوەیەكگرتووەكان بەخشیویەتی بەرێكخراوە هەرێمیەكان بۆ یەكلاكردنەوەی كێشە نێودەوڵەتیەكان بەئاشتی یەكانگیر لەگەڵ دانپێدانانی بڕوانامەی نەتەوەیەكگرتووەكان بەڕۆڵی گرنگی ئەو رێكخراوانە بۆ پاراستنی ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی چونكە ئامانجو سەرەتاكانی ئەو رێكخراوانە هاوتایە لەگەڵ ئامانجو سەرەتاكانی نەتەوەیەكگرتووەكاندا.

لەبڕگەی دووی مادەی/52/ " دەقی هێناوە ئەوەی لەسەر ئەندامانی پێویستە نەتەوەیەكگرتووەكان كەئەو رێكەوتنامانە دەبەستن یا ئەوكۆمەڵانە پێك دەهێنن هەرچی لەتوانایاندا هەیە كۆشش بكەن بۆ چارەسەری ئەو ناكۆكیە ناوچەییانە بەهۆی رێكەوتنامەكانەوە، بەشێوەی ئاشتی. یان بەهۆی ئەو كۆمەڵانەی ناومان بردن، پێش ئەوەی كێشەكە بخرێتە بەردەست ئەنجومەنی ئاسایشەوە."

برگەی سێ لەمادەی /52/ ئاماژە بەرۆڵی ئەنجومەنی ئاسایش دەكات بۆ هاندانی یەكلاكردنەوەی كێشە ناوچەیییەكان بەهۆی رێكەوتنامەكانەوەو یان بەهۆی رێكخراوە هەرێمیەكانەوە جائەگەر ئەوە لەسەر ئارەزووی وڵاتانی لایەنی كێشەكە بێت یان لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە كێشەكان ڕەوانە بكرێتەوە بۆ ئەو رێكخراوە ناوچەیییانە ئەنجومەنی ئاسایش بەرێگەی جۆراوجۆر دەچێتە ناوكێشەكانەوە بۆ چارەسەركردنیان، ئەوەش یان بەرێگەی بانگەشەی وڵاتانی خاوەن كێشە بۆ یەكلاكردنەوەی كێشەكانیان بەیەكێك لەورێگایانەی كەلەمادە/33/ داهاتووە، كەئەو رێگایانەی وەك نموونە ژمارە دوو نەك پاوانكردن، واتا لایەنە كێشەدارەكان دەتوانن پەنا بۆ هەر رێگە چارەیەك بەرن كە لەسەری كۆك بن، بڕوانامەی ئەنجومەنی ئاسایشی سەرپشك كردووە كەهەر كێشەیەك یان ناكۆكیەك بپشكنێ كەلەوانەیە ببێتە هۆی ناكۆكییەكی نێودەوڵەتی یان كێشەیەك بنێتەوە، بۆ ئەوەی ئەنجومەن بڕیاری لەسەر بدات كە بەردەوام بوونی ئەو كێشەیە بۆی هەیە ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی بخاتە مەترسییەوە، وئەنجومەنی ئاسایش بۆی هەیە راسپاردە بۆ وڵاتانی كێشەدار دەربكات بەوشێوەیەی بۆ چارەسەری كێشەكان كە لەرێگەچارەی ئاشتی بەگونجاوی دەبینێ، وبۆشی هەیە دەست بخاتە ناو كێشەكەوە ئەگەر هاتوو بەردەوام بوونی ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی خستە مەترسییەوە، و بۆشی هەیە ئەو كردەوانە بگرێتەبەر كەپاراستنی ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی دەستەبەر دەكات، لەبارێكدا ئەگەر وڵاتانی ناكۆك نەیان توانی بگەنە رێكەوتنێك بۆ چارەسەری كێشەكەیان بەئاشتی، ئەنجومەن بۆ چارەسەری ناكۆكیەكە لەسەر داوای یەكێك لەلایەنەكانیدێتە ناو كێشەكەوە.

لێرەدا بۆمان روون دەبێتەوە كەئەنجومەنی ئاسایش بەڕۆڵی كاریگەری هەڵدەستێ لـــەبواری یەكلاكردنـــەوەی كێشـــەو ناكۆكیـــە نێودەوڵەتیەكانـــدا بڕوانامـــەی

www.pertwk.com

نەتەوەیەکگرتووەکان جیاوازی لەنێوان کێشە نێودەوڵەتیەکاندا کردوە[2]، کێشە یاسایی‌یەکان لەتایبەتمەندی دادگای دادی نێودەوڵەتین، بەڵام کێشە سیاسیەکان لەبارێکدا کەوڵاتانی ناکۆك نەتوانن خۆیان بگەنە چارەسەری ئاشتیانەی ئەوە لەتایبەتمەندی ئەنجومەنی ئاسایشە.

بەڵام بڕگەی چواری مادەی/2/ ی بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان سەرەتای دەست درێژی نەکردنی سەقامگیر کرد کاتێ لەدەقەکەیدا دەڵی" وڵاتانی ئەندامی دەستەکە لەپەیوەندیەکانی نێودەوڵەتیاندا رێگە نادرێن هەرەشە بکەن بەبەکارهێنانی هێز یان بەگەرخستنی دژی سەلامەتی خاكو سەربەخۆیی سیاسی هەر ولاتێك یان بەهەر شێوەیەکی دی کەنەگونجێ لەگەڵ مەبەستەکانی نەتەوەیەکگرتووەکاندا". ئەو دەقەی کەلەسەرەوە هاتووە پێشکەوتنێکی گەورە پێکدەهێنی بۆ سەرەتای دەست درێژی نەکردن، خۆی لەکەمو کوڕیو لاوازییەکان لابدات کەلەبڕوانامەکانی پێشتردا هاتبوون.

بڕوانامەی کۆمەڵەی گەلان جەنگی قەدەغەنەکرد، هەرچەندە ئاستی بۆ وڵاتانی ئەندام دانا لەپەنابردن بۆ جەنگ بەدەق سزای داناوە دژی ئەو ئەندامانەی کەفەرمانەکانی‌دەبەزێنن‌و جەنگ بەرپا دەکەن، سەرەڕای ئەوەش بروانامەی کۆمەڵەی گەلان پێشکەوتنێکی باشی تۆمار کردووە سەبارەت بەهەردوو پەیمانامەی لاهای 1899–1907 کەلەراستیدا تەنیا جاڕدان بوون" بۆ پەنابردن بۆ هەوڵی دۆستانەو ناوبژی کردنی بەوڕادەیەی کەبارودۆخەکە بوار بدات، پێش پەنابردن بۆ هەڵگرتنی چەك دژی یەکتری".

بەڵام (بروانامەی پاریس)ی 1928 دەقی لەسەر قەدەغەکردنی جەنگی دوژمنکاری هێناوەو سەرزەنشتی جەنگی کردووە بۆ یەکلایکردنەوەی کێشە نێودەوڵەتیەکان‌و لایەنە پەیمان بەستووەکانی پابەند کرد بەرێگرتن لەبەگەرخستنی جەنگ وەك ئامرازێکی سیاسەتی نیشتمانی لەئاڵوگۆڕی پەیوەندیەکانیانداو، لەهەمان کاتیشدا لایەنەکانی پابەندکرد" بەنەهێشتنی کێشەکانیان بەڕێگەچارەی ئاشتییەوە".

بەگەڕانەوەمان بۆ دەقەکانی بروانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان تێبینی ئەکەین کەئەو پێشکەوتنەی هاتۆتە دی‌لەوەدایە کەبروانامەکە هەر جەنگی دوژمنکاری قەدەغەنەکردووە بەڵکو هەرەشەکردنیش بەبەکارهێنانی هێز یان بەگەرخستنی دژی سەلامەتی خاك یان سەربەخۆی سیاسی هەروڵاتێك قەدەغە دەکات، یان بەهەر روویەکی تر ئەو هەرەشەیە بکرێ کەلەگەڵ ئامانجەکانی نەتەوەیەکگرتووەکاندا بگونجێ، لەهەمانکاتدا بروانامەکە پابەندبوونی یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێودەوڵەتی تێدایە" بەرێگەچارەی ئاشتی بەوشێوەیەی کەئاشتی‌و ئاسایش‌و دادوەری نێودەوڵەتی دوچاری مەترسی نەکات."

بەپێی براوانامەکە هیچ ولاتێك ناتوانێ هێز بخاتەگەڕ دژی وڵاتێکی دی تەنها لەدووباردا نەبێت: بەرگری کردنی رەوای بەتەنیا یان بەکۆمەڵ دژی دەستدرێژی چەکداری، وئەو کردەوە بەکۆمەڵانەی بەبڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش دەگرێنەبەر بۆ رێگرتن لەهەر هەڕەشەیەك لەبەزاندنی ئاشتی‌و روودانی دوژمنکاری.(مادەی/25/).

بروانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان پێناسێکی تێدانی‌یە کەواتای "/ دوژمنکاری/" دیاری بکات. بیرۆکەی نەهێنانی پێناسەی دوژمنکاری لەبڕوانامەکەدا رەت کرایەوە بەبیانووی ئەوەی ناتوانرێ هەموو ئەو حاڵەتەی دوژمنکاری بەسەریدا دەچەسپێ لەدووتوێی پێناسەیەکدا چر بکرێتەوە، چونکە پاوانکردنی ئەو بارانە لەپێناسەیەکدا دەست درێژی کاران سودی لێ وەردەگرن کەلەوانەیە ئەو دوژمنکاریەی ئەنجامی دەدەن لە نێوان ئەو حاڵەتەدا نەبێ.

بەڵام ئەو رووداوانەی روویان دا دوای پێکهێنانی نەتەوەیەکگرتووەکان، بەهۆی نەبوونی پێناسەیەك بۆ دوژمنکاری کەلێنێکی ترسناکی بەدی دەکرد لە پەیوەندیەکانی نێودەوڵەتی‌داو لەیاسای نێودەوڵەتیشدا. لەدوای چەندین هەوڵدان لەناو نەتەوەیەکگرتووەکاندا توانیان بگەنە پێناسەیەك بۆ دوژمنکاری لەڕەشنووسێکدا کە "لیژنەیەکی تایبەت ی" سەر بەنەتەوەیەکگرتووەکان لەساڵی

[2] کێشە نێودەوڵەتیەکان دەبنە دووبەشەوە (ا) کێشە سیاسیەکان، بریتین لەوانەی کەدروست دەبن لەسەر داوای یەکێك لەلایەنی کێشەکە بۆ هاموارکردنی دەقێکی یاسایی کە ئێستا لەئارادایە.

(ب) کێشە یاسایی‌یەکان، بریتین لەو کێشانەی کەلایەنەکانی کێشەکە سەبارەت بەجی‌بەجێ‌کردنی یان شیکردنەوەی ئەحکامەکانی یاسای ئێستا لەئارادایە ناکۆکن.

1974 دا ئامادەیان کردو بڕیاری لەسەر درا، کەئەو بڕیارە دەستکەوتێکی گەورە بووکە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەدەستی هێنا.

ضةمكى دوذمنكارىء بةرطرى رةوا:

یاسای نێودەوڵەتی کۆن دانی بەڕەوایەتی جەنگو پەنابردن بۆ هێز دانابوو وەك ئامرازێك لەئامرازی یەکلاکردنەوەی دانپێدانراو بۆ نەهێشتنی کێشە نێودەوڵەتیەکان، بەوپێیەی دیمانەیەکی ڕەهای سەروەریە کە لەپێناو وڵاتاندا لەوماوەیەدا دانی پێدا نراوە ، بەوپێیەش وڵاتان بەبەردەوامی هەوڵی پێشخستنی توانا سەربازیەکانیان دەدا لەئامادەکردنی سەربازو پیشەسازی چەکدا، واتا گەشەپێدانی ئامێرو هونەرەکانی جەنگ، بەتێپەڕبوونی کات، وێرانکاریەکان زۆرتربوون لەئەنجامی ڕێگە بەخۆدانی وڵاتانی سەرکەوتوو بۆ کرداری توندوتیژی کەئەوەش پێچەوانەی سەرەتاکانی ڕەوشتو مرۆڤایەتی بوون، ئەمەلەلایەكو لەلایەکی تریشەوە ئەوەبوو هۆی ئەوەی کەوڵاتان گرنگی بدەن بەکۆتخستنە سەر وڵاتە بەشەر هاتووەکان بەهەندێ بنەما کەبەتێپەڕینی کات بووە بنەمای نەریت بۆ ڕێکخستنی جەنگو لەکاتی کردارە جەنگیەکاندا لەدواتریشدا پەیرەو دەکرا، بۆ کەم کردنەوەی کرداری توندوتیژی کەوڵاتان یان وڵاتی سەرکەوتوو پێی هەڵدەستا. سەرەرای پێك هێنانی کۆمەڵەی گەلان لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم دا، کەچی بروانامە جەنگی، بەکردارێکی ناڕەوا دانەنا، واتا کۆمەڵەی گەلان لێبراوانە جەنگی قەدەغەنەکرد، بەڵکو کۆتی خستە سەر ڕانەگەیاندنی جەنگ، تەنیا دوای ماوەیەکی دیاری کراو نەبێت کەتیایدا کۆمەڵە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکە دەدات.

بەڵام بڕوانامەی پاریس/ بریان کیلوج/ ی ساڵی 1928 بەڕاشکاوی دەقی لەسەر قەدەغەکردنی جەنگو پەنابردن بۆ هێز هێنا وەك ڕێگەچارەیەك بو بەیەکلاکردنەوەی ناکۆکیە نێودەوڵەتیەکان.

بەپێکهاتنی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، کەدانەرانی پێداگربوون لەسەر سوود لەتاقیکردنەوەکانی گەلان وەربگرن. ڕێکخەرانی بەرەوانە بوونی بەکارهێنانی هێزو توندو تیژییان، لەپەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان، چەسپاندو بەپێویستیانزانی

دەوڵەتانی ئەندام پابەندبنو هیچ کردەوەیەك لەوکردەوانەی توندوتیژیو هەرەشە کردن نەگرنەبەر. لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵایسانی جەنگی حەرام کردووە، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەتائێستا ولەزۆر شوێنو ناوچەو کیشوەرەکانی دنیادا دوچاری جەنگو توندوتیژی هاتوون کەبەهۆیەوە هەرەشە لەکۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی دێتە ئاراوە.

پێناسەی دوژمنکاری.

سەرەرای بەپەرۆشی دانەرانی بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ گرنگی هاوکاری چونکە تاکە ڕێگەی چارەسەری گیروگرفتەکانی نێودەوڵەتیە، ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی دەستەبەر دەکات. سودیان لەتاقیکردنەوەکانی کۆمەڵەی گەلانو ڕێکەوتنامەکانی نێودەوڵەتی وەرگرتووە کەپێش پێکهێنانی نەتەوەیەکگرتووەکان بەسترابون، کەبەڕاشکاوی بروانامەی هەندێکیان دەقی هێناوە لەسەر قەدەغەکردنی جەنگو پەنا نەبردنە بەر هێز، کەچی بروانامەکەی هەتا ساڵی 1974 پێناسەی دوژمنکاری لەخۆ نەگرتبوو کاتێ کە لیژنەیەکی تایبەتی سەر بەنەتەوەیەکگرتووەکان دایڕشت. بڕیارەکە لەمادەی یەکدا پێناسەی دوژمنکاری دەکات "بەوەی کەبەگەرخستنی هێزی چەکدارە لەلایەن وڵاتێکەوە دژی سەروەری وڵاتێکی دی یان یەکێتی هەرێمەکەی یان سەربەخۆی سیاسی، یان بەهەر شێوازێکی تر کەپێچەوانە بێت لەگەڵ بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان، هەروەك چۆن لەم پێناسەدا روونکراوەتەوە، مادەی سێی بڕیاری ژمارە(3314) کەلە 1974/12/14 دەرچووە لە (خولی بیستو نۆیەمی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکاندا) ئەم کردەوانەی خوارەوەی بەکرداری دوژمنکاری دەستنیشان کردووە:-

ا- تالانکرن یان هێرشبردن بەهێزی چەکداری وڵاتێك بۆ سەر خاکی وڵاتێکی تر، یان هەر داگیرکردنێکی سەربازی، هەرچەندە کاتیشی بێت کەلەو تالانە یان هێرشە بکەوێتەوە.

ب- تۆپبارانکردنی خاکی وڵاتێك لەلایەن هێزە چەکدارەکانیوڵاتێکی ترەوە.

www.pertwk.com

ج- گەمارۆدانی بەندەرەکان یان کەنار دەریاکانی ولاَتێك لەلایەن هێزی چەکداری ولاَتێکی ترەوە.

د- هەر هێرشێك کەهێزە چەکدارەکانی ولاَتێك بیکەنە سەر هێزەکانی وشکانی یان دەریایی یان ئاسمانی یاکەشتی گەلی دەریای یا ئاسمانی ولاَتێکیتر.

ه- خستنەگەڕی هێزە چەکدارەکانی ولاَتێك، کەلەناو خاکی ولاَتێکی تردا بێت بەرەزامەندی ولاَتی خانەخوێ، بەجۆرێك پێچەوانەی ئەو مەرجانە بێت کە لەڕێکەوتنەکەیدا هاتووە، یان درێژکردنەوەی ماوەی مانەوەی ئەو هێزانە لەسەر خاکی ئەو ولاَتە بۆ دوای کۆتایهاتنی ڕێکەوتنەکە

و- ڕێگەدانی ولاَتێك بەبەکارهێنانی خاکەکەی کەخستویەتیە ژێر هەڵسوکەوتی ولاَتێکی ترەوە، بەکاربهێنرێت لەلایەن ئەو ولاَتەوە بۆ ئەنجامدانی دوژمنکاری دژی ولاَتی سێیەم.

ز- ناردنی کۆمەڵە کەسانێك یان میلیشیا یان بەکرێ گرتەی چەکدار لەلایەن ولاَتێکەوە یان بەنوێنەرایەتی ئەو، کەهەستن بەو کردارانەی بەگەرخستنی هێزی لەدووتوێدا بێت دژی ولاتێکی تر بگاتە ئاستی مەترسیداریان ئەو کردارانەی سەرەوە کەناومان بردن، یان بەشداری کردنی هەر ولاَتێك لە مادەی چواری بڕیارەکە مافی بڕیاردان لەسەر هەرکردارێك دەبەخشێ بەئەنجومەنی ئاسایش کەبەکرداری دوژمنکاری دابنێ جگە لەوکردارانەی لەمادەی سێی بڕیارەکەدا هاتووە.

بەرگری رەوا

لەمادەی پەنجاویەکی بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان دەقی هێناوە لەسەر ئەوەی کە ئەم بروانامەیە ئەوەی تێدانییە مافی سروشتی ولاَتان بەتەنها یان بەکۆمەڵ، لاواز بکا یان کەمی کاتەوە بۆ بەرگریلێکردن لەخۆیان ئەگەر هێزێکی چەکدار دەست درێژی کردە سەر ئەندامێکی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەوەش تا ئەوکاتەی ئەنجومەنی ئاسایش ئەو رێو شوێنە پێویستانە دەگرێتە بەر بۆ پاراستنی ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی، ئەو کردەوانەی ولاَتانی ئەندام دەیگرنەبەر بەبەکارهێنانی مافی بەرگریکردنی ڕەوا یەکسەر ئەنجومەنی ئاسایشی لێئاگادار دەکرێتەوە، ئەو ڕێو شوێنانە لەهیچ بارێکدا کارناکاتە سەر ئەو دەسەلاَتەی ئەنجومەنی ئاسایش هەیەتی، بەپێی دەسەلاَتو بەرپرسیارێتیەکانی کەلەبڕوانامەکەوە وەری گرتووە، مافی هەیە کەلەهەرکاتێکدا بەپێویستی ببینێ ئەو کردارانە بگرێتەبەر کەئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی پێ دەپارێزی، یان دەگێرێتەوە بۆ دۆخی جارانی.

هاوتا لەگەل پێشخستنی سەرەتاکانی یاسای نێودەوڵەتیدا قۆناغەکانی گۆرانکاری چەمکی جەنگو رەوایەتیەکەیو هۆکارەکانیو هاندەرانی پەنابردن بۆ جەنگ تا سەردەمی ئێستامان، کەجەنگی تێدابە بنبری قەدەغەکراوە،(تەنیا جەنگی بەرگری نەبێ قەدەغە نەکراوە)، واتا بەرگری لەدوژمنکاری دەرەکی یان بۆ گێڕانەوەی مافە رەواکانی.

بڕوانامەی کۆمەڵەی گەلان هەندێ بەدەرکردنی هێناوە لەسەر سەرەتای بەگەر نەخستنی هێزو هەڕەشە پێنەکردنی لەپەیوەندیەکانی نێودەوڵەتیدا کەلەم حاڵەتانەی خوارەوە دیاری کردوون:-

1-لەحاڵەتی بەرگری کردنی رەوادا، کەبریتیە لەسەرەتایەکی یاسایی، ڕێگە بەولاَتان دەدات کەپەنا بەرن بۆ بەگەرخستنی هێزو دوورخستنەوەی مەترسی ئەودەست درێژییەی کەرووی تیکردوون لەلایەن ولاَتێکی ترەوە(مادەی 51 لەبروانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان.)

2-جێبەجێکردنی کردەوەکانی ئاسایشی بەکۆمەڵ کەئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری لەسەردەدا بەپێی دەقەکانی بەشی حەوتەمی بڕوانامەکە، واتا بەگەرخستنی هێزی چەکدار دژی ولاَتانی دەستدرێژیکار ئەگەر هاتوو هەرەشەی بەزاندنی ئاشتی یان کردارێك لەکردارەکانی دوژمنکاری هەبوون، نەتەوەیەکگرتووەکان لەوەدا هانا بۆهێزی سەربازی ولاَتانی ئەندام دەبات بۆ پاراستنی ئاشتیو ئاسایش.

3- ڕێو شوێنەکانی سەرکوتکردن بۆ پاراستنی ئاشتی کەبەچەسپاندنی مادە/107/ کەرێگەی داوە هێز بەکار بهێنرێ دژی ولاَتانی دوژمن لەجەنگی جیهانی دووەم دا بەلاَم ئەو بەدەرکردنەی لەمادە/107/ داهاتووە کەئاراستەکرابوو دژی ولاَتانی ناوەند (ئەڵمانیاو، ئیتالیاو، یابان) ئێستا دوای ئەوەی

www.pertwk.com

ئەم وڵاتانە هاتونەتە پاڵ ڕێکخراوەکەو بوونەتە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان رووی کارەکانی گۆڕاون.

خەسڵەتەکانی بۆمبارانی شاری بەغدا لەلایەن ئەمریکاوە

ئەو فرمانانەی بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەقی لەسەر هێناوە بەبەکارنەهێنانی هێز یان هەڕەشە پێکردنی لەپەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا پابەندبوونی تەنیا ئەندامانی نەتەوەیەکگرتووەکان ناگرێتەوە بەڵکو وڵاتانی نائەندامیش دەگرێتەوە کەدەبێ پێوەی پابەندبن[79] وەك وڵاتانی ئەندام (برگەی 7 لەمادەی دووەمی بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان[77]).

بەپێی پێناسەی دوژمنکاری کە کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیاری 3314ی لەسەر داوە ساڵی 1974 رۆکێت بارانی شاری بەغدا بە 23 رۆکیتی کروز رۆژی 1993/6/27دا بەکردارێکی دوژمنکاری دادەنرێ‌و دەچێتە ناو چوارچێوەی ئەو کردارە دوژمنکاریانەی کەمادەی سێ لەبڕیاری ژمارە 3314 دەست نیشانی کردوون بەڵام سەبارەت بەوراگەیاندنانەی کەبەرپرسانی ئەمریکی لەدام‌و دەزگاکانی راگەیاندنەوە بڵاویان کردوە بەوەی ئەو رۆکیت بارانە مافی بەرگری کردنی رەوایە وبۆ سەرکوت کردنی سەدام حوسێنە کەبگەڕێینەوە بۆ سەرەتای مافی بەرگری‌کردنی رەوا و مادەکەی بخوێنینەوە، دەتوانین خەسەلەتی ئەو رۆکیت بارانە بەکردارێکی دوژمنکاری دەابنێین دژی عێراق وسەروەریەکەی، بەکارهێنانی هێز لەپەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا ناگونجێ لەگەڵ دەقی مادەی(51) کەبەرپرسە ئەمریکاییەکان پڕوپاگەندەی ئەوە دەکەن کەسروشتی رەوایی بەوکردارەیان دەبەخشێت، بێجگە لەوەش مافی بەرگری ئەگەر تەنیابێ یان بەکۆمەڵ کەمادەی(51) بەخشیویەتی دەبێ ملکەچی سێ مەرجەبی کەئەمانەن:-

1- دەست درێژی کردنە سەر ئەندامێکی نەتەوەیەکگرتووەکان بەهێزی چەکداری.

2- ئەنجومەنی ئاسایش ئەو ڕێ‌و شوێنانە بگرێتەبەر کەپێویستن بۆ پاراستنی ئاسایش.

3- لەکاتێکدا کەئەندامێکی نەتەوە یەکگرتووەکان هەر رێ‌و شوێنێك دەگرێتەبەر لەسەریەتی ئەنجومەنی ئاسایش ئاگادارکاتەوە لێی.

بەڵام سەبارەت بەسزادانی سەدام حوسێن کەبەکاری تیرۆریستی هەستاوە ئەوا سزادانی بەرێگەی وێرانکردنی خانوبەرەو کوشتنی بی‌تاوان نایەتەدی، بەڵکو تاکە رێگەی راست بۆ سزادانی سەدام لەوتاوانانەی پێی هەستاوە دەرهەق بەگەلانی عێراق‌و مرۆڤایەتی پێکهێنانی دادگایەکی نێودەوڵەتی دەبێ، کە نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری لەسەر بدات بۆ ئەوەی خۆیی‌و دارودەستەکەی بەخەسڵەتی کەسێتی خۆیان سزای ئەو کردەوانەیان[80] وەرگرن کەپێچەوانەی یاسای نیشتمانی‌و نێودەوڵەتی‌یەو سزای ئەو تاوانانەش[78] وەرگرن کەدەرهەق بەمرۆڤایەتی کردویانە، بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان رۆڵی کاریگەری بەخشیوە بەکۆمەڵەی گشتی‌و ئەنجومەنی ئاسایش لەبواری پاراستنی ئاسایشی نێودەوڵەتی‌و بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە نێودەوڵەتیەکان بەئاشتی، وبۆ ئەوەی هەستن بەرۆڵی چەسپاندنی ئەو ڕێ‌و شوێن‌و کردەوانەی کەبەگونجاوی دەبینن.

بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان چوارچێوەی بۆ سیستمی یەکلاکردنەوەی کێشە نێودەوڵەتیەکانی بەئاشتی دەستنیشان کردووەو ئامرازی یەکلاکردنەوەشی تەرخان کردوە، بەڵام دەسەڵات‌و تایبەتمەندی فراوانتری بەئەنجومەنی ئاسایش بەخشیوە لەبواری پاراستنی ئاشتی‌و ئاسایشی نێودەوڵەتی‌و یەکلاکردنەوەی کێشە نێودەوڵەتیەکان بەئاشتی. ئەو رۆڵە بەرچاوەی دراوە بەئەنجومەن لەوەوە دێ کەئەنجومەن دەزگایەکی تایبەتمەندە لەکاروباری پارێزگاری لەئاشتی‌و سەقامگیرکردنی لەکۆمەڵگای نێودەوڵەتی‌دا. ئەنجومەنی ئاسایش بەگرنگترین دامودەزگای نەتەوەیەکگرتووەکان دائەنرێ لەبەر ئەو هەموو دەسەڵات‌و بەرپرسیاریەتیانەی پێی سپێردراوە، لەکاتێکدا ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان ئەو جۆرە دەسەڵات‌و تایبەتمەندیانەی نەبوو، چونکە بروانامەی کۆمەڵەی گەلان بۆ هەریەك لەئەنجومەن‌و کۆمەڵەی گشتی مافی وەك یەکی‌بەخشیوە بۆ روانینە هەموو ئەو کاروبارانەی کەدەچنە ناو چوارچێوە یان بواری چالاکیەکانی کۆمەڵەی گەلانەوە

www.pertwk.com

لەوانەی کەپەیوەندن بەئاشتی جیهانی‌یەوە[3]. کۆمەڵە دەسەڵاتی بۆ هەریەك لەودوو دەزگایە تەرخان نەکردبوو، لەسەردەمی کۆمەڵەی گەلاندا جیاوازی نەدەکرا لەنێوان دەسەڵات‌و تایبەتمەندی هەر دەزگایەك لەودوو دام‌و دەزگایە (کۆمەڵەی گشتی‌و ئەنجومەن)، کەئەوەش یەکێك لەو هۆیانە بوون بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکان بەیەکدا بچن‌و بڕیارەکان لاوازبن‌و کۆمەڵە نەتوانێ ئەو کێشانە چارەسەر بکات کەلەماوەی چالاکی ئەودا سەریان هەڵدەدا. لەپێناوی ئەوەی کەئەنجومەنی ئاسایش بەو ئەرکانە هەستی کەپێی سپێدراوە بەتایبەت لەبواری پاراستنی ئاشتی‌و ئاسایشی نێو دەوڵەتی‌و چارەسەری کێشە نێودەوڵەتیەکان بەئاشتی، بروانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان، وڵاتانی ئەندامی پابەندکردووە کە نوێنەرایەتی هەمیشەییان هەبێت لەبارەگای نەتەوەیەکگرتووەکاندا،[4]لەبەر ئەوەی سروشت‌و فرمانەکانی ئەنجومەنی ئاسایش لەبواری تایبەتمەندی فراوان‌و ئەو ئەرکە پڕ مەترسیەی کەبروانامەکە بەخشیویەتی واپێویست دەکات کەکارەکانی ئەنجومەن بەشێوەیەك ڕێکبخرێن کەبتوانێ بەبەردەوامی بەئەرکەکانی هەستێ‌و بەستنی کۆبونەوەکانی مسۆگەربێت. ئەو جۆرە دەقانەی کەپەیوەندن بەنوێنەرایەتی هەمیشەیی لەئەنجومەنی ئاسایشداو ئەو دەقانەی کەپەیوەندن بەدیاری کردنی تایبەتمەندیەکانی هەریەك لەئەنجومەن‌و کۆمەڵەی گشتی کەبروانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەخۆی گرتووە، بروانامەی کۆمەڵەی گەلان دەقی وەهای لەخۆ گرتبوو، بەڵکو برگەی نۆ لەمادەی پانزەی بڕوانامەی کۆمەڵەی گەلان دەقی لەسەر ئەوە هێنابوو کەئەنجومەنی کۆمەڵە کێشەکان گشتی دەکاو ئەویش لەسەریەتی بڕوانێتە ئەو کێشەیە لەسەر داوای لایەنێکی کێشەکە.

واتا بڕوانامەی کۆمەڵەی گەلان تایبەتمەندیەکانی هەریەك لەئەنجومەن‌و کۆمەڵەی گشتی نەدەستنیشان کردبوو نەجیاشی کردبۆوە، لەبواری یەکلاکردنەوەی کێشە نێودەوڵەتیەکان بەئاشتی. بەڵکو بۆ هەردوو دەزگاکە هەمان دەسەڵات‌و تایبەتمەندی

[3] مادەی 3/3، مادەی 4/4 لەبروانامەی کۆمەڵەی گەلان.

[4] مادەی 1/28 ی بروانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان

بەخشی‌بوو بەپێچەوانەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، کە تایبەتمەندی‌و دەسەڵاتی فراوانتری داوە بەئەنجومەنی ئاسایش لەوەی بەکۆمەڵەی گشتی داوە.

کۆمەڵەی گشتی‌و چارەسەری ئاشتیانەی کێشە نێودەوڵەتیەکان

کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆی هەیە قسە لەسەر هەربابەتێك بکات کەپەیوەند بێ بەناکۆکیە نێو دەوڵەتیەکان‌و پاراستنی ئاشتی‌و ئاسایشی نێودەوڵەتیەوە هەبێ‌و، ئەنجومەنی ئاسایش بەرزی بکاتەوە یان لەلایەن هەر ئەندامێك لەئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان یان هەر وڵاتێکەوە بەرزکرێتەوە کەئەندامیش نەبێت.[5]

بروانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو حاڵەتانەی دیاری کردووە کەکۆمەڵەی گشتی لەسەر داوای ئەنجومەنی ئاسایش یان ئەندامێك لەئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان یان هەر وڵاتێك ئەندامی نەتەوەیەکگرتووەکانیش نەبێت کۆمەڵەی گشتی‌بەپێی مادەی (14) لەبڕیارنامەکەدا بۆی هەیە لەکێشەو ناکۆکیەکان بڕوانێت.هەر هەڵوێستێکی پێ‌یەکلا دەکرێتەوە، ئەگەر هاتوو ئەو هەڵوێستە پەیوەندی دۆستانەی نێوان وڵاتان بشێوێنی‌و زیان بەخۆشگوزەرانی گشتی بگەیەنێ، ئەو هەڵوێستانەش کەئامانج‌و سەرەتاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ببەزێنێ.

بەڵام بڕگەی یەکی مادەی/12/ی بڕوانامەکە کۆتێکی بەسەر کۆمەڵەی گشتی‌دا سەپاندووە کەبریتیە لەوەی نابێ هیچ راسپاردەیەك پێشکەش بکات سەبارەت بەهەر هەڵوێستێك کەلەبەردەست ئەنجومەنی ئاسایشدا بێت بۆ تێڕوانین، تەنها مەگەر ئەنجومەنی ئاسایش خۆی داوای ئەوەی لێبکات، ئەوەش بۆ خۆلادان لەچوونە ناو کاروبارەکانی یەکترو دروست نەبوونی دووفاقەیی لەبڕیارو راسپاردەکاندا لەنێوان دوو دەزگای نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارت بەیەك کێشە یان هەڵوێستێکی دیاری کراو، وتێڕوانین بۆ دەزگای بنچینەی تایبەت بەخۆی جێبهێڵی، کە ئەنجومەنی ئاسایشەو لەو جۆرو بارانەدا، واتا چەسپاندنی سەرەتای دابەشکردنی تایبەتمەندیەکان، بەواتایەکی تر رۆڵی کۆمەڵەی گشتی بریتیە لەوەی کەراسپاردە بۆ

[5] مادەی 2/11 و مادەی 2/35/ی بروانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان

www.pertwk.com

چارەسەرو یەکلاکردنەوەی ئاشتیانە دەربکات بڕوانامەکە ڕێگەی پێنەداوە کەراسپاردە بەگرتنەبەری ڕێوشوێنی سەرکوتکردن دەربکات، کەچی ئەو مافەی بەئەنجومەنی ئاسایش بەخشیوە بەوپێیەی لقێکی سەرەکی تایبەتمەندە بەکاروباری پاراستنی ئاسایشی نێودەوڵەتیو بەئاشتی یەکلاکردنەوەی کێشەکانە بەوپێیەش کەئامرازی جێبەجێکردنی ڕێکخراوەکەیە.

گرنگی ئەنجومەنی ئاسایش لە برگەی(ا)ی مادەی /24/ی بڕوانامەکە دەردەکەوێ کەدەڵێ" بەئارەزوی ئەوەی کەئەو کارانەی نەتەوە یەکگرتووەکان پێی هەڵدەستێ خێراو کاریگەربن، ئەندامانی ئەو دەستەیە ئەرکە سەرەکیەکانی پاراستنی ئاشتیو ئاسایشی نێو دەوڵەتی بە ئەنجومەنی ئاسایش دەسپێرن، لەسەر ئەوە قایلن کەئەنجومەن نوێنەریان بێت لەو فەرمانانەی کەئەو ئەرکە بەسەریدا دەی سەپێنی". و لەبەرامبەر پابەندبوونی وڵاتانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان چارەسەری کێشەکانیان بەرێگای ئاشتیانەو بەپێی دەقەکانی بروانامەکە، ئەو وڵاتانە مافیان دەبێت کەکۆمەڵەی گشتی ئاگادار بکەنەوە لەهەر کێشەیەك کەلایەن بن تێیدا بەپێی مادەی(1/35).

ئەو تایبەتمەندیە گشتیانەی کەکۆمەڵەی گشتی هەیەتی بەپێی مادەی/10/ یە لەبڕوانامەکەداو مافی لێدوان لەهەر بابەتێك یان کارێك کەدەچێتە ناو چوارچێوەی بڕوانامەکەوە یان پەیوەندی بەدەسەڵاتی لقێك لەلقەکانی یەوە هەیە، ڕێگری لەوکۆتە کەلەسەر کۆمەڵە دانراوە بۆ دەست وەرنەدان لەکاروبارە ناوخۆییەکانی کەبەترۆپکی تایبەتمەندی ناوخۆیی هەر وڵاتێك دەژمێردرێ. (مادەی7/2)

سەرەڕای ئەوەی بڕوانامەکە فرمانو دەسەڵاتی بەکۆمەڵەی گشتی بەخشیوە، بەڵام ئەو دەسەڵاتەی کوتبەند کردووە لەو کاروبارانەی پەیوەندن بەکێشەکانو یەکلاکردنەوەیان بەوەی کەبۆی هەیە تەنها ڕاسپاردە دەربکات بەبێ بڕیاری پابەندکردن. سەبارەت بەهێزی یاسایی ڕاسپاردەکانی کۆمەڵەی گشتی لەبواری ئەو کێشانەی دەخرێنە ڕوو د. محەممەد شوکری واباس دەکات(بەوەی کەبەدەرە لەهەر هێزێکی پابەندکردن هەرچەندە کەهێزی ئەدەبی زۆری هەیە، لەڕاستیدا زیاتر لە دەسەلاتی ناوبژیەوە کەڕێزو پایەی بەرزی هەیە.[6]

واتا ئەوانەی کەکۆمەڵەی گشتی دەری دەکات تەنها ڕاسپاردەیە توانای پابەندکردنی نییە تەنها لەهەندێ باری دیاریکراودا نەبێت کەبڕوانامەکە سنووری بۆ داناوە، کەچی ئەنجومەنی ئاسایش مافی دەرکردنی بڕیاری پابەندکردنی هەیە. سەبارەت بەجیاوازی نێوان بڕیارو ڕاسپاردەکان (القرارات والتوصيات) یانکۆف دەڵی"پێویستە جیاوازی بکەین لەنێوان ئەو بڕیارانەی کەهێزی یاسایی پابەندکردنی ڕاستەوخۆیان هەیەو لەنێوان ئەو ڕاسپاردانەی کە گرنگییەکی ئەخلاقیان هەیە کەناکرێت هێزی یاسایی پابەندکردن بەدەست بهێنن تەنها دوای قبولکردنو بەڕاشکاوی جێبەجیکردنی نەبی[7]

دەتوانین بڵێین بڕیارەکانی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان هێزی پابەندکردنیان دەبێت کە ئەگەر بڕیاری هەندێ لەفەرمانەکانی بروانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بدات یان ئەو بنەما یاساییانەی کەدانیان پێدا نراوە یان شییان بکاتەوەو گەشەیان پێبدات ئەو بڕیارانە سەرجەم ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان پابەندی دەبن.[8]

ئەگەر پابەندبوونی وڵاتانی ئەندام بەیەکلاکردنەوەی کێشەکانیان بەئاشتیو پابەندبوونیان بەسەرەتای ئاسایشی بەکۆمەڵ لەئاسایشو ئاشتی نێو دەوڵەتی، کەبەرێگەی پابەندبوون بەسەرەتای یاسای نێودەوڵەتیەوەو کاری بەکۆمەڵ دێتەدی، وادەخوازێ ڕێوشوێنی خۆپاراستن بگرێتەبەر لەپێش ڕوودانی دوژمنکاریو ڕێوشوێنی بەکۆمەڵیش بۆ ڕاگرتنی دوژمنکارییەکە لەکاتی ڕوودانی داو یەکلاکردنەوەی کیشەکان بەرێگە چارەی ئاشتی.

واپێویست دەکات کەلەم بوارەدا ئەوە باسبکەین کەسەرەتای ئاشتی بەکۆمەڵ وادەخوازێ بڕیاری بەکۆمەڵی بۆ بدرێ. واتا ئەو بڕیارە ویستو ئیرادەی وڵاتانی ناو

[6] د. محەمەد شوکری هەمان سەرچاوەی پێشو ل193
[7] ئەلسکەندەر یانکوف نەتەوە یەکگرتووەکان صوفیا 1965 ل106
[8] مۆرۆزۆف ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان مۆسکۆ 1974 ل280

ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان بێتو لەلایەن سەرجەم وڵاتانەوە بێت، كەلەسایەی كۆمەڵەی گشتیدا خۆدەنوێنن نەك لەئەنجومەنی ئاسایشدا لەبەر ئەوەی كۆمەڵەی گشتی سەرجەم وڵاتان لەخۆدەگریو گشتگیریەو پەیرەوی سیستمی یەكسانی دەنگەكان ئەكات لەدەنگدانو مافەكاندا كە با ئەو دەوڵەتەش لەئەنجومەنی ئاسایشیشدا نەبیٚ.

ئە نجومەنی ئاسایشو بەئاشتی چارەسەر كردنی كێشەكان

بروانامەی نەتەوە یەكگرتووەكان ئەو مادانەی كەلەبەشی شەشەم دا هاتوون تەرخان كردووە بۆ كێشە نێودەوڵەتیەكانو ڕێگە چارەیان بەئاشتی، و دەسەڵاتی بڕیار دەركردنو جیٚبەجیٚكردنی راسپاردەكانی بەئەنجومەنی ئاسایش بەخشیوە بەوپیٚیەی كەدەزگای جیٚبەجیٚكردنەو تایبەتمەندی خۆی پێدراوە ئەو مادانەی كەلەبەشی شەشەمدا هاتوون لە(33–38) كەپەیوەندن بەوكێشانەی بەردەوام بوونیان هەڕەشە لە ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی دەكات، بەگوێرەی ئەو دەقانە كەلەبەشی شەشەم دا هاتوونو بەپێی ئەم بارودۆخانەی خوارەوە ئەنجومەنی ئاسایش دەسەڵاتەكانی خۆی پیادە دەكات:

1– هەر وڵاتێكی ئەندام لە نەتەوە یەكگرتووەكاندا دەبی ئەنجومەنی ئاسایش ئاگادار بكاتەوە لەهەر كێشەیەك یان هەڵوێستێك كەبەردەوام بوونی دەبێتە هەڕەشە لەسەر ئاشتی(مادە 1/35).

2– هەر وڵاتێك كەئەندامی نەتەوە یەكگرتووەكان نەبێت، دەبی ئەنجومەنی ئاسایش ئاگاداربكاتەوە بۆ هەركێشەیەك كەخۆی لایەنێكی بێت، و پێش وەخت قایل بێت سەبارەت بەوكێشەیەو پابەندی چارەسەری ئاشتیانە بێت كەلەبروانامەكەدا دەقی لەسەرهاتووە(مادەی 1/35) كەواتە بروانامەكە بۆ هەر وڵاتێك كەئەندامی نەتەوە یەكگرتووەكانیش نەبێت لایەنی كێشەیەك بیٚ كەلەئەنجومەنی ئاسایشدا خرابێتە روو، ڕێگەی بەو وڵاتەداوە بەشداری وتوێژەكان بكات كەپەیوەندیان بەكێشەكەیەوە هەیە بەبی ئەوەی مافی دەنگدان هەبی، بەڵام ئەنجومەن ئەو مەرجانەی بەدادوەری دادەنیٚ بۆ بەشداری كردنی ئەو وڵاتەی كەئەندامی ڕێكخراوەكە نییە(مادەی 32)

3– ئەنجومەنی ئاسایش لەسەر داوای لایەنەكانی كێشەكە،بۆ چارەسەری ئاشتیانە راسپاردەكانی خۆی پێشكەش دەكات (مادەی 38).

4– ئەنجومەنی ئاسایش بۆی هەیە دەست بخاتە هەر كێشەیەكو یان هەڵوێستێكەوە كەدەبێتە هۆی پێكدادانی وڵاتان یان كێشەیەك دەنێتەوە بۆ ئەوەی بڕیاری ئەوە بدات كەبەردەوام بوونی ئەو كێشەیە یاهەڵوێستە لەوانەیە ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی بخاتە مەترسیەوە(مادەی 24).

5– ئەمینداری گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆی هەیە ئەنجومەنی ئاسایش ئاگادار بكاتەوە لە هەربابەتێك كەوا پێی وابیٚ هەڕەشە لەپاراستنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەكات(مادەی 99)، وكۆمەڵەی گشتیش ئەو دەسەلاتەی پێدراوە(مادەی 3/11).

ئەنجومەنی ئاسایش مافی هەیە كەراسپاردە دەر بكات بەو شێوەیەی بەگونجاوی دەبینیٚ بۆ هەر كردەوەو ڕێگەچارەیەك لەهەر قۆناغێك لەقۆناغەكانی كێشەكەدا لەو جۆرەی كەلەمادەی(33) دا ئاماژەی بۆ كراوە یان هەر هەڵوێستێك لەو شێوەیە بێت لەگەڵ رەچاوكردنی ئەو كردەوانەی لایەنەكانی كێشەكە پێشتر گرتوویانەتە بەر بۆ چارەسەری ئەو كێشەیەی هەیانە (مادە 1,2/36).

ئەنجومەنی ئاسایش بەپێی مادەی /34/ مافی هەیە راستەوخۆ بڕوانێتە ئەو كێشەیەی یان هەڵوێستەی كەبە بەردەوام بوونی پاراستنی ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی دەخاتە مەترسییەوە بەبیٚ داوای هیچ وڵاتێكی ئەندام یان نائەندامی نەتەوە یەكگرتووەكان { یان كۆمەڵەی گشتی یان بەبی داوای ئەمینداری گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان.

بانگەشەی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ لایەنەكانی كێشەكە بەیەكلاكردنەوەی بەرێگەیەك لەو ڕێگایانەی مادە/33/ی لێكۆڵینەوە، وتوویێژ، چونە نێوانەوە، پێكهێنان، ناوبژیوانیو یەكلاكردنەوەی دادگەریو ڕێكخراوە هەرێمیەكان، وڵاتانیكێشەدار پابەندناكات كەدەبیٚ پەنای بۆ بەرن، بەڵكو رۆڵی ئەنجومەنی ئاسایش بریتیە لەهاندانی لایەنەكانی كێشەكە بۆ یەكلاكردنەوەی كێشەكانیان بەورێگەچارە ئاشتیانەی خۆیان هەڵی دەبژێرن بەبی ئەوەی پابەندی یەكیٚ لەو ڕێگایانە بكرێن.

www.pertwk.com

بەڵام دەربارەی کێشە یاساییەکان، ئەنجومەنی ئاسایش(بەگشتی) ڕاسپاردە دەردەکات بۆ ئەوەی بەپێی سیستمی بنچینەیی دادگایی دادی نێو دەوڵەتی بخرێتە بەردەست داگاکە.(مادەی 3/36)

لەحاڵێکدا ئەگەر لایەنی کێشەکان سەرکەوتوو نەبوون بەئاشتی چارەسەرکردنی بەیەکێ لەو ڕێگایانەی ئاماژەی بۆکرا، لەسەر ئەو لایەنانە پێویستە کەکێشەکە یان بخەنە بەردەستی ئەنجومەنی ئاسایش(مادەی 1/37).

ئەگەر ئەنجومەنی ئاسایش لەتێڕوانینی کێشەکەدا وای ببینێ کەبەردەوام بوونی ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی دەخاتە مەترسییەوە، بۆی هەیە سەرلەنوێ ڕاسپاردەی تایبەت بەوکردەوانە دەربکات کەبەگونجاوی دەبینێو ئەو ڕێگەچارەیەی یەکلای دەکاتەوە، یان ڕاسپاردەی ئەو مەرجانە بکات کەبەگونجاوی دەبینێ بۆ چارەسەری کێشەکە(مادەی 2/37).

ئەو مادانەی لەبەشی شەشەمی بڕوانامەکەدا هاتوون دەسەڵاتی ئەنجومەنی ئاسایشیان دیاری کردوە لە بەئاشتی چارەسەرکردنی کێشەکان، کەبریتیە لەو کێشانەی بەردەوام بوونیان هەرەشە لەئاشتی بکات، بەشی حەوتەم لەمادەکانی (39–51) ئەو مادانەی هێناوە کە دەسەڵات دەدات بەئەنجومەنی ئاسایش کە چ جۆرە کردارو ڕێوشوێنێك دەگرێتەبەر لەحالێکدا هەڕەشە لەئاشتی بکرێو دوژمنکاری ڕوبدات بڕوانامەکە دەسەڵاتی فراوانی بەخشیوە بەئەنجومەنی ئاسایش بۆ ئەوەی بتوانێ هەستێ بەئەنجام دانی ئەو بەرپرسیاییە قەبەیەی کەپێی سپێردراوە کەبریتییە لەپاراستنی ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتیو، ئەو کردەوەو ڕێوشوێنانە بگرێتەبەر کەپێویستن بۆ مسۆگەرکردنی .

بڕوانامەکە دەسەڵاتی فراوانی بەخشیوە بەئەنجومەنی ئاسایش بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو کێشەو هەڵوێستانەی کەمەترسی دارنو هەرەشە لەئاسایشی نێودەوڵەتی دەکەن ئەمانەش زیاتر مەترسی دارترن لەو بارودۆخانەی کەبەشی شەشەم هێناویەتی. مادەی/39/ بۆ ئەوە هاتووە دەسەڵاتی خەمڵێندراوی ئەنجومەنی ئاسایش ڕوونبکاتەوە لەدیاری کردنی ئەو بارودۆخانەی بەهەرەشە

لەئاشتی دائەنرێنو دەی بەزێنن یابەکرداری دوژمنکاری دەژمێردرێن، و ئەو بڕیارو ڕێو شوێنانەی کەپێویستن بۆ پاراستنی ئاشتی ئاسایشی نێودەوڵەتی بگرێتەبەر.

بەپێداچوونەوەی دەقی مادەی /40/ دەردەکەوێ کەبڕوانامەکە کۆتی خستۆتە سەر ئەنجومەنی ئاسایش بەوەی دەبێ بانگەشەی لایەنەکانی کێشەکە بکات کەکاربەوەی بەپێویستی دەبینێ بیکەن پێش ئەوەی ڕێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر.

ئەنجومەنی ئاسایش دەتوانێ بەپێی بڕاوانامەکە بڕیارەکانی جێبەجێبکاتو، چەندین ڕێوشوێن بگرێتەبەر بۆ ڕێگرتن لە گەورەبونەوەی ئەو بارودۆخەی دەکەوێتە ئاراوە، وەك فەرمان دەرکردن بەئاگر بەست وکشانەوەی هێزە شەرکەرەکان بۆ هێڵی دیاری کراو، وەك ئەو بڕیارەی کەپەیوەند بوو بەچوارەم جەنگی عەرەبو ئیسرائیل، جەنگی ئۆکتۆبەری ساڵی 1973، و ڕێوشوێنی ناسەربازیش وەك ڕاگرتنی هاموشۆی ئابووریو گەیاندنی هێڵی ئاسنو وشکانیو ئاسمانیو تەلەگرافو چەندانی تر لەئامرازی پەیوەندی کردن بەتەواوی یان بەشێکی ڕاگرێو پەیوەندی دبلۆماسی لەگەل دنیادا بپچڕێ(مادەی 41)

ئەنجومەنی ئاسایش داوا لەئەندامانی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکات بەچەسپاندنی ئەو ڕێو شوێنانەی دژی دەوڵەتی دەست درێژیکار دەگرێتەبەر، مادەی /41/ی بروانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان

کەپەیوەندە بەو ڕێوشوێنانەی پێویست بە بەکارهێنانی هێزی چەکدار ناکات بۆ جێبەجیکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش بەرامبەر مادەی /61/ی بڕوانامەی کۆمەڵەی گەلان کە بەدەق دەڵێ" ئەو وڵاتانەی پەنا بۆ جەنگ دەبەنو پابەندیەکانی سەر شانیان دەبەزێنن کەلە بڕوانامەکەدایەو پەیوەندە بەنەهێشتنی کێشەکان بەرێگەی ئاشتی، وادادەنرێ ئەو وڵاتە هەستاوە بە جەنگ گێران دژی ئەندامانی کۆمەڵەی گەلان، هەموو وڵاتان بەڵێنیان داوە بەبەشداری کردن بەسزادانی ئابووریو دارایی، ئەویش بەپچڕانی هەموو پەیوەندیەکی نێوان هاوڵاتیانی ئەو وڵاتە قەدەغە دەکەن کەلەگەڵ هاووڵاتیانی وڵاتانی [illegible]دا جا ئەگەر ئەندامی کۆمەڵەی گەلان بێت یان ئەندام نەبێت.

www.pertwk.com

بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان ریگەی بەئەنجومەنی ئاسایش داوە کەڕێو شوێنی سەربازی بگرێتەبەر ئەگەر هاتوو ئەو ڕێو شوێنانەی لەمادەی/41/دا هاتووە مەبەستەکەی نەپێکا، کردارە سەربازیەکانی گەمارۆدان و پرۆسەی جەنگ سازی کەهێزەکانی ئاسمانی یا دەریاوانی یا وشکانی وڵاتانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان پێی هەڵدەستن مادەی/42/.

مادەی/43/ی بروانامەکە ئەو بەڵێنانەی لەخۆگرتووە کە وڵاتانی ئەندام بەڵێن ئەدەن بەوەی هێزی چەکدار بخەنە ژێر هەڵسوکەوتی ئەنجومەنی ئاسایشەوە هەرچەندە پێویست کات و هاوکاری و ئاسانکاری پێویستی بکەن بۆ پارێزگاریکردن لەئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لەنێوان ئەوانەشدا مافی تێپەڕبوون.[9]

لەناوەڕۆکی مادەی/43/ێو برگەی پێنجی مادەی دووی بروانامەکە روون دەبێتەوە پابەندبوونی وڵاتانی ئەندام خۆلەوەدا دەنوێنێ کەهاوکاری سەربازیو ئاسانکاری پێویست پێشکەش بەئەنجومەنی ئاسایش بکەن کەبڕیار دەدات بۆ پارێزگاریکردن.لەئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و، وڵاتانی ئەندام رێگە دەگرن لەپێشکەشکردنی هەر یارمەتیەك بۆ وڵات یا ئەووڵاتانەی کە نەتەوەیەکگرتووەکان کردەوەکانی سەرکوتکردن یارێگرتنیان لەدژ ئەنجام ئەدات.

لەبەرامبەر ئەو پابەندبوونەی وڵاتانی نائەندام لەئەنجومەندا پێیهەڵدەستن بەپێشکەشکردنی هێزی چەکدار بەو پێیەی لەمادەی/43/ بەدەق هاتووە، ئەو وڵاتانە بانگهێشت دەکرێن بۆ بەشداریکردن لەدەرکردنی ئەو بڕیارانەی کە ئەنجومەنی ئاسایش دەری دەکات سەبارەت بەبەگەڕخستنی یەکەکانی هێزە چەکدارەکان. لەپێناو ئەوەی کە ئەنجومەنی ئاسایش بەڕۆڵی ویستراوی خۆی هەستێ هەروەك چۆن لەبەشی حەوتەمدا هاتووەو بۆ ئەوەی ڕێوشوێنە سەربازەکان بە شێوەیەکێ کەباشترین ئەنجام بەدەستبهێنن، بڕوانامەکە دەقی هێناوە لەسەر پێکهێنانی لیژنەی

[9] لەبڕگەی (5) مادەی(2) بڕوانامەکەدا هاتووە، کەهەموو ئەندامێکی کۆمەڵەکە دەبێ ئەوەندەیلەتوانایدایە یارمەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بدات، لەهەر کارێك کە بەپێی بڕوانامەکە پێی هەڵدەستێ، وبەرگریش لەو دەوڵەتانە بکات ئەگەر بیانەوێ نەتەوە یەکگرتووەکان وەك کارێك لەکارە ناڕەواکان بەکار بهێنن.

ئەرکانی جەنگ بۆ هاوکاری ئەنجومەنی ئاسایش بۆ دانانی پلانی پێویست بۆ بەگەرخستنی هێزی چەکدار، وئەو پێداویستیە جەنگیانەی کەدەیەوێ بۆ پارێزگاریکردن لەئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، یارمەتی و راوێژ پێشکەشی ئەنجومەن ئەکەن، بەڵام پێکهێنانی لیژنەکە دەقی لەسەر هاتووە کەدەبێ لەسەرۆك ئەرکانی وڵاتانی ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش بێت یان لەو کەسانەی لەئاستی ئەواندان.[10]

مادەی /48/بەهەردوو برگەکەیەوە دەقی لەسەر ئەوە هێناوە وڵاتانی ئەندامی نەتەوەیەکگرتووەکان هەڵدەستن بەجیبەجیکردنی ئەو بڕیارانەی کە ئەنجومەنی ئاسایش دەریدەکات لەکاتی دەست بەکاربوونی بەو ئەرکەی (پەیوەندە بەپاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی)، جائەگەر بەکۆمەڵی بێت، یان هەندێك ئەندامانی بگرێتەوە بەگوێرەی ئەوەی ئەنجومەن بڕیاری لێدەدا، یان لەرێگەی بریکارە نێودەوڵەتیە تایبەتمەندەکانەوە کەئەو وڵاتانە ئەندامن تێیدا.

ئەنجومەنی ئاسایش بۆی هەیە رێکخراوە هەرێمیەکان بخاتە گەر بۆ کرداری سەرکوتکردن، هەرکاتی بینینێ ئەوە شیاوە بەمەرجێ کەئەو رێکخراوە لەژێر سەرپەرشتی و چاودێری ئەنجومەندا کاربکەن(مادەی35/1). زۆربوونی رێکخراوە نێودەوڵەتیە هەرێمیەکان رۆڵگێرانیان لەپارێزگاری کردنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی زیاتر گرنگی بەهێزکردن و ئەوەش لەرێی ئەو دەقانەوە دەسەلمێ کەبروانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان لەخۆی گرتووە، کەبەدرێژی لەبەشی سییەمی ئەم توێژینەوەیەمان باسی رۆڵی رێکخراوە هەرێمیەکان دەکەین.

بەلام سەبارەت بەو دەقانەی پەیوەندن بەرێوشوێنی سەربازییەوە، بڕوانامەکە تەنها ئەو مافەی بۆ ئەنجومەنی ئاسایش پاوان کردووە، واتا کۆمەڵەی گشتی مافی دەرکردنی بڕیاری لەوجۆرەی نییە، بەڵام سەبارەت بەو بارودۆخانەی کەتیایدا کۆمەڵەی گشتی بڕیاری یەکێتی دەدا لەپێناوی ئاشتیدا لەبارێکدا دەبی کەئەنجومەن نەتوانێ کردەوەو ڕێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر بۆ جێبەجێکردنی

[10] مادەکانی (47،46،45) لەبڕوانەمەی نەتەوەیەکگرتووەکان

بەرپرسیارییەتیەکانی سەرشانی بەهۆی لەدەست دانی تێکرای دەنگەکانی ئەندامانی هەمیشەیی لەئەنجومەندا، سەرەڕای ئەوەی کەبڕیاری لەوجۆرە دراوە لەکاتی تەنگەژەی کۆریادا بۆ زیاتر لە جارێکیش بەڵام ئەو جۆرە بڕیارانە بەلادان لەدەقەکانی بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان دائەنرێ کەپشتی بەدابەشکردنە تایبەتمەندیەکان بەستووە لەنێوان دامودەزگاکانیدا، ئەگەر لەبارێکدا وادابنێین کەئەو دەسەڵاتە زیادەیە کەبەکۆمەڵەی گشتی بەخشراوە لەئەنجامی هاموارکردنی بڕوانامەکە، ئەوا مەرج هەیە کەدەبی لەکاتی هاموارکردندا پێوەی وابەستەبێت.

نەتەوەیەکگرتووەکان لەرێی ئەو دەقانەی کەلەبڕوانامەکەیدا دایڕشتووە،کاری سەرەتای ئاسایشی بەکۆمەڵ کردووەو گرنگی ئەوە سەلمێنراوەتەوەو دەسەڵاتی فراوان بەئەنجومەنی ئاسایش بەخشراوە بۆ بەدیهێنانی ئەوە، کەچی ئەو جۆرە کردەوەو دەسەڵاتە بڕوانامەی کۆمەڵەی گەلان بەئەنجومەنی خۆی نەبەخشیبوو.

تێکەڵاو بوونی تایبەتمەندییەکانی نێوان کۆمەڵەی گشتی و ئەنجومەنی ئاسایش

بەپشت بەستن بەو دەسەڵاتانەی کەبڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بەئەنجومەنی ئاسایشی بەخشیوە ولەجیاتی دامو دەزگای جیبەجێکردنی نەتەوەیەکگرتووەکان دایناوە ئەرکی بنچینەیی پێسپاردووە کەبریتیە لەپارێزگاری کردن لەئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، هەر کردەوەیەك بەگونجاوی دەزانێ لەوکاتانەی هەڕەشە لەئاشتی دەکرێ یان ئەگەر کردەوەی دوژمنکارانە روویدات.

بەڵام کۆمەڵەی گشتی بەپلەی یەکەم بریتیە لەدەستەی ئالوگۆڕو راوێژو دەرکردنی رێنمایی کۆبونەوەکانی لەخولی ئاساییدا یا نائاساییدا دەبەستێ بەڵام نەك بەشێوەی هەمیشەیی وەك ئەنجومەنی ئاسایش هەیەتی کەئەو سیفەتی . کارکردنی بەردەوامو ئامادەبوونی هەمیشەیی نوێنەرایەتی وڵاتانی ئەندامی هەیە. بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بەدرێژی دەسەڵاتی هەریەك لەئەنجومەن و کۆمەڵەی گشتی دیاری کردووە، بەڵام ئەرکی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی بەهەردوو دەستەکەی سپاردووەو، گرتنەبەری رێوشوێنی دروست بۆ یەکلاکردنەوەی هەر هەڵوێست یان کێشەیەك، لەڕاستیدا بەیەکاچوونی پسپۆرییەکان تەنها لە رواڵەت

دایە، ئەگەر بەقوڵی بروانینە لێکۆڵینەوەکانی دەسەڵاتی هەردوودەستەکە، مادەی/11/ لەبڕوانامەکە رێگە نادات بەکۆمەڵەی گشتی کەلەهەر بابەتێك بکۆڵێتەوە لەو بابەتانەی کەدەخوازن کارێکیان بۆ بکرێ و راسپاردەیان بۆ دەرکا لەنمونەی ئەم جۆرە بارودۆخەدا پێویستە لەسەری ، بابەتەکە بۆ ئەنجومەنی ئاسایش بنێرێ.

بەڵام کۆمەڵەی گشتی پەنا دەبا بۆ لێکۆڵینەوە لەو دۆزانەی کەلەتایبەتمەندی ئەنجومەنی ئاسایشن بەبیانوی ئەوەی ئەنجومەن لەتوانایدانی‌یە بەفەرمانەکانی خۆی هەستێ، هەنگاو هەڵێنانەوەی لەوجۆرە بازدانە بەسەر دەسەلاتەکانی ئەنجومەنی ئاسایش دەدرێ بۆ کۆمەڵەی گشتی، کەئەوەش سەرەتاکەی لەساڵی 1947 دەستی پێکرد کاتی کۆمەڵەی گشتی لیژنەیەکی پێك هێنا بەناوی(لیژنەی بچووکەوە) بۆ ئەوەی بەئەرکەکانی کۆمەڵە هەستێ لەو ماوانەدا کەدەکەونە نێوان دوو خولی دانیشتنی ساڵانەیەوە، بەوکارەش هەستا بەپشتبەستن بەمادەی/22/کە دەسەڵات دەدات بە(کۆمەڵە) بۆ پێکهێنانی هەر بەشێکی تر کەبەپێویستی دەبینی بۆ ئەنجام گەیاندنی چالاکیەکانی، ئەم هەنگاوە لەلایەن هەندێ وڵاتی ئەندامەوە وادادەنرێ کەهەوڵێکە بۆ بەردەوامبوونی کاری کۆمەڵە کەئەم کارەش بەپێچەوانەی مادەی/20/ە کەدەقی لەسەر کۆبوونەوەی ساڵانەی کۆمەڵە هێناوە، لەبەر ئەوەش کەدەسەڵاتەکانی لیژنەی بچووکیش هەمان دەسەڵات بوو کە کۆمەڵەی گشتی هەیبوو، ئەگەر کارەکە پەیوندبوایە بەلێکۆلینەوە لەکێشەو هەڵوێستە گرنگەکان، ئەمەش هەر ئەوە دەگەیەنێ کەزەوتکردنی رۆڵی ئەنجومەنی ئاسایشە. پێشکەوتنی‌تر بریتیە لەوبڕیارەی کەکۆمەڵەی گشتی لەسێی تشرینی دووەمی 1950 گرتیەبەر سەبارەت بەجەنگی کۆریا لەژێر ناوی(بڕیاری یەکێتی لەپێناو ئاشتی‌دا)، کەئەوەش لەدوای بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش هات کەلەحەوتی تەمموز 1950 دا راسپاردەی دەرکرد بۆ وڵاتانی نەتەوەیەکگرتووەکان کەهاوکاری کۆریای باکوور بکەن، وەبڕیارەکەی لەحەوتی تەممووزی هەمان ساڵ کەسەرکردایەتیەکی پێکهێنا لەژێر سەرپەرشتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئاشکراشە هەردوو بڕیارەکە بەبێ یەکێتی سۆڤیەت دەرکران.

www.pertwk.com

بەپێی بڕیاری (یەکێتی لەپێناو ئاشتی)دا کۆمەڵەی گشتی بەدەسەڵاتی بڕیاردان هەڵدەستێ لەسەر بوونی هەرەشە یا بەزاندنی ئاشتی یان کرداری دوژمنکاری، و مافی دەبێ کەراسپاردە دەربکات بۆ وڵاتانی ئەندام بەگرتنەبەری ڕێوشوێن و کردەوەکان کە بەگەڕخستنی هێزیشی لەنێواندایە، دەقی بڕیارەکە دەڵی کۆمەڵەی گشتی ئەو دەسەڵاتە بەکار دەهێنێ"ئەگەر هاتوو ئەنجومەنی ئاسایش سەرکەوتوو نەبوو بەهۆی نەبوونی تێکرای دەنگی ئەندامە هەمیشەییەکانی لەپیادەکردنی بەرپرسیاریەتی‌یە سەرەکییەکەیان کەپارێزگاری کردنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی‌یە".

بڕیارەکە دەقی لەسەر پێکهێنانی" لیژنەی چاودێری ئاشتی"هێنا کەلە 14 ئەندام پێکبهێنرێ لەتوانای دابێ بۆهەر ناوچەیەك رەوانەبکری کە"گرژی و ئالۆزی تێدابی کەلەوانەبێ بەبەردەوامبوونی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی بخاتە مەترسی‌یەوە" بۆ ئەوەی بەکۆمەڵەی گشتی رابگەیەنێ بۆ گرتنەبەری کرداری پێویست، وبڕیارەکە دەقی لەسەر پێکهێنانی لیژنەی کردەوەو ڕێوشوێنەکانی بەکۆمەڵی هێناوە، کەلە (14) ئەندام پێکبهێنرێ ئەرکەکانیان ڕێکخستنی کردەوەکانە کەئەندامانی نەتەوەیەکگرتووەکان دەیگرنەبەر بەپێی راسپاردەی کۆمەڵەی گشتی، بڕیارەکە بۆ ئەوەش دەچێ کەدەبێ کۆمەڵەی گشتی لەماوەی (24) کاتژمێردا کۆببێتەوە، ئەگەر بەکردەوە کۆنەبووبێتەوە لەسەر داوای حەوت ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایش یان زۆرینەی ئەندامانی نەتەوەیەکگرتووەکان.[11]

بڕیاری"یەکێتی لەپێناوی ئاشتی" خاڵێکی وەچەرخان بوو بۆ پێکهێنانی هێزی فریاگوزاری نێودەوڵەتی و، هەستان بەپڕۆسەی سەربازی، سەرەرای ئەوەی

[11] دەقەکانی ئەم بڕیارە کەکۆمەڵەی گشتی پشتی پی‌بەست لەوبڕیارەی سەبارەت بەپێکهێنانی "هێزی فریاگوزاری نێودەوڵەتی" بۆ سەرپەرشتی لەسەر راگرتنی کردەوە جەنگیەکان لەئەنجامی دوژمنکاری سی‌قۆڵی سەر میسر کەوتەوە، دواتر جارێکی تریش پشتی پی‌بەست کاتێ هەشت ئەندامی ئەنجومەن رێکەوتن لەسەر بانگهێشتی گشتی بۆ کۆبونەوەی کوتوپڕ بۆ لێکۆڵینەوەی هەڵوێست لە گۆنگۆ ساڵی 1960.

کەبروانامەکە بەراشکاوی ئەنجومەنی ئاسایشی سەرپشك کردووە بەتەنیا کە دەسەڵاتی پێکهێنانی هەر هێزێکی پەیوەند بەپاراستنی ئاشتی و ئاسایش.

دادگای دادی نێودەوڵەتی لەراوێژی تایبەت بەخەرجیەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان کەلەساڵی 1962 دەرچووە، بۆ ئەوە چووە کەکۆمەڵەی گشتی دەتوانێ هێزی فریاگوزاری پێکبهێنێ ودەشتوانێ راسپاردە بەهەر کردەوەیەك دەربکات کەسەرکوتکردن نەبێ، بەڵام ئەو کردەوانەی بەتەنها دەچنە ناو چوارچێوەی دەسەڵاتی ئەنجومەنی ئاسایشەوە بریتییە لەوانەی پەیوەندن بەهەرەشەکردن لەئاشتی یان کرداری دوژمنکاری.

* **

ڤیتۆو بڕیاری یەکێتی لە پێناو ئاشتی‌دا

لەئەنجامی پەککەوتنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەپیادەکردنی دەسەڵاتەکانی بۆ رووبەرووبونەوەی ئەو بارودۆخانەی هەرەشەیان لەئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکردو لەبەر ئەوەی نەی‌دەتوانی بڕیارو کردەوەی شیاو بگرێتەبەر بەهۆی پێکهاتەی ئەنجومەنەوەو مافی بەکارهێنانی/ڤیتۆ/، کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لەسێی تشرینی دووەمی ساڵی 1950، بەهۆی تەنگەژەی کۆریاوەو بەکارهێنانی مافی ڤیتۆ لەلایەن یەکێتی سۆڤیەت، بڕیارێکی دەرکرد ناوی لێنرا(بڕیاری یەکێتی لەپێناوی ئاشتی‌دا) کەدەقەکەی دەڵێ" ئەگەر ئەنجومەنی ئاسایش سەرکەوتوونەبوو بەهۆی نەبوونی تێکڕایی دەنگی ئەندامانی هەمیشەیی بۆ هەستانیان بەو بەرپرسیاری‌یەتیە بنچینەییەی لەئەستۆیانەو تایبەتە بەپارێزگاری کردن لەئاسایشی نێودەوڵەتی لەو بارودۆخانەدا کەئاماژەی هەرەشەکردنی لەئاشتی تێدا دەکرێ یان دەبەزێنرێ یان کرداری دوژمنکاری روودەدات، کۆمەڵەی گشتی یەکسەر لەبابەتەکە دەکۆڵێتەوە بۆ دەرکردنی راسپاردەی پێویست بۆ ئەندامان، بۆ گرتنەبەری ڕێ و شوێنی بەکۆمەڵی گونجاو، لەنێوانیاندا بەگەرخستنی هێزی چەکدار بۆ پارێزگاری کردن لەئاشتی یان گێرانەوەی بارودۆخەکە بۆ دۆخی جارانی".

بڕیارەکە دوو لیژنەی پێکهێنا، لیژنەی کردەوەبەکۆمەڵەکان، کەلە چواردە ئەندام پێکهات کە تایبەتمەندبوو بەکردەوەکانی پاراستنی ئاشتی لەنێوانیاندا کردەوەکانی

www.pertwk.com

سەربازی، لیژنەی چاودێری کردنی ئاشتی نێودەوڵەتی، ئەویش لە چوارده ئەندام پێکهاتبوو، بۆ چاودێری کردنی گەشەکردنی ئەو کێشانەی لەو ناوچانەدا روو دەدەن کەئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی هەرەشەی لێدەکردن.[12]

بەپێی بڕیاری یەکێتی لەپێناوی ئاشتیدا دەکرێ کۆمەڵەی گشتی بانگهێشتی بەستنی خوولی بەپەلەو کوتوپڕ بکاتو لەماوەی (24) کاتژمێردا ئەنجام بدرێ، بەوپێیەی بنکەی رێکخستنی هەوڵو چالاکیەکانی نێودەوڵەتییە بۆ گەیشتن بەبەدیهێنانی بەرژەوەندی هاوبەشو ئامانجی رێکخراوەکە، ئەگەر ئەمینداری گشتی داوایەکی پێگەیشت لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوەو بەرەزامەندی نۆ ئەندام لەئەندامانی، یان لەلایەن کۆمەڵەی گشتییەوە بەرەزامەندی زۆرینەی ئەندامانی، بۆ ئەوەی بڕیاری یەکێتی لەپێناو ئاشتیدا بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

دوای ئەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی سەرکەوتوونەبوو لەدەرکردن بڕیارێك سەبارەت بەدوژمنكاری سێقۆڵی سەر میسر ساڵی 1956 لەلایەن بەریتانیاو فەرەنساو ئیسرائیلەوە بەهۆی بەکارهێنانی ڤیتۆ لەلایەن فەرەنساو بەریتانیاوە، یوگسلافیا بانگەشەی بەستنی خولێکی بەپەلەی کۆمەڵەی گشتی کرد بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری یەکێتی لەپێناو ئاشتیدا. کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لەیەکی تشرینی دووەمی 1956 دا کۆبووەو بڕیاری خۆی دەرکرد لەدووی مانگدا بەراگرتنی پرۆسەی سەربازی ورێگرتن لەوڵاتانی بەشدار لەناردنی هێز یان چەك بۆ ناوچەکەو، کێشانەوەی هێزەکانی وڵاتانی دەست درێژی کار بۆ هێڵی ئاگر بەست، وکۆمەڵەی گشتی لەپێنجی هەمان مانگدا بڕیاریدا هێزێکی فریاگوزاری نێودەوڵەتی پێك بهێنی.

دەتوانین بڵێین کە خۆسەپاندن بەسەر رێکخراوەکەداو، بەتایبەت لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، کردەوەو هەرەشە یەك لەدوای یەکەکانی بەراگرتنی هاوکاریەکانی دارایی وکشانەوەی لەرێکخراوەکەو رێکخراوە تایبەتمەندەکانی کەلەچوارچێوەیدا کاردەکەنو، بەکارهێنانی مافی(ڤیتۆ) بۆ هەڵوەشانەوەی

[12] دکتۆر موفید شەهاب، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل262

بڕیارەکان بەربەستێکن لەبەردەم بڕیاردەرکردنداو، جێبەجێکردنی ئەو پابەندیانەی لەسەر ئەو بڕیارانە رێکدەخرێ کەبەناوی سەرجەم خێزانی نێودەوڵەتییەوەیەو بەو ئاقارەی کەخزمەتەو رێکدەکەوێ لەگەڵ ئامانجو سەرەتاکانی کەرێکخراوەکەی لەپێناودا دامەزراوە، بەتایبەت لەکاروبارە گرنگەکان کەئەوانە گرژیو ئالۆزی نێودەوڵەتی برەو پێدەدات، وادەکەن کەرێکخراوەکە نەتوانێ بەرۆڵی خۆی هەستێ، بەوپێیەی رێکخراوێکی جیهانییە لەڕووی ئەندامێتی گشتییەو لەڕووی تایبەتمەندییەوە دامودەزگای خۆی هەیە کەتواناو دەسەڵاتی فراوانیان پێدراوە. دانەرانی بڕوانامەکەو وڵاتانی دامەزرێنەری بڕیاریان بۆ داوەو بڕوانامەکەی لەخۆی گرتووە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کەرێکخراوەکە لەپێناویدا دامەزرێنراوە

* * * *

هێزی یاسایی بڕیارەکانی ئە نجومەنی ئاسایش

ئەنجومەنی ئاسایش ئامرازی جێبەجێکاری رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانە، دەزگایەکە گرنگترین بەرپرسیارییەتیەکانی بریتیە لەپارێزگاری کردن لەئاشتیو ئاسایشی نێو دەوڵەتیو ئەوانەی کەلەو بەرپرسیارییەتییە دەکەوێتەوە بریتیە لەگرتنەبەری رێوشوێنی پێویستو جیبەجێکردنی ئەو راسپاردانەی ئەنجومەن دەریدەکاو بڕیاری لەسەر دەدات. ئەنجومەنی ئاسایش بەیەکێك لەشەش دامودەزگا سەرەکییەکە دائەنرێ کەبڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکانی لەخۆ گرتووە لەبڕگەیەکی مادەی حەوتدا، کەبریتیە لە " کۆمەڵەی گشتی، ئەنجومەنی ئاسایش، ئەنجومەنی ئابووری کۆمەڵایەتی، ئەنجومەنی راسپێری، دادگای دادی نێو دەوڵەتی ئەمینداریێتی گشتی".

www.pertwk.com

ئەنجومەنی ئاسایش بەرپرسیاری‌یەتی جیاجیاو جۆراوجۆری بەدەستە بەپێی برگەکانی بڕوانامەی نەتەوەیەککگرتووەکان، کەچەندین مادەی بروانامەکە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنیان روونکردۆتەوە، وەك پارێزگاری کردن لەئاشتی و ئاسایشی نێو دەوڵەتی و یەکلاکردنەوەی کێشەکان و، ناکۆکیەکانی نێودەوڵەتی،و دەسەڵاتی کارگێری کەبەهاوبەشی لەگەڵ کۆمەڵەی گشتی‌دا پێی هەڵدەستێ وەك وەرگرتنی ئەندامی نوێ، دامەزراندنی ئەمینداری گشتی نەتەوەیەککگرتووەکان و چەندانی تریش.

لەبەر گرنگی ئەو بەرپرسیارییەو دەسەڵاتانەی کەئەنجومەنی ئاسایش پیادەی دەکات لەکاتی هەستانی بەئەرکەکانی ئەوانەی لێیان دەکەوێتەوە لەگرتنەبەری کردەوەی پێویست و ئەوانەی ئەو کردەوانە پێویستیان دەبێ لە راسپاردە یان بڕیار دەرکردن لەوکاتەدا هەندی بیروڕا دەرکەوتن سەبارەت بەهێزی یاسایی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش گرنگترینیان ئەو رایەیە کەدەڵێ هەرچی لەئەنجومەنی ئاسایشەوە دەربچێ هێزی یاسایی و پابەندبوونی هەیە،[13] بەبێ جیاوازی کردن لەنێوان ئەو بڕیارانەی کەئەنجومەن لەنێوان راسپاردەکانی دەریدەکات لایەنگرانی ئەم بۆ چوونە پشتیان بەشی کردنەوەی مادەی/25/ی بڕوانامەکە بەستووە کەدەقی هێناوەو دەڵێ"ئەندامانی نەتەوە یەککگرتووەکان بەڵێن دەدەن بەقبولکردنی "بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش و جێبەجێکردنی بەپێی ئەم بڕوانامەیە". بەڵام رایەکەی دی بریتیە لەو بۆچونەی کەجیاوازی دەکات لەنێوان بڕیارەکان و راسپاردەکاندا کەئەنجومەنی ئاسایش دەریان دەکات.

بڕیارەکان هێزی پابەندکردنیان هەیەو پێویستە جێبەجێبکرێن، بەڵام راسپاردەکان ئەو هێزەیان نی‌یە.[14]

رای دووەم رێك لەگەڵ دەقی مادەی/25/و مادەکانی(49،48،44،31)[15]داو مادەکانی تری بڕوانامەکە کەوشەی بڕیاری دیاری کردووەو ئەو بارودۆخانەشی

[13] بروانە هانزکسن، یاسای نەتەوەیەکگرتووەکان، لەندەن 1951، ل76

[14] د. زەکی هاشم نەتەوە یەکگرتووەکان قاهیرە، ل111، تونکین، سەرچاوەی پێشو ل129.

دەستنیشان کردووە کەئەنجومەنی ئاسایش ئەو دەسەڵاتەی بەکار دەهێنی بۆ دەرکردنی و لەبابەتەکانی تردا بڕوانامەکە وشەی راسپاردەی هێناوە کەبەکار بهێنرێ، لەو جیاکردنەوەیەی هەردوو دەستەواژەکەدا جیاوازیەك لەنێوان هەردوو بارودۆخەکەدا دەردەکەوێ، کەپشت دەبەستێ بەترسناکی ئەو بارودۆخەی خراوەتە روو ئەنجومەن بڕیاری تێدا دەدا کەبڕوانامەکە ئەو دەسەڵاتەی پێ‌بەخشیوەو ئەرکی پاراستنی ئاشتی نێو دەوڵەتی و یەکلاکردنەوەی کێشەکانی بەئاشتی پی‌سپاردووە.

ئەو تایبەتمەندی و بەرپرسیاری‌یەتیە قەبانەی خراونەتە ئەستۆی ئەنجومەنی ئاسایش پێویست دەکات لەبەرامبەردا دەسەڵاتی پێویستیشی بدرێتێ، لەپێش هەمووشیانەوە هێزی یاسایی بڕیارەکانیەتی.

لەهەمانکاتیشدا پێویستە جیاوازی لەنێوان بڕیارەکانی ئەنجومەن بکرێن لەڕووی گرنگیانەوە، چونکە ئەنجومەنی ئاسایش بەتایبەتمەندی جیاجیا هەڵدەستێ، کارێکی شیاو نی‌یە کەبەهای یاسایی ئەو بڕیارە یەکسان بێت کەئەنجومەن بۆ ئەو بارودۆخە دەری دەکات هەڕەشە لەئاشتی دەکرێ و دەبەزێنری و دوژمنکاری روودەدات لەگەڵ ئەو بڕیارەی بەهاوبەشی لەگەڵ کۆمەڵەی گشتی‌دا دەری دەکات بۆ راگرتنی ئەندامێتی و هەڵبژاردنی ئەندامانی دادگای دادی نێودەوڵەتی و چەندانی تریش.

[15] باسی هەندێ لەو مادانە دەکەین کەووشەی بڕیاری بەدق هێناوە، لەپێشەنگیانەوە مادەی /41/ کەدەڵی پێویستە لەسەر (ئەنجومەنی ئاسایش) بڕیار لە ورێ‌وشوێنانە بدات کەپێویستی بەبەکارهێنانی هێز نی‌یە بۆ جێبەجی‌کردنی بڕیارەکانی، و (مادەی /44/ کەدەڵێ" ئەگەر ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری بەکارهێنانی هێزی‌دا پێویست دەکات بانگهێشتی ئەو وڵاتە بکات کەدەیەوێت بەشدار بێت لەبڕیارەکەدا)......، و برگەی یەکی مادەی /48/ کەدەڵی"ئەو کردەوە تەوزیمیانەی بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشن..... هەموو وڵاتانی ئەندامی نەتەوە یەککگرتووەکان پێی هەڵدەستن یاهەندێ لەوان بەگوێرەی ئەوەی ئەنجومەن دای دەنێ" ومادەی 49 کەدەقی هێناوە لەسەر" ئەندامانی نەتەوە یەککگرتووەکان درێغی ناکەن لە پێشکەشکردنی هاوکاری بیرو ڕا ئالوگۆر کردن بۆ جێبەجێکردنی ئەو رێ‌وشوێنانەی ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری لەسەر دەدات".

www.pertwk.com

تونکین کەزانایەکی سۆڤیەتی‌یە رای خۆی لەسەر بنچینەی جیاوازی نێوان راسپاردەو بڕیاری پابەندکردن دەردەبڕێ بەم شێوەیە"راسپاردە تەنیا دەربرینی ئارەزووە، لەکاتێکدا بڕیاری پابەندکردن، پابەندی یاسایی دەسەپێنێ"[16]

لەوانەی سەرەوە ئەو ئەنجامە بەدەست دەهێنێ کەبڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش هێزی پابەندکردنی بەزۆریان هەیەو پێویستە جێبەجێ بکرێن، بەلام راسپاردەکانی ئەنجومەن‌و رێنمایی‌یەکانی ئەو هێزی پابەندکردنەی نییە، ئەمەش دەچەسپێ‌و دەگونجێ لەگەڵ شیکردنەوەی بابەتیانەی هەردوو وشەی"بڕیارەکان‌و راسپاردەکان" کەلەبڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتوون‌و باسکراون. ئەو توانا‌و دەسەلاتانەی کەبڕوانامەکە بەئەنجومەنی ئاسایشی بەخشیووە بەبێ دام‌و دەزگاکانی تر بۆ ئەوەیە هەستێ بەبەرپرسیارییەتیەکانی رێ‌وشوێنی سەربازی، کەبۆ پێکهاتەی ئەنجومەنی ئاسایش دەگەڕێتەوەو بوونی ئەندامی هەمیشەیی تێیدا، کەولاتە گەورەکان ئەو ئیمتیازەیان پی بەخشراوەو, بۆ بەدیهێنانی ئارەزووی ولاتە گەورەکان بڕوانامەکە دەسەلاتی فراوانی بۆ ئەنجومەنی ئاسایش تەرخان کردووە بۆ ئەوەی ولاتانی هەمیشە ئەندام هەستن بەرۆڵی سەرەکی لەدارشتنی ئەو بڕیارانەی کە ئەنجومەن بەگونجاوی دەزانێ لەگرتنەبەری رێ‌و شوێنە پێویستەکاندا لێرەوە گرنگی‌و هێزی پابەندبوون بەو بڕیارانەی کە ئەنجومەنی ئاسایش دەریان دەکات دەردەکەوێ‌و ئەو ڕۆڵە بەرچاوەش کەدەرکەوتووە بەوپێیەی دەزگای تایبەتمەندە لەکاروباری پارێزگاری کردنی ئاشتی‌و سەقامگیری‌و دابین کردنی لەکۆمەڵەی نێودەوڵەتی‌دا، بەگرنگترین دام‌ودەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان دەژمێردرێ لەبەر ئەو دەسەلاتەی هەیەتی‌و ئەو بەرپرسیاریەتییەی پێ سپێردراوە لەوانە ئەو دوو کاریگەریەی پێی هەڵدەستێ لەبواری یەکلاکردنەوەی کێشەو ناکۆکییە نێو دەوڵەتیەکانی بەئاشتی.

ئەنجومەنی ئاسایش بۆ ئەوەی بتوانێ بەو ئەرکانەی پێ‌ی دەسپێردرێ هەستی وا پێویست دەکات بەتایبەتی لەبواری پاراستنی ئاسایشی نێودەوڵەتی‌و چارەسەری

[16] تونکین، هەمانە سەرچاوەی پێشو ل128

کێشەو ناکۆکییەکانی نێودەوڵەتی بەئاشتی، کە لەنوێنەرایەتی هەمیشەیی ئەندامانی هەبێ لەبارەگای دەستەکەدا، ئەوەش لەبڕوانامەکەدا دەقی لەسەر هێناوە[17]، ئەندامانی بەوەوە پابەندکردووە، چونکە سروشت‌و فرمانەکانی ئەنجومەنی ئاسایش، لەناو تایبەتمەندی گرنگ‌و فراواندایە کەبروانامەکە پێی بەخشیووەو دەقی لەسەر هێناوەو لەبەر ترسناکی ئەو ئەرکە پێویست دەکا کاری ئەنجومەن بەشێوەیەك رێك بخرێ کەبتوانێ بەبەردەوامی بەئەرکەکان خۆی هەستێ, بەستنی کۆبوونەوەکانی دەستەبەر بکات، واتا بەبوونی نوێنەرایەتی هەمیشەیی ولاتانی ئەندام لەبارەگای دەستەکەدا (نەتەوەیەکگرتووەکان) وادادەنرێ کەئەنجومەنی ئاسایش بەبەردەوامی لەخولی بەستنی کۆبوونەوەکانی دایە.

ئەو سیاسەتەی ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا پەیڕەوی دەکات، بەپشتگیری کردنی بەردەوامی بۆ ئیسرائیلی‌و ئەو رێکخراوانەی سەر بەون، دەبێتە هۆی دروستکردنی خاڵێ گرژی‌و ئاڵۆزی زیاتر لەجیهانداو کاردانەوەی دەبێ بۆ سەر پەیوەندییەکانی ولاتان‌و بۆ سەر رۆڵی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش، بەو پێیەی بنکەیەکی رێکخستنی هەوڵ‌و چالاکییە نێودەوڵەتییەکانە بۆ گەیشتن بەبەدیهێنانی بەرژەوەندی هاوبەش‌و ئامانجەکانی رێکخراوەکە خۆی، لەهەمانکاتدا رۆڵی ئەنجومەنی ئاسایشیش لاواز دەکات بەو پێیەی دەزگایەکی سەرەکییە لەدام‌و دەزگاکانی نەتەوەیەکگرتووەکان لەبواری پارێزگاریکردنی لەئاشتی‌و ئاسایشی نێودەوڵەتیی‌و یەکلاکردنەوەی کێشەو ناکۆکییەکان بەئاشتی‌و هەروەها هێزی یاسایی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش بێ پێز دەکات.

ئامرازی دۆستانە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە نێودەوڵەتییەکان
بە پێی بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان

ئەو ئامرازانەی یەکلاکردنەوەی کیشە نێودەوڵەتییەکان پێویستی دەبێ دەگۆڕێ بەپێی سروشتی کێشەکان.

[17] برگەی یەکی مادەی /28ی بروانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان

www.pertwk.com

کێشە یاساییەکان بەڕێگەی دادگەری چارەسەردەکرێ (ناوبژیوانیو ، دادگا).

بەڵام کێشە سیاسییەکان چارەسەری بەرێگەی دبلۆماسی یان سیاسی دەبێت.

دانەرانی بڕوانامەو دامەزرێنەرانی رێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان تێدەکۆشان بگەنە کۆمەڵگایەکی نێودەوڵەتی کەسەقامگیریو گیانی هاوکاری باڵی بەسەردا بکێشێو فەرمان بەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بکات، دوای کۆتایی هاتنی جەنگی وێرانکەر، مرۆڤایەتی ناسۆری کێشا کەئێستا لەباسکردن نایەت، هەر بۆیەش بەکارنەهێنانی هێز کەدەبێتە هۆی گرژیو ناکۆکییەکانی نێودەوڵەتی بەڕێگەی ئاشتی دەسەلمێنرایەوە.

ئالەم پەرۆشیەوە بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان هاتووەو چەندین دەقی لەخۆگرتووە کەپەیوەستە بەو رێگایانەی کەبەهۆییەوە پارێزگاری لەئاشتی نێودەوڵەتی دەکرێ، بڕگەی چواری مادەی دوو دەقی هێناوە لەسەر ئەوەی کەئەندامانی دەستەکە لەپەیوەندییەکانیاندا رێگە دەگرن لەبەکارهێنانی هێزو هەڕەشە پێ کردنی، بڕگەی سێی مادەی دوو کەدەڵێ: هەموو ئەندامانی ئەم دەستەیە کێشە نێودەوڵەتییەکانیان بەئامرازی ئاشتیانە ناهێڵن. دواتر مادەی 33 ناوی ئامرازەکانی یەکلاکردنەوەی ئاشتی بردووە کەبریتیین لە: (وتووێژ، لێکۆڵینەوەو هاتنە نێوانو پێکهاتنو ناوبژیوانیو یەکلاکردنەوەی دادگەریو بریکارو رێکخراوە هەرێمییەکان).

ئەو ئامرازانەی کەلەمادە 33 هاتوون هەیانە هەر هەبووە پەیماننامەو بڕوانامە نێودەوڵەتییەکانی پێشترو رێکخراوی کۆمەڵەی گەلان دەقیان لەسەرهێناوە، هەیانە نوێیە، هەیانە ئامرازی دبلۆماسیو سیاسییە، هەشیانە دادگەرییە.

رێگەکانی یەکلاکردنەوی دیبلۆماسیو رامیاری

1ـ دانوستان یان گفتوگۆ (المفاوضات) بریتییە لەگۆڕینەوەی بیروڕای نێوان نوێنەرانی دوو وڵاتی کێشەدار لەبابەتەکانی ئەو کێشەیەی لەسەر داکۆکی دەکەنو گەیشتن بەڕێگەچارەی کاتی.

وتووێژ یان گفتوگۆ، بەڕێگەی گۆڕینەوەی بیروراکان بەسەر زارەکی دەبێ یان بەڕێگەی گۆڕینەوەی نووسراو بێ یان هەردووکیان بەیەکەوە، یان لەڕێگەی کۆنگرەیەکەوە دەبێ کەنوێنەرانی هەردوو لای ناکۆك کۆبکاتەوە، وتووێژ ئامرازێکی راستەوخۆیە کەدەتوانێ هەموو جۆرەکانی کێشەکان چارەسەربکات.[18]

وتووێژی راستەوخۆ بەکۆنترین ئامرازی چارەسەرکردنی کێشەنێودەوڵەتییەکان دادەنرێ، لایەنی باشی ئەوەیە چونکە سیفەتی نەرمی پێوە دیارەو لەتوانایدایە کێشەکە لەنێوان دوو وڵاتی ناکۆکدا چرکاتەوە.

2ـ ناوبژیکردن (الوساطة): کردارێکی خۆبەخشانەیە وڵاتێك پێی هەڵدەستێ بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێوان وڵاتانی ناکۆك.

وڵاتی ناوبژیوان بەشداری وتووێژەکان دەکات کەلەنێوان لایەنە ناکۆکەکان دەکرێ بەئامانجی ئەوەی ناکۆکییەکە هێوربکاتەوە، وڵاتی ناوبژیوان پێشنیازی ئەو رێگە چارانە دەکات کەبەگونجاوی دەبینێ بۆ چارەسەری ناکۆکییەکە، لەبەرئەوەی ناوبژیکردنی کردارێکی خۆبەخشانەیە، وڵاتانی ناکۆك دەتوانن پێی قایل بن یان رەتی بکەنەوە، ئەو پیشنیارەی وڵاتی ناوبژیکار دەیکات لایەنەکانی کێشەکەی پێوە پابەند ناکرێ لەهەر سێ بارەکەدا، کاتێ کەوڵاتەکە خۆیبەوە هەستێو لەخۆیەوە، یان لەسەر داوای لایەنەکانی کێشەکە بەو کارە هەڵبستێ، یان لەسەر داوای یەکێ لەلایەنەکانی کێشەکە بێ.

دەشێ ناوبژیکار هەر وڵاتێك بێت کە، یان رێکخراوێکی نێودەوڵەتی بێت، یان کەسێکی دیاری بێت لایەنەکانی کێشە هەڵیدەبژێرن.

ئەو ئەنجامە سازندانەی کەناوبژیکردن وەبەری هێناو، وەك ئامرازێك لەئامرازەکانی یەکلاکردنەوە لەچارەسەری کێشەکانی نێودەوڵەتیدا هاندەرێك بوو بۆ ئەوەی لە کۆنگرەکاندا باسبکرێو لەبڕوانامەو رێککەوتنە نێودەوڵەتییەکاندا جێگێربکرێو رەنگێکی پابەند کردنی بدرێتێو بڕیارەکانی بەناچارکردن جێبەجێ بکرێن، وەك رێگەیەك بسەپێنرێ کەپێویستە پەیرەوبکرێ بۆ چارەسەری کێشە

[18] میخائیل لینۆفیسکی هەمان سەرچاوەی پێشوو ل402

www.pertwk.com

کتوپڕەکان، لەو پەیماننامانەی سەپاندویانە پەیماننامەی پاریس ساڵی 1856 بەسەر وڵاتانی لایەندا سەپاندی بۆ کەمکردنەوەی ئەو کۆسپانەی کەدروست دەبوو لەنێوان دەوڵەتی عوسمانیداو یەکێ لەو لایەنانەی ئیمزایان کردبوو ئەوەشی‌کە پەیماننامەی بەرلینی ساڵی 1885 بەسەر هەموو وڵاتانی لایەندا سەپاندیوبەپێویستی دانا، پەنابەرن بۆ ناوبژیکردن لەلایەن وڵاتێکەوە یان چەند وڵاتێك لەکاتی هەڵایسانی کێشەیەك کە لەنێوانیاندا سەبارەت بەو ناوچانەی کەدەکەونە دەوروبەری گۆمی کۆنگۆوە.

دوای ئەوانەش رێککەوتننامەکانی ساڵەکانی (1899–1907) بۆ رێکخستنی ناوبژیکردن، هاتنە ئاراوە. مادەی دووی رێککەوتننامەی لاهای ساڵی 1907 دەقی هێناوە لەسەر سەرەتای ناوبژیکردن سوود لێوەرگرتنی پێش ئەوەی پشت بەچەك ببەسترێ بەڵام بەدوایدا دەستەواژەی "بەو پێیەی بارودۆخەکە بوار بدات"ی هینابوو، رێککەوتننامەکانی لاهای ناوبژیکردنی دوو لایەنەیان رێکخستبوو.

ئەویش بەورێگەیە دەبوو کەهەردوو وڵاتی ناکۆك هەریەکە بۆ خۆیان وڵاتێکی بێگانە هەڵبژێرن بۆ ئەوەی هەستێ بەوتووێژکردن بۆ گەیشتن بەچارەسەری ئەو کێشەی کەلەئارادایە، هەروەها کۆنگرەی بۆینس ئایرسی ئەمریکی ساڵی 1936 خۆی لەقەرەی رێکخستنی ناوبژیکردن داوە، وەك ئامرازێکی سەرکەوتوو بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان وڵاتانی ئەمریکایی، بەمەرجێ کەئەوەی بەناوبژیکردن هەڵدەستێ لەو کەسایەتیانەبن کەپایەی گرنگیان هەیە، کەلەنێوان لستێکدا هەڵدەبژێردرێن، کەپێشتر ئامادەکراوەو ناوی ئەو کەسانە دەگرێتەوە کەکۆمارەکانی ئەمریکایی دایدەمەزرێنن بەرێژەی دووکەس بۆ هەر وڵاتێك[19]

[19] د. سەموحی فوقە ئەلعادە، سەرچاوەی پێشووی ل771–772“ فواد شوبات سەرچاوەی پشوو ل575“ د. شافعی محەمەد بەشیر یاسای نێودەوڵەتی گشتیی کاتی شەڕو ئاشتی، ئەلمەنصورە 1976 ل523–524.

3ـ لێکۆڵینەوە (التحقیق)، هەوڵدەدات بۆیەکلاکردنەوەی ئەو ناکۆکیانە کەوتوونەتەوە لەنێوان لایەنەکانی کێشەکەدا بەرێگەی لێکۆڵینەوە لەو رووداوو بابەتانەی کە لەسەری ناکۆکن.

لێکۆڵینەوە ئامرازێکی نوێیە لەو ئامرازە ئاشتییانەی چارەسەری نێودەوڵەتییەکانی پێدەکرێ لەکۆنگرەی لاهای ساڵی 1899 هێنرایە کایەوە بۆ ناو ئەو ئامرازانەی کێشە نێودەوڵەتییەکانی بەئاشتی پێ یەکلادەکرێتەوە.

بەڵام کۆنگرەی لاهای دووەمی 1907 کردەوەو سەرەتاکانی لێکۆڵینەوەی داناو رێکیخستو لیژنەکانی بۆ پێکهێنا، بانگەشەی بۆ وڵاتە ناکۆکەکان کرد کە پەنابەرن بۆ لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی بەرێگەی پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی‌بۆ ئەوەی بەوردی لەرووداوەکە بکۆڵێتەوە کەبووتەوە هۆی کێشەو ناکۆکی، دواتر لە دوو توێی ئەو کێشە نێودەوڵەتیانەدا چڕی کاتەوە کەبەرژەوەندی ژیاری یا شەرەفی دەوڵەت ناڕوشێنێ، بەڵام رێککەوتننامەی لاهای سەربەستی پەنابردنی بۆ لێکۆڵینەوە بۆ وڵاتان هێشتەوە.[20] ئەرکی لیژنەکانی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی بریتییە لەدیاریکردنو نووسینەوەی راستی رووداوەکانی کەلەسەری ناکۆکن بۆ ئەوەی یارمەتی چارەسەرکردنی کێشەکە بدات، لایەنە ناکۆکەکان بۆیان هەیە کار بەراپۆرتی لیژنەکە بکەن، ئەو پێشنیازانەش لەخۆدەگرێ کەچارەسەری کێشەکەی پێدەکرێ، هەروەها بۆشیان هەیە کاری پێ نەکەن، واتا راپۆرتی لیژنەکە بەزۆر لایەنەکانی پێوەپابەند ناکرێ لەوانەشە لایەنە کێشەدارەکان پەنابەرن بۆ رێگەچارەییەکی تر لەئامرازەکانی یەکلاکردنەوەی دۆستانە.

چەمکی لێکۆڵینەوە پێشکەوتنی بەخۆوەو بینی چەندین لا هەوڵیاندا بۆ ئەوەی بکرێت بەئامرازێکی پابەند کردنی بەزۆر لەئامرازەکانی یەکلاکردنەوەی ئاشتییانە، چەندین پەیماننامەی نێودەوڵەتییە دوو قۆڵیو[21] بەکۆمەڵەکان لەخۆیان گرت

[20] مادەی نۆ لەرێککەوتننامەی لاهای دووەم.

[21] پەیماننامەی بریان سەبارەت بە وەزیری ئەمەریکی، ئەو پەیماننامە دووقۆڵییەی کەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەستی لەگەڵ وڵاتە ئەوروپیی و ئەمریکی و ئەفریقیی و

www.pertwk.com

هەروەها رێکخراوە جیهانییەکانیش وەك کۆمەڵەی گەلان، لەکۆتایشدا بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان دەقی لەسەر لێکۆڵینەوەکە هێناوە لەهەردوو مادەی (33و43)دا.

یەکەمین جار لێکۆڵینەوە کەجێبەجێکرا ساڵی 1904 بوو، لەرووداوێکی دەستدرێژی کردنی پاپۆڕە جەنگییەکانی روسیادا بۆ سەر پاپۆڕەکانی راوکردنی ئینگلیزی کەبەهەڵە بەپاپۆڕەکانی یابانیان زانیبوو بووە هۆی نقومبوونی پاپۆڕێك و کوشتن و بریندارکردنی چەند دەریاوانێك، لەسەر پێشنیاری فەڕەنسا لیژنەیەکی نێودەوڵەتی بۆ پێکهێنراو ئەرك و تایبەتمەندییەکانیان دیاریکرا لەراگەیاندنی پیتەرسبۆرگ لە 12ی تشرینی دووەمی ساڵی 1904دا، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە سەرزنشتکردنی روسیا بوو، ئەوەش ناچاری کرد قەرەبووی زیانەکانی رووداوەکە بکاتەوە، ئەو رووداوە ئێستاش بەرووداوی پاپۆڕی دوکربنك بەناوبانگە لێکۆڵینەوە وەك ئامرازێکی یەکلاکردنەوە, چەندین جار لەسەردەمی کۆمەڵەی گەلاندا بەکارهێنراوە، بۆ نموونە، پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی کێشەی موسڵ بۆ دەستنیشانکردنی سنووری نێوان تورکیاو عیراق، و پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە لەئەنجامی رووداوی سنووری نێوان یۆنان و بولگاریا بۆ دیاریکردنی بەرپرسیارێتی دەست درێژیکار، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیش بەرەزامەندی ئەنجومەنی کۆمەڵە لەسەر راپۆرتی لیژنەکە سەرزنشتی یۆنان کراو ناچارکرا قەرەبووی ئەو زیانانەی کەوتبوونەوە بکاتەوە.

لێکۆڵینەوە تائیستا یەکێکە لەو ئامرازانەی نەتەوەیەکگرتووەکان پشتی پێدەبەستێ لەکێشەکانی نێودەوڵەتیدا کەدەخرێتە بەردەستی، سەرەڕای ئەوەش لیژنەکانی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی نەگەیشتوونەتە چارەسەر لەچەندین دۆزی

ئاسیاییەکان، کەبەسێ پەیماننامە دەخەملێندرێ کەلەنێوان 1913 تا 1915 ماوەی Wj.Bron کەکاری وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایی بوو کە ئەو پەیماننامە ناونرا بەبریان ناسراو بوو کەئامرازێك بوو بۆ وەدیهێنان و پێویستی رەوانەکردنی کێشەکان بەلیژنەی لێکۆڵینەوە لەکاتی داواکردنی یەکێك لەلایەنەکانی کێشەکە.

گرنگدا، بۆ نموونە دۆزی گەلی فەلەستینی و، لیژنەی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی کەنەتەوەیەکگرتووەکان رەوانەی کردبوو بۆ فەلەستین بۆ گەڕان بەدوای راستی رووداوەکاندا پێش دەرکردنی بڕیاری دابەشکردن، لیژنەکە راپۆرتی خۆی پێشکەشکرد بەدابەشکردنی فەلەستین.

لەئەنجامی کردەوەیەکی فێڵاوی کە زایۆنیزم پێی هەستاو بەپشتگیری کردنی وڵاتانی ئیمپریالستی و بارودخۆی باو لەو سەردەمەدا، ئەندامێتیێ ئیسرائیل لەرێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا قبوڵکرا کەلیژنەکە نەیتوانی بەشێوەی خوازراو بەکارەکانی هەستێ دەگەڕێتەوە بۆ کرداری خۆسەپاندن بەسەر رێکخراوی نێودەوڵەتیداو،بەدەست نەهێنانی رەزامەندی پێویست لەسەری، کە پێویستی بەتێکڕای دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش هەیە.

4ـ پێکهاتن- (التوفيق): واتە هەوڵدەدان بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو ناکۆکیەی لەئارادایە لەنێوان لایەنەکانی کێشەکەدا بەڕێگەی لێکۆڵینەوە لەکێشەکانیان و بە (پشکنینی روداوەکان)، پێشکەشکردنی راپۆرتێك کەپێشنیاری چارەسەرکردنی ئاشتی بۆ کێشەکە لەخۆدەگرێ.

پێکهاتن بەئامرازێك لەئامرازە نوێیەکان دەژمێردرێ، لەسیستمی یەکلاکردنەوەی ئاشتییانەی چارەسەرکردنی کێشەنێودەوڵەتییەکان، سەرەڕای ئەوەی لەو ماوەیەی کەلێکۆڵینەوە هاتبووە ئاراوە ئەم دەرنەکەوتبوو ولەرێکەوتنەکانی لاهاییدا، دەقێکی یاسایی بۆ دانەرێژرابوو بەڵام لەئەنجامی ئەو کەموکوڕیانەدا ئەویش هاتە کایەوە کەلەدەسەڵاتی لیژنەکانی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتیدا هەبوون ، وکورت کرابوونەوە لەسەر پێشکەشکردنی راپۆرتەکانیان دوای دیاریکردنی رووداوە بەرجەستەییەکانی کێشەکە.

بڕیاری لیژنەکانی پێکهاتن هیچ هێزێکی پابەندکردنی تێدانییە، وڵاتانی ناکۆك بۆیان هەیە بەو بڕیارانەوە پابەندبن یان رەتیان کەنەوە.

www.pertwk.com

چەندین پەیماننامەی دووقۆڵی[22] و ڕێکەوتنە بەکۆمەڵەکان[23] دەقیان هێناوە لەسەر شێوازی پێکهاتن وەك ئامرازێك لەئامرازەکانی یەکلاکردنەوەی دۆستانە بۆ چارەسەری کێشە نێودەوڵەتییەکان.

بەو پێیەی کە پێکهاتن بریتییە لەئامرازێکی نوێ لە سیستمی ئامرازەکانی یەکلاکردنەوەی ئاشتیانە بۆ چارەسەری کێشە نێودەوڵەتییەکان، پەیماننامەی جیاجیای بۆ هاتەکایەوە وەك پەیماننامەی پێکهاتنی ئەسکەندەنافی کەبەوە دەرکەوت شێوازێکی یەکگرتووی بۆ پێکهاتن دانا کەدەکرێت بچەسپێندرێ لەهەموو کێشەکاندا، پەیماننامەکانی پێکهاتن‌و ناوبژیوانی پۆلۆنیا کەشێوازێکی دوولایەنەی گرتەبەر بۆ چارەسەری هەموو کێشەکان بەدوو قۆناغ، یەکەمیان بەپێکهاتن دەست پێدەکا ئەگەر سەرنەکەوت هەردوولا پەنا بۆ ناوبژیوانی وەك، پەیماننامەکانی ناوبژیوانی‌و پێکهاتنی ئەڵمانی، کە ڕێگەی ناوبژیوانی دەچەسپاند لەکێشە یاساییەکانداو، ڕێگەی پێکهاتنیش بۆ ئەو کێشانەی سروشتی سیاسیان هەبوو، پەیماننامەکانی پێکهێنان‌و یەکلاکردنەوەی دادگەری کەئەمیش کۆکاری دەکات لەنێوان هەردوو ڕێبازەکەدا، پەیماننامەکانی پێکهاتن‌و ناوبژیوانی‌و یەکلاکردنەوەی دادگەری ئەمیش شێوازێکی تێهەڵکێشی پەیماننامەی لۆکارنۆی ساڵی 1925 وەریگرتووە بنەمای بۆ ئاشتبووەنەی نێودەوڵەتی داناوە.[24]

ئەولیژنەیەی کەبەپێکهاتن هەڵدەستێ لەسێ تا پێنج ئەندام پێکدەهێنرێ، لەپێکهێنانیدا نوێنەری وڵاتی سێیەم دادەنرێ، بەمەرجێ لەپەیماننامەکەدا دەقی لەسەر هاتبێ. پەیماننامەکە دەقی لەسەر ڕێگەی چۆنیەتی دانانی لیژنەی پێکهاتن هێناوەو پابەندی کردووە کەپەنابەرنە بەر پێکهاتن ئەگەر یەکێك لەلایەنەکانی کێشەکە ئەوە داوا بکات، بەڵام بڕیارەکانی پابەندکردنی تێدانییە، وڵاتان بۆیان هەیە دوای سەرنەکەوتنی ڕێگەی یەکلاکردنەوەی دبلۆماسی‌و سیاسی پەنابەرنە بەر

[22] ڕێککەوتنامەی لۆکارنوی ساڵی 1925

[23] بڕوانامەی ژنێڤی گشتی /بڕوانامەی ناوبژیوانی گشتی/ 1928

[24] د. فوئاد شوبات سەرچاوەی‌پێشووی ل571" د.سەموحی فەوقی ئەلعادە سەرچاوەی پێشووی‌ل778-779

ناوبژیوانی یان یەکلاکردنەوەی دادگەری چونکە بڕیارەکانی ئەمان پابەندکردنی تێدایە سەبارەت بەلایەنەکانی کێشەکە.

پێکهاتن وەك ڕێگەیەك لەڕێگەکانی یەکلاکردنەوەی ئاشتی بۆ کێشە نێودەوڵەتییەکان کردەوەکانی بەوە دەردەکەوێ کەلیژنەکەی لەسێ لایەن پێکدەهێنرێ، هەدوو لایەنی کێشەکەو لایەنی سێیەم کەبەقایلبوونی هەردوو لای کێشەکەش دیاریدەکرێت، کەواتە گونجاندنێك هەیە لەپێکهێنانی لیژنەی پێکهاتنی نێودەوڵەتیدا، ئەو لیژنەیە دوای ئەنجامدانی ئەرکەکانی هەڵدەستێ بەپێشکەشکردنی ڕاپۆرتێك بۆ لایەنەکانی کێشەکە کەپێشنیار لەخۆدەگرێ سەبارەت بەچارەسەری کێشەکە، ئەو لیژنەیە لەکاتی هەستان بەئەرکەکانی ڕێنمایی دەکرێ بەبنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی، لیژنەکە ڕەچاوی بەرژەوەندییەکانی لایەنە ناکۆکەکان دەکات.[25]

سەرای ئەوەی پێکهاتن (ئاشتبونەوە)ی تازە لەئارادایە وەك ئامرازێك لەئامرازەکانی یەکلاکردنەوەی ئاشتی کێشەکانی نێودەوڵەتی، بارودۆخی کەم هەیە کەتیایدا پەنا برابێتەبەری، بەڵام وڵاتان لەنێوان ئەو ئامرازانەدا هێناویانە کە بەپێویستی دەبینن پەنای بۆ ببرێ بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانیان، ڕێکخراوە هەرێمی‌و نەتەوەیەکگرتووەکانیش کەلەدەقی مادە 33ی بڕوانامەکەیدا پێکهاتنی هێناوە وەك ئامرازێك لەئامرازەکانی ئاشتی کەلایەنەکانی کێشە پەنا بۆ ئەو یان بۆ ڕێگاچارەکانی بەرن[26].

5ـ ڕێکخراوە هەرێمییەکان (المنظمات الاقليمية): لەبەرگرنگی ئەو ڕۆڵەی کە کۆنگرەو پەیماننامە نێو دەوڵەتییە دووقۆڵی‌و بەکۆمەڵەکان گێرایان لەسەقامگیرکردنی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکانی نێو دەوڵەتی کەئێستا بوونەتە سەرەتایەك لەسەرەتاکانی یاسای نێودەوڵەتی سەردەم، سەردەمی کۆمەڵەی گەلان ئامرازێکی نوێی خستەسەر ئامرازەکانی یەکلاکردنەوەی ئاشتیانەی کێشە

[25] سلاڤا سیتڤانوڤا، سەچاوەی پێشوو ل77

[26] برگەی چوار لەمادەی سێ‌و مادەی‌نۆزدە لەبروانامەی ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقیا.

www.pertwk.com

نێودەوڵتییەکان و لەبڕوانامەکەیدا دەقی لەسەرهێنا کەئەویش پەنابردنە بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.

دەسەڵات و توانای دابوو بە ئەنجومەنی کۆمەڵەو کۆمەڵەی گشتی بۆ تێڕوانین لەکێشەکان پێشتر باسی ڕۆڵی هەریەك لەکۆمەڵەو ئەنجومەنمان کردووە لەبواری پارێزگاری کردن لەئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و نەهێشتنی کێشەکانی نێودەوڵەتی بەئاشتی، نموونەی ئەو کێشانەمان باسکرد کە کۆمەڵەی گەلان توانیویەتی یەکلایان بکاتەوە.

بڕوانامەی کۆمەڵەی گەلان[27] لایەنەناکۆکەکانی پابەند نەکردبوو کەکێشەکایان بخەنە بەردەست ئەنجومەن یا کۆمەڵەی گشتی، بەڵکو دەقی هێنابوو کەپێویستە چارەسەری ناکۆکییەکانیان بەڕێگەی ئاشتی بکەن، واتا لایەنە ناکۆکەکان مافیان هەیە پەنابەرنە بەرهەریەکێك لەئامرازەکانی، دبلۆماسی یان ناوبژیوانی، یان یەکلاکردنەوەی دادگەری یان ڕێگەچارەی سیاسی لەڕێگەی کۆمەڵەی گەلانەوە.

کۆمەڵەی گەلان پەنابردنی بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان داهێنا وەك ڕێگەیەك لەڕێگاکانی دۆستانە بۆ چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتییەکان.

سەرەڕای سەرکەوتنی کۆمەڵەی گەلان لەچارەسەرکردنی هەندێك کێشەی نێودەوڵەتی و سەرنەکەوتنی لەوانی تر، بەڵام هەستکردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دامەزرێنەرانی ڕێکخراوەی نێودەوڵەتی نوێ (نەتەوەیەکگرتووەکان) زۆرتر بوو بەگرنگیدان بەو ڕۆڵەی کە لەداهاتوودا ئەم ڕێکخراوە تازەیە دەیگێڕێ و کارا دەبێت لەبارێکدا ئەگەر وڵاتانی ئەندام هاوکاری بکەن بۆ ئەوەی ڕێکخراوەکە بتوانێ ئامانجەکانی بێنێتەدی و، هاوکاری و یارمەتیخوازراو پێشکەش بەلقەکانی بکرێ بۆ ئەوەی بەبەرپرسیارێتییەکانی هەستی بەپشت بەستن بەسەرەتای دابەشکردنی تایبەتیمەندییەکان.

[27] مادەوکانی (12،13،14) لەبڕوانامەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کەدەقەکانیان لەسەر ئامرازە ئاشتییەکانە بۆ کێشە نێودەوڵەتییەکان.

دامەزرێنەرانی نەتەوەیەکگرتووەکان گرنگییەکی تایبەتیان بەپاراستنی ئاسایشی نێودەوڵەتی‌دا کەپشت دەبەستێ بەتوانای یەکلاکردنەوەی کێشەکان یەکلاکردنەوەیەکی ئاشتی و دۆزینەوەی ئەو دام و دەزگایەی کەدەتوانێ بەو دوو ئەرکە هەستێ و دەسەڵاتی پێویستی لەو ڕوانگەیەوە پێ بدرێ، بڕوانامە کە بەشی شەشەمی تەرخانکردووە بۆ چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتییەکان بەئاشتی، هەروەها بەشی هەشتەمیشی بۆ ڕێکخراوە هەرێمییەکان تەرخانکردووە بۆ ئەوەی لەو بوارەدا بەڕۆڵی خۆیان هەستن.

بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەو ئامرازانەی ژماردووە کەچارەسەری کێشەکانی بەئاشتی پێدەکرێ و ئارەزووی هەڵبژاردنی هەر ئامرازێکی بۆ وڵاتان هێشتۆتەوە کەبەگونجاوی دەبینێ بۆ کێشەکەی، جائەگەر لەو ڕێگەچارانە بوو کە لەمادەی 33دا هاتووە یان هەر ئامرازێکی تر کەخۆیان هەڵیبژێرن.

بەڵام بڕوانامەکە دەسەڵاتی فراوانی داوە بە ئەنجومەنی ئاسایش لەبواری چارەسەرکردنی کێشەکان بەئاشتی زیاتر لەوەی کەکۆمەڵەی گەلان بەئەنجومەنی کۆمەڵەی بەخشیبوو هەروەها بەهەمان شێوەش بۆ کۆمەڵەی گشتی.

بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان پابەندبوو بەدابەشکردنی تایبەتمەندیەکان لەنێوان دام و دەزگاکانی(لقەکانی) ڕێکخراوەکە، سەرەرای ئەوەش لەهەندێ کاتدا لەدەسەڵاتی خۆیان تێدەپەڕن بەڵام بڕوانامەکە هەر پابەندە بەو سەرەتایەوە.

پێشتر ئاماژەمان بۆ دەسەڵاتی هەریەك لەئەنجومەنی ئاسایش و کۆمەڵەی گشتی کردووە لەبواری یەکلاکردنەوەی کێشەکاندا بەئاشتی ڕۆڵی هەریەکێکمان دیاری کرد لەپارێزگاری کردن لەئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، بەڵام ڕۆڵی ڕێکخراوە نێو دەوڵەتی‌یە هەرێمیەکان لەبواری یەکلاکردنەوەی ئاشتیانەی کێشەکاندا بەدوورو درێژی لەبەشی داهاتووی ئەم باسەماندا لێی‌دەدوێین.

6- کۆششی‌چاکەخوازانە (المساعی الحمیدة)

بریتی‌یە لەکرداری دۆستانە کە وڵاتێك پێی هەڵدەستێ هیچ پەیوەندی بەو کێشەیەی کەئێستا لەئارادایە بەڵکو ئەو کۆششەیان لەپێناو یەکلاکردنەوەی ئاشتیانەی کێشەیەکی نێودەوڵەتی‌یە کەئێستا لەکایەدان بۆ ئەوەیە لەتەشەنەکردنی

www.pertwk.com

خۆبپارێزن بەبی ئەوەی بەشداری وتووێژەکانی نێوان وڵاتانی کێشەدار بکات، بەڵکو کۆششەکەی بریتی‌یە لەنزیکخستنەوەی بیرو بۆچونەکانی لایەنە ناکۆکەکان‌و نەهێشتنی ئەو کۆسب‌و تەگەرانەی کەهەن.

سەرەڕای ئەوەی واباوە کە(کۆششی پیاوچاك) وڵاتێك پێی هەڵدەستی بەلام لیژنەیەك هێنراوەتەوە کایەوە لەلایەن رێکخراوی وڵاتانی موسڵمانەوە بۆ هەوڵدان‌و چونە نێوان عێراق‌و ئێرانەوە بۆ راگرتنی جەنگەکەیان.

سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵ‌و تێکۆشانە لیژنەکە کۆششی بۆ کردو ئەو سەردانانەی کەبۆ هەریەك لەعێراق‌و ئیران کردی‌و ئەو پەیوەندی‌یە چروپڕانەی ئەو چاوپێکەوتنانەی پێی هەستا بەڵام جەنگەکە هەشت ساڵی تەواو بەردەوام بوو .

بروانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان باسی لەکۆششی سازاندن نەکردووە لەنێوان ئەو ئامرازانەی کەلەمادە/33/ دا هێناونی، کەلەوانەیە هۆکارەکەی بگەرێتەوە بۆ ئەو رۆڵە سنووردارەی تیایدا چڕ دەبێتەوە بۆ ئەو وڵاتەی کەپێی هەڵدەستی کەتەنها بریتی‌یە لەکۆششکردن بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بەرێگای نزیکخستنەوەی بۆچوونەکان، بەڵام وڵاتانی ناوبژێکار، بەشدار دەبی لەگفتوگۆو تاوتوی کردن‌و دۆزینەوەی چارەسەرەکان کەئەمە رۆڵێکی زیاتر کاریگەر بەناوبژی کردن دەبەخشێ کەزیاتر بەرچاوە لەناو سیستمی یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێودەوڵەتی بەئاشتی.

- رێگەکانی دادگەری – الطرق القضائية-

مادەی/33/ لەبڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان هەردوو رێگەی ناوبژیوانی‌و یەکلاکردنەوەی دادوەری لەنێوان ئەو ئامرازانەدا هێناوە کە کێشەکانی بەئاشتی پی یەکلادەکرێتەوە.[28]

[28] پێویستە لەسەر لایەنەکانی ئەو کێشانەی کەبەردەوام بونیان پاراستنی ئاشتی‌و ئاسایش بەرەو مەترسی دەبەن کە هانا بۆ چارەسەرکردنی بەرن لەسەرەتای دەست کردنیان بەرێگەی ووتوێژکردن... ناوبژیوانی‌و یەکلاکردنەوەی دادگایی"

بروانامەکە ئەنجومەنی ئاسایشی پابەنکرد کەکاتێ راسپاردەکانی پێشکەش بەلایەنەکانی کێشەکە دەکات بەو کردەوانەی کەبەگونجاوی دەزانێ بۆ چارەسەری کێشەکە ئەوە فەرامۆش نەکەن کەدەبێ کێشە یاسایی‌یەکان لەلایەن خاوەن کێشەکانەوە بخرێنە بەردەست دادگای دادی نێو دەوڵەتی.[29]

یەکەمین ئاماژە بۆ دادگای دادی نێو دەوڵەتی کەلەبڕوانامەکەدا ئاماژەی بۆ کرابێ لەبرگەی یەکی مادەی حەوتدا ئەو دەستانەی ژمارە دوو پێك دەهێنرێ‌و پاشان دەبن بەلقێکی نەتەوەیەکگرتووەکان یەکێك لەو لقانە دادگای دادی نێو دەوڵەتی‌یە.

بڕوانامەکە بەشی چوارهەمی بۆ دادگای دادی نێو دەوڵەتی تەرخان کردوە کەلە مادەی /92/ ی هەتا/96/ پێك هاتووە، مادەی/92/ پێناسی دادگای دادی نێو دەوڵەتی دەکات، بەوەی ئامرازێکی دادوەری سەرەکی نەتەوەیەکگرتووەکانە بەپێی سیستمی بنچینەیی پاشکۆ بەبروانامەکەوە بەکارەکانی خۆی هەڵدەستی ورێگەکانی دادوەری بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان، ناوبژیوانی‌و دادوەری دەگرێتەوە.

1- ناوبژیوانی، بریتی‌یە لەڕوانین لە کێشەکە بەپێی زانیاری کەسێك یان دەستەیەك کەلایەنە ناکۆکەکان پەنای بۆ دەبەن وەپابەندیش دەبن بەجێبەجێ‌کردنی ئەو بڕیارانەی دەری دەکات سەبارەت بەکێشەکەیان.[30]

رێکەوتنامەی لاهای گرنگی زۆری داوە بەناوبژیوانی نێودەوڵەتی وەك ئامرازێك لەئامرازەکانی یەکلاکردنەوەی ئاشتیانەی کێشەکان، وپێناسی ناوبژیوانی کردووە بەوەی"ناوبژیوانی بریتیە لەو رێگەچارەیەی ئامانجی یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێوان وڵاتانە بەهۆی دادگایەکەوە کەلەسەر بنچیینەی رێزگرتنی یاسا دیاری دەبی.[31]

(دۆبۆی)، باس لەناوبژیوانی دەکات بەوەی رێوشوێنێکی نموونەیی‌یە بۆ کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی، لەیاسای نێودەوڵەتی‌دا لەبریتی دادگا دائەنری لەکاتی

[29] مادەی /36/ لەبروانامەی نەتەوە یەککگرتووەکان.

[30] د. عەلی سادق ئەبولهێف، سەرچاوەی پێشو ل743

[31] مادەی/37/ لەرێکەوتنامەی لاهای ساڵی 1907 کەلەدەقی بلغاریەوە وەرگێراوە، یاسای نێو دەوڵەتی گشتی کۆمەڵێ پەیماننامەو بروانامەی یاسای لەئامادەکردنی سلاڤا ستیڤانوڤا، نیکولای میخایلۆف، بەشی دووەم صوفیا 1974 ل376.

www.pertwk.com

نەبوونیدا لەراستیدا ناوبژیوانی ئاماژە بەهێنانە ناوەوەی توخمێکی بابەتیانە دەکات لەپڕوپاگەندەکانی هەردوو لایەنی کێشەکەدا، لەبەر ئەوەی فەرمانی ناوبژیوانی هەڵسوکەوت و دەسەڵاتی سەربەخۆی هەیە، وڵاتانی ناکۆك هەوڵدەدەن ئەو کردەوانە شێوازێکی گری بەستنی هەبێ.[32]

ناوبژیوانی نێو دەوڵەتی بەئامرازێکی دێرینی ئامرازەکانی یەکلاکردنەوەی ئاشتیانە دائەنرێ بۆ چارەسەری کێشەکانی نێو دەوڵەتی، لەسەردەمە دێرینەکانەوە وڵاتان پەنایان بۆ ناوبژیوان بردووە، یۆنانیەکان ئەم شێوەکارەیان ناسیوە لەکاتی چەسپاندنیدا بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێوان شارەکانی یونانیدا. پەیڕەو کردووە بەدرێژایی پێشکەوتنی مێژوویی ئەم رێگەیانەی خوارەوە یان بۆ نابژیوانی پەیڕەوکراون :-

ا- ناوبژیوانی بەهۆی سەرۆکی وڵاتانەوە، ئەم رێگەیەی ناوبژیوانی جێماوی نەریتە کۆنەکانی ئەوروپای کۆنە کەئەو سەردەمە سەرۆکیان بەسەرچاوەی دادوەری و دەسەڵاتی سیاسی دائەنا، ئەم رێگەیە لەسەدەکانی ناوەراستدا پەیڕەو دەکرا، ئەوکات پاپا هەڵدەستا بەناوبژیوانی ئەو کێشانەی لە ئیمبراتۆریەتی رۆمانیدا دروست دەبوون وئیمبراتۆری ئەڵمانی هەڵدەستا بەناوبژیوانی کردنی ئەوانەی کەلەئیمبراتۆریەتی ئەڵمانیادا بەرپا دەبوون ویەکسانی نێوان وڵاتانیان دەچەسپاند.

لەسەدەی شانزەهەمداو بەکاریگەریەتی سەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوایەتی گەورە سەرەتای یەکسانی فەرمانڕەوا بوو بەسەر پەیوەندیی یەکانی نێو دەوڵەتیدا لەئەنجامی ئەوەدا دەسەڵاتی پاپا لاوازو بەرەو نەمان چووە ئیمپراتۆریەتیش کەوتە دەست میرنشینەکان هەر میرێك بوو بەئیمبراتۆری میرنشینی خۆی و دەسەڵاتی دادوەریشی هەبوو .

ب- ناوبژیوانی بەهۆی لیژنەی تێکەڵاوەوە ، ئەم دوو شێوازەی لەخۆگرتووە یەکەمیان ئەو لیژنەیەیە کە لەدوو ئەندام پێك دێت و هەریەکەیان نوێنەرایەتی لایەنێکی کێشەکە دەکات، شێوازی دووەمیشیان لەسێ تا پێنج ئەندام پێك

[32] رینە جای دۆبۆی یاسای نێو دەوڵەتی، وەرگێرانی د. سەموحی فوقە ئەلعادە. بیروت 1983 چاپی دووەم ل59.

دەهێنرێ و (ئەندامێك یان دوو ئەندام) نوێنەرایەتی لایەنەکانی کێشەکە دەکەن و ئەندامێکی بێلایەنیش کەهەردوولا دیاری دەکەن لەهاووڵاتیان هەڵدەبژیردێ.

ئەم جۆرە ناوبژیوانییەتییە لەگەڵ کێشەکانی سنووری نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئینگلتەرە هاتە کایەوە لەسەدەی هەژدەهەمدا.

ج- ناوبژیوانی بەهۆی دادگاوە، ناوبژیوانی بەهۆی کەسانێکی بێلایەنەوە دەکری کەلێهاتووی زانستی بەرزیان هەیە وبەڵگەو بریارەکانیان لەدەقە سیاسییە کانەوە وەدەست دەهێنن، وەکێشەی (باما) بەیەکەم هەنگاوی نوێ دادەنرێ بۆ چارەسەری کێشە نێو دەوڵەتیەکان بەرێگەی ناوبژیوانی، کێشەی (باما) ئەوە بوو کەدەسەلاتدارانی ئینگلیزی پاپۆرێکی جەنگیان نارد بۆ یارمەتی دانی شۆرشگێرانی وڵاتەکانی باکوور لەجەنگی جیابوونەوەی ئەمریکیدا.

دوای کۆتایی هاتنی جەنگ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا داوای لەئینگلتەرە کرد کە قەرەبووی زیانەکانی بکاتەوە کەبەهۆی ئەو پاپۆڕەوە لێی کەوتبوو داواکەشی بەرێگەی ووتوووێژبوو بەڵام ئەو داوایە هیچ ئەنجامی نەدا بەدەستەوە، دواتر رێکەوتن لەسەر ئەوەی کە کێشەکە بخرێتە بەردەست لیژنەیەکی ناوبژیوانی لەپەیماننامەی واشنتۆن لە 8/مارتی1871 دا، کێشەی باما بەیەکەمین دۆز دادەنرێ کەخرابێتە بەردەستی ناوبژیوانی نێو دەوڵەتی بۆ چارەسەری کێشەیەکی نێوان دوو وڵات، بەجێبەجێکردنی پەیماننامە.[33]

کۆنگرەکانی لاهای سروشتێکی نێو دەوڵەتی سەرتاسەریدا بەناوبژیوانی، کۆنگرەی لاهای ساڵی 1899 هەوڵیدا کەدادگایەکی هەمیشەی بۆ ناوبژیوانی پێك بهێنرێ سەرەرای ئەوەی کەلەکۆنگرەی یەکەم دا رێکەوتبوون لەسەر ئەوەی دادگای هەمیشەیی ناوبژیوانی دابمەزرێ، بەڵام لەکۆنگرەی دووەم دا بنچینە گشتیەکانی ناوبژیوانی و ئەو کردەوانەی پێی هەڵدەستێ دانرا، بەڵام ناکرێ بەدادگایەکی هەمیشەیی بژمێردرێ هەروەك چۆن لەناو لێنانەکەیدا هاتووە، بەڵکو ئەوەی هەبوو

[33] د. فوئاد شوبات سەرچاوەی پێشووی ل587-588، د. سەموحی فوقە ئەلعادە، سەرچاوەی پێشوو ل785-788، د. شافعی محەمەد بەشیر یاسای نێو دەوڵەتی گشتی قاهیرە ل539-543

www.pertwk.com

ئـەوەبوو کەلسـتێك بـەناوی وڵاتـانی پەیوەنـدارەوە هـاتبوو لەرێکەوتنامەکـەدا بـۆ هەستان بەئەرکی ناوبژیوانی کاتی کەلایەنەناکۆکەکان پەنای بۆ دەبەن بەگوێرەی ئەو رێکەوتنـەی کەلە نێوانیانـدا هەیـە، لـەکاتی نـەبوونی رێکـەوتن لەنێوانیانـدا، کـار بـەو شێوازە دەکری کە رێکەوتنامەی لاهای داینـاوە.

سروشـتی پـێکهێنـانی هەمیشـەیی نـیـە وەك ئـەوەی لەسیسـتمی دادگـادا پـەیڕەو دەکرێ، بەڵام تایبەتمەندییەکانی ئارەزوومەندانەیە، لایەنە ناکۆکەکان ناچار ناکرێن کەپـەیرەوی بکـەن، ئەمـەش هـۆی سـەرنەکەوتنی ئـەو هەوڵانـەمان بـۆ شـیدەکاتەوە کەلـەپێناو جێگیرکردنـی دادگایـەکی تـەوزیمیدا تێدەکۆشـان. ئەمـەش بروانامـەی کۆمەلەکاری پێکرد کاتێ دەقی لەسەر ناوبژیوانی تـەوزیمی نـەهێنابوو برگـەی یـەکی مـادەی/13/ ئامـاژەی بـۆ ئـەوە کردووەکەمەرجـە قایـل بـوونی وڵاتـانی نـاکۆك هـەبێ لەسـەر ئـەوەی کێشـەکەیان بخرێتـە بەردەسـت ناوبـژیوانی یـان دادگـا لـەباری یەکلانەکردنەوەی کێشەکە بەرێگەی دبلۆماسی.

بەڵام بڕوانامەی کۆمەڵەی گەلان لەمادەی/14/ دا دەقی لەسەر پێکهێنـانی دادگای دادی نێو دەوڵەتی هێناوە ئەنجومەنی کۆمەڵەی راسپاردووە بەئامادەکردنی پرۆژەی دادگاکەو بیخاتە بەردەستی کۆمەڵەی گشتی بۆ بڕیار لێدانی.

لەسـەردەمی کۆمەڵـەی گەلانـدا پەیماننامـەو بڕوانامـەکانی کەدەبەسـتران بـوونی ناوبـژیوانی نێـو دەوڵـەتیان دەسـەلماندەوە وەك ئامرازێـك لـەئامرازەکانی یەکلاکردنەوەی ئاشتیانەی کێشەکان، وەك پرۆتۆکۆلی ژنێڤی ساڵی 1924 کەبەسەر وڵاتانی ئەندامیدا سەپاند کەدەبی کێشە یاسایییەکانیان بخەنە بەردەست دادگای هەمیشـەی دادی نێـو دەوڵـەتی بـەڵام بـۆ کێشـەکانی تـر وڵاتـان بۆیـان هەیـە بیخەنـە بەردەست ناوبژیوانی یان ئەنجومەنی کۆمەڵە.

پرۆتۆکولی ژنێڤ و ئەو فرمانانـەی لەدوتوێیدا هاتبوون هـەنگاوێکی سودمەندبوو لـە پێنـاو یەکلاکردنـەوەی کێشـە نێـو دەوڵەتیـەکان بـەرێگای دۆسـتانە لەرێگـەی ناوبـژیوانی تەوزیمییـەوە، بـەڵام پرۆتۆکۆلـەکـە سـەری نـەگرت لەئـەنجامی ئـەوەی کـەژمارەی پێویسـت نـەبوو بـروای پێبـدەن لەلایـەن وڵاتانـەوە سـەرەرای ئـەوەش بۆتۆکولەکە بڕیاری لەسەر درا بەتێکڕای دەنگ لەکۆمەڵەی گشتی کۆمەڵەی گەلاندا لە

2 تشرینی یەکەمی 1924 [34] دوای پرۆتۆکۆلی جنێڤ رێکەوتننامەی لوکارتوی ساڵی 1925 هات کەدەقی هێنا لەسەر ناوبژیوانی نێو دەوڵەتی و دادوەری بەخستنە رووی بـۆ بەردەسـت دادگـای هەمیشـەی دادی نێـو دەوڵـەتی کەلـەو ئـامرازە ئاشـتیانەیە رێکەوتنامەکە هێناویەتی بۆ چارەسەری کێشە نێو دەوڵەتییەکان.

دواتر بروانامەی (ژنێڤی ی گشتی) هات کـەرێککخراوی گشـتی کۆمەڵـەی گـەلان لـە 26 ئـەیلولی 1928 دا بڕیـاری لەسـەردا بۆئـەوەی بیخاتـە سـەر ئەوانـەی کـە لـەلاهای بریاری لەسەر دابوو لەبواری یەکلاکردنـەوەی ئاشتیانەی کێشـە نێو دەوڵەتییەکان و چـەندین پەیماننامـەی تـریش، کەبنچینەو کـردەوە پێویسـتەکانی بـۆ سـێڕێگە دانـا لەوانـەی کـە یەکلاکردنـەوەی ئاشـتیانەی کێشـە نێـو دەوڵەتییـەکانی پـیدەکـرێ. کەبریتین لە پێکهاتن(التوفیق)، یەکلاکردنـەوەی دادگـەری(دادگـای دادی هەمیشـەیی نێـو دەوڵـەتی) و ناوبـژیوانی بـەهۆی دەسـتەیەکی ناوبژیوانییـەوە. ناوبـژیوانی نێودەوڵـەتی بەگوێرەی ئـەوەی ئامرازێکـە لـەو ئامرازانـەی کێشـە نێو دەوڵەتییـەکانی بەئاشـتی پـێ یـەکلا دەکرێتـەوەو هێشـتا کـاری پـی دەکـری، هـەوڵ و تێکۆشـانی زۆر دراوە بۆ ئەوەی ناوبژیوانی تەوزیمی بەهێز بکرێ هەر لەکۆمەڵەی گەلانەوە تا ئـەمرۆو هێشتاش نەتەوەیەکگرتووەکان کۆشش دەکات لـەپێناو پێشخستنی ناوبـژیوانی نێـو دەوڵەتیدا.

2-دادگـا (القضـاء) : هۆیەکـە بـۆ یەکلاکردنـەوەی کێشـەی نێـوان دوو کـەس یـان زیـاتر لەکەسـە یاساناسـەکانی نێـو دەوڵـەتی. بـەهۆی حـوکمێکی یاسـایی کەلەئەنجومەنی هەمیشەیی دەردەچێت و چەندان دادوەری سەربەخۆ لەخۆ دەگرێ.[35]

یەکلاکردنەوەی دادوەری بەئامرازێکی نوێ دائـەنرێ لـە یەکلاکردنـەوی کێشـە نێـو دەوڵەتییەکان بەئاشتی، لەنێوان ئەو ئامرازانەدا سەری هەڵدا کەبروانامـەی کۆمەڵـەی گەلان دەقی لەسەر هێنـابوو بۆ چارەسـەری ئاشتیانەی کێشـەکان، [36] دروست بـوونی دادگا وابەستەبوو بە دەرکەوتنی کۆمەڵەی گەلانەوە(عصبة الامم).

[34] بروانە د. عەلی سادق ئەبولهێف هەمان سەرچاوەی پێشوی ل754

[35] د. موحەمەر عەزیز شوکری سەرچاوەی پێشووی، ل433

[36] برگەی یەك لەمادەی/12/و مادەی/13/ بروانامەی کۆمەڵەی گەلان

www.pertwk.com

چۆن دادگای نێو دەوڵەتی دامەزرێنرا؟

ناوبژیوانی یەکێك بوو لەو ئامرازە یاساییانەی بۆ چارەسەری کێشە نێو دەوڵەتیەکان لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا بەپەسەندزانرا، بەڵام پەنابردن بۆ ناوبژیوانی پشتی بەرێکەوتنێکی تایبەت دەبەست کەولاتانی لایەن لەکێشەکەدا ئیمزایان لەسەر دەکرد، بەو واتایەی کەدەستەی ناوبژیوانی رێك دەکەوتن لەسەری بۆ چارەسەری کێشەکەی لەئارادابوو، ئەو دەستەیە بەکۆتایی هاتنی کێشەکە کارەکانی تەواودە بوو، ئەگەر هاتوو کێشەیەکی نوێ هاتەکایەوە ئەوا لایەنەکانی رێکەوتنامەیەکی نوێ مۆردەکەنەوە بارودۆخەکە لەسەر ئەوە مایەوە تا رێکەوتنامەی لاهای یەکەم ساڵی 1899 کە لەرێکەوتنامەکەیدا دەقی هێنا بۆ چارەسەرکردنی کێشە نێو دەوڵەتییەکان بەئاشتیو بەپێکهێنانی" دادگای ناوبژیوانی هەمیشەی" کەبەوە ناسراوەو تائێستاش ماوەتەوە. ئێمە وەك تێبینیمان کرد دادگای ناوبژیوانی هەمیشەیی بەکردەوە دادگانەبوو وهەمیشەیش نەبوو، ئەوەبوو وای لەولاتان کرد بۆ ئەوەی کۆشش بکەن بۆ پێکهێنانی دادگایەك کەئەو کەمو کوڕیانەی دادگای یەکەمی تێدا نەبی، بۆیە لەکۆنگرەی لاهای دووەم دا دەنگ لەسەر پرۆژەیەك درا بۆ دامەزراندنی دادگای دەسکەوتە نێو دەوڵەتییەکان ودەنگ درا بەپێکهێنانی دادگای ناوبژیوانی نێو دەوڵەتی بەڵام ئەو هەنگاوە سەرکەوتوو نەبوو، چونکە پرۆژەی رێکەوتنامەکە ژمارەی تەواوی ئەو ئیمزایانەی نەدرایە کەشێوەی کۆتایی وەربگرێ، بەڵام پرۆژەی دووەم تەنیا بەراسپاردەیی مایەوەو هیچ کەسێکی لەدەنگدەران پابەند نەکرد. وابریاربوو رێکەوتنامەی لاهای سێیەم لەساڵی 1915 دا بۆ ببەسترێ چارەسەری کێشە نێو دەوڵەتیەکان بەئاشتی، بەڵام هەڵایسانی جەنگی جیهانی یەکەم رێگری لەبەردەمیا کرد.

بیرۆکەی پشت بەستن بەیاسا لەمێشکی داناو سیاسەتمەدارو رۆشنبیراندا هەرمایەوە تاجەنگ کارەسات و وێرانکاری ئەوەندە خستەوە وای کرد کە ئەو بیرکردنەوەیە زیاتر بچەسپێ، بۆیە لەکۆنگرەی ڤێرسای ساڵی 1919 بیروراکان لەسەر ئەوە کۆك بوون کەپرۆژەی پەنابردن بۆ دەسەڵاتی دادوەری بخرێتەوە گەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان وڵاتان بۆیە پێشەکیەکەی سەردەمی کۆمەڵەی گەلان سەرزەنشتی هێزی کردو پشتگیری ئەوەی کرد کەپشت بەعەقڵ و یاسا ببەسترێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان مادەی/14/ی بروانامەکەی کۆمەڵەی گەلان بەدەق لەسەر ئەوە هاتووەکە کەئەنجومەنی کۆمەڵە راسپێردرێ بەئامادەکردنی پرۆژەی دادگای هەمیشەیی دادی نێو دەوڵەتی و، بیخاتە بەردەست کۆمەڵەی گشتی (وڵاتانی ئەندام)ی کۆمەڵەی گەلان بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدری، کەدەبی تێروانینی کێشە نێو دەوڵەتییەکانی ئەندامانی کۆمەڵەی گەلان بخرێتە ناو تایبەتمەندییەکانی ئەم دادگایەوە، کەوڵاتانی ناکۆك بۆی بەرزدەکەنەوە، هەروەها راوێژکاری یاسایی دەدات بەئەنجومەن و کۆمەڵەی گشتی سەبارەت بەهەرکێشەیەك یان دۆزێك کەئەوان داوای راوێژی لێبکەن.[37]

واتا دادگای نێو دەوڵەتی وەك ئامرازێك لەئامرازەکانی یەکلاکردنەوەی کێشە نێو دەوڵەتییەکان بەئاشتی هاتە کایەوە لەسەر بنچینەی مادەی/14/ی بڕوانامەی کۆمەڵەی گەلان و بەجێبەجێکردنی ئەو دەقەبوو، یەکەم دەستەی دادگای نێو دەوڵەتی لەدایکبوو دوای بریاردان لەسەر پرۆژەکەی ئەنجومەن لەلایەن کۆمەڵەی گشتییەوە لەحوزەیرانی ساڵی 1920 داو دوای بڕوادان بەسیستمی بنچینەیی دادگای هەمیشەیی دادی نێو دەوڵەتی لەلایەن زۆرینەی وڵاتانەوە، ولە 16ی حوزەیرانی 1920 دا خرایە بواری کارپێکردنەوە.

دادگای هەمیشەیی دادی نێو دەوڵەتی یەکەمین دادگای نێو دەوڵەتی یان دەستەی دادوەری بوو کەهەستێ بەئەرکەکانی و فرمان لەکێشە نێو دەوڵەتیەکاندا دەربکات، لەهەرکاتێکدابێ و بەشێوەیەکی هەمیشەیی.

مادەی/14/ی بڕوانامەی کۆمەڵەی گەلان تایبەتمەندی دادگای هەمیشەیی دادی نێو دەوڵەتی دیاری کردبوو کەبریتیبوو لەتایبەتمەندی دادوەری و تایبەتمەندی راوێژکاری.

---

[37] وەرگێردراو لەدەقی بولغاریاوە، یاسای نێو دەوڵەتی گشتی، کۆمەڵێك پەیماننامەو بەڵگەنامەی یاسایی ل226

www.pertwk.com

+ تایبەتمەندی دادگەری (الاختصاص القضائی)

دادگا بۆی هەیە کێشە یاساییەکان یەکلابکاتەوە کەوڵاتان بۆی بەرزدەکەنەوە [38] بەپێی ڕێکەوتنێکی تایبەت یان پەیماننامەیەك، تاکە کەسەکان یان ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان بۆیان نییە ببن بەلایەنی ئەو داوایەی دەخرێتە بەردەست دادگا.

فەرمانەکانی دادگا بۆ لایەنەکانی داواکە پابەندەبیٚو، [39] پلەی کۆتایی هەیە توانای تیٚ هەڵوونەوەی تێدا نییە. [40]

دەسەڵاتی دادگا بەسەر کێشەکاندا دەکەوێتە سەرویستی ڕێکەوتنی وڵاتانی لایەن لەکێشەکەدا، دادگا توانی دەست لەسەر کێشەیەك دابنیٚ تەنیا مەگەر ویستی لایەنەکان لەسەر ئەوە ڕێکەوتبیٚ کەئەو جۆرە دەسەڵاتەی پیٚبدریٚ ئەو دەسەڵاتەش لەیەکێك لەم شێوازانەدا خۆی دەبینێتەوە:-

ا- ڕێکەوتنێکی تایبەت، هەردوولایەنی کێشەیەك ئەنجامی دەدەن بەوەی کێشەکەیان بخەنە بەردەستی دادگا.

ب- پەیماننامەیەکی پێش وەخت کەلایەنەکان ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی ئەو کێشانەی کەلەوانەیە لەدوارۆژدا لەنێوانیان بێتە ئاراوە ڕەوانەی دادگای بکەن.

ج- وڵاتێك لەسەر یەکێك لەم ڕێکەوتننامانەی خوارەوە ڕازی بووبیٚ:-

1-دەقی مادەی/36/ی سیستمی بنچینەیی دادگا سەبارەت بەبەندی ئارەزوومەندی کەبەگوێرەی ئەو بەندە وڵاتان ڕای دەگەیەنن کە ڕازی بن بەدەسەڵاتی تەوزیمی دادگا.

2- ئەو ڕێکەوتنامەیەی بەگریٚ بەستی گشتی ناسراوە(General act) بۆ پێکهاتن و چارەسەری دادگایی کەلە 1928 ئیمزا کراوە.

---

[38] "تەنها وڵاتان بۆیان هەیە لایەن بن لەوسکالایانەی کە بۆ دادگا بەرزدەکرێنەوە مادە(1/34) لەسیستمی گشتی دادگای دادی نێو دەوڵەتی.

[39] مادەی/59/ لەسیستمی دادگای هەمیشەیی دادی نێو دەوڵەتی.

[40] مادەی/60/ لەسیستمی دادگای هەمیشەیی دادی نێو دەوڵەتی.

+ تایبەتمەندی ڕاوێژکاری(الاختصاص الاستشاری)

دادگا تایبەتمەندی ڕاوێژکاری پیادە دەکات بەرێگەی پێشکەش کردنی ڕاوێژو فەتوا دەرکردن سەبارەت بەهەر کێشە یان دۆزێك کەبۆی بخرێتە ڕوو لەلایەن ئەنجومەنەوە یان کۆمەڵەی گشتی یەوە.

دادگای هەمیشەیی دادی نێو دەوڵەتی یەکەم دامودەزگای دادوەری بوو لەمێژووی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی دا، کەکۆمەڵێك دادوەری لێهاتوو وسەربەخۆی لەخۆگرتبوو کەژمارەیان پانزە دادوەر بوو لەلیستی پالێوراوەکان هەڵدەبژێردران، کەهەریەك لەئەنجومەنی کۆمەڵەو کۆمەڵەی گشتی هەڵدەستان بەهەڵبژاردنی، ئەندامانی دادگا لەنێوان ئەو ناوانەدا کەلیستەکە لەسەر بنچینەی لێهاتوویی و نوێنەرایەتی کردنی شارستانیەتیەکان و سیستمە یاساییە سەرەکیەکانی جیهان دیاری دەکردن دادگا لەدەرکردنی فەرمان و بیروڕا ڕاوێژکاری یەکانیدا پشتی دەبەست بە پەیماننامە نێو دەوڵەتی یەکان و نەریتی نێو دەوڵەتی و سەرەتا گشتی یەکانی یاسا کە وڵاتان دانیان پیٚداناوە، هەروەها دادگا مافی هەیە کەپشت ببەستی بەفەرمانەکانی دادگای نێو دەوڵەتی و ناوخۆیی و بۆچوونەکانی گەورە دانایانی یاسای نێو دەوڵەتی و، وەك سەرچاوەی دووەم، لەکۆتایی دا دادگا پەنا دەباتەبەر سەرەتاکانی دادو ویژدان لەدەرکردنی فەرمانەکانی دا، ئەگەر هاتوو دوولایەنی کێشە بەراشکاوی لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوون .

ئەم دادگایە لەچارەسەرکردنی هەندی کێشەدا بەشداریکرد کەئەگەر بهاتبایەوە لەریٚی ئەمەوە چارەسەر نەکرایە گرژی و ئالۆزی نێو دەوڵەتی زۆر زیاتر دەبوو لەجیهاندا، نمونەش لەوانە کێشەی نیشتەجی بووەکانی ئەلمان لەپۆلونیا، کێشەی سنووری پۆلۆنی و چیکی، کێشەی ئالۆگۆری هاووڵاتیانی تورکی و یونانی، کێشەی بەرژەوەندی یەکانی ئەلمانیا لەسیلیزیای سەروو وچەندانی تریش، ئەوەی کەزۆر گرنگە ئەو ڕۆڵە بوو کەپێی هەستا لەسەقامگیر کردنی ڕێسای یاسای نێو دەوڵەتی و پێشخستنیان و جێگیرکردنی نوی خوازی تێیدا، لەماوەی ژیانی ئەم دادگایەدا ڕوانیویەتە زیاتر لە 62 دۆسی یە لەو داوایانەی ڕاپرسی تیٚدا دەکریٚ، ولەگرنگترین

www.pertwk.com

فەرمانەکانی ئەم دادگایە کەدەری کردوون بریتین: لەکێشەی ویمبلدون ساڵی 1923، کێشەی پاپوری (لۆتس) لەنێوان تورکیاو فەرەنسا ساڵی (1927).

بەڵام گرنگترین بیروڕا کاریـیەکانی ئەم دادگایە کە دەری کردووە، بریتیە لە ڕێوڕەسمی ڕەگەزنامەی تونس‌و مەراکیش ساڵی 1923، کێشەی سنووری نێوان تورکیاو عێراق ساڵی 1925.

دادگای هەمیشەی دادی نێو دەوڵەتی لە 30 کانونی دووەمی 1922 تا هاوینی 1940 کاتێ کەبەهۆی داگیرکردنی سوپای ئەلمانیا بۆسەر خاك‌و زەوی پولونیا هاتە ئاراوە، دەستی بەکارکردنی خۆی کردووە.

+ دادگای دادی نێو دەوڵەتی.

بریتی‌یە لەدەستەی دادگەری سەرەکی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و یەکێکە لە لقە بنچیینەی‌یەکانی کەبڕوانامەکە[41] ومادەی /92/ ی بڕوانامەکە بەدەق دەڵێ" دادگای دادی نێو دەوڵەتی بریتی‌یە لەئامرازی دادوەری سەرەکی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و، بەگوێرەی سیستمی بنچینەی پاشکۆی ئەم بڕوانامەیە بەکارەکانی خۆی هەڵدەستێ، کەلەسەر سیستمی بنچینەی دادگای هەمیشەی دادی نێو دەوڵەتی دامەزراوەو بەشێکە لەم بڕوانامەیەو لێ‌ی جیاناکرێتەوە".

بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان گرنگییەکی زۆری بەدادگای دادی نێو دەوڵەتی داوە، بەیەکێك لەلقە سەرەکیەکانی خۆی دایناوە، سیستمە گشتی‌یەکەشی بەبەشێکە لەبڕوانامەکە ولێی جیاناکرێتەوە.

هێنانی دەقی لەم جۆرە لەبڕوانامەکەداو تەرخانکردنی بەشی چواردەهەم بۆ دادگای دادی نێو دەوڵەتی ئاماژە دەکات بەڕادەی گرنگیدانی دانەرانی بروانامەکەو دامەزرێنەرانی ڕێکخراوەکە بەرێگە چارەی دادوەری بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە نێودەوڵەتی‌یەکان بۆ ئەوەی دادوەری باڵ بەسەر کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی‌دا بکێشێ.

---

[41] مادەی(1/7) بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان

بەتەنها وڵاتان بۆیان هەیە لەبەردەم ئەم دادگایەدا دادگایی بکرێن کەئەمەش بڕوانامەکەو سیستمی بنچینەیی دادگا دیاری کردووە بەم شێوەیەی خوارەوە:-

1- هەموو وڵاتانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان بەپێی ئەندامیتی‌یان دەبنە لایەن لەسیستمی بنچینەیی دادگای دادی نێو دەوڵەتی‌دا.[42]

2- بڕوانامەکە ڕێگەی داوە بەوڵاتانی نائەندامیش لەنەتەوە یەکگرتووەکانا بچنە پاڵ سیستمی بنچینەی دادگای دادی نێو دەوڵەتی بەو مەرجانەی کەکۆمەڵەی گشتی بۆ هەر بارودۆخێك دایدەنێ، لەسەر ڕاسپاردەی ئەنجومەنی ئاسایش.[43]

3- وڵاتانی نائەندام لەسیستمی بنچینەی دادگای دادی نێو دەوڵەتی‌داو ئەوانەی ئەندامیش نین لەنەتەوە یەکگرتووەکان بۆیان هەیە دادگایی بکرێن لەبەردەم ئەم دادگایەدا بەو مەرجانەی ئەنجومەنی ئاسایش دایدەنی.[44]

بەلام تایبەتمەندییەکانی دادگای دادی نێو دەوڵەتی هەروەکو کارە پسپۆرییەکانی دادگای هەمیشەی دادی نێو دەوڵەتی وایە، تایبەتمەندی دادوەری ئارەزوو مەندانەیە، واتا دەروانێتە ئەو کێشانەی کەلایەنەکانی کێشەکە پێکدێن لەسەر ئەوەی بەرزی کەنەوە بۆ دادگا بۆ ئەوەی بۆیان یەکلایی کاتەوە، جگە لەو کاروبارانەی کەبڕگەی دووی مادەی /36/ لەسیستمی بنچینەیی دادگای دادی نێو دەوڵەتی دیاری کردووە، [45] ئەگەر هاتوو کێشەکە پەیوەندبوو بەیەکێك لەو کاروبارانەی ناومان بردن ئەوەندە بەسە کەلایەنێکی کێشەکە سکاڵایەك بەرزکاتەوە بۆ دادگا، ئەویش دەتوانێ لەو سکاڵایە بڕوانێ بەبێ ئەوەی پێویستی بەڕێکەوتنی تایبەتی هەبێ چونکە دادگا بۆی هەیە بەگوێرەی ناوەڕۆکی بڕگەی ناوبراو دەسەڵاتی ناچارکردنی بەزۆری هەبێ

---

[42] مادەی (1/93) لەبڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان.

[43] مادەی(2/93) لە بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان.

[44] مادەی (2/35) لەسیستمی بنچینەیی دادگای دادی هەمیشەی.

[45] ا- ڕاڤەکردنی پەیماننامەیەك لەپەیماننامەکان، ب- هەر پرسیێك لەو پرسانەی یاسای نێو دەوڵەتی،ج- لێکۆڵینەوەی ڕوداوێك لەڕوداوەکان ئەگەر سەلمێنرا ئەو پێشێلکردنی پابەندی نێو دەوڵەتییە، د- جۆری قەرەبووکردنەوەی لەسەر بەزاندنی پابەندییەکی نێودەوڵەتی ڕێکدەخرێ لەگەڵ بڕی قەرەبووکردنەوەکە.

www.pertwk.com

بۆ ڕوانینە هەموو کێشە یاساییەکان کەپەیوەندن بەکارو بارە دیاری کراوەکاندا کەلەپەراوێزەکەدایە، ودادگای دادی نێو دەوڵەتی تایبەتمەندی راوێژکاریو فەتوادانی هەیە لەکاروبارە یاساییەکاندا کەلقێك لەلقەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای راوێژی لێدەکەن.[46]

بڕوانامەکە مافی بەکۆمەڵەی گشتی بەخشیوەو، ئەنجومەنی ئاسایش داوای فتوا بکا لەهەر پرسێکی یاساییدا لەدادگای دادی نێو دەوڵەتی.

بەڵام لقەکانی تری ناو ڕێکخراوەکەو ئاژانسە تایبەتمەندەکانی پێوەی وابەستەن، تەنیا مافی فتوا وەرگرتنیان هەیە لەدادگای دادی نێو دەوڵەتی لەوپرسە یاساییانەی کەدەچێتە ناو چوارچێوەی کارەکانیانەوە، دوای ئەوەی کۆمەڵەی گشتی ڕێگەی ئەوەیان پێدەدات.[47]

ئەو فرمانانەی دادگای دادی نێو دەوڵەتی دەری دەکات، بریتییە لەفەرمانی پلە کۆتاییو توانای سەرلەنوێ چاوپێدا خشاندنەوەی نییە،[48] تەنها لەڕێگەی هانا بردن بۆ لەفەرمانەکەدا نەبێ لەحاڵێکدا کەبەڵگەی یەکلاکەرەوە لەداواکەدا نادیاربووبێ لەکاتی دەرچونی لەلایەن دادگاوە ئەو لایەنەی کەهانا بۆ چاوپێداخشاندنەوە لەفەرمانەکەدا دەهێنێ، نابێ بێئاگا لەروداوەکە لەئەنجامی کەم تەرخەمی خۆیەو بێت.[49] بەڵام هێزی ئیلزامی ئەو فەرمانانەی کەدادگا دەری دەکات، ئەو لایەنانەی پێوە پابەند دەکرێ لەنێوانیاندا دەرکراوەو سەبارەت بەوکێشەی کەدادگا بۆی یەکلاکردونەوە.[50]

بەڵام لەبارێکدا کەیەکێ لەلایەنە دادگایی کراوەکان فەرمانە دەرچووەکە جێبەجێ نەکات لایەنەکەی دی بۆی هەیە پەنا بۆ ئەنجومەنی ئاسایش بەرێ، ئەویش دەسەڵاتی بریاری هەیە کەراسپاردە یابریار دەربکات بەورێو شوێنانەی کەپێویستن

[46] مادەی 1/96 لەبڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان

[47] مادەی 2/96 لەبڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان

[48] مادەی 60 لەسیستمی بنچینەیی دادگای دادی نێو دەوڵەتی

[49] مادەی 1/61 لەسیستمی بنچینەیی دادگای دادی نێو دەوڵەتی

[50] مادی /59/ لەسیستمی بنچینەیی دادگای دادی نێو دەوڵەتی

بگرێنەبەر بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکە.[51] ئەو بنەما یاساییانەی کەدادگای دادی نێو دەوڵەتی دەی چەسپێنێ بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکانی کەبۆی بەرزدەکرێنەوە پشت بەفەرمانەکانی یاسای نێو دەوڵەتی دەبەستن، کەئەویش لەوبارەیەوە دەی چەسپێنی بەپێی مادەی(1/38) لەسیستمی بنچینەیی دادگای دادی نێو دەوڵەتی.

ا- ڕێکەوتنە نێو دەوڵەتییە گشتیو تایبەتەکان، کە ڕێسایەك دادەنێن، ئەو وڵاتە ناکۆکانەی بەڕاشکاوی دانیان پێداناوە.

ب- نەریتە نێو دەوڵەتییە رەچاوکراوەکانی کەلەئاستی یاسادان دووبارە بوونەوەی ئاماژە بەبەکارهێنانیان دەکات.

ج- سەرەتاکانی یاسای گشتی کەنەتەوە خاوەن شارستانییەکان بڕیاریان لێداوە.

د- فەرمانەکانی دادگاو گەورە داهێنەرانی یاسای نێو دەوڵەتی لەنەتەوە جیاجیاکان دا.

ئەوانەی کەلەسەرەوە ناومان هێنان لەو دەسەڵاتەی کەدادگا هەیەتی سەبارەت بەسەرەتاکانی دادگەری ویژدان، هیچ لادانێکی تێدا نییە هەرکات لایەنەکانی داواکە لەسەر ئەوە قایل بووبوون.

پێشخستنی دادگای نێو دەوڵەتی کارپێکردنی وەك ڕێگە چارەیەك بۆ یەکلاکردنەوەی دۆزی جۆراوجۆر لەکێشەکانی نێو دەوڵەتیدا، ڕێگر نەبووە لەوەی کەوڵاتان پەنابەرن بۆ ناوبژیوانی تایبەت بەخۆیان، یان پێکهێنانی دادگای نێو دەوڵەتی کە تا ئێستاش دادگای ناوبژیوانی هەمیشەیی ماوە دەڕوانێتە کێشەکان، واتا وڵاتان ئارەزووی خۆیانە کام ڕێگەیەی بەباش دەزانن لەڕێگەکانی ئاشتی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانیان.

ڕێساو فەرمانەکانی کەدادگای دادی نێو دەوڵەتی دەری دەکات بەدڵنیاییەوە یاریدە دەری بەدیهێنانی دادوەری دەبێ لەکۆمەڵگای نێو دەوڵەتیدا کەپێشخستنی

[51] مادەی /2/94/ لەبڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەقێکی نزیك لەوەوە، کەبڕگەی(4)ی مادەی (13) لەبڕوانامەی کۆمەڵەی گەلان، کەئەنجومەنی کۆمەڵە پشنیاری ئەو ئامرازانەی کەبەرپرسی دەبێ لەجێبەجێ کردنی ئەو فرمانانەی لەلایەن ناوبژیوانیو دادگاوە دەکات.

www.pertwk.com

ئەم دەزگایە دەخوازێ و بۆ ئەوەی هاوشان لەگەڵ ناوبژیوانی و دام و دەزگاکانی و ڕێگەکانی تری ئاشتیدا کاربکەن، ئەوەش مادەی/95/ دەقی لەسەر هێناوە لە بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کاتێ دەڵێ" ئەم بڕوانامەیە چی‌وای تێدا نی‌یە ڕێگە لەئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان بگرێ بۆ ئەوەی چارەسەرکردنی ئەوانەی لەنێوانیاندا دروست دەبێ لەناکۆکی بەدادگای تری بسپێرن بەگوێرەی ڕێکەوتنامە هەمیشەیی‌یەکانی پێشوو، یان کەلەوانەیە لەداهاتوودا بیبەستن".

دادگای دادی نێو دەوڵەتی ئەرکەکانی خۆی پیادە دەکات وەك دام و دەزگایەکی دادوەری لەو ئامرازانەی کێشەکانی بەئاشتی پی یەکلادەکرایەوە بەشداری بکات لەگەڵ ئامرازەکانی تر داو تا بەسەر چەندین کێشەدا سەرکەوێ کەبەشێوازێك لەشێوازەکان بوون بەهۆی سووکردنی و کەم کردنەوەی توندوتیژی لەپەیوەندی‌یە نێو دەوڵەتی‌یەکانداو تارادەیەك دادوەری بەدی بهێنێت.

واپێویستە ئاماژە بەو جیاوازییەی لەنێوان دادگای ناوخۆیی و دادگای نێودەوڵەتیدا هەیە بدەین. دادگای ناوخۆیی پشت بەدەسەڵاتی دەوڵەت دەبەستی، بەڵام دادگای نێو دەوڵەتی پشت بەپەیماننامە نێو دەوڵەتی‌یەکان دەبەستێ، واتا ڕەزامەندی پێش وەختی دەوڵەتی دەوێ بۆ ڕەوانەکردنی کێشەکە بۆ دادگای نێو دەوڵەتی و پابەندبوون بەوبڕیارەی کەدەزگای دادوەری دەری دەکات.[52]

دوو جیاوازیش هەیە لەنێوان ناوبژیوانی و دادگادا، یەکەمیان ئەوەیە کەدەستەی ناوبژیوانی بەڕێکەوتنی نێوان لایەنەکانی کێشەکەوە دروست دەبی و لەلایەن ئەوانیشەوە هەڵدەبژێرێن، ئەویش بەگوێرەی ڕێکەوتنێکی تایبەت یا/پەیماننامەیەك/ کەلەپێناو چارەسەری کێشەکاندا دروست دەبێ، بەڵام دەستەی دادوەری بەپێی پەیماننامەی نێو دەوڵەتی بەکۆمەڵ دروست دەبێ کەتایبەتمەندی تێروانینی چەندین کێشەی دیاری نەکراوی دەبێت، کەبریتی‌یە لەدەستەیەکی هەمیشەیی پەیوەندی بەلایەنەکانی کێشەکەوە نی‌یە بەتایبەت(لەهەڵبژاردنی ئەندامەکانیدا).

52 میخائیل ینۆفسکی/ سەرچاوەی پێشوو ل404-405.

دووەم ئەوەیە کەدەستەی ناوبژیوانی دەروانێتە کێشەکان و فەرمانی بۆ دەردەکات بەڵام دەستەی دادوەری لەسەر تایبەتمەندی دادگەیشەوە بۆ تێڕوانینی کێشەکان و فەرمان بۆ دەرکردنی، تایبەتمەندی ڕاوێژکاریشی هەیە، کەئەو تایبەتمەندی‌یە پیادە دەکات بەپێشکەش کردنی ڕاوێژ لەکاروباری یاسایی‌دا ڕووبەرووی دەکرێتەوە .

ڕێگا دبلۆماسی و سیاسی‌یەکان بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان جیاوازن لەڕێگای دادگەری، کەستیفانونا بەسی جیاوازی دیاری کردوون:

1- بەکردەوە لایەنەکانی کێشەکە بەشداری ناکەن لەچارەسەری‌دا بێجگە لەوبارانەی کەدادگا داوای بکات یان دەستەی دادوەری بیەوێ لەوانە بگات کەخراونەتە ڕوو یان ڕوونکردنەوەی دیاری کراوی بەرینی کەپەیوەند بێ بەکێشەکەوە.

2- بڕیارەکانی دادگاو دەستەی دادوەری ئیجباری‌یە بۆ لایەنەکانی کێشەکە، لەکاتێکدا دەبینین کەپێشنیازێك یان فەرمانێکی دیاری کراو بۆ چارەسەری کێشەیەك لەلایەك لەم ئامرازە ئاشتیانە(ووتووێژ_ ناوبژیکردن_ هەوڵی سازاندن_ لێکۆڵینەوە_ پێکهاتن) تەنیا سرووشتی ڕاوێژکاری هەیە، واتا ئیلزامی نی‌یە بۆ لایەنەکانی کێشەکە.

3- کردەوەکانی توێژینەوەی کێشەکان بەڕێگەی ناوبژیوانی یان بەدەستەیەکی دادوەری کەپێشترو لەبروانامەیەکی دیاری کراودا بەووردی دەست نیشان کراوە، وبە ڕێگە دبلۆماسیەکان بۆ چارەسەری کێشەکان بەئاشتی کارێکی ئاسایی‌یە کەسەبارەت بەهەر بارودۆخێکی دەستنیشان کراو کارو کردەوەکانی دیاری بکرێن لەگەل ئەوەشدا پارێزگاری لەهێڵە پانەکانی بارودۆخی گشتی دەکری کە لەئارادایە.[53]

ویستی چەندین وڵات و کۆششکردنی هەمیشەیی یان بۆ پێشخستنی ئامرازە ئاشتی‌یەکان بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە نێو دەوڵەتی‌یەکان لەڕێگەی ئەو دەقانەوە کەلەپەیماننامە دووقۆڵی و بەکۆمەڵەکاناو لەبڕوانامە نێو دەوڵەتی‌یەکاندا دەی‌هێنن، هەروەها ئەو دەقانەی کەڕێکخراوی نێو دەوڵەتی‌یە جیهانی و هەرێمیەکان هێناویانە، بەس نی‌یە بۆ بەدی هێنانی ئاسایش و دادوەرێتی و لەکۆمەڵگای نێو دەوڵەتی‌دا،

53 سلاڤا ستیڤانوڤا/ سەرچاوەی پێشوو/ ل79.

www.pertwk.com

بەڵكو بۆ بەدیهێنانی ئەوە وادەخوازی کەهاوکاری نێو دەوڵەتی هاوبەش هەبێ کەپشت ببەستی بەزەمینەی گونجاو بۆ هاوکاریو لەیەکتر گەیشتنی نێو دەوڵەتی کەدووربێ لەخۆ سەپاندنو دروستکردنی دەستەگەریو ناوچەی دەسەڵاتو زاڵبوونو ڕێگە بگری لەبەکارهێنانی هێزو پابەندبوون بەسەرەتاکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، هەموو ئەوانە تاکە ڕێگەن بۆ وەدەستهێنانی ئاسایشی کۆمەڵی نێو دەوڵەتی، هەر هەوڵێك کەبەو ڕێچکەیەدا بڕوا، بێگومان پشتگیری لەبەدیهێنانی دادوەرێتی دەکا لەکۆمەڵگای نێو دەوڵەتی‌دا، نەك تەرخانکردنی دەق لەپەیماننامەو ڕێکەوتنامەو بڕوانامەکاندا. یەکێك لەو هەنگاوانەی کەخزمەت بەکاروانی هاوکاریو لەیەکتر گەیشتنی وڵاتان بوو کۆبوونەوەی هلسنکی ئاسایشو هاوکاری لەساڵی 1975 دا بەسترا وئەوەی وڵاتانی ئەوروپایی لەنێوان خۆیاندا پێی رازی بوون کە/35/ وڵاتی ئەوروپایی ئیمزایان کرد سەرەرای جیاوازی بنچینەیی لەنێوان سیستمەکانیاندا.

ڕێگەی نادۆستانە بۆ چارەسەری کێشە نێو دەوڵەتییەکان

ئەگەر وڵاتان بەرێگەی دۆستانە نەگەیشتنە چارەسەری کێشەکانیان، ئەو ڕێگەی نادۆستانە دەگرنەبەر، سەرەڕای ئەوەی کەبروانامەی کۆمەڵەی گەلانو نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو ئامرازانەیان دیاری نەکردووە، بەڵام دەسەڵاتیان بەخشیووە بەئەنجومەنی کۆمەڵە ئەو ڕێوشوێنانە بگرێتەبەر کەبەشیاوی دەزانێ، بەهەمان شێوەش بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەسەڵاتی بەخشیووە بەئەنجومەنی ئاسایش کەڕێگە چارەی خۆپاراستنو سەربازی بگرێتەبەر هەر کاتێ بەشیاویان زانی.

چارەسەرە سیاسییە نادۆستانەکان:

پچڕانی پەیوەندی دبلۆماسی: ئەم کردەوەیە وەك نارەزایی دەربڕینە لەلایەن ولاتێکەوە دژی وڵاتێکی یاسا بەزێن، ئەو وڵاتەی پەیوەندی دبلۆماسی دەبڕێ دەبێ ڕاگەیاندنێك دەربکات. ئەوەش ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کەنوێنەرایەتی دبلۆماسی نێوان هەردوو وڵاتانی ناکۆك کۆتایی پێدێت.

لەسەر نوێنەرانی هەردوو وڵاتانی ناکۆکە لە سیاسەتمەدارو قونسوڵیەکان یەکسەر خاکی ئەو وڵاتە بەجێ بهێڵن کەبڕوا پێدراون لەلایان، و وڵاتانی ناکۆك پشت بەوڵاتانی بێلایەن دەبەستن بۆ چاودێری کردنی بەرژەوەندیی‌یەکان.

گەمارۆدانی ئاشتیانە: گەمارۆی ئاشتیانە بەرێگەیەکی نادۆستانە دائەنرێ بۆ چارەسەرکردنی کێشە نێو دەوڵەتی‌یەکان، ئامانجی سەپاندنی ڕێزگرتنی یاسای نێو دەوڵەتیو ناچارکردنی یەکێ لەوڵاتان بەجێبەجێکردنی پابەندی‌یە نێو دەوڵەتی‌یەکانی، یان ئەو وڵاتانەی سەرەتاکانی مرۆڤایەتی پێشێل کردووە، ئەوەش بەلێدانی پشتێنەیەك دەبێ بەچواردەوری وڵاتی گەمارۆدراو ڕێگەی نادرێ پەیوەندی بەوڵاتانی ترەوە بکات، هەندێ لەزاناکان وادادەنێن کەپێویستە جەنگ لەئارادابی تاکو گەمارۆ بەدروست دابنرێ، وەگەمارۆی ئاشتی بەدەردەکەن بەڵام پێشتر ئەمە ئەنجام دراوە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەداو پێچەوانە نەبووە لەگەڵ یاساناوخۆییو نێو دەوڵەتییەکاندا، ئەمە وامان لێدەکات ڕەوایەتی بدەین بەگەمارۆی ئاشتی لەهەندی بارودۆخ داو گەمارۆی ئامانجە یاساییو مرۆڤایەتی، بەدروست دابنرێ، بەڵام گەمارۆی ئاشتی ئامانجە سیاسی‌یەکان قەدەغە بکرێ.[54]

جەنگ: بریتی‌یە لەبەگەڕخستنی هێزی چەکداری لەنێوان دوو وڵاتی ناکۆکدا یان لەنێوان ولاتاندا، جەنگ هەر لەدێر زەمانەوە وەك ئامرازێکی نادۆستانە بەکاردەهێنرێ بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان وڵاتانو ئامرازی زاڵبوونیش بووە، وەڕەوایەتی پێدراوە تائەوکاتەی کۆمەڵەی گەلان وبڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆتیان خستە سەر ڕەوایەتی یەکەی، لەبەر ئەو هەموو پاشماوە ویرانکاریانەی لێی کەوتەوە لەیەکلاکردنەوەی ناکۆکیو کێشەکانی نێو دەوڵەتی جەنگ ململانێی

---

[54] د. سەموحی فەوقە ئەلعادە، سەرچاوەی پێشوی ل920

www.pertwk.com

چەکدارانەیە لەنێوان ولاتاندا، بەمەبەستی سەپاندنی راوبۆچوونە سیاسییەکان بەپێی ئەو ئامرازانەی کەیاسای نێودەوڵەتی رێکیان دەخات.[55]

بڕینی پەیوەندی ئابووری: بریتی‌یە لەوەی کەولاتێك هەڵدەستێ بەبڕینی پەیوەندی بازرگانی‌و ئابووری لەگەڵ ولاتێکی تردا بەو ئامانجەی کەفشاری بخاتە خستنە سەر بڕینی پەیوەندی ئابووری بەیەکێك لەڕێگە کاریگەرەکانی فشار دێتە هەژمار. مادەی /41/ بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، رێگەی داوە بەئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی کەداوا لەنووسینگەو ئەندامانی بکات پەیوەندی ئابووری راگرن لەگەل ولاتێکی دیاری کراودا، لەچوارچێوەی کۆمەڵەی ولاتە عەرەبیەکان، نووسینگەی لاتەریك کردنی ئیسرائیل پێك هێنرا، بنکەی سەرەکی لەدیمەشقە وبۆشی هەیە لق لەولاتانی عەرەبی‌دا بکاتەوە، ئامانجی ئەم نووسینگەیە رێگرتنە لەهەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ولاتی "ئیسرائیل"دا.

کردارەکانی تۆڵەسەندنەوە: مەبەستمان لەکردارەکانی تۆڵەسەندنەوە بریتی‌یە لەبەگەڕخستنی هێزی چەکداری دژی دەوڵەتێکی دیاری کراو بەشێوەیەکی کاتی‌و سنوردار، ئەویش بەهەڵبژاردنی ئامانجی دیاری کراو دەبێ بۆ لێدانی‌و گەڕانەوە، یان گەمارۆدانی ئاشتی‌و بردنی بارمتە.

تۆڵەسەندنەوە لەکردەوەی توندوتیژی‌و خاپورکردنە، لەبنەرەتدا پێچەوانەی رێساکانی یاسای نێو دەوڵەتی‌یەو، شێوازی جۆراوجۆری هەیە وەك گەمارۆی ئاشتیانەی دەریایی‌و بڕینی پەیوەندی ئابووری، هێشتنەوەی لەبەندەراکانیداو گرتنی هاوولاتیانی بێگانەیان دەرکردنیان، کەچی هەندێ رێکەوتنامەی نێو دەوڵەتی دەقیان هێناوە لەسەر ئەوەی کارکردن بەتۆڵە سەندنەوە وەك سزایەکی ڕەوا، لەو رێکەوتننامانە رێکەوتنامەی 9 کانونی یەکەمی 1923ی تایبەت بەبەندەرەکانی

[55] د. شافعی محەمەد بەشیر، قانونی نێو دەوڵەتی گشتی لەئاشتی‌و شەردا، چاپی سی‌یەم، مەنسورە، ل 571

دەریایی ئەگەر ولاتێك رێگەی بەخۆی‌دا بەداخستنی یان هەڵسوکەوتی یەکسانی نێوانیان بۆ کەسیتەکان‌و هەڵوەشاندنەوەی بەتۆڵە سەندنەوە لەولاتی لادەر لە پابەندی‌یە یاسایی‌یەکانی.[56]

لەوانەیە کردارەکانی تۆڵەسەندنەوە ببێتە هۆی گەشەسەندنی بارودۆخی کێشەکان‌و هەلایسانی جەنگ لەنێوان دوو ولاتی ناکۆکدا لەجیاتی چارەسەری کێشەکەیان.

دەست بەسەراگرتنی کەشتی: بریتی‌یە لەوەی کەولاتێك هەڵدەستێ بەهێشتنەوەی یان راگرتنی کەشتی‌یەکانی دەوڵەتی دەست درێژی‌کار لەکاتی لەنگەرگرتنی لەئاوە هەرێمیەکانی‌دا.

تۆڵە سەندنەوە(الاقتصاص): واتا دەوڵەت ئەو کردەوانە دەگرێتەبەر کەرێگە لەهاوولاتیانی ولاتێکی تر لەهاتنە ناوەوەی ناو ولاتەوە، یان ژمارەیان کەم کاتەوە، یان گومرگ زیاد بکات لەسەر ئەو کالایانەی کەلەوێ دەهێنرێ.

داگیر کردنی کاتی: بریتییە لەوەی کەدەوڵەتێك هەستێ بەداگیرکردنی خاکی ولاتێکی تر بۆ ناچارکردنی بەجێبەجێکردنی ئەو پابەندانەی دەکەوێتە سەری یان ناچارکردنی بۆ ووتوێژکردن لەگەڵیداو پەیماننامەی پێکهاتنی پێ ئیمزا بکات، وەك ئەو داگیرکردنانەی ئیسرائیل بۆ خاکی عەرەب کردنی لەجەنگی ساڵی 1967.

[56] دکتۆر شافعی محەمەد بەشیر سەرچاوەی پێشو، ل45–46

www.pertwk.com

بەشی چوارەم

یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێودەوڵەتی بە پێی بڕوانامەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە هەرێمییەکان

چەندین ڕێکخراوی نێو دەوڵەتی هەرێمی لەدوای جەنگی جیهانی دووەم دامەزرێنران لەبەر ئەو ڕۆڵەی لەپاراستنی ئاسایش‌و ئاشتی ولاّتاندا دەیگێڕن گرنگی ئەو ڕێکخراوانە زیادی کرد، ئەویش لەڕێی بەدیهێنانی هاوکاریو دەستووری تایبەتیان خستۆتە ناو بەڵگە نامەکانیانەوە، وئەو دەستوورانەش لە ڕێکخراوێکەوە بۆ یەکێکی‌تر لەرووی هۆکارەکانی سەقامگیرکردنی ئاشتی‌و ئەو دام‌ودەزگایانەی ئەو بەرپرسیاریەتییەیان دەکەوێتە سەرشان دەگۆڕێ، ئاشکرایە هەندی ڕێکخراو بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان دام‌ودەزگای تایبەتییان هەیەو بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیش شێوازی ئەو ڕێکخراوانەیان پەسەند کردووە.[1]

[1] "م1/52" ئەم بڕوانامەیە ئەوەی تێدانییە کەوابکات ڕێکخراو یان ئاژانسێ پێك بهێنرێن بۆ چارەسەری ئەو کاروبارانەی پەیوەندن بەپاراستنی ئاشتی‌و ئاسایشی نێودەوڵەتیکەوا

هاوئاهەنگی نێوان ولاّتانی دراوسێ لەڕووی جوگرافیاوە، کەبەرژەوەندی هاوبەش بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە.

بارودۆخی زۆر هەن سەلماندویانە کەگەیشتن بەچارەسەری کێشەو ناکۆکیە ناوچەیی‌یەکان لەڕێی ڕێکخراوە هەرێمیەکانەوە ئاسانترە لەچارەسەرکردنیان بەرێگەی ڕێکخراوەکانی جیهانی.

لەپێشەنگی ئەرك‌و بەرپرسیاری‌یەتی‌یەکانی کەرێکخراوە هەرێمیەکان ئەنجامی ئەدەن بریتی‌یە لەیەکلاکردنەوەی ئەو کێشانەی کەلەنێوان ولاّتاندا دروست دەبێ بەئاشتی، ئەمەش وادەخوازێ کەبنەماو ڕێسای پێویستی بۆ دابنرێ بۆ پابەندکردنی ولاّتانی ئەندام بەهەردوو سەرەتای نەهێشتنی کێشەکان بەئاشتی‌و بەکارنەهێنانی هێز لە پەیوەندیەکانی نێو دەوڵەتیاندا.

لەپێناو بەجێهێنانی ئەرکەکانی سەرشانی، لەرووی پاراستنی ئاسایشی هەرێمی‌و جیهانیدا. ڕێکخراوە هەرێمییەکان، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان

www.pertwk.com

تائەوكاتــەی چــالاكی‌یەكانی ئــەو رێكخــراوەو ئامانجــەكانی لەگــەڵ ئامــانج‌و سەرەتاكانی نەتەوە یەكگرتووەكاندا دەگونجێ بەشی هەشتەمی بڕوانامەكەی خۆی تەرخان كردووە بۆرێكخراوە هەرێمیەكان‌و رۆڵیان لەپاراستنی ئاسایش‌و ئاشتی نێو دەوڵـەتی‌داو لەچارەسـەركردنی كێشـەكان‌و بنـەماكانی هاوكـاری‌و پەیوەنـدی نێـوان خۆی‌و ئەو رێكخراوە هەرێمیانەدا.

دەسەلاَتیشی بەئەنجومەنی ئاسایش داوە بۆ سەرپەرشتی‌كردنی ئەو رێكخراوانەو چـالاكیەكانیان بەتایبـەتی لـەو بـوارەی كەپەیوەنـدی بەپاراسـتنی ئاسایشـی نێـو دەوڵەتی‌یـەوە هەیـە ئـەو رۆڵـە كـە بڕوانامـەی نەتـەوە یـەكگرتووەكان بـۆ رێكخـراوە هەرێمیـەكانی تـەرخان كـردووە بـۆ بەشـداری كردنیـان لەبـەدیهێنانی ئامـانج‌و سـەرەتاكانی رێكخـراوە جیهانیـەكان، یـەكانگیرە لەگـەڵ ئـەو تایبەتمەندیانـەی پێیـان سـپێردراوە لـەناو بـواری تایبەتمەندی‌یـەكانی هەرێمایـەتی‌دا بـۆ ئـەوەی هـەوڵ‌و كۆششـەكانیان بڕژێنێتـە بـواری جیهانی‌یـەوە بۆ سـەلماندنی ئـەو رۆڵـەی دەی‌گێـرێ‌و ئـەو پەیوەندی‌یـەی رێكخـراوە هەرێمیـەكان بـەرێكخراوی جیهـانی دەبەسـتێتەوە. بڕوانامەكانی ئەو رێكخراوانە دەقیان هێناوە لەسەر یەكانگیری‌و پێكهێنانی سەرەتاو ئامانجەكانی رێكخراوەكەیان لەگەل ئامانج‌و سەرەتاكانی نەتـەوە یەكگرتووەكان، وتـا بەئەركـەكانی خۆی لەسـەر ئاستی هەرێمەكەیدا هەستێ، بێجگـە لەبەشداری كـردن‌و پشـتگیری كردنـی نەتـەوە یـەكگرتووەكان ئـەوەی بـەوئاقارەی كەنەخشـەی بـۆ كێشراوە رۆڵی خۆی ببینێ.

بڕوانامـەی نەتەوەیـەكگرتووەكان دەقـی تـەرخانكراوی بۆ رێكخـراوە هەرێمیـەكان هێناوەو تیایدا داوای لەوڵاتانی ئەندامی ئەو رێكخـراوە هەرێمیانـە كردووە كەهـەوڵ‌و كۆشـش بكـەن بـۆ چارەسـەركردنی كێشـە ناوچـەیی‌یەكانیان بەئاشـتی‌و لـەڕێی رێكخراوەكـانی خۆیانـەوە پـێش ئـەوەی بۆ ئەنجومـەنی ئاسایشـی بخەنـەڕوو(مـادەی 2/52).

بكات كاری هەرێمایەتی تێدا دروست‌و گونجاو بێت تا ئەو كاتـەی ئەو رێكخـراوو ئاژانسـە هەرێمیانە چالاكییەكانیان بگونجێ لەگەڵ مەبەست‌و سەرەتاكانی .

لەبڕگـەی دوای ئـەو بڕگەیـەدا هـاتووە لەسـەر ئـەوەی دەبێ ئەنجومـەنی ئاسـایش هانی چارەسەری ئاشتی بدات‌و لەرێگای‌رێكخراوەهەرێمیەكانـەوە، جائەگـەر ئـەوكارە لەسـەر داوای وڵاتـانی پەیوەنـداربێت یـان لـەڕێگای ئەنجومـەن خۆیـەوە رەوانـە بكرێتـەوە. سـەرەتای یەكلاكردنـەوەی كێشـە نێـو دەوڵەتی‌یـەكان بەئاشـتی بەپێشـكەوتنی یاسـای نێـو دەوڵـەتی پـەرەی سـەند، ئـەو وڵاتانـەی رێكەوتننامـەیان دەبەست پابەند دەبوون بەم سەرەتایەوە،[2] و ئەم سەرەتایە لەبڕوانامەی رێكخراوە نێو دەوڵەتیە هەرێمیەكان‌و لەپەیمانە سەربازی‌یەكاندا دارێژراوەو لەبڕوانامـەی كۆمەڵـەی گـەلان‌و نەتـەوە یەكگرتووەكانیشـدا دەقـی لەسـەر هـاتووە، كەئێسـتا بـووە بەسەرەتایەكی یاسای نێو دەوڵەتی سەردەم.

لـەم باسـەدا توێژینـەوە لەسـەر نەهێشـتنی كێشـە نێودەوڵەتییـەكان‌و یەكلیكردنـەوەیان بەرێگـەی ئاشـتی دەكـەین، بـەپێی ئـەم رێكخـراوە هەرێمیانـەی خوارەوە، كۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی, رێكخراوی وڵاتانی ئەمریكا، رێكخراوی یەكێتی ئـەفریقیایی، بەپشـت بەسـتن بـەزنجیرەی مێـژووی پێكهێنانیـان، لـە رێكخـراوی پەیماننامەی وارشۆش وەك پەیمانێكی سەربازی دەكۆڵینەوە.

1- یەكلاكردنەوەی كێشە نێو دەوڵەتیەكان بە پێی بڕوانامـەی كۆمەڵـەی وڵاتـانی عـەرەبی:

مـادەی پێنجـی بڕوانامـەی كۆمەڵـەی وڵاتـانی عـەرەب بەسـەر وڵاتـانی ئەندامیـدا دەسـەپێنی كـە پابەنـدبن بـەم دەقـەوە نابێ پـەنا ببرێتـە بـەر هێـز بـۆ نەهێشـتنی كێشەكانی نێوان دوو وڵات یان زیاتر لەوڵاتانی كۆمەڵە ئەگەر كێشەیەك لەنێوانیان بەرپابوو پەیوەند نەبی بەسەربەخۆیی دەوڵەت یان سەلامەتی خاك، وڵاتە ناكۆكەكان پەنایان بردە بەر ئەنجومەنی كۆمەڵە بۆ یەكلاكردنەوەی ئەو كێشەیە لەوكاتەدا ئەو بریارەی دەری دەكات بەپێویست جێ‌بەجی دەكرێ.

لەوكاتەی كەوڵاتانی ناكۆك كێشـەكەیان لـە بەردەست ئەنجومەندایە مافیان نی‌یە بەشداربن لەتاوتوێ‌كردنی ئەو بڕیارەی كەئەنجومەن دەری دەكات.

[2] هـەردوو پەیماننامـەی لاهای 1899-1907، بڕوانامـەی پاریس، كۆبونـەوەی هلسنكی بۆ هاوكاری‌و ئاسایشی ئەوروپا 1975

ئەنجومەنی کۆمەڵە ناوبژیوانی ئەو ناکۆکیانە دەکات کەمەترسی بەرپابوونی جەنگی لێدەکرێ لەنێوان دوو وڵاتی کۆمەڵەداو لەنێوان هەر وڵاتێکی تر لەوڵاتانی کۆمەڵە یان غەیری ئەوان بۆ پێکهێنانیان، بڕیارەکانی ناوبژیوانی و بڕیارە تایبەتەکانی بەناوبژی‌کردن دەری دەکات بەزۆرینەی ڕادەبێت.

ئەم مادەیە پابەندییەك دیاری دەکاو دەی‌سەپێنی بەسەر وڵاتانی ئەندام دا کەناکرێ پەنا بەرنە بەر هێز بۆ نەهێشتنی کێشەکانی عەرەبی و دەبێ پەنابەرنە بەر ئامرازەکانی ئاشتی بۆ چارەسەری، ولە هەواڵەکانیدا بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی کەلەوانەیە لەنێوان دوو وڵاتی کۆمەڵەی عەرەب ڕوویدات یان لەنێوان وڵاتێکی عەرەبی بەشدار لەکۆمەڵەو وڵاتێکی نابەشدار ڕێنوێنی دەکات بەپێی ئەم سەرەتایانەی خوارەوە:-

1- قەدەغەکردنی یەکلاکردنەوەی کێشەکان بەپەنابردنە بەر هێز، ئەمەش لەگەڵ ئارەزوو ویستی هەموو وڵاتان یەکدەگرێتەوە کەپابەندبوونیان بەنەهێشتنی کێشەکانیان بەرێی ئاشتی پی‌خۆشەو، ڕێگە دەگرن لەبەکارهێنانی هێز لەپەیوەندی‌یەکانی نێو دەوڵەتی‌یان دا کەئەوەش دەبێتە هۆی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێو دەوڵەتی.

2- ئەنجومەنی کۆمەڵە هەڵدەستی بەئەرکی ناوبژیوانی نێوان وڵاتانی ناکۆك، کە لە مادەی پێنجی بڕوانامەکەدا کەچەند مەرجێکی بۆ ئەنجومەنی کۆمەڵە داناوە لەکاتی هەستانی بەئەرکی ناوبژیوانی، کە بریتین لە:-

ا- دەبێ لایەنەکانی پەنا بۆ ئەنجوومەن بەرن .

ب- دەبی کێشەکە پەیوەند نەبێ بەسەربەخۆیی وڵاتان یان سەروەری یان سەلامەتی خاکەکەی.

ج- لایەنەکانی کێشەکە بەشدارنەبن لەدەنگدان لەسەر بڕیارەکانی ئەنجومەن و تاوتوێکردنی وبڕیارەکانی بەزۆرینەی دەنگ دەربکات.

د- بڕیارەکانی ئەنجومەن لەناوبژیوانی کردنەکەدا بەزۆرییەو جێبەجێ دەکرێ.

لەناوەرۆکی مادەی پێنج دا دەردەکەوێ کەپەنابردنی ئەندامان بۆ ئەنجومەنی کۆمەڵە بۆ ئەوەی بەئەرکی ناوبژیوانی هەستێ ئارەزوومەندانەیە، ئەنجومەن مافی ئەوەی نی‌یە بچێتە ناو کێشەکەوە تەنیا بەرەزامەندی لایەنەکانی نەبێت.

3- ئەنجومەن هەڵدەستێ بەئەرکی ناوبژیکردن یان پێکهاتن بۆ چارەسەری ئەو ناکۆکیانەی کەلەنێوان وڵاتانی کۆمەڵەدا لەئارادایە یان وڵاتانی کۆمەڵەو وڵاتێکی تر، بۆ ئەو ناکۆکیانەی کەمەترسی ڕودانی جەنگی تێدا دەکرێ، واتا ئەجومەن لەکاتی زۆر پێویستدا دێتە ناوەوە کەئەویش ئەو ئەرکەیە پێی سپێردراوە بۆ پاراستنی ئاشتی نێوان وڵاتانی بەشدار لە کۆمەڵەی عەرەبیدا، ئەوەش بەخۆی بەتەنیا دەگێردرێتەوە کە بریاردان لەوکێشەیەی کەبەرپابووە لەنێوان وڵاتاندا یان لەنێوان وڵاتانی سەربەکۆمەڵەو هی تریش لەوکێشانەیە کەجەنگی لێوە بەرپا دەبێ یان نا، و بریارەکەش بەزۆرینەی دەنگ دەبێ،[3] بەبێ ئەوەی لایەنەکانی کێشەکە بەشداری لەدەنگ دان دا بکەن.

سەرەتای نەهێشتنی کێشەکانی عەرەبی بەرێگەی ئاشتی تەنیا لەبڕوانامەی کۆمەڵەدا نەهاتووە وەك سەرەتایەکی بنچینەیی، بەڵکو لەپەیماننامەی بەرگری هاوبەش و هاوکاری ئابووری‌دا هاتووە کەلەنێوان[4] وڵاتانی کۆمەڵەداو وڵاتانی گرێبەست ئەوە دەسەلمێننەوە کەدەبێ سەرجەم کێشەکانیان بەرێگەی ئاشتی چارەسەر بکەن. بڕوانامەی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەب جگە لەناوبژیوانی و ناوبژی‌کردن هیچ ڕێگەیەکی تری لەخۆنەگرتبوو لەئامرازە ئاشتی‌یەکان بۆ چارەسەری کێشەکان، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە کۆمەڵە پەنای بۆ ئامرازەکانی تریش نەبردووە بۆ نەهێشتنی کێشەکانی ئەندامانی. بەڵام پەیماننامەی بەرگری هاوبەش و هاوکاری

---

[3] بریارەکانی ئەنجومەنی کۆمەڵە ئەوەی پەیوەندبی بەچونە نێوانەوە(وساطة) بەپێی بنەما گشتی‌یەکان پابەندنین.

[4] وڵاتە عەقد بەستوەکان دووپاتی دەکەنەوە لەپەرۆشیانەوە بۆ بەردەوام بوونی ئاشتی و ئاسایش و جێگیری کە هەموو کێشەکانیان بەڕێگەی ئاشتی یەکلاکەنەوە جا ئەگەر لەپەیوەندی‌یەکانی نێوانیاندا بێت یان لەپەیوەندیان لەگەڵ وڵاتانی تردا.(م1 لە پەیماننامەی بەرگری هاوبەش و ئابووری کۆمەڵایەتی نێوان وڵاتانی کۆمەڵەی عەرەب).

www.pertwk.com

ئابووری کەلەنێوان وڵاتانی کۆمەڵەی عەرەبدا بەستراوە لەنیسانی 1950 دا ئاماژەی بەهیچ ئامرازێك نەکردووە لە ئامرازەکانی یەکلاکردنەوە یان بۆ پێکهێنانی دامودەزگای تایبەتمەند بۆ نەهێشتنی کێشەکان بۆ پرکردنەوەی ئەو کەمو کوڕیو لاوازییەی کەلەبڕوانامەی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبدا هاتووە، لەوانەی کەپەیوەندن بەسیستمی ئامرازەکانی ئاشتی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی عەرەبی.

لەنێوان ئەو وڵاتە عەرەبیانەی کەدامەزرێنەری کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەب بوو، وڵات هەیە بەشداری لەو پەیماننامەو رێکەوتنامە نێو دەوڵەتیانەدا کردووە کەدەقی لەسەر زیاترلە لەو دوو ئامرازە هێناوە لەئامرازەکانی یەکلاکردنەوەی کێشەکان بەئاشتی، کەلەبڕوانامەی کۆمەڵەدا هاتوون، ولەپێش دروستکردنی کۆمەڵەشدا، واچاوەڕوان دەکرا لەبڕوانامەی کۆمەڵەی وڵاتانی ئەندام بەسەرەتای ناوبژیوانی تەوزیمییەوە پابەندکات، کەچەندین پەیماننامەی نێو دەوڵەتی هەوڵی ئەوەیان داوەو ئاماژەیان بۆ کردبوو، پێش پێکهێنانی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەب، بۆ ئەوەی وڵاتانی پەیمان بەستوی پێوە پابەندبکان،

دەتوانین بڵێین کەسیستمی یەکلاکردنەوەی ئاشتیانە بۆ چارەسەری کێشەکان کەبڕوانامەی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەب، دایڕشتووە لاوازی پێوەدیارە، ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو چارەسەرانەی کە بڕوانامەکە هێناویەتیو دامو دەزگایەکی بۆ تەرخان نەکردووە کەپێویست بکات بگەرێتەوە بۆلایو تواناو دەسەڵاتی هەبی لەدەرکردنی ئیلزامیدا.[5]

سەرەڕای تێپەڕبوونی نزیکەی چل ساڵ بەسەر دامەزراندنی کۆمەڵەدا، بەڵام هێشتا بریاری پێکهێنانی دادگایەکی دادوەری عەرەبی نەداوە(دەستەی دادوەری) هەرچەندە کەبروانامەکەش لەمادەی/19/ یدا ئاماژەی بۆ کردووە، و سەرەڕای ئەوەی کەپێکهێنانی ئەم دادگایە زیاتر لەجارێك وروژێندراوەو پرۆژەی دادگای

[5] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە د. کەمال غالی، کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەب، قاهیرە 1948 ل164-186، د. عائیشە راتب هەمان سەرچاوەی پێشووی، ل33، د. موفید شیهاب هەمان سەرچاوەی پێشووی ل432، د. محەمەد حافظ غانم موحازەرەکانی لەسەر کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەب قاهیرە 1960 ل48

دادوەری عەرەبی ئامادەکراوە، بەڵام پرۆژەکە پێویستی بەبڕیار لێدان هەیە بۆ ئەوەی بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

تا ئێستاش کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی پێویستی بەسیستمێکی تەوزیمی هەیە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانیان.

د. پترۆس غالی وادەبینێ کەئەو رێگایە وڵاتانی عەرەب لایان پەسەندە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانیان بریتییە لەوتوێژکردن لەسەر رێگەی دبلۆماسی نهێنی" کەئەمەش پەسەندترین شێوازە لەلای وڵاتانی عەرەب بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەو ناکۆکیەکان کە لەنێوانیاندا روو دەدات، هەربۆیەش کارێکی نامۆنییە کەدەبینین لەنێوان دەیان کێشەی کەلەنێوان وڵاتانی عەرەبیدا هەڵایساوە بەپێی ناوبژیوانی تەنیا یەك کێشە نەبێ بۆی یەکلایی نەکراوەتەوە بەڵام ناکۆکیەکانی تر یەکلاکراونەتەوە بەڕێگەی ووتوێژی سیاسی".[6]

ئێمەش پشتگیری بۆچونەکەی د. پترۆس غالی دەکەین سەبارەت بەڕۆڵی زەق و بەرچاوی گرنگی ووتوێژ بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە عەرەبییەکان وەك ئامرازێك لەئامرازەکانی یەکلاکردنەوەی ئاشتیانە، بەڵام ئەو ئامرازەی کەوڵاتانی عەرەب پێویستە لەپێناو چارەسەری هەموو کێشەکانیاندا، پەنای بۆ بەرن بڕوانامەی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەب خۆی لەقەرەیان نەداوە هەروەك پێشتر روونمان کردەوە بڕوانامەکە تەنیا ئاماژەی بۆ ناوبژیوانی کردووە.

2- یەکلاکردنەوەی کێشە نێو دەوڵەتییەکان بە پێی بڕوانامەی رێکخراوی وڵاتانی ئەمریکایی:

رێکخراوی وڵاتانی ئەمریکایی سەرەتای نەهێشتنی کێشە نێو دەوڵەتیەکانی بەئاشتی لەبڕوانامەکەیدا هێناوە، لەنێوان ئەو سەرەتایانەی کەدانی پێداناوە بۆ ,وڵاتانی لایەنی کێشەکانیشی سەلماندوە لەکاتی روودانی کێشەدا کەلەنێوان دوو وڵات یان زیاتر لەوڵاتە ئەمریکاییەکان دەبێ بەڕێگەچارەی ئاشتی چارەسەر بکەن.[7]

[6] بڕوانە د. پترۆس غالی هەمان سەرچاوەی پێشوی ل13-147.

[7] بڕگە شەش لەمادەی پێنجی بڕوانامەی رێکخراوی وڵاتانی ئەمریکایی.

www.pertwk.com

مادەی /20/ بڕوانامەکەی فەرمان دەکات بەوە هەرکێشەیەکی نێو دەوڵەتی کەلەنێوان وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوەی وڵاتانی ئەمریکایی‌دا روو دەدات دەبێ بەڕێگای ئاشتی چارەسەر بکرێ کەلەبڕوانامەکەدا دیاری کراوە پێش ئەوەی لەئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بۆ تێڕوانین بخرێتەروو. مادەی /21/ لەبڕوانامەی ڕێکخراوی وڵاتانی ئەمریکایی ڕێگا ئاشتییەکانی دیاری کردووە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان، کەبریتی‌یە لەوتووێژی ڕاستەوخۆ کۆششی سازاندن، پێکهاتن، لێکۆڵینەوەو کردەوە یاسایی‌یەکان ناوبژیوانی، و وڵاتانی لایەنی کێشەکە بۆیان هەیە ڕێککەون لەسەر هەر ڕێگەیەکی‌تر.

سیستمی یەکلاکردنەوەی کێشەکان بەئاشتی لەنێوان وڵاتە ئەمریکایی‌یەکان بەپێی بڕوانامەی ڕێکخراوی وڵاتانی ئەمریکایی، دەکرێ دەستنیشان‌و جێبەجێ بکرێت لەرێی لیژنەی دووقۆڵی هەمیشەیی‌یەوە لەو وڵاتە ئەمریکاییانەی کەهەوڵدەدەن خۆلادەن لەروودانی کێشەکان.

لەکاتی روودانی کێشەکەدا بروانامەکە چەند ڕێگایەکی‌داناوە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان بەئاشتی وەك (ووتوێژ، وخزمەت گوزاری دۆستانەو هاتنە نێوان‌و ناوبژی کردن، لیکۆلینەوە، پێکهێنان، ناوبژیوانی یان کێشەکە بخرێتە بەردەست دادگای دادی نێو دەوڵەتی. بڕوانامەی وڵاتانی ئەمریکایی دام‌و دەزگایەکی دیاری کراوی تەرخان نەکردووە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان کەروو دەدەن لەنێوان وڵاتانی ئەمریکی‌دا، هەروەك چۆن ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقیا دیاری کردووە، ئەنجومەنی وەزیرانی دەرەوە هەڵدەستێ بەئەرك‌و ووتوێژو روانینە ئەو دەست درێژی‌یە چەکداری‌یەی کەکراوەتە سەر وڵاتێکی ئەمریکی یان بۆسەر ئاسایشی ئەمریکی، لیژنەیەکی سەربازی لەوەدا هاوکاری ئەنجومەن دەکات کەلەبەرزترین دەسەڵاتی جەنگی وڵاتانی ئەندام پێك دێت سەرەتای یەکسانی‌و سەروەری کەبروانامەکانی ڕێکخراوە نێو دەوڵەتی‌یە هەرێمیەکان دەقیان لەسەر هێناوە هەمووکات دەقاودەقی راستی‌یەکان جێبەجی نابی بۆ نومونە خۆسەپاندنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەسەر ڕێکخراوی وڵاتانی ئەمریکایی، هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی وڵاتانی بچووك لەئەمریکای ناوەڕاست لەکاتی هەڵایسانی کێشەکەدا لەگەڵ ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکادا ئەوەیان لاپەسەندتربی کەپەنابەرن بۆ ئەنجومەنی ئاسایش (نەتەوە یەکگرتووەکان) لەجیاتی پەنابردن بۆ ڕێکخراوی وڵاتانی ئەمریکایی لەبەر لاوازی دەسەڵات‌و خۆسەپاندنی ئەمریکا بەسەر ئەنجومەنی ئاسایشدا، چونکە یەکێتی سۆڤیەتی تێدابوو رووبەرووی سیاسەتەکانی زاڵ بوون دەبووەوە کەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا[8] هەوڵی دەدا بی‌سەپێنێ‌و پیادەی بکات.

3- **یەکلاکردنەوەی کێشەنێودەوڵەتی‌یەکان بە پێی بڕوانامەی ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقیا:**

بڕوانامەی ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقیا لە 25ی مایسی 1963 دا ئیمزای لەسەرکرا لەشاری ئەدیس ئەبابا لەلایەن سێ سەرۆك دەوڵەت وفەرمانڕەوایەتی ئەفریقیاییەوە، [9] و ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقیان راگەیاند، کەبۆ ئەندامێتی ڕێکخراوەکە وڵاتە ئەفریقیایی‌یە سەربەخۆکان دەگرێتەوە.

پێشەکی بڕوانامەکە دەڵێ.... بەهاندانی ئیرادەی هاوبەش بۆ ریشەداکوتانی لەیەکترگەیشتن گەلانمان‌و هاوکاری نێوان وڵاتانمان وبۆ وەڵامدانەوەی ئاواتەکانی گەلەکانمان‌و بۆ پایەداری برایەتی‌و هاوکاری چوارچێوەی یەکێتی‌یەکی گەورەتر هەنگاو بەسەر هەموو ناکۆکیە نەتەوەیی‌و هەرێمیەکان، ولەو بڕوایەوە کەوەرچەرخانی هەموو ئەوپێداگرتنە بۆ هێزێکی راستەقینە کار بکات بۆ بەدیهێنانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی، پێویست دەکات بارودۆخێك بڕەخسێنری کەئاشتی‌و ئاسایش‌و پارێزگاری لێکردنیان بهێنێتە دی".

پێشەکی بڕوانامەکە دەقی لەسەر سەرەتای قەڵاچۆکردنی کۆلۆنیالیستی نوێ هێناوە بەهەموو شێوەکانییەوە، پابەندبوونی ڕێکخراوی یەکێتیی ئەفریقیای

---

[8] د. پترۆس غالی سەرچاوەی پێشوی ل20 .

[9] جەزائیر، بورۆندی، کامیرۆن، کۆماری ئەفریقیای ناوەڕاست، چاد، کۆنگۆ برازاڤیل، کۆنگۆی لیوبولدفیل، داهومی، ئەسیوپیا، گابون، غانا، غینیا، ساحل عاج، لیبیریا، مەدەغەشقەر، مالی، موریتانیا، مغرب، نیجیر، نیجیریا، رواندا، سەنیگال، سیرالیون، سومال، سودان ، تەنجانیقا, تونس، ئۆگەندە، ، فولتای سەرو"(مادەی 2/33) لەبڕوانامەی ڕێکخراوی ئەفریقیا.

www.pertwk.com

دووپات دەکاتەوە بەئامانجو سەرەتاکانی نەتەوەیەکگرتووەکانەوەو جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ، وەك بنچینەیەکی هاوکاری ئاشتییانەی بەپیت.

یەکێك لەو سەرەتایانەی کەپەیوەندییەکانی وڵاتانی ئەندام لەڕێکخراو یەکێتیی ئەفریقیادا ڕێکدەخات بریتییە لەسەرەتای نەهێشتنی کێشە نێودەوڵەتییەکانە بەئاشتی، ئەم ئامرازانەی خوارەوەی ژماردووە: (وتووێژکردن، ناوبژیکردن، پێکهاتنو ناوبژیوانی[10]

بڕوانامەی ڕێکخراوی یەکێتیی ئەفریقیا دەقی هێناوە لەمادەی نۆزدەدا لەسەر ئەوەی کە وڵاتانی ئەندام بەڵێن دەدەن بەیەکلاکردنەوەی هەموو ئەو کێشانەی کە لەنێوانیاندا بەرپادەبێ بەڕێگەچارەی ئاشتی.

بۆ بەدیهێنانی ئەو مەرامە بڕیاریداوە بەپێکهێنانی لیژنەی ناوبژیکردنو پێکهاتنو ناوبژیوانی، ئەو لیژنەیە پێکدێو مەرجەکانی خزمەتکردنی دەست نیشان دەکرێ بەپێی پرۆتۆکۆڵێك کە کۆنگرەی سەرۆکی وڵاتانو حکومەتەکانیان لەسەری ڕەزامەند دەبنو ئەو پرۆتۆکۆڵە بەبەشێك لەبڕوانامەکە دائەنرێو لێی جیاناکرێتەوە.

لیژنەی ناوبژیو پێکهاتنو ناوبژیوانی بەدەزگایەکی تایبەتمەندا دادەنرێ بۆ نەهێشتنی کێشەکانی کە لەنێوان ئەنداماندا دروست دەبێ، بەلقێکی سەرەکی ڕێکخراوەکە دەژمێردرێ.[11]

بەگوێرەی دەقەکانی بڕوانامەی ڕێکخراوی یەکێتیی ئەفریقیا سێ دامودەزگا هەن کەبۆیان هەیە بەئەرکی یەکلاکردنەوەی کێشەکانی ئەفریقیا هەستن:

1. کۆنگرەی سەرۆكو فەرمانڕەوایەتییەکانی کەتایبەتمەندی فراوانیان هەیە، بەو پێیەی کەدامو دەزگای باڵای ڕێکخراوەکەنو مافی لێدوانی هەر دۆزێکیان هەیە کە پەیوەند بێ بەکیشوەری ئەفریقیاوە[12].

---

[10] مادەی3 /4 لەبڕوانامەی ڕێکخراوی ئەفریقیا.

[11] ئەم ڕێکخراوە کاردەکا بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی لەڕێی ئەم لقە سەرەکییانەوە. 1ـ کۆنگرەی سەرانی وڵاتانو حکومەتەکان، 2ـ ئەنجومەنی وەزیران، 3ـ ئەمینداریێتی گشتی،4ـ لیژنەی ناوبژیوانی پێکهاتن مادەی (7) لەبڕوانامەی ڕێکخراوی یەکێتیی ئەفریقیا.

[12] مادەی (8) لەبڕوانامەی ڕێکخراوی یەکێتیی ئەفریقیا.

2ـ ئەنجومەنی وەزیران بەو پێیەی دەزگایەکی بایەخدارەو لەدوای ئەنجومەنی سەرۆكو فەرمانڕەوایەتی وڵاتان دێ، گرنگی ئەنجومەنی وەزیران لەو ڕۆڵەوە دێ کەپێی هەڵدەستێو لەو تایبەتمەندیانەوە کە هەیەتیو لەپێکهاتەکەیدایە[13]، ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە دەست لەهەر کێشەیەك وەربدات بۆ یەکلاکردنەوەی (واتا کێشەکانی ئەفریقیا) جا ئەگەر خۆرسکانە بێت یان لەسەر ڕێنماییو ئاراستەکردنی سەرۆك وڵاتو حکومەتەکانەوە بێت، یان لەسەرداوای یەکێ لەوڵاتانی ناکۆك بێت کەلایەنێکی کێشەکەیە.

3ـ لیژنەی ناوبژیو پێکهاتنو ناوبژیوانی کەپابەندە بەچەسپاندنی ئەرکەکانی وەك دەزگایەکی هەمیشەی تایبەتمەند بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە نێودەوڵەتییەکانی کەبنەماو ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی بۆ دەخاتە ڕوو.

بەجێبەجێکردنی فەرمانەکانی مادەی 19 لەبڕوانامەکە کەپەیوەندە بەپێکهاتنی لیژنەی ناوبژیو پێکهاتنو ناوبژیوانی، لیژنەیەك لەشارەزایان پێکهێنرا بۆ دانانی پرۆتۆکۆڵێکی تایبەت بەبڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیرانی ڕێکخراوەکە لەخولی یەکەمیدا لەئابی 1963دا، لەخولی سێیەمی ئەنجومەنی وەزیراندا ڕەزامەندی لەسەر دەربڕا لەحوزەیرانی 1964دا دواتر کۆنگرەی سەرەك دەوڵەتو فەرمانڕەواکان (کۆنگرەی لوتکە) ڕەزامەندی لەسەر پرۆتۆکۆڵی تایبەت بەلیژنەکەی دەربڕی، بیستو یەك ئەندامی بۆ دامەزرێنرا کەلیژنەیان لێ پێکهاتبوو لەئۆکتۆبەری 1965دا لەکۆبوونەوەکانی کۆنگرەی لوتکەی ئەفریقی سێیەمدا کەلە ئاکرا بەسترا.[14]

بەپێی دەقی مادەی (19) پرۆتۆکۆڵەکە بەبەشێکی جیانەکراوە لەبڕوانامەی ڕێکخراوی یەکێتیی ئەفریقیا دەژمێردرێ.

بڕوانامەی ڕێکخراوی یەکێتی‌ی ئەفریقیاو ئەو فەرمانانەی کەلەپرۆتۆکۆڵەکەدا هاتووە بۆ پێکهێنانی لیژنەی یان سیستمی ناوخۆیی بۆ بەڕێوەچوونی کاری

---

[13] ئەنجومەنی وەزیران لەوەزیرانی دەرەوە پێکدێت، یان هەر وەزیرێکی تر کە حکومەتەکانیان دایانبنێ. مادەی (1/12) لەبڕوانامەی ڕێکخراوی یەکێتیی ئەفریقیا.

[14] بڕوانە د.پترۆس بترۆس غالی، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەچوارچێوەی ڕێکخراوی یەکێتیی ئەفریقیا قاهیرە 1974 ل225–226" د.عائیشە ڕاتب سەرچاوەی پێشووی ل116

www.pertwk.com

لیژنەکە، هیچ دەقێکیان لە خۆنەگرتووە پەیوەند بێ بەپابەندکردنی لایەنەکانی کێشەکە بۆ پەنابردنە بەر لیژنەکە لەوەی کەپەیوەندە بەیەکلاکردنەوەی کێشەکانیان، واتا پەنابردن بۆ لیژنەکە ئارەزوومەندانەیەو بەندە بە ئارەزووی لایەنەکانی کێشەکە.

لەبڕوانامەکە بۆمان دەردەکەوێ کە ڕێکخراوی یەکێتیی ئەفریقیا چوار ئامرازی دیاری کردووە بەیەکلاکردنەوەی کێشە نێودەوڵەتییەکان بەئاشتی کەبریتییە لە(وتووێژ, ناوبژیکردن، پێکهاتن، ناوبژیوانی)، کەهەمان ئەو ئامرازانەن کەلەپرۆتۆکۆڵی لیژنەی ناوبژیو پێکهاتنو ناوبژیوانی دا هاتبوون، بەڵام ئەو ئامرازانەی کەلیژنەی ناوبژیو پێکهاتنو نابژیوانی هێناویەتی ڕێگە لەوڵاتانی ناکۆك ناگرێ کەپەنابەرنەبەر ئامرازی تر.

لەو ئامرازانەی کەلەمادەی (33) دا لەبڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا ناوی هاتووە بۆ یەکلاکردنەوەی ئاشتیانەی کێشەکان.[15]

4ـ یەکلاکردنەوەی کێشە نێودەوڵەتییەکان بە پێی بڕوانامەی پە یمانی وارشۆ:

سەرەتای چارەسەری ئاشتییانەی کێشەو ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان یەکێك بوو لەو سەرەتا یاسایی و سیاسیانەی کەبڕوانامەی پەیمانی وارشۆ لەخۆیگرتبوو و ئەو وڵاتانەی پێوە پابەندکرد ئیمزای پەیماننامەکەیان کردبو، جا ئەگەر لەچوارچێوەی دوو قۆڵی بێ یان بەکۆمەڵ لە ڕێکخراوەکەدا.

پێکهێنانی ڕێکخراوی پەیمانی وارشۆ بۆ دۆستایەتی و هاوکاریو یارمەتی ئاڵوگۆر لە 14ی ئایاری 1955لەدوای پێکهێنانی پەیمانی ئەتڵەسی بوو کەلەواشنتۆن لە 4 نیسانی 1954 دا ئیمزاکرا، لەدوای مۆرکردنی ڕێککەوتنی پاریس کە لە23ی تشرینی یەکەمی 1954دا ئیمزا کرا کەهەریەك لەفەڕەنساو ئینگلتەراو وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئەڵمانیا بڕیاریاندا لەئەڵمانیای رۆژئاوا پاشەکشە بکەنو ڕێگەی پێبدەن خۆی پڕچەك بکاتو بچێتە ناوپەیمانی ئەتلەسییەوە.

[15] لیڤین سەرچاوەی پێشووی ل43

یەکێتی سۆڤیەت هەوڵیدا لەپاش پێکهێنانی پەیمانی ئەتڵەسی پرۆژەی ئاسایشی بەکۆمەڵ ئەوروپی جێبەجێ بکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەیمانەکەو لاوازکردنی کاریگەرێتی، لەو بارەوە سێ پێشنیاری پێشکەش کرد کەئەمانەن:

1ـ بەستنی ڕێککەوتنی ئاسایشی هاوبەش لەنێوان وڵاتانی ئەوروپیداو، دۆزینەوە، چارەسەرێك بۆ گیروگرفتی ئەڵمانیا کەهەموو لایەنێك قایل بکات.

2ـ ڕێگەی وڵاتانی پەیمانی ئەتڵەسی بدەن ببنە ئەندام لەنێو پەیماننامەکە.

3ـ جاری پێکهینانی پەیمانێکیدا کەدەرگای بۆ وڵاتانی ئەوروپی والا بێت بۆ ئەندامێتی ئەگەر ئەندامی پەیمانی ئەتڵەسی بن.

بەڵام ئەو پێشنیارانە لەلایەن وڵاتە ڕۆژئاواییەکانەوە وەڵام نەدرایەوە، دواتر یەکێتیی سۆڤیەت لەبەررۆشنایی ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکانی پاریس بانگەشەی ئاڕاستەی بیستو سێ وڵاتی ئەوروپی کرد کەلەو سەردەمەدا پەیوەندی دبلۆماسی لەگەڵیاندا هەبوو بۆ بەستنی کۆنگرەیەك کە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاش بانگهێشت بکرێ بۆ داڕشتنی بنچینەکانی کەپێویستن بۆ ئاسایشی ئەوروپا بەکۆمەڵی داوەتنامەی لە 13ی تشرینی دووەمدا پێشکەشکرد واتا دوای بیست ڕۆژ لەئیمزاکردنی ڕێککەوتنامەکانی پاریس، جگە لەو وڵاتانەی پەیمانی وارشۆیان ئیمزاکرد هیچ وڵاتێکی تر بەپیر داوەتنامەکەوە نەهات کەهەریەك لەبولگاریاو، ئەلبانیاو، مەجەرو ئەڵمانیای دیموکراسی، ڕۆمانیا، یەکێتیی سۆڤیەت، چیکۆسلۆفاکیا بوون لە14 ئایاری 1955دا پەیماننامەکەیان مۆرکرد.

لەساڵی 1955 دا یەکێتی سۆڤیەتی هەردوو پەیماننامەی دۆستایەتی نێوان خۆیو فەرەنسای هەڵوەشاندەوە کەلەساڵی 1942 دا ئیمزا کرابوون.[16]

سەرەتا چارەسەر ئاشتیانەی کێشە نێو دەوڵەتی‌یەکان بڕوانامەی پەیمانی وارشۆ لەنێوان چەندین سەرەتادا هاتووە کەفەرمان بەسەر پەیوەندی‌یەکانی وڵاتانی ئەندامی‌دا دەکات، مادەی یەکی بڕوانامەی پەیمانی وارشۆ دەقی هێناوە لەسەر ئەو

[16] بڕوانە د. فوئاد شوبات، سەرچاوەی پێشوو ل91، د. موفید شیهاب سەرچاوەی پێشوی، ل534، د. عائیشە راتب سەرچاوەی پێشووی ل151-152.

www.pertwk.com

وڵاتانەی کەئیمزایان کردووە کار بەفەرمانەکانی بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن، لەپەیوەندیەکانیاندا ڕێگە دەگرن لەبەکارهێنانی توندوتیژی یان هەڕەشەکردن لەئاشتیو، ئاسایشی نێو دەوڵەتی ناخەنە مەترسییەوە. لە بڕوانامەی پەیمانی وارشۆ بەدەق هاتووە تەنیا بۆ دوو دەزگانەبی کەبریتین لە لیژنەی راوێژکاری سیاسیو سەرکردایەتی یەکگرتوو بەڵام بڕوانامەکە دەڵێ لەتوانادایە لەکاتی پێویست دا دامو دەزگای تر پێکبهێنرێ.

لەخولی دانیشتنی پراگ دا لیژنەی راوێژکاری سیاسی ساڵی 1956 لیژنەی هەمیشەی بۆ راسپێری لەکاروباری سیاسیو دەرەوە پێکهێنا، سکرتاریەتی یەکگرتووی پەیمانی وارشۆی دانا، وەك دوو دامو دەزگای ناوەندی، ولەخولی دانیشتنی بوخارست ساڵی 1961 لیژنەی راوێژکاری سیاسیو لیژنەی وەزیرانی بەرگری پێکهێناو بە دەزگایەکی سەرەکی دانا.

لەپەیمانی وارشۆدا سەرەتای چارەسەری ئاشتیانەی کێشە نێو دەوڵەتیەکان سەرەتا سروشتییەکەی وابەستەیە بەوڵاتانی سۆسیالیستییەوە لەبەر وابەستەبوونی ئەو وڵاتانە بەوسەرەتایەوە، وەك ملکەچ بونیان بۆ یاسای گشتی نێو دەوڵەتی .[17]

پەیمانی وارشۆ دەزگایەکی لەدامو دەزگا سەرەکیەکانیان تەرخان نەکردووە بۆ چارەسەری ئەو کێشە نێو دەوڵەتیانەی کەلەوانەیە لەنێوان ئەندامانیدا رووبدات کەلەپەیمانەکەدان.

بەڵام بڕوانامەکە تواناو دەسەڵاتی فراوانی بەخشیووە بەلیژنەی راوێژکاری سیاسی بۆ تێڕوانینی ئەو کێشەو ناکۆکیانەی کەدێنە ئاراوەو یەکلاکردنەوەیان بەڕێگای بەئاشتی. وئاماژەشی بەو ئامرازە ئاشتیانەش نەکردووە کە کێشەکانی بەئاشتی پێ یەکلا دەکرێتەوە، بەڵکو دەقی مادەییەکی هێناوە لەپەیماننامەکە کەپەیوەندە بە نەهێشتنی کێشەکان، بۆ وڵاتانی ئەندامی دەسەلمێنی کەڕێگە بگرن لەبەکارهێنانی هێزو کێشەکانیشیان نەهێڵ

[17] لیڤین سەرچاوەی پێشو ل44

ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان پێشکەوتنی گەورەیان بەدەست هێنا لەبواری جێگیرکردنی سەرەتای نەهێشتنی کێشە نێو دەوڵەتییەکان بەرێگەی ئاشتیو وڵاتانی لایەنداری پێوە پابەندکرد، بۆ ئەوەی هەردوو سەرەتای یەکلاکردنەوەی کێشە نێودەوڵەتییەکان بەئاشتیو ڕێگرتن لەبەگەر خستنی هێز بگیرێنەبەرو ببنە ڕێگەیەکی ئەڵتەرناتیف لەجیاتی جەنگ.

رۆژ لەدوای رۆژ رۆڵی ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییە هەرێمیەکان لەبواری سەقامگیرکردنی ئاشتیدا بایەخی بۆ پەیدا دەبی، چونکە تواناو رۆڵی ئەو ڕێکخراوانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەو ناکۆکییە ناوچەییکان گونجاوەو بارو دۆخیش لەبارترو گونجاوترە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەو ناکۆکیەکانیان.

* * * *

www.pertwk.com

ڕێکخراوە هەرێمییەکان لەسیستەمی یاسای نێودەوڵەتیدا

بەشی یەکەم
پێناس و ناوەرۆکی ڕێکخراوە هەرێمییەکان لەیاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخدا

مەبەست لەڕێکخراوە هەرێمییەکان لەیاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخدا دەستەگەری وڵاتانەو ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە لەنێوان خۆیاندا بەحکومی دراوسێیەتی و بەرژەوەندی هاوبەش پەیوەستێك دروست دەکەن، ئەوەی هانیان دەدات هاوکاریو پێکەوە گونجاندنە، بەمەبەستی دوورخستنەوەی مەترسی دوژمنکاریو بەدیهێنانی ئاشتیو ئاسایش و، پەرەپێدانی پەیوەندییەکانیان لەسەرجەم بوارەکاندا هەر لەئابووریو کۆمەڵایەتی تا کلتووریو هیتریش، پابەندی ئامانجەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان دەبن[1]، واتا بریتییە لە ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندی ئەو وڵاتانە کەدەکەونەیەك ناوچەی جوگرافییەوە ئەگەر لەڕووی مێژووییەوە بێینە سەرباسی ئەو دەستەگەرییە نێودەوڵەتییەیانە دەبینین کەسەرهەڵدانیان بەرزگاری سیاسی زۆربەی ئەو وڵاتانە، لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە کاتێ زۆربەی ئەو وڵاتانە ئەوەیان بینی کەهاوکاریو یارمەتیدانی یەکتری نێوانیان بووەتە کارێکی پێویست بۆ کەمکردنەوەی گیروگرفتە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکانیان، ئەوەشمان لەیاد نەچێ کەفاکتەری جوگرافی ڕۆڵی بێ وێنەی هەیە لەو پەیوەندییە نێودەوڵەتیانەداو

---

[1] مەبەست لەڕێکخراوەی هەرێمی دەستەکانی حکومەتن کەلەگەڵ وڵاتانی دراوسێ جوگرافیدا بەشێوەیەکی دیاریکراو پەیوەندی نێوانیان دەبەستێتەوە لەهاوکاریو یارمەتی کەهەموویان هاوکاری دەکەن بۆ پاراستنی ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی، بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییە جیاوازەکان لەبواری هەرێمی دیاریکراودا بەپێی ئامانجەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، د.عائیشە ڕاتب سەرچاوەی پێشوو ل5.
ڕێکخراوە هەرێمییەکان بریتییە لە کۆبوونەوەی هەرێمی کەکۆمەڵێك وڵاتانی دراوسێ لەخۆ دەگرێ کەهاوکارن و کاردەکەن لەپێناو پاراستنی ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی پیشتگیری کردنی یارمەتی ئابووریو کۆمەڵایەتیو کلتووری لەسەر بناغەو ڕێگەی ئامانجەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان وبەتەنسیق کردنیان پێکەوە. د. مفید شیهاب، هەمان سەرچاوەی پێشووی ل411
ڕێکخراوەی نێودەوڵەتی لەئەندامێتی کۆمەڵی وڵات کەوا بەستەن بە پەیوەندی دیاریکراو لەهاوکاریکردن بۆ بارودۆخی جوگرافیو ئابووریو کۆمەڵایەتی، د. محەمەد حافظ غانم، هەمان سەرچاوەی پێشووی ل8

www.pertwk.com

لەدروستکردنی چەندین ڕێکخراوی نێودەوڵەتی هەرێمیشدا بۆ مسۆگەرکردنی ئاسایش و هاوکاریکردنیان لەهەموو بوارەکاندا.

ڕێکخراوی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەب تەنیا ڕێکخراوی نێودەوڵەتی هەرێمییە کەبەفاکتەری جوگرافیاوە نەوەستاوەتەوە بۆ ڕێککەتنی نێوانیان، بەڵکو تاکە ڕێکخراوە کەئەندامانی وڵاتانێکن سەربەیەك نەتەوەشن کەنەتەوەی عەرەبەو هاوبەشن لەیەکێتیی ڕەچەڵەك و مێژوو ونەریتی هاوبەش و گەلەکەشیان یەك زمانی ڕەسمی ئاخاوتنی هەیە[2].

بەڵام سەبارەت بەڕێکخراوی وڵاتانی ئەمریکایی بەتەنها بریتییە لەوڵاتانی ئەمریکا، واتا وڵاتانی کیشوەری ئەمریکا، واتا فاکتەری جوگرافیاو دراوسێیەتی بناغەی ڕێککەوتنەکەیانە سەبارەت بەپێکهێنانی ڕێکخراوی وڵاتانی ئەمریکایی[3].

[2] کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی لە 1945/3/22 دا پێکهێنرا لەحەوت وڵاتی سەربەخۆ کەبریتیی بوون لە میسر، سوریا، عیراق، ئەردەن، سعودییە، لوبنان، کەیەکێکە لەکۆنترین ڕێکخراوی نێودەوڵەتی هەرێمی کەئێستا هەر بیست و دوو وڵاتە عەرەبییەکان ئەندامن.

[3] ڕێکخراوی وڵاتانی ئەمریکی دروست کرا، دوای ئەوەی بەزنجیرەیەك کۆنگرەدا تێپەڕی بۆ وڵاتانی ئەمریکی بەئامانجی یارمەتی بازرگانی، نەهێشتنی کێشەکانیان بەرێگەی ئاشتی، بەتایبەت دوای زۆربوونی وڵاتانی ئەمریکای لاتین لە ئامانجی ڕزگاری سیاسیان لە کۆڵۆنیالیستی ئەوروپی، لەدوای جەنگی دووەم ئەمریکا دروشمی قەدەغەکردنی بڵاوبوونەوەی شیوعیەتی قۆزتەوە بۆ چڕکردنەوەی هەوڵەکانی بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوی وڵاتانی ئەمریکایی لە1948/4/30دا، لەشاری بۆگۆتای پایتەختی کۆلۆمبیا ئیمزای بڕوانامەکە کرا لە1951/5/13دا چووە بواری جێبەجێکردنەوە دوای بەڕێوەچوونی کردەوەکان بڕواپێدان. وڵاتانی دامەزرێنەری ڕێکخراوەکە ئەمانەن: وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، مەکسیك هندوراس، گۆتیمالا، نیکاراگوا، پەنەما، سلڤادۆر، کۆستەریکا، کوبا، هایتی، دومونیکا، فەنزەویلا، کۆلۆمبیا، ئیکوادۆر، پیرۆ، پۆلیڤیا، بەرازیل، ئۆرۆگوای، پاراگوای، شیلی ئەرجەنتین.

تائێستاش ڕێکخراوەکە لەژێر دەسەڵاتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادایەو سیاسەتی خۆسەپاندنی هەیە، ئەو ڕێکخراوە دەقۆزێتەوە بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی کەمەرامیان

بەهەمان شێوەش ڕێکخراوی یەکێتیی ئەفریقیای بەتەنیا بریتییە لە وڵاتانی ئەفریقیاو ڕێکخراوە ئەوروپاییەکان بەتەنیا وڵاتانی ئەوروپایی دەگرێتەوە.

چەمکی ڕێکخستنی هەرێمی پشت بەدراوسێتی جوگرافی نێوان وڵاتان بۆ پێشخستنی پەیوەندییەکانی نێوانیان دەبەستێ لەهەموو لایەنەکانی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و هی‌تر بۆ پاراستنی ئاسایش و ئاشتی نێودەوڵەتی، بەواتایەکی‌تر ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە هەرێمییەکان یەکێکە لەشێوازە یاساییەکان بۆ هاوکاری نێودەوڵەتی و یەکخستنی تواناکانیان و چڕکردنەوەی هەوڵەکانیان بۆ ئەو شتانەی پەیوەندن بەدابینکردنی بەرگریکردن لەخۆو یان لەئاسایشی بەکۆمەڵ، بێجگە لە هاوکاریکردن لەبوارەکانی‌ترو پێشخستنی هاوکاری نێودەوڵەتی.

بڕوانامەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان پێناسێکی لەخۆنەگرتبوو بۆ ڕێکخراوە هەرێمییەکان ئەمەش بووتە هۆی جیاوازی کردنیان سەبارەت بەهێنانی پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ ڕێکخراو هەرێمییەکان سەرەڕای ئەوەی کەبڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان لەبەشی هەشتەمدا مادەکانی (52، 53، 54)ی تەرخانکردووە بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوە هەرێمییەکان، بەڵام پێناسێکی بۆ ڕێکخراوە هەرێمییەکان تیدانەبوو، سەرەڕای ئەوەی کە ئەم پرسە ناکۆکی نێوان وەفدە نێردراوەکانی وروژاند لەکۆنگرەی سانفران سیسیکۆ دابەشداربوون لەکاتی تاوتوێکردن و داڕشتنی فەرمانەکانی ئەم بەشەدا[4].

زاڵبوونی دەسەڵاتی ئەمریکایە بەسە رکیشوەرەکەداو سەرکوتکردنی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی وڵاتانی ڕێکخراوەکە. کە دەستوەردان لەکاروباری ناوخۆی وڵاتانی ئەندام دادەنرێ و لەگەڵ یەکێك لەدەقەکانی سەرەتاکانی نەتەوەیەکگرتووەکان ناکۆکە کەدەڵێ ڕێکخراوەکە ڕێز لەسەروەری هەر وڵاتێك و سەربەخۆی سیاسییان دەگرێ، بۆ زیاتر بڕوانە.
د.موفید شیهاب سەرچاوەی پێشوو ل510.
د. محەمەد مجزوب سەرچاوەی پێشووی ل238، د. ئیسماعیل سەبری موقەلەد، سەرچاوەی پێشووی ل400

[4] بڕوانە د. عایشە راتب سەرچاوەی پێشوو ل7" د. موفید شیهاب سەرچاوەی پێشوو ل409

www.pertwk.com

سەرەڕای ئەو پێشنیارانەی کەپێشکەشکران بۆ پێناسەکردنی ڕێکخراوە هەرێمییەکان بەڵام ڕێك نەکەوتن لەسەر پێناسەیەکی دیاریکراو، بەڵکو چەمکێکی بۆ هەرێمایەتی دەستنیشانکرد "ئەم بڕوانامەیە هیچی وای تێدانییە کە ڕێگربێت لەرێکخراوەکان یان ئاژانسە هەرێمییەکان بۆ ئەوەی چارەسەری کاروبارێك بکەن کەپەیوەندبێ بەپارێزگاریکردن لەئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی، ئەگەر کاری ڕێکخراوە هەرێمییەکە دروستی تێدا بێتو گونجاوبێت چونکە ئەو ڕێکخراوانە یان ئاژانسە هەرێمییانەو چالاکییەکانیان لەگەڵ سەرەتاو مەبەستەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان دەگونجێ.[5]

بەپێی ئەو بۆچوونانەی سەرەوە پێویستە ئەم بنچینەو ڕەگەزانەی خوارەوە هەبن بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوەی نێودەوڵەتی:

1. دراوسێیەتی لەنێوان وڵاتانی ئەندام لەرێکخراوە هەرێمییەکەدا، واتا پێویستە کە وڵاتانی پێکهێنەری ڕێکخراوی هەرێمیی لەیەك ناوچەی جوگرافی دابن بۆ دەستبەرکردنی باشترین بارودۆخ بۆ هاوکاری هەرێمایەتی،و بەپشت بەستن بەرەگەزی دراوسێیەتی جوگرافی لەڕێکخراوی هەرێمیدا، ناتوانین پەیمانە سەربازییەکان بەڕێکخراوی هەرێمی هەژمار بکەین، بەو چەمکە سنووردارەی کەلەبڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا هاتووە، چونکە ئەندامەکانی ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کەلەناوچەی جوگرافی جیاجیان، بێجگە لەوەش پشت بەئیعتباراتی سیاسیش دەبەستێو، کەپشتی بەمادەی (51)ی بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بەستووە، بۆ پێکهاتنی، کەبریتییە لە بەرگریکردنی ڕەوای بەتەنیاو بەکۆمەڵ نەك مادەکانی (54،53،52) کەپەیوەندن بەرێکخراوە هەرێمییەکانەوە دواتر دێنە سەر شیکردنەوەی تەواو سەبارەت بەبۆچوونی چەندین داناو بۆچوونی خۆمان سەبارەت بە جیاوازی نێوان ڕێکخراوە هەرێمییەکانو پەیمانە سەربازییەکان سەرەڕای ئەوەی هەندێ ڕەگەزی هاوبەشیان هەیە.

[5] برگەی یەکی مادەی (52) لەبڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان

2. چارەسەرکردنی ئەو کاروبارانەی کەپەیوەندن بەپاراستنی ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی واتا ڕێکخراوە هەرێمییەکە دامودەزگای هەبێ بۆ ڕێگرتن لە کردارەکانی دوژمنکاریو پابەندبوون بەهاوکاری بەکۆمەڵ بۆ مسۆگەرکردنی ئاسایشو بەرپەرچدانەوەی دامودەزگا هەرێمییەکان ئەرکی جێبەجێکردنیو هاریکارکردنی نەتەوەیەکگرتووەکانی لەسەرە لەکاتی جێبەجێکردنی ئامانجەکانی. (فیکیلوف) ئاماژە بە پێویستی هەبوونی دامودەزگای تایبەت دەکات وەك مەرجێك بۆ بوونی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی هەمیشەیی.[6]

3- ئامانجو سەرەتاکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی یەکانگیر بێت لەگەڵ ئامانجو سەرەتاکانی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەگەر پابەندبێ بەبڕیارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان کەتایبەتن بەچالاکییەکانی ڕێکخراوەی هەرێمییەوەو، ودەبێ‌پێدابگرێ لەسەر ئەركو ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی.

بڕگەی یەکی مادەی (52)ی بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ دروستبوونی ڕێکخراوە هەرێمییەکان مەرجی داناوە کەدەبێ چالاکیو ئامانجەکانی ڕێکخراوی هەرێمی بگونجێ لەگەڵ مەبەستو سەرەتاکانی نەتەوەیەکگرتووەکاندا.

4- هەبوونی ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی کە سیفەتی بەردەوامی سەقامگیری هەبێ بۆ مسۆگەرکردنی چالاکییەکانی ڕێکخراوەکەو بۆ بەدیهێنانی ئامانجو سەرەتاکانی کەرێکخراوەکەی لەپێناودا دامەزرێنراوە لەسەرجەم بوارەکانی ئابووریو کۆمەلایەتیو کلتووریو هیتریش بێجگە لەلایەنی بنەڕەتیو گرنگی کەپەیوەندە بەپارێزگاریکردنی ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی. (ئەلسکەندەر یانکۆف) وادەبینێ کە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بەو پێیەی بالاترین شێوەی ڕێکخستنی پەیوەندییەکانو هاوکاری نێوان وڵاتانە، بریتییە لەیەکێتییەکی نێودەوڵەتی هەمیشەیی پشت بەرێککەوتنێك دەبەستێ کە ڕێکخستنو سیستمی یاسای جێگیری تێدایەو لەسەر سەرەتاو ئامانجی هاوبەش بنیات نراوە بۆ بەدیهێنانی کرداری دیاریکراو بەڕێگەی

[6] یانکۆڤیکلیوف، سەبارەت بەپرسی کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی ڕێکخراوە هەرێمییەکان بۆ ئاسایشی بەکۆمەڵ، کتێبی ساڵانەی زانکۆی سوفیا، ل12 –1971، 1972 – ل157

سیستمێك لەدامودەزگای تایبەت کەلەچوارچێوەی ئەرك و تایبەتمەندییەکانیدا دەربڕی و ویستی یاسایی تایبەتە بەو یەکێتییە[7].

مۆرۆزۆف سیفەتە گشتییەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەم شێوەی خوارەوە دیاری دەکات:

1. بریتییە لەشێوەیەکی هاوکاری هەمیشەیی نێوان کۆمەڵێك وڵات کەتاڕادەیەك هەمیشەیین و خاوەن سەروەرین کەژمارەیان لەسێ وڵات کەمتر نییە.

2ـ لەسەر بنچینەی پەیماننامەیەك پێکدەهێنرێ کەدادەڕێژرێ بەشێوەیەکی هاوبەش لەلایەن ئەندامانی ڕێکخراوەکەوەو ئامانج و سەرەتاکانی ئەو هاوکارییە دیاردەکات کەبگونجێت لەگەڵ ئەو سەرەتایانەی کەیاسای نێودەوڵەتی ناسیویەتی.

3. دامودەزگایەکی هەمیشەیی هەیە کەخاوەن تایبەتمەندی دیاریکراو سیستمی کارکردنی تێدایە[8].

لایەنێکی گرنگی لەژیانی وڵاتاندا لایەنی ئابووری‌یە، ڕێکخراوە هەرێمییەکان ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لەتەواوکاری ئابووری وڵاتانی ئەندام لەڕێکخراوی هەرێمیدا، بەسوود بینین لەو سەرەتانەی لەبەردەستدان و شارەزای هونەری و کارگەری لەو وڵاتانی ئەندامدا، بۆ تەواوکردنی یەکتری، یان بۆ ئەوەی هەر وڵاتێك تایبەتمەندبێ بەپیشەسازی پێداویستییەکەوەو سوود لەشارەزایی پسپۆڕانی هونەری وڵاتی تر وەرگرێ بۆ پێشخستنی لەگەڵ ڕەچاوکردنی دابینکردنی پێویستییەکانی پیشەسازی هەر وڵاتێك لەڕووی کەش و هەواو شوێنەوە دابینکردنی مادە سەرەتاییەکان، واتا تەواوکاری هەرێمی وا دەردەکەوێ کەزیاتر دەستەبەرەو ئەنجامی سازندەو خێراو کاریگەری دەبێ لەبواری ئابووریدا. لەهەموو ئەوانەی سەرەوە دەردەکەوێ کەڕێکخراوە هەرێمییەکان بریتین لەڕێکخراوی نێوان وڵاتان و کەسایەتی یاسایی خۆیان هەیە وەکو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.

7 ئەلسکەندەر یانکۆف سەرچاوەی پێشووی ل71

8 (ك.ی) موروزوف، ڕێکخراوەی نێودەوڵەتی هەندێ دۆزی تیوری، مۆسکۆ 1967، ل103

www.pertwk.com

1. ڕێکخراوە هەرێمییەکان پێش سەرهەڵدانی نەتەوەیەکگرتووەکان

سەرەڕای رای ئەوەی دەستەواژەی ڕێکخراوە هەرێمییەکان (ڕێککەوتنەکانی هەرێمی) بۆ یەکەمجار لەمادەی (21)ی بڕوانامەی کۆمەڵەی گەلاندا هاتبوو دوای هامواركردنی لەساڵی 1922دا[9] کەچی مادەی ناوبراو تەنها واتاو پێناسی ڕێککەوتنی هەرێمی دیاری کردبوو، بەڵام ڕەوایەتیشی پێدابوو.

ئەم مادەیە دانرا بۆ سەلماندنی هێشتنەوەو بەردەوام بوونی یەکێتیی وڵاتانی ئەمریکایی[10]، بەوەی کەیەکێتی ناوبراو لەگەڵ پێکهێنانی کۆمەڵەی گەلاندا نەیارنییە ، وهاتنە پاڵی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ کۆمەڵەی گەلان ئەوە ناگەیەنێ کەوازی لەسەرەتای مۆنرۆهێنابێ کەسەرۆکی ئەمریکی جمیس مۆنرۆ لەکانونی یەکەمی ساڵی 1823دا ڕایگەیاندبوو کەفەرمان دەکات بەڕەتکردنەوەی دەستوەردانی ئەوروپا لەکاروباری کیشوەری ئەمریکا،و ئەمریکا کیانێکی سەربەخۆیی هەیە، مافی وڵاتانی ئەمریکایە سەرخۆبن[11].

سەرەڕای ئەوەی کەلەبڕوانامەی کۆمەڵەی گەلاندا هاتووە سەبارەت بەڕێککەوتنە هەرێمییەکان بەڵام چەندین ڕێککەوتننامەی هەرێمی هەن پێش سەر هەڵدانی کۆمەڵەی گەلان پێکهێنراون کەئەو ڕێککەوتن و پەیمان بەستنانە لەپێکهێنانی‌دا

9 ئەو ڕێککەوتنامە هەرێمییانەی ئاشتی دەستەبەر دەکەن، وەك پەیماننامەکانی ناوبژیوانی هەرێمی وەك ڕاگەیاندنی مونرۆ کەپێچەوانەی هیچ دەقێکی بەڵێنەکە نییە.

10 کەدوای زنجیرەیەك لەکۆنگرە ئەمریکییەکان دامەزێنرا وساڵی 1889 دەست کرد بەدامەزراندنی نووسینگەی بازرگانی کردن لەو کۆنگرەیەی لەمەکسیکدا بەسترا لەساڵی 1901دا ئەو نووسینگەیە ناونرا (نووسینگەی نێودەوڵەتی کۆمارەکانی ئەمریکا) لەساڵی 1910 ناونرا (یەکێتیی وڵاتانی ئەمریکا) کەهەموو وڵاتانی ئەمریکای گرتەوە بێجگە کەنەدا ئامانجی ئەو کۆنگرانەو یەکێتیی ئەمریکاش گونجاندنی هاوکاری نێوان وڵاتانی ئەمریکابوو کەساڵی 1948 ڕێکخراوی وڵاتانی ئەمریکای هێنایە کایەوە.

11 د. موفید شیهاب سەرچاوەی پێشووی ل408–409، د. عائشە راتب ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، قاهیرە 1964 ل 26–27

www.pertwk.com

ئامانجیان مسۆگەرکردنی ئاسایش‌و ئاشتیە لە بواری هەرێمدا وەك ئامانجێکی سەرەکی‌و بۆ ئاست دانانی کێشەکانی نێوان وڵاتان بوو.

ئەو رێککەوتنامانە پێش چەندین کۆنگرەش (وەك کۆنگرەی ڤییەنای ساڵی 1815و، پاریسی ساڵی 1856و، لەندەن 1871، هەردوو کۆنگرەی لاهای ساڵی 1899–1907)و چەندانی تریش، کەئەو کۆنگرەو پەیماننامانە تێدەکۆشان بۆ کۆت خستنە سەر وڵاتانی بەشەڕ هاتوو بەهەندێ رێساو بنەماکە دواتر رێسای نەرێتی جەنگیان رێك دەخست‌و، ئەو رێککەوتنامانەی کەپەیوەند بوون، بەدیل‌و بریندارى جەنگەوە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کەلەنێوان وڵاتان بەرپادەبوو بەڕێگەی ئاشتی‌و پارێزگاری کردنی ئاشتی‌و کۆتایی هێنان بەجەنگەکان.

سەرەڕای ئەوەش هەندێ کۆنگرە بەوە نەوەستاوەتەوە کەکۆمەڵێ وڵاتانی دراوسێ لەڕووی جوگرافیاوە بگرێتەوە، لەبەرئەوەی کەدراوسێیەتی مەرجە بۆ رەگەزی رێکخراوی هەرێمی، بەڵام ئەو کۆنگرەو پەیماننانە رۆڵی گرنگیان هەبوو بۆ گەیشتن بەڕێکخراوی هەرێمی‌و پەیڕەوکردنی بەرنامەکەی ئەویش لەڕێی کۆمەڵێ وڵاتی دراوسێوە لەڕووی هەرێمایەتی بۆ دابینکردنی بەرژەوەندی هاوبەش‌و پارێزگاری کردن لەئاسایش‌و سەلامەتیان.

کۆنگرەکانی لاهای گرنگی لەئەنجامی بەشداریکردنی چەندین وڵات گرنگی تایبەت بۆ دروست بووە، لەوانەش وڵاتانی زلهێز بوون‌و ئەو ئەنجامانەی پێی گەیشت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی‌دا، لەوانە رێککەوتننامەی یەکلاکردنەوەی کێشە نێودەوڵەتییەکان بەڕێگەی ئاشتی‌و، راگەیاندنی چەسپاندنی سەرەتا مرۆڤایەتییەکان لەکاتی جەنگی وشکانیداو، دانانی پرۆگرامی یاسایی بۆ چارەسەری گیروگرفتەکانی نێوان وڵاتان بەڕێگەی سەرەتای ناوبژیوانی بەزۆرو داگرتنی پێشبڕکێی خۆ پڕچەکردن‌و پێکهێنانی لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە لەکاتی رووداني کێشەداو، پەرەپێدانی ئامرازەکانی ناوبژیکردن‌و پێکهاتنی نێوان وڵاتان، کە ئەوانە سەرەتایەك بوون بۆ پێکهێنانی دادگای ناوبژیوانی هەمیشەیی نێودەوڵەتی.

کۆنگرەکانی لاهای بەتایبەتی دووەمیان رۆڵی هەبوو لەپێکهێنانی کۆمەڵەی گەلان[12].

رێکخراوە نێودەوڵەتییە هەرێمییەکان کەبریتییە لەدرێژە پێدانی‌و پیشخستنی کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان کەدەبەستران بۆ داڕشتنی رێککەوتننامەو پەیماننامەکان لەپێناو پارێزگاریکردن لەئاشتی‌و نەهێشتنی کێشەکان بەڕێگەی ئاشتی‌و ناوبژیوانی.. هتد. ئەو کۆنگرانە سەرەتاکانی مرۆڤایەتیان سەقامگیرکرد کەئەو رێککەوتننامانە پێوەی پابەند دەبوون‌و لەبڕوانامەکانیاندا دایان دەڕشت لەکاتێکدا کەیاسای نێودەوڵەتی پەیڕەوکراو جەنگی قەدەغە نەدەکرد پەنابردنی بۆ هێز بەئامرازێك لەئامرازەکانی یەکلاکردنەوەی دان پێدانراو دادەنا لەکێشە نێودەوڵەتییەکاندا.

کۆمەڵێك یەکێتیی‌و کۆمەڵەی هەرێمی لەئەوروپاو ئەمریکاو ئاسیا پێش سەرهەڵدانی نەتەوەیەکگرتووەکان سەریان هەڵدا کەچالاکییەکانی خۆیان لەبواری هەرێمیدا پیادە دەکردو ئامانجیان چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتییەکان بوو بەڕێگەی دۆستانەو مەرامی بەرگری لەیەککردنی ئەو یەکێتییەو کۆمەڵە هەرێمیانە پشتیان بەدراوسێتی جوگرافی‌و بەرژەوەندی هاوبەشی سیاسی‌و ئابووری دەبەست وەك بناغەیەکی رێککەوتنەکانیان بۆ بەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەکانیان کە گرنگترینییان ئەمانەی خوارەوەن:

1ـ رێککەوتنەکانی لۆکارنۆ، کەلەساڵی 1925 لەنێوان هەریەك لەئەڵمانیاو بەلجیکاو بەریتانیاو فەڕەنساو ئیتاڵیا دابەسترا.

2ـ پەیمانی بچووك، کەلەشوباتی 1933 لەنێوان هەرەیەك لە چیکۆسلۆفاکیاو یوگسلافیاو رۆمانیا بەسترا.

3ـ پەیمانی بەلقان، کەلەشوباتی 1934 لەنێوان هەریەك لەتورکیاو یۆنان یوگسلافیاو رۆمانیادا بەسترا.

[12] بڕوانە د. محەمەد مەجزوب، سەرچاوەی پێشوو ل34–35

www.pertwk.com

4. یەکێتیی بەڵتیك، کەلەئەیلولی 1934 لەنێوان هەریەك لە لەلیتوانیا و ئەستۆنیاو لاتیڤیا.

5. بڕوانامەی سەعد ئاباد لەتەممووزی 1937 لەنێوان هەریەك لە ئێران و عیراق و ئەفغانستاندا بەسترا.

6ـ یەکێتیی ئەمریکایی، کۆنترین یەکێتی هەرێمییە کەبەزنجیرەیەك کۆنگرە دەستی پێکردووە لەنێوان وڵاتانی ئەمریکی، بۆ پێکەوە گونجاندن و هاوکاری لەبوارەکانی بازرگانی و کلتووری بواری تریش، پێشتر ناو دەبرابە یەکێتیی کۆمارەکانی ئەمریکا پێش ناونانی بەیەکێتی ئەمریکایی لەساڵی 1948داو بەپێی بڕوانامەی بۆ گۆتە کەلەلایەن بیست و یەك وڵاتی ئەمریکییەوە مۆرکراو ناوی لێنرا یەکێتیی رێکخراوی وڵاتانی ئەمریکی.

7. کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی، کەلە ئازاری 1945 دامەزراوە کەلەکاتی پێکهێنانی حەوت وڵات ئەندامێتی یان دەکرد ئەویش یەکێکە لەکۆنترین رێکخراوەی نێودەوڵەتی هەرێمی، ویەکێکە لەو رێکخراوانەش کە مەرجەکانی پێکهێنانی یەکانگیرە لەگەڵ بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان (بەشی هەشتەمی) کەپەیوەندە بەرێکخراوە هەرێمییەکانەوە[13]. دوای پێداچوونەوەیەکی سادە بەرێککەوتن و ئەو رێکخراوە هەرێمییەکانی سەرەوەی کەناومان بردن دەبینین کەئێستا زۆربەیان نەماون، چونکە ئامانجی بنەڕەتیان دەستەبەر کردنی ئاسایش و مەبەستەکانی بەرگری بوون، ئەوەش وایکردبوو کەهاوکاری لەنێوان وڵاتانیدا نەبێ یان لاوازبێت لەبوارەکانی تردا وەك ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتووری... هتد لەوانەش گرنگتر پێکهێنانی نەتەوە یەکگرتووەکانە وەك رێکخراوێکی جیهانی بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێو دەوڵەتی و، وەك ئامرازێك بۆ وەدیهێنانی هاوکاری نێو دەوڵەتی لەبوارە جیاجیاکاندا.

بەڵام ئەو رێکخراوە هەرێمیانەی کەبەردەوام بوون وەك رێکخراوی یەکێتی وڵاتانی ئەمریکی و کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی ئەوا هاوکاری کردنیان لەبوارە ناسیاسەکانیش

[13] د. محەمەد عەزیز شوکری، سەرچاوەی پێشووی ل295، د. موفید شیهاب سەرچاوەی پێشووی ل66" د.عائیشە راتب رێکخراوەکان، سەرچاوەی پێشووی ل27" د. کەمال غالی، سەچاوەی پێشووی ل149–150

دا هیچ کەمترنییە لەگرنگی بواری ئاسایش و بەرگری هاوبەش بەوپێیەش بەردەوام بوون لەبەرهەبوونی مەرجەکانی مانەوەو بەردەوامبوونیان.

2- رێکخراوە هەرێمییەکان بۆ پاراستنی ئاسایش و بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان

دوای هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی دووەم، زۆرتر هەست بە پارێزگاریکردن لەئاشتی و ئاسایش نێو دەوڵەتی دەکرا، بۆ دۆزینەوەی رێکخستنێکی کارا کەبتوانی هەنگاو بەسەر هەموو کەموکوریە ناسازندەنەکانی کۆمەڵەی گەلاندا بنێ کۆشش دەکرا، بۆ بەدیهێنانی ئاسایشی بەکۆمەڵ ئامرازەکانی دابین بکات بۆ رزگارکردنی نەوەکانی داهاتوو لەوێرانکاری جەنگ و کارەساتەکانی.

بەپێداچوونەوەی ئەو دەقانەی کەبڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەیان گرێتەوە بۆمان دەردەکەوێ کەپاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێو دەوڵەتی لەپێشەوەی خوازیارییەکان بوون بۆ دامەزراندنی رێکخراوەیەکی لەو شێوەیە، پێشەکی (بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان) ئەم دەستەواژەی لەخۆگرتبوو" ئێمەی گەلانی نەتەوە یەکگرتووەکان پاراستنی نەوەکانی داهاتوومان خستۆتە سەرشانی خۆمان لەوێرانکاری جەنگەکان لەماوەی یەك نەوەدا دووجار خەمی بەسەر مرۆڤایەتیدا هێنا کەتوانای باسکردنی نییە. سەرلەنوێ دوپاتی دەکەینەوە کەبڕوامان بەمافە بنەرەتییەکانی مرۆڤ، و شکۆمەندی تاك و چارەنووسی هەیە، وئەو مافانەی کەگەورە بچووکی پیاو ژنی نەتەوەکان هەیانە بەیەکسانی.... لەپێناو ئەو مەرامانەدا بریارمان بەخۆمان داوە کەلێبوردنمان هەبێ و بەئاشتی و دراوسێیەتی باش پێکەوە بژین و تواناکانمان یەکخەین بۆ پارێزگاری کردن لەئاشتی و ئاسایشی نێو دەوڵەتی گرنتی سەرەتاکانی بگەین کەقبولمان کردوون نەخشەی پلانی پێویستی بۆ داڕێژرین، هێزی چەکدار نەخەینە گەر تەنیا لەبەرژەوەندی هاوبەشدا نەبێت".

لەمادەییەکی بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا هاتووە کەیەکەمین مەبەستی نەتەوە یەکگرتووەکان بریتییە لە پارێزگاری کردن لەئاشتوئاسایشی نێودەوڵەتی، وەبڕگەی چواری مادەی دووی بڕوانامەکە دەقی هێناوە لەسەر (هەموو ئەندامانی دەستەکە لەپەیوەندییەکانی نێودەوڵەتیاندا رێگە دەگرن لەهەڕەشەکردن

www.pertwk.com

بەبەکارهێنانی هێز یان بەگەڕخستنی دژی سەلامەتی خاك یان سەربەخۆیی سیاسی هەر وڵاتێك یان بەهەر شێوەیەکی تر کە لەگەڵ مەبەستەکانی نەتەوەیەکگرتووەکاندا ڕێك نەکەوێ.

بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بەوەنەوەستاوەتەوە کەناوی ئامانج و سەرەتاکانی بهێنێ بەڵکو ئەو کردەوانەشی دیاریکردووە کەپێویستە پەیڕەو بکرێن بۆیەکلاکردنەوەی کێشە نێودەوڵەتییەکان و ڕێوشوێنەکانی کەرێکخراوەکە دەیگرێتەبەر لەکاتی هەڵایسانی بارودۆخێك هەڕەشە لەئاشتی بکات و لەبارودۆخەکانی ڕوودانی دوژمنکاریدا (کەبەشی شەشەم و حەوتەمی بڕوانامەی‌نەتەوەیەکگرتووەکانی بۆ تەرخانکردووە).

واتا ئاسایشی بەکۆمەڵ لەسەر دوو فاکتەر بەندە:

1ـ فاکتەری خۆپاراستن، کەبریتییە لە کردەوەکانی خۆپاراستن بۆ ڕێگرتن لە ڕوودانی دوژمنکاری.

2. فاکتەری چارەسەرکردن، کەبریتییە لەرێ و شوێن و کردەوەکانی چارەسازییە لەکاتێکدا کەدوژمنکاری ڕووی دابێ بۆ ڕاگرتن و چەسپاندنی کردەوەکانی سزادان دژی دەستدرێژی‌کار.

بیرۆکەی ئاسایشی بەکۆمەڵ بێجگە لە وەی کەیەکێکە لەو ئامانجانەی کەرێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ دامەزرێنراوە کەئامانجی پاراستن و هاوکاری کردنی هەمووانە، بەڵام جێبەجێکردنی بەشێوەی خوازراو دەوەستێتەوە سەر ڕادەی ڕێکخستنی نێودەوڵەتی و ئاستی کارایی دام و دەزگاکانی و وابەستەبوونی ئەندامانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە بڕوانامەی نێودەوڵەتییەکانەوەو جێبەجێکردنی بڕیارو پابەندییەکانی دەکەوێتەسەریان بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بواری کردۆتەوە بۆ ڕێکخراوە هەرێمییەکان بۆ پشتگیری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی و گونجاندن لەنێوانیاندا بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندیی هاوبەش و، پاراستنی ئاسایش و ئاشتی نێودەوڵەتی، بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان لەوە بەئاگابووە کە ڕایەڵە دروست بکات لەنێوان خۆی و ڕێکخراوە هەرێمییەکاندا بەتایبەتی لەبواری یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێودەوڵەییدا بەئاشتی و لەبواری ئاسایشی بەکۆمەڵدا.

سازاندنی هەوڵەکانی نێودەوڵەتی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان و بەدیهێنانی ئاسایشی بەکۆمەڵ بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەوەی بەئەنجومەنی ئاسایش و کۆمەڵەی گشتیی سپاردووە لەمادەکانی (24–10–14)داو وڵاتانی ئەندامی پابەند کردووە بەبڕیاو ڕێوشوێن و ڕێنماییەکانی کەلەهەر دوو دام و دەزگاکەوە دەردەچێ[14].

سەرەڕای ئەوەی کە هەردوو دام و دەزگاکە (ئەنجومەنی ئاسایش و کۆمەڵەی گشتی) تایبەتمەندن بەپاریزگاریکردنی ئاشتی و ئاسایش و یەکلاکردنەوەی کێشەکان بەئاشتی، بەڵام ئەنجومەنی ئاسایش دەزگایەکی بنچینەییە کەهەڵدەستێ بەسازاندنی هەوڵە نێودەوڵەتییەکانی کە پەیوەندن بەئاسایشی بەکۆمەڵەوە هەروەك ڕوون و ئاشکرایە لەمادەکانی (54،53،52)و مادەکانی تری بڕوانامەکەدا.

بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بەشی هەشتەمی بۆ ڕێکخراوە هەرێمییەکان و فەرمانە گشتییەکان بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێو ڕێکخراوە هەرێمییەکان خۆیان و پەیوەندیشیان بەنەتەوەیەکگرتووەکانەوەو، پێویستی ئەوەی چالاکی ئەو ڕێکخراوانە نەیار نەبێت لەگەڵ ئامانج و سەرەتاکانی نەتەوەیەکگرتووەکاندا پێوەی پابەند بێ.

بۆ ئەوەی هەوڵەکان بسازێن لەبواری هەرێمی داو لە ڕێی ڕێکخراوە هەرێمی و جیهانییەکان لەڕێ نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بۆ ئەوەی لەکۆتاییدا خزمەت بەدۆزی ئاسایش و ئاشتی نێودەوڵەتی بکەن و هاوکاری نێودەوڵەتی بێتەدی، لەهەموو بوارەکاندا، بڕوانامەکە ئەم دەقەی هێناوە "ئەم بڕوانامەیە چی وای تێدانییە کەرێگر بێ لەپێکهاتنی ڕێکخراوەیان وەکالەتی هەرێمی، ئەو کاروبارانە چارەسەر بکات کەپەیوەندن بەپارێزگاریکردنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی ئەگەر کارە هەرێمییەکە بگونجێ و دروست بێت چونکە ئەو ڕێکخراوانە یان وەکالەتە هەرێمییانەو چالاکییەکانیان یەکانگیرە لەگەڵ مەبەست و سەرەتاکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا[15].

[14] د.حەسەن ئەلچەلەبی سەرچاوەی پێشووی ل70

[15] بڕگەی یەك لەمادەی (52) بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان.

www.pertwk.com

بڕوانامەکـە تێکۆشـاوە بـۆ دۆزینـەوەی شـێوازی هاوکـاری نێـوان ڕێکخـراوە هەرێمییـەکان و نەتەوەیـەکگرتووەکان، لـەبواری یەکلاکردنـەوەی کێشـەکان بەئاشـتی، بڕوانامەکـە دەسـەڵاتی داوە بـەرێکخراوە هەرێمییـەکان بـۆ چارەسـەری کێشـەکان بەئاشتی و لەنێوان وڵاتانی ئەندامدا ئەندامانی نەتەوەیەکگرتووەکان کەچوونەتە ناو ئەو ڕێکخراوانە یان ئەوانەی ئاژانسەکانیان لێ پێکدێت هەموو هەوڵەکانیان دەخەنە گەر بۆ دابینکردنی چارەسەری ئاشتی کێشەکانی ناوچەکەی خۆیان لەڕێی ڕێکخراوە هەرێمییەکانیانەوە، یان لەڕێی ئەو وەکالەتە هەرێمیانە، ئەمەش پێش خستنەڕووی کێشـەکە بـۆ ئەنجومـەنی ئاسـایش، ئەنجومـەنی ئاسایشـیش لەسـەریەتی هـانی چارەسەری ئاشتییانەی ئەو کێشانە بدات لەڕێگەی ڕێکخراوە هەرێمییەکانەوە یان بـەهۆی ئاژانسـەکانەوە لەسـەر داوای ئـەو دەوڵەتـەی کێشـەکە دەیگرێتـەوە یـان ئەنجومەنی ئاسایش خۆی ڕەوانەی بکات[16].

لـەبواری ئاسایشـی بەکۆمەڵـدا بڕوانامەکـە ئەنجومـەنی ئاسایشـی تایبەتمەندکردووەو مافی ئەوەی پێ بەخشیووە کەرێکخراوە هەرێمییەکان بەگەر بخات لەکردارەکانی سەرکوتکرندا، هەر کاتێ ئەوەی بەگونجاو بینی، لەو کاتەدا کاری ڕێکخراوەکە لەژێر سەرپەرشتی و چاودێری ئەنجومەنی ئاسایش دادەبێ، ئەگەر ڕێکخراوە هەرێمییەکە ویستی بەکرداری سەرکوتکردن هەستێ ئەوە بۆی نییە بەڵکو دەبێ ئەنجومەنی ئاسایش ڕێگە بدات[17].

لـەبواری سەرپەرشـتی و ئاگادارکردنـەوەی ئەنجومـەنی ئاسـایش بەهـەموو کاروبارەکانی پەیوەست بە پارێزگاری کردنی ئاشتی و ئاسایشەوە بڕوانامەکە دەقی هێناوە (پێویستە ئەنجومەن ئاگادار بێت لەبەرێوەچونی کردارەکانی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێو دەوڵەتی کەبەهۆی ڕێکخراوەی هەرێمی یان ئاژانسە هەرێمی‌یەکانەوە بەرێوە دەچێ یان ئەوانەی کەبەنیازن ئەنجامی بدەن".[18]

---

[16] برگەی دوو و سێی مادەی (52) لەبڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان

[17] برگەی یەکی مادەی (53) لە بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان

[18] مادەی /54/ لە بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان

لەوەی سەرەوە ڕوون دەبێتەوە کە ڕێکخراوە هەرێمی‌یەکان پابەندی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش دەبن، بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشیش ئەگەر پەیوەندبێ بەکردەوەکانی جێبەجێکردن ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێ پابەند بن تەنانەت سەبارەت بەوڵاتانی نائەندامیش وەك وڵاتانی ئەندام لەرێکخراوە هەرێمی‌یەکان ئەو ئەرکە دەکێشن کەبڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەی‌سەپێنی. تەرخانکردنی بەشی هەشتەم لەبڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕێکخراوە هەرێمییەکان و ڕۆڵیان لەچارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان ئەندامان و ڕۆڵگێڕانی لەئاسایشی بەکۆمەڵ دا ئەوە ناگەیەنێ کەئەو ڕێکخراوانە بەچالاکی تر هەڵناسن.

ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیە هەرێمیانە وەك کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەب ڕێکخراوی وڵاتانی ئەمریکایی، ئەنجومەنی ئەوروپاو ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقیا, تایبەتمەندی جۆراوجۆریان هەیە لەبواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەڵتووری و تەندروستی و هی‌تریش بێجگە لەئابووری هاوکاری سیاسی، هەروەها بوونی پەیوەندی هاریکاری کردنی نێوان ڕێکخراوە هەرێمی‌یەکان لەو بوارانەی ناومان بردن و دام و دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکانداو ڕێکخراوە تایبەتمەندەکانی لەچوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەکەن لەڕێی ڕێکەوتنامە نێو دەوڵەتی‌یەکانەوە کە لەنێوانیاندا دەبەسترێ.

ڕێکخراوە هەرێمییەکان لەبڕوانامەکانیاندا گرنگی هاوکاری و تەنسیق کردنیان دارشتووە کەلەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەی‌کەن ئەوەشیان دوپات کردۆتەوە کەپابەندی ئامانج و سەرەتاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بن.

سەبارەت بەکۆمەڵەی وڵاتانی عەرەب سەرەرای ئەوەی کەبەسێ مانگ پێش نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزراوە، بەڵام دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی عەرەبی ڕوون بووە کەرێکخراوێکی جیهانی بەم نزیکانە پێکدەهێنرێ، بۆیە پێویستە بڕوانامەی کۆمەڵە دەقێکی تیابێ کەهاوکاری و تەنسیق کردنی نێوان خۆی و ئەو ڕێکخراوە جیهانی‌یە بەپێویست بزانێ و هەروەها بۆ ئەو ڕێکخراوانەی کەلەداهاتووشدا دروست دەبن، ئەوەش برگەی کۆتایی مادەی سێ دەقی لەسەر هێناوە لەبڕوانامەی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبداو ئەڵێ"... لەئەرکەکانی ئەنجومەن دایە بڕیاری ئامرازی ئەو

www.pertwk.com

هاوکاریانه بدات کەلەگەل دەسته نێو دەوڵەتی‌یەکاندا دەبێ کەلەئایندەدا دادەمەزرێنرێن بۆ مسۆگەرکردنی ئاشتی‌و ئاسایش‌و رێکخستنی پەیوەندی‌یە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌یەکان. بڕگەی (ه) لەمادەی دوو بڕوانامەی رێکخراوی یەکێتی ئەفریقیاش دەقی هێناوە لەسەر ئەوەی" کەهانی هاوکاری نێو دەوڵەتی بدرێت، بەرەچاوکردنی بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ، هەروەها ئەوەی رێکخراوی وڵاتانی ئەمریکی لەخۆی گرتووە لەمادەیەك‌و مادەی بیست دا کەدەڵی" هەموو کێشە نێو دەوڵەتی‌یەکانی کەلەنێوان وڵاتانی ئەمریکایی‌دا روو دەدەن چارەسەر دەکرێن بەکردەوەی ئاشتی کەلەم بڕوانامەیەدا هاتووە ئەوەش پێش ئەوەی بخرێتە بەردەست ئەنجومەنی ئاسایش بۆ تێ‌روانین".

دانەرانی بڕوانامەکە هەستیان بەگرنگی رێکخراوە هەرێمی‌یەکان کردووە هانی پێکهێنانی داوە لەبەر ئەوەی چالاکیەکانیان یەکانگیرە لەگەڵ مەبەست‌و سەرەتاکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەو پێ‌یەی کە لەبڕوانامەکەی‌دا هاتووە.

لەخستەروویەکی چالاکی ئەو رێکخراوانەدا، بەتایبەت رێکخراوی یەکێتی ئەفریقیایی‌و کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی‌و رێکخراوی وڵاتانی ئەمریکی دەبینن کەهەبوونیان پێویستە بۆ نەتەوە یەکگرتووکان بۆ پشتگیری‌کردنی لەبواری پارێزگاری‌کردنی ئاشتی‌و ئاسایشی نێو دەوڵەتی، ئەو رێکخراوانە بەچارەسەرکردنی زۆر کێشە هەستاون لەنێوان وڵاتانی ئەندامیاندا، بەشداریان کردووە لەپێشخستنی پەیوەندی‌یەکانی هاوکاری‌و تەنسیق کردنی نێوانیان لە بوارەکانی ئابووری‌و کۆمەلایەتی‌و بواری تریش دا. ئێمە لەگەڵ ئەو رایەداین کەوتویەتی دراوسی‌یەتی جوگرافیایی گرنگەو پێوەرێکە بۆ پێکهێنانی رێکخراوەی هەرێمی ئەو وڵاتانەی دراوسێ‌یەتی جوگرافیان هەیەو بەرژەوەندی هاوبەش دەیان بەستێت چاکتر دەتوانن رێگەچارە بدۆزنەوە بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکانیان‌و ئاشتی‌و ئاسایش لەناوچەکانیان بەدی بهێنن چونکە بۆیان ئاسانترە کەئەو کردەوانە بگرنە بەر کەریگرتن لەدوژمنکاری مسۆگەر دەکات‌و پشت بەئامرازی یەکلاکردنەوەی ئاشتی کێشەکان ببەستن.

* * * *

بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەشی هەشتەمی بەتەنیا بۆ رێکخراوە هەرێمی‌یەکان‌و رێکخستنی پەیوەندی‌یەکانی نێوانیان هێناوە لەگەڵ نەتەوە یەکگرتوەکانداو، چەمکی تێگەیشتن لەرێکخراوە هەرێمی‌یەکانی دیاری کردووە، کەلەرێی ئەوەوە بۆمان روون دەبێتە کەدەبێ رەگەزی بنچینەیی هەبێ بۆ ئەوەی چەمکی تێگەیشتن لەوێکخراوە یەکانگیربێت لەگەڵ ئەوەی کە لەبڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندایە، بەڵام چەندین رێکخراوەی نێو دەوڵەتی پێکهێنراون کەزۆربەیان دوای جەنگی دووەمیی جەنگی جیهانی پێکهێنراون کەهەندی رەگەزی رێکخراوەی نێو دەوڵەتی هەرێمی تێدایە کەبریتین لە پەیمانە نێو دەوڵەتی‌یە سەربازی‌یە کان کەلە پێکهێنانیاندا پشتیان بەستووە بەمادەی/51/ ی بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، واتا لەدەرەوەی چوارچێووەی بەشی هەشتەمی بڕوانامەکە کەتەرخانە بۆ رێکخراوە هەرێمی‌یەکان کەدەڵی" ئەم بڕوانامەیە چی‌وای تێدانی‌یە کەمافی سروشتی وڵاتان کەم کاتەوە یان لاوازی‌کا بەتاك یان بەکۆمەل لەبەرگریکردن لەخۆیان ئەگەر هاتوو هێزێکی چەکدار دەست درێژی‌کردە سەر یەکێك لەئەندامانی نەتەو یەکگرتووەکان" ئەوەش تائەوکاتەی ئەنجومەنی ئاسایش رێ‌و شوێنە پێویستەکانی پارێزگاری ئاشتی‌و ئاسایش دەگرێتەبەر، ئەو کردەوانەی ئەندامان وەك مافی بەرگری کردن لەخود دەی‌گرنەبەر یەکسەر ئەنجومەنی ئاسایشی لێ‌ئاگادار دەکرێتەوە ئەو کردەوانە لەهیچ بارێکدا کارناکەنە سەر ئەو مافانەی ئەنجومەنی ئاسایش هەیەتی بەپێی ئەو دەسەڵات‌و بەرپرسیاری‌یەتیانەی کەلەفەرمانەکانی بڕوانامەکەوە بەدەستی هێناوە. لەوەی دەی‌گرێتەبەر لەهەرکاتێکدا کەبەپێویستی بزانێت بۆ ئەو کردەوانەی پارێزگاری ئاشتی‌و ئاسایشی نێو دەوڵەتی پێ‌دەکرێ یان بارودۆخەکە دەگێرێتەوە دۆخی جارانی".

ئەوەی رون‌و دیارە پێکهێنانی پەیمانە سەربازی‌یەکان بەپێی ناوەڕۆکی مادەی /51/ی بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بووە کەدانی بەرەوایەتی مافی بەرگری کردن داناوە بۆ ولاتێك یان کۆمەڵێ وڵات ئەگەر هات‌و هێزێکی چەکدار دەست درێژی

www.pertwk.com

کردە سەر ئەندامێکی، تا ئەوکاتەی ئەنجومەنی ئاسایش ڕێ‌و شوێنە پێویستەکان دەگرێتەبەر بۆ پاراستنی ئاشتی‌و ئاسایشی نێو دەوڵەتی، واتا ئەوڕێ‌و شوێنانەی ئەو دەوڵەتە یان ئەو وڵاتانە پێی هەڵدەستن کەدەست درێژیان کراوەتەسەر بەپێی مادەی /51/ پابەندی ئەو کردەوانە نابێت کەلەبەشی هەشتەمدا هاتووە لەوەی کەپەیوەندە بەمۆڵەت وەرگرتنی ڕاستەوخۆی ئەنجومەنی ئاسایش.

هەرچەندە ئەو کردەوەی بەرگری کردنە کەوڵات یان وڵاتان پێی هەڵدەستن بەپێی مادەی /51/ یەکسەری‌و سەربەخۆن، بەڵام دەبێت ئەوانە دوای ڕوودانی دەستدرێژی چەکدارانە ئەنجام بدرێت‌و یەکسەر ئەنجومەنی ئاسایش ئاگادار بکاتەوە لەو ڕێ‌و شوێنانەی کەوڵات یان وڵاتانی دەست درێژی کراوەتەسەر دەیگرنەبەر وئەوانە ڕابگرێن لەکاتی هاتنە ناوەوەی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ ناوکێشەکە.

دکتۆر ئەلغەنیمی بۆچونێکی هەیە دەربارەی جێگیرکردنی مادەی/51/ دەڵێ" ئەم مادەیە لەنێوان پێشنیارەکانی (دمبارتن ئۆکس) نەبووە بەڵکو کۆنگرەی سان فرانسسکۆ خستوویەتی‌یە لەسەر ئەو داواکاری‌یەی وڵاتانی کیشوەری ئەمریکا پێیان لەسەر داگرت.

کەواتە بەبێ ئەو مادەیە دەتوانرێت هەربەشێك هەڵوەشێنرێتەوە لەوکردەوە زۆرە ملیانەی دەگرێنەبەر بەپێی بڕوانامەی شابلیك کەساڵی 1945 بەستراوە یان هەرپەیماننامەیەکی تر کە لەداهاتوودا بێتە کایەوە چارەسەری بەرگری کردنی ئەمریکایی بکات. وڵاتە یەکرگرتووەکان ئەو پێشنیارەی والێکدایەوە جێبەجێ‌کردنی سەرەتای مونرۆیە وڵاتە عەرەبیەکانیش لایەنگری پێشنیارەکەیان کرد بۆ ئەوەی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبیش لەهەمان ئاستدا دابنێن.

هەروەها فەرەنسا واهەستی دەکرد یارمەتییە ئاڵوگۆڕەکانیش شایستەی ئەو جۆرە دانپیدانانەیە".[19]

ناکۆکی نی‌یە سەبارەت بەیاسایی‌و ڕەوایەتی پەیمانە نێو دەوڵەتی‌یە سەربازی‌یەکان کەلەدەقەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لانادەن کەبەدەستورێکی

[19] د. محەمەد تەلعەت ئەلغەنیمی ڕێکخستنی نێو دەوڵەتی ئەسکەندەریە 1976، ل39.

ڕێکخەری پەیوەندی‌یە نێو دەوڵەتی‌یەکان دائەنرێ‌و، پێویستە هەموو وڵاتان‌و ڕێکخراوەکان‌و پەیمانەکان‌و دەستەگەری‌یە هەرێمی‌یەکان پابەندی بن‌و لەودەقانەی کەلەبڕوانامەکەیدا هاتووە لانەدەن‌و نەی بەزێنن.[20]

ئەو سروشتە تایبەتانەی کەنەتەوە یەکگرتووەکان هەیەتی بەوپێ‌یەی کە ڕێکخراوێکی جیهانی‌یە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە هاتۆتەکایەوەو پێشەنگی ئامانجەکانی پارێزگاری کردنە لە ئاشتی‌و ئاسایشی نێو دەوڵەتی لەسەراپای جیهاندا، کەبووە هۆی دەرچوون لەوەی کەلەیاسای کۆنی نێو دەوڵەتی‌دا باوبوو سەبارەت بەپاشماوەی ئەو ڕێکەوتنامە نێو دەوڵەتیانەی بنیاتنراون لەسەرتاسەری سەروەری‌و پابەندبوونی وڵاتانی نائەندام لەنەتەوە یەکگرتووەکانداو پابەندبوونیان بەوانەی لەبڕوانامەکەدا هاتووە لەزیاتر لەمادەیەك لەمادەکانی‌دا لەپێناو بەرژەوەندی گشتی، واتا کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی بەگشتی.[21]

بەڵام ناکۆکیەکە لەسەر دیاری کردنی چەمکی تێگەیشتن لەپەیمانە سەربازی‌یەکانە ئایا ڕێکخراوەو ڕێکەوتنامە نێو دەوڵەتیانەی کەبەشی هەشتەم دەقی لەسەر هێناون، یان بریتین لەڕێکەوتنامەی نێو دەوڵەتی‌و بۆ پێکهێنانیان پشت بەمادەی /51/ی بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، واتا سروشت‌و تایبەتمەندی‌و خەسلەتەکانی جیاوازە لەڕێکخراوەی نێو دەوڵەتی هەرێمی.

تیمێکی نووسەران وادادەنێن کەبنچینەی پێکهێنانی ڕێکخراوەی نێو دەوڵەتی هەرێمی بریتی‌یە لەچەندین ئامانج لەوانەش لایەنی سیاسی/ پارێزگاری لەئاشتی‌و ئاسایشی نێو دەوڵەتی ئەوەش لایەنی گرنگتریانە، بەڵام لایەنی تریش هەن وەك ئابووری کۆمەڵایەتی‌و هتد....، ئەو ڕێکخراوانەن کەجێی ئامانجی نەتەوە یەکگرتووەکانن لەبەشی هەشتەمی‌دا کەپەیوەندە بەڕێکخراوەی هەرێمی‌یەوە.

[20] م(103) لە (ب ن ی) دەڵێ ئەگەر پابەندی‌یەکان دژبەیەك بوون کەئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان وابەستەیین لەگەڵ هەر پابەندی‌یەکی تردا کار بەم پابەندیانە دەکرێ کەلەم بڕوانامەیە هاتووە.

[21] مادەی 32، بڕگەی دوو لەمادەی 35، مادەی 50، بڕگەی دوو لەمادەی 93.

www.pertwk.com

واتا ئاسایشی هەرێمی لەوانەیە یاریدەدەر بێ لە سەقامگیرکردنی پایەکانی ئاسایشی بەکۆمەڵ لەجیهاندا، بەڵام پەیمانە سەربازییەکان نارێکن لەگەڵ سیستمی ئاسایشی بەکۆمەڵدا بەڵکو بلاوبونەوەیان دەبێتە هۆی لاوازبونی ئاسایشی بەکۆمەڵ کە بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆی تی دەکۆشێ، چونکە بڵاوبوونەوەی پەیمانە سەربازییەکان دەبێتە هۆی پێشبرکێی زیاترو گرژییەکان زۆرتردەبن لەپەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان و لەکۆمەڵگای نێو دەوڵەتیش دا مەترسییەکانی هەڕەشە لەئاشتی و سەقامگیربوون دەکەن. کەواتە ناکرێ پەیمانە سەربازییە نێودەوڵەتییەکان بەرێکخراوەی نێودەوڵەتی هەرێمی بژمێردرێن بەواتا گشتییەی کەلەبەشی هەشتەمی بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە".[22]

تیمێکی دی نووسەران وادادەنێن کەپەیمانە نێو دەوڵەتییە سەربازییەکان رێکخراوەی نێو دەوڵەتی هەرێمین، بەڵام ئامانجی سەربازیان هەیەو، پێکهێنانیشی رۆڵ و کاریگەری خۆی هەیە لەمسۆگەر کردنی ئاسایشی ئەو وڵاتانەی کەئەندامین.[23]

بۆ گەیشتە چەمکێکی دیاریکراو لە تێگەیشتن لەپەیمان بەپێویستی دەبینین کە هەندی بۆچونی نووسەران دەخەینە روو، د. شوکری وادەبینێ کە"پەیمانەکان کاریگەری گرنگیان هەیە لەسەر پیادەکردنی نێو دەوڵەتی چونکە پێکهێنانیان لەلایەن لایەنە کاراکانی سیاسەتەوەیە، هەروەها گۆڕەپانێکی جموجۆڵە گەورەکانە".[24]

بەڵام ئەلغەنێمی وا لەپەیمانەکان دەڕوانی کە" دورکەوتنەوەی پەیمانەکانی بەرگرییە لەشێوەی بەکۆمەڵی نمونەیی بۆ ئاسایشی کۆمەڵی نێو دەوڵەتی

[22] د. عەبدولعەزیز محەمەد سەرحان رێکخراوە هەرێمیەکان قاهیرە 1975 ل55، د. موفید شیهاب سەرچاوەی پێشو ل411 ، محەمەد عەزیز شوکری سەرچاوەی پێشوو ل298. د. محەمەد تەلعەت ئەلغەنیمی سەرچاوەی پێشوو ل46، د. عەلی سادق ئەبو هێف سەرچاوەی پێشوو ل676.

[23] د. ئیسماعیل سەبری موقەلەد سەرچاوەی پێشوو ل373، د. محەمەد حافز غانم رێکخراوەی نێو دەوڵەتییەکان قاهیرە 1967

[24] د. محەمەد عەزیز شوکری پەیمان و دەستەگەری لەسیاسەتی نێو دەوڵەتیدا کویت 1978، ل28.

کەلەبنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەهەریەك لەو پەیمانانە کار بۆ پاراستنی کۆمەڵە وڵاتێك دەکەن دژی کۆمەڵێکی تر، کەواتە ئەو پەیمانانە جیهانی نین و تەنیا ئامرازێکن بۆ هاوسەنگی هێزەکان بۆیە خەسڵەتی جیهانی بەسەردا بڕاوە، هەربۆیەش رۆڵی لەپاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێو دەوڵەتی نەسەلمێنراوە بەڵکو لەوانەیە بەبەڵایەکی گەورە وەرچەرخی بەسەر ئاشتی نێو دەوڵەتیدا، چونکە هێزی چەندین وڵات لەیەك روبەرووبونەوەدا کۆدەکاتەوە، ئەمەش وادەکات کەدەست درێژیکار یان دەست درێژی کراوەسەر چەند وڵاتێکبن لەجیاتی یەك وڵات".[25]

بەڵام موقەلەد پێکهێنانی پەیمانەکان دەگێرێتەوە بۆ ئەوەی" لەبارو دۆخی ململانێی ئایدۆلۆجی توندا هاتوونەتەکایەوە لەدوای جەنگ بەهۆی ئەو دژبەیەکیە توندە لە ناوەرۆك وئامانجە ستراتیژییەکان دەستەگەرییە نێو دەوڵەتییە جیاوازەکان گەڵاڵەیان کرد، کارێکی ناراست بووپشت بەنەتەوە یەکگرتووەکان ببەستری لە چەسپاندنی ئاسایشی بەکۆمەڵدا لەڕێی ئەنجومەنی ئاسایشەوە، لەدوایشدا جگە لەسەرهەڵدانی رێکخراوەی هەرێمی لەبواری بەرگری سەربازیدا دەروازەیەکی دی بەدی نەدەکرا کەفاکتەرێکی کاریگەر بێت بۆ دابین کردنی پێویستییەکانی ئاسایشی وڵاتانی ئەندام.[26]

سەرەڕای ئەوەی کەموقەلەد هەندێ لایەنی بەوردی دیاری کردووە بۆ پێکهێنانی پەیمانەکان، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەو بۆچوونەدانین کەپەیمانە سەربازییەکان لەجیاتی نەتەوە یەکگرتووەکان بێ لەبارێکدا کەنەتوانێ ئاسایشی بەکۆمەڵ بچەسپێنێ. لەوانەبوو ئەوە وردبینی زیاتری تێدا بوایە کەئەگەر رێکخراوە نێو دەوڵەتییە هەرێمییەکانی بەکاریگەر تر دابنایەو رۆڵی بەرچاوی هەبوایە لەئاسایشی بەکۆمەڵدا لەبواری هەرێمیدا.

سەرەرای بۆچوونی جیاوازی نووسەران سەبارەت بەپەیمانەکان لەرووی ئەرك و پشت بەستنی یاسایی بەڵام لایەنێکی زیاتر پێویست و گرنگە دەربخرێ ئەویش بریتییە لە هانەدرانی کارو کردەوەیەك بۆ پێکهێنانی پەیمانەکان و رادەی

[25] د. محەمەد تەلعەت غەنیمی سەرچاوەی پێشوو، ل46.

[26] د. ئیسماعیل سەبری موقەلەد سەرچاوەی پێشوو ل373.

www.pertwk.com

کاردانەوەیان لەسەر ئاسایشی نێو دەوڵەتی و هاوسەنگی هێزەکان، کەلەپەیمانێکەوە بۆیەکێکی دی دەگۆڕێ لەئەنجامی سروشتی ئامانجە سیاسی و ئایدۆلۆژیە شاراوەکانی هەن لەپشت پەردەی پێکهێنانی ئەو پەیمانانەوە.

بۆزیاتر روونکردنەوە بەهۆی ئەو جیاوازی‌یە گرنگانەی نێوان پەیمانەکان دەبیبنین لەوانە هاندەری دوژمنکاری تێدایە وەك پەیمانی باکووری ئەتلەسی NATO و پەیمانی پەیماننامەی ناوەندی (پەیمانی بەغدای پێشو) CENTO، و پەیمان هەن کەهۆی پێکهێنانیان بەرگری‌یە وەك پەیمانی وارشۆو پەیمانی عەرەبی و رێکەوتنامەی بەرگری هاوبەش و هاوکاری ئابووری نێوان ولاتانی کۆمەڵەی ولاتانی عەرەب.[27]

بەڵام ئەو ئامانجانەی کەلەپشتی پێکهێنانی پەیمانەکانەوە دەوەستی رێگر نی‌یە لەوەی کەبەپێشەکی بڕوانامەکانیاندا گرنگی بدەن بەئاسایشی بەکۆمەڵ و چالاکیەکانیان تەرخان بکەن بۆ خزمەتی سەقامگیرکردنی بنچینەکانی ئاسایش و ئاشتی نێو دەوڵەتی و پابەندبن بەدەقەکانی بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تێدەکوشا بۆ سەرکەوتنی سەربازی بەسەر یەکێتی سۆڤیەتی‌دا پێش هەرەس هێنانی، هەوڵی دەدا باڵ بەسەر هەموو کۆششەکاندا بکێشێ وبگاتە مەرامەکانی لەرێی هەوڵ و فشاری بەردەوام بۆسەر ولاتانی ئەندام لەپەیمانی (باکووری ئەتلەسی‌داو بەپێشخستنی و بەهێزکردنی توانا سەربازییەکانی بەو شێوەیەی سەرکەوتنی سەربازی بەدەستبهێنێ بەسەر هێزەکانی پەیمانی وارشۆدا (یەکێتی سۆڤیەتی)دا، بەبیانوی مەترسی ستراتیژی گشتی سۆڤیەتی.

---

[27] لەحوزەیرانی 1950 دا بەسترا لەنێوان ئەندامی کۆمەڵەی ولاتانی عەرەب دوای جەنگی عەرەب و ئیسرائیلی یەکەم ئەنجامەکەی دورانی عەرەب بوو لەبەر نەبوو سیستمی ئاسایشی بەکۆمەڵ لەلایەن عەرەبەوە کەبتوانێ هێزی چەکدار بەکار بهێنێ بۆ بەرپەرچدانەوەی دوژمنکاری لەسەر هەر ولاتێکی عەرەبی‌داو گیرانەوەی ئاشتی و ئاسایش بۆ ناوچەکە، واتا بۆ پرکردنەوەی کەموکوریەکانی ناو بڕوانامەی کۆمەڵەی ولاتانی عەرەب سەبارەت بەرۆڵی سەربازی ناوچەکانی عەرەب.

ئەنجومەنی پەیمانی باکووری ئەتلەسی لەساڵی 1979دا رەزامەندی دەربڕی لەسەر بڕیارێك کەبەپێی ئەو بریارە سەرجەم ولاتانی ئەندام لەپەیمانەکە پابەند دەبن بەبەدی هێنانی رێژەی زیاتر لە 3./. ی بودجەی بەرگری بەدرێژایی ساڵانی 1981-1985. ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رۆڵی سەرەکی هەبوو لەهاندانی ئەنجومەن بۆ قایل بوون بەو بڕیارە.[28]

لەبواری پێشخستنی توانا سەربازی‌یەکانی بەرگری و هێرش بردنی پەیمانی باکووری ئەتلەسی‌دا، وەزارەتی بەرگری و دەرەوەی ولاتانی پەیمانی باکووری ئەتلەسی لەکۆبونەوەیەکدا کەلەبروکسل لەمانگی ئایاری 1979 دا بەسترا رەزامەندیان دەربڕی لەسەر جی‌بەجێ‌کردنی بەرنامەیەکی هەمەلایەنە کەبەهێزکردنی توانای بەرگری ولاتانی ئەندامی پەیمانەکەی لەخۆگرتبوو و ئاستی بەشداری کردنی هەوڵە سەربازیەکانی بەرزکردەوە.[29]

ئەوانە لەبواری هاندان بۆ پەیمانە سەربازی‌یەکان، بەڵام لەلایەنی یاسایی‌یەوە، هەموویان پشتیان بەمادەی /51/ بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەستووە، واتا مافی بەرگری تەنیاو بەکۆمەڵیش، نەك مادەی/52/ کەپەیوەندە بەرێکخراوە هەرێمی‌یەکان، لەم رووەوە ناتوانین پەیمانە سەربازی‌یەکان بەرێکخراوی نێو دەوڵەتی هەرێمی بژمێرین، بەڵکو دەکرێت وادابنرێت کەلێیانەوە نزیکە لەبەر ئەوەی توخمی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە، وەك رێکەوتنی نێو دەوڵەتی و رەگەزی نێو دەوڵەتی و ویستو ئیرادەی خۆیی، بەڵام بەردەوام بوونی پەیمانەکان ماوەیان دیاری دەکرێ و لەتوانادایە کەتازە بکرێتەوە، بەڵام رێکخراوەکان ماوەی بۆ دیاری ناکرێت، بەڵام دراوسێ‌یەتی کە رەگەزێکی رێکخراوە هەرێمییەکانە، سەرەڕای ئەوەی هەندێ پەیمان پشتی بەستووە بەدراوسێیەتی بەڵام مەرجێکی سەراپاگیر نی‌یە بۆ هەموو پەیمانەکان، پەیمانی باکووری ئەتلەسی، پەیماننامەی ناوەند وەك نموونە ولاتێکیان

---

[28] هاوپەیمانێتی رۆژئاوا پەیوەندیەکانی ئەتلەسی زنجیرەی لێکۆڵینەوەی ستراتیجی/12/ بەیروت 1982 ل22

[29] سەرچاوەی پێشوو ل 37.

www.pertwk.com

لەخۆ گرتووە کەلەرووی جوگرافیاوە لەیەکتر دوورن‌و لەکیشوەری جیاجیاشن، بەڵام ئەوەی کۆیان دەکاتەوە گونجاوی‌و پێکهاتنە لەئامانجی سیاسی‌دا.

جیاوازی‌یەکی تری نێوان رێکخراوە هەرێمیەکان‌و پەیمانە نێو دەوڵەتی‌یە سەربازی‌یەکان کەگرنگی پتری هەیە بریتی‌یە لەوەی کەپەیمانەکان لەپێکهێنانیاندا پشت دەبەستن بەبڕوای سەربازی‌و سیاسی، بەلام رێکخراوە نێو دەوڵەتی‌یە هەرێمییەکان، سەرەڕای ئەوەی مەبەستیان ئاسایشە بەڵام هاندەری تریان هەیە وەك کلتووری‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و هی‌تریش.

لەکاتی پیاچوونەوەماندا بەبڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبینین جیاوازی‌یەکی دی هەیە کەئەویش بریتی‌یە لەوەی مادەی/51/ کەپەیمانە سەربازی‌یەکان پشتی پێ‌دەبەستن بۆ پێکهاتنیان لەناو چوارچێوەی بەشی حەوتەم دا داڕێژراوە لەبڕوانامەکە کەپەیوەندە بەو کردارانەی دەگرێنەبەر لەبارودۆخێکدا کەهەڕەشە لەئاشتی بکرێ‌و ببەزێندرێ‌و، دوژمنکاری روویدات، بەلام رێکخراوە نێو دەوڵەتی‌و هەرێمی‌یەکان بڕوانامەکە یەك بەشی تایبەتی بۆجیاکردۆتەوە کەبەشی هەشتەمە، وچەمکی تێگەیشتن لەرێکخراوە هەرێمی‌یەکانی دیاری کردووە کەلەورێ‌یەوە بوونی چەند توخمێکی بنچینەیی بەپێویست دەزانرێ کەلە رێکخراوەی هەرێمی‌دا هەبێ بۆ ئەوەی چەمکی تێگەیشتن لەلای یەکانگیربێ لەگەڵ ئەوەی کەلەبڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە، هەروەك چۆن پەیوەندی نێوان ئەو رێکخراوانەو نەتەوە یەکگرتووەکانی دیاری کردووەو رێکی خستووە.

* * * * * *

بەشی دووەم

کەسایەتی یاسایی رێکخراوە نێودەوڵەتییە هەرێمییەکان

لەکۆتایی سەدەی نۆزدەوەو لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا رۆڵی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەبەردەوامی لەپەرەسەندندابوو لەبواری پشتگیری ئاسایش‌و ئاشتی نێودەوڵەتی‌و، پێشخستنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانداو گەیشتن بەهاوکاری نێودەوڵەتی کەتێدەکۆشێ‌و ئامانجی پێگەو پشتگیری پێداویستییەکانی ئاشتی‌و سەقامگیرییە لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا.

سەرەڕای ئەو کۆسپ‌و تەگەرانەی دێنە رێی، بەدیهێنانی ئامانج‌و سەرەتاو کارو چالاکییەکانی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، بەڵام توانیویەتی رۆڵی گرنگ بگێڕێ‌و، وڵاتانی جیهان لەڕێکخراوەی نێودەوڵەتیدا لەخۆ بگرێ جا ئەگەر هەرێمی بێ یان جیهانی، گشتی بێت یان تایبەتمەند، هەموو وڵاتانی دنیای لەڕێکخراوێکی نێونەتەوەیی وەك نەتەوەیەکگرتووەکان کۆکردۆتەوەو لەو رێکخراوە تایبەتمەندانەی کە لەچوار چێوەی ئەودا کاردەکەن.

www.pertwk.com

تـونكین ئامـاژەی بـەمافی ئـەو پەیوەندییـە كـردووە بـەوەی پەیوەندییـەكی پەرەپێدەری رۆڵی رێكخراوە نێودەوڵەتییەكانە لەپەیوەندی نێو دەوڵەتی هاوچەرخدا، پرسی سروشتی مافەكانی كەبەهۆیەوە زیاتر لەڕواڵـەتی یاسای نێودەوڵـەتی ئـەو رێكخراوانە لەڕووی تیوریی و كردارەوە زیاتر دەردەكەوێ[1].

سەرەڕای ئەو رۆڵە گرنگەی رێكخراوە نێودەوڵەتییەكان دەیگێڕن، كەچی ناكۆكی هەیە لەنێوان دانایانی نێودەوڵـەتی سەبارەت داننان بەكەسایەتی یاسایی رێكخراوە نێودەوڵەتییەكان.

زۆربـەی دانایـانی نێودەوڵـەتی دان دەنـێن بەكەسـایەتی یاسـایی رێكخـراوە نێودەوڵەتییەكان، بەڵام هەندێ لەلایەنگرانی تیوریی كلاسیكی یاسای نێودەوڵـەتی وادادەنێن كەتەنیا، دەوڵەتان كەسی یاسایی نێودەوڵەتین بەوەش نكۆڵی لەكەسایەتی یاسـایی رێكخـراوە نێودەوڵەتییـەكان دەكـەن و پشـتیان بەسـەروەری بەسـتووە، وەك پێوەرێك بۆ كەسایەتی یاسایی، لەبەرئەوەی رێكخراوە نێودەوڵەتییەكانی خاوەنی سەروەری نین بۆیە كەسی یاسایی نێودەوڵەتی نین.

بـەڵام ئێسـتا كارەكـەی گـۆڕاوە سـەبارەت بەزۆربـەی نووسـەرە یاسـاییەكان كەئـەویش دان نانـە بەكەسـایەتی یاسـایی رێكخـراوە نێودەوڵەتییـەكان بەتایبـەت لەدوای زۆربوونی ئەو رێكخراوانەو گرنگی چالاكییەكانیان لەژیانی نێودەوڵەتیدا.

پـێش توێژینـەوە لەكەسـایەتی یاسـایی رێكخـراوە نێودەوڵـەتی و هەرێمییـەكان شیكردنەوەی ئەمانە بەپێویست دەزانین:

1. چەمكی كەسەكانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی.

2. پێناسەی رێكخراوە نێودەوڵەتییە هەرێمییەكان، بەباوەڕكردن بەوانەی پێشەوە بۆ گەیشتن بەباری یاسایی رێكخـراوە هەرێمییـەكان لـەڕێی راستییەكانی تیوریی و كـردەوەی و ئاسـتیان لـەڕێكخراوەی نێودەوڵـەتی و بۆچـوونی دانایـانی نێودەوڵـەتی هاوچەرخ لەكەسایەتی یاساییاندا.

[1] تونكین سەرچاوەی پێشوو ل343

1. چەمكی كەسەكانی یاسای نێودەوڵەتی:

هـەر سیسـتمێكی یاسایی كەسـی یاسای خـۆی هەیـە، ئـەو سیسـتمە پێشـەكی و داخوازییـەكان پێشـكەش دەكـەن كـەدەبێ لـەو كەسـەدا هـەبێت بـۆ ئـەوەی خەسـڵەتی كەسـێتی یاسـایی بەدەسـت بهێنـێ، لەهـەر سیسـتمێكی یاسـاییدا كەسـێتی یاسـایی جیاواز هەیە، ئەو كەسانەش ناكرێت ببن بەكەسـی سـەرەكی یان بنچینەیی هـەروەها بـبن بەكەسـانی یاسـایی پلـە دوو یـان هەڵقولاو یـان كەسـانێك كـەخاوەن كەسـایەتی یاسایی دیاریكراوبن.

هـەر بۆیـە كەسـایەتی یاسـایی بەشـێوەیەكی گشـتی دەبـێ خەسـڵەتی گشـتی بنچینەیی تێدابێ كەبگونجێ لەگەڵ خوازیاری و مەرجەكانی هەر سیستمێكی یاسایی بەشێوەیەك كە بتوانێ ماف بەدەستبهێنێ و پابەندی بكەوێتە سەر كە لـەو سیستمە یاساییەدا هاتووە.

مودجوریـان دەڵـێ: (زاراوەی كەسـانی یاسـایی بەوانـە دەوترێـت كەپشـكدارن لەپەیوەندییە یاساییەكاندا، ئەوانەی كەدەتوانن یان لەتوانایاندا هەیە ماف و پابەندی بەدەست بهێنن لەهەمانكاتدا ناتوانرێ گوزارشی كەسی یاسایی نێودەوڵـەتی بكرێ بەپێی ئەو پێناسەیە چونكە یاسای نێودەوڵەتی لەلقەكانی یاساكانی تر جیاوازە ئەو شوێنەی گرێ بەستی لەسەر دەكرێ (محل العقد) و ئەو شێوازانەی كەپەیوەندییەكان رێكدەخـەن ئـەو بابەتانـەش جیاوازی یاسایی نێودەوڵـەتی دیاری دەكـەن سـەبارەت بەكەسانی بەپێی بۆچوونی هەندێ نووسەری دیكە كەسانی پەیوەندییە یاساییەكان ئەوانـە كەڕاسـتەوخۆ مـاف و پابەنـدیان هەیـە لەلایـەن یاسـای نێودەوڵەتییـەوە رێكـدەخرێ و بەشـداری لەپرۆسـەی بنیاتنـانی بنـەمای یاسـایی دەكـەن و ئـامرازە یاسـاییەكانیان دەكەوێتـە دەسـت بـۆ مسـۆگەركردنی چەسـپاندنی بنـەمای یاسـایی نێودەوڵەتی[3].

[3] كوجیفكیـوف، یاسـای نێودەوڵـەتی سـوفیا 1957، ل80 فیـدروس یاسـای نێودەوڵـەتی مۆسكۆ 1959ل119.

www.pertwk.com

بەپێی رای شورشالوف کەسی یاسایی نێودەوڵەتی پێویستە مافی بکەوێتە دەستو پابەند یشی بکەوێتە سەر, کەئەمە تاکە پێکهێنەری بنەمای یاسای نێودەوڵەتییەو پێویستە ئەو ئامرازانەی بکەوێتە دەست کەبتوانێ کردەوەکان بگرێتەبەر بۆ مسۆگەرکردنی بەدیهێنانی مافەکانو دەڵێ کەچەمکی تێگەیشتن لەکەس بەشێوەیەکی بڕوا پێکراو وابەستەیە بەگەلو هەرێمەوە, دەبێت ئەو کەسە لێهاتوویی هەبێت بەشێوەیەك بەرپرسیارییەکی یاسایی لە سەرپێچی کردنی بنەمای یاسا لەئەستۆ بگرێ[4].

بەپێی بۆچوونی شورشالوف، پێویستە دان بەدەوڵەتدا بنری وەك کەسێکی تەنهای یاسای نێودەوڵەتی ئەوەش وایکردووە کەپێی قایل بن، چونکە پەیوەندییە یاساییەکانی نێودەوڵەتی سەردەم دان بەکەسانی تریشدا دەنێ بەبێ دەوڵەت، شورشالوف لەم بۆچوونەیدا بەلایەنگری تیوریی کلاسیکی یاسای نێودەوڵەتی گشتی دادەنرێ کەتەنها دەوڵەت بەکەسی یاسایی نێودەوڵەتی دەژمێرێ، چونکە سەروەری بەپێوەری کەسی یاسایی نێودەوڵەتی دادەنێ کەپێویستە هەرێمو گەلی هەبێت، لەبەر ئەوەی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان سەروەریان نییەو گەلو هەرێمیشیان نییە یان هیچ کام لەوانەیان نییە بۆیە بەکسی یاسایی نێودەوڵەتی دانانرێن.

رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان وەك دەوڵەت دەسەڵاتی سەربەخۆیان هەیە کەدەسەڵاتی یاسادانان پێی دەبەخشێو جێبەجێکردنیشی بەڵکو یاسادانانیشی بەسەر ئەو دامودەزگایە تایبەتانەو فەرمانبەرانی، لەم رێیەوە دەردەکەوێ کەناکۆکیەکی بنەڕەتی نییە لەنێوان دەوڵەتو رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان[5].

بەڵام لیڤین پێوەری بنچینەیی دیاریدەکات بۆتێگەیشتن لەچەمکی کەسی یاسایی کەبەهۆیەوە دەتوانرێ بەشێوەیەکی ورد چوارچێوەی کەسی یاسایی بکرێت لەهەر سیستمێکی یاسایی داو دەڵێ:

1. کەسی یاسایی بریتییە لەلایەنێك لەپەیوەندییەکی یاساییدا

[4] شورشالوف یاسا پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان مۆسکۆ 1971 ل53–54

[5] د. محەمەد تەلعەت ئەلغنێمی، سەرچاوەی پێشوو ل250

2ـ کەسانی یاساییو ئیرادەی سەربەخۆ بەدەست دەهێنن، چونکە هەموو پەیوەندییە یاساییەکان بریتیین لەپەیوەندی ئیرادی.

3. کەسەکانی یاسایی نێودەوڵەتی لەپەیوەندییەکانیاندا لەگەڵ کەسانی یاسایی تردا کەمافی پابەندی خۆیی بەهەست دەهێنن، ئەوەش لەچوارچێوەی سیستمێکی یاسای دیاریکراودا دەبێو، لێهاتوویی یاسایی تایبەت بەخۆی هەبێ..

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەلێهاتوویی لەئەستۆگرتنی ئەرکەکانی هەبێو, مافەکانی پیادە بکات[6].

لێهاتوویی یاسایی بریتییە لەتوانابوونی گشتی کەدەردێ بەکەسێك لەسیستمێکی یاسایی دیاریکراودا بۆ ئەوەی مافەکان بەدەست بهێنێو پابەندی ئەرکەکانیان بن، بۆ ئەوەی بتوانێ بەکۆمەڵێ مافی دانپیانراو لەلایەن یاسای دانراوەوە بگات، هەر بۆیەش ناکرێ لەسەر لێهاتوویی یاسایی بدوێین بەبێ بەدەستهێنانی مافو پابەندییەکان.

داننان بەهەر کەسایەتییەکی یاساییدا بۆ ئەوەیە کە مافو پابەندبوونی هەبێ واتا دان نانیشە بەلێهاتوویی یاساییدا، لەهەمانکاتدا ناتوانرێ بوترێ کەکەسێك مافۆ پابەندی هەیەو لێهاتوویی یاسایی نییە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ لێهاتوویی یاسایی وەك کۆمەڵێك مافو پابەندی خودی دانپیانراو لەسیستمی یاساییدا بۆ هەرکەسێك داننانە بەجۆری ئەو کەسەدا وەك کەسێك لەکەسەکانی یاسادا.

بەو واتایەش لێهاتوویی یاسایی بەکەسایەتی یاسایی دادەپۆشرێ بۆ ئەوەی دان بەکەسیکدا بنرێ کەلێهاتوویی یاسایی هەیە مافو پابەندیەکان پیادەکاتو واتا داننراوە بەکەسێتییدا، وەك یەکێ لەکەسەکانی یاسا[7].

چەمکی تێگەیشتن لەکەسەکانی یاسای نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی گشتی پشت دەبەستێ بەپێناسی گشتی کەسەکانی یاسا، لەهەمانکاتیشدا ئەو چەمکە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی سیستمی یاسای نێودەوڵەتیدا دەگونجێ، تایبەتمەندیی یاسایی

[6] لیڤین کیشەکانی تیوریای ژیاری مافەکانی نێودەوڵەتی، مۆسکۆ 1974ل31

[7] ئەلکسەندەر یانکوف کەسایەتی یاسای نێودەوڵەتی نەتەوەیەکگرتووەکان نامەی دکتۆرا، صۆفیا 1963

www.pertwk.com

لەوەدایە کە ئەو کەسانە بەتەنیا ماف و پابەندییەکانیان پیادە ناکەن کەلەلایەن ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتییەوە ڕێکخراون، بەڵکو بەشێوەیەك لە شێوەکان بەشدار دەبن لەپەیوەندییەکانی یاسای نێودەوڵەتیدا، بێجگە لەوەش کەسەکانی یاسای نێودەوڵەتی ڕاستەوخۆ ماف و پابەندییەکانیان دەبێ کەلەیاسای نێودەوڵەتیدا هاتووە.

تیوریی سوسیالیستی وای داناوە یاسای نێودەوڵەتی لەوەدا دروستە دەوڵەت کەسێکە لەکەسەکانی یاسای هاوچەرخ، چونکە دەوڵەت خۆی بەشدارێکی گرنگی پەیوەندییەکانی یاسای نێودەوڵەتییەو ویستی خودی خۆی هەیە، ماف و پابەندییە تایبەتەکانی لەپیوەندییەکانیدا لەگەڵ کەسانی یاسای نێودەوڵەتی دیکەدا هەیە[8].

کەسایەتی یاسایی نێودەوڵەتی، دەوڵەت پێویستی بەدانپێدانان نییە، چونکە بەپێی سەرەتا گشتییەکانی یاسای نێودەوڵەتی دان پێدانانی دەوڵەتی گرنگی ڕوو هەڵمانیی هەیە نەك پێکهێنان، یاسای دەوڵەت بەش بەش ناکرێ بەپشبەستن بەکەسایەتییە یاساییەکەی، واتا وڵاتی نوێ دەتوانێ بێتە ناو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوەو پەیوەندی یاسایی لەگەڵ وڵاتانی تردا ببەستێ، دان پێدانانی کەسایەتی یاسایی بۆ ناخوڵقێنێ بەڵکو بوون و دروستبوونی ڕادەگەیەنێ.[9]

---

[8] لەتیوریی یاسای نێودەوڵەتیدا دوو بۆچوون هەیە سەبارەت بەکەسێتی یاسای تاك، یەکیان وادادەنێ کەتاکە کەس تەنیای کەسەکانی یاسای نێودەوڵەتییە، ئەویتریان کەسێتی یاسای تاك ڕەتدەکاتەوە، سەبارەت بەنەتەوەش تیوریی سوسیالیستی دان بەنەتەوەی تێکۆشەردا دەنێ وەك کەسێکی یاسای نێودەوڵەتی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی، بەڵام نووسەرە بۆرژواکان ئەوە ڕەتدەکەنەوە. (واتا ئەو مافەی نەتەوە ڕەتدەکەنەوە).

[9] لیڤین سەرچاوەی پێشوو ل39" میخائیل کینوفسکی سەرچاوەی پێشوو ل13" لوکاسوك پەیوەندییەکانی پێکەوە ژیانی ئاشتی و یاسای نێودەوڵەتی، کیف 1974ل95، جیفیکۆف وانەیەك لەیاسای نێودەوڵەتیدا صوفیا 1970، ل39 بیتکو ڕادوینوف، سەرچاوەی پێشوو ل68 فیلدمان داننان بەدەوڵەتدا لەیاسای نێودەوڵەتی سەردەمدا، زانکۆی کازان 1965، ل130" مودجوریان یاسای نێودەوڵەتی مۆسکۆ 1970، ل136" شافعی محەمەد بەشیر ===

واتا سەرەتای گشتی یاسای نێودەوڵەتی باوەڕ بەدان پێدانانی دەوڵەت دەکات بەرو هەڵمانینی کەسایەتی یاسایی نەك دانان بەدەوڵەتداو پێکهێنانی دەوڵەت بگەیەنێ، ئەمەش لەدایکبووی گەشەکردن و پێشکەوتنی یاسای نێودەوڵەتییە.[10]

2ـ پێناسی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و ڕەگەزەکانی

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی دەستەیەکی هەمیشەییەو، ویستی خۆیی و کەسایەتی یاسایی نێودەوڵەتی خۆی هەیە، کۆمەڵێك وڵات ڕێکدەکەون لەسەر دامەزراندنی، وەك ئامرازێك لەئامرازەکانی هاوکاری ئارەزوومەندانەی نێوانیان لەبوارێك یان لەبوارە دیاریکراوەکاندا کەلەڕێککەوتننامەی دامەزراندا دیاریدەکرێ[11].

سەرەڕای زۆری و جیاوازی بۆچوونی نووسەرە یاساییەکان لەپێناسەکردنی ڕێکخراوەی نێودەوڵەتیداو نەبوونی پێناسەیەکی دیاریکراو، بەڵام هەموو پێناسەکان ڕەگەزە بنچینەییەکانی ڕێکخراوەی نێودەوڵەتی لەخۆ دەگرن کەئەمانەن:

=== سەرچاوەی پێشوو ل155" د.عەبدول مونعیم جنید وانەکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی قاهیرە 1975 ل60" د.محەمەد عەزیز شوکری سەرچاوەی پێشوو ل122–123.

[10] دوو تویوریا هەیە لەکاریگەرێتی یاسای بەدانان، یەکەمیان دانانی دامەزرێنەرە واتا دانپێدانان بریتییە لەبنچینەی بەخشینی بوونی کەسێتی یاسایی دەوڵەت نوێ دوای تەواوبوونی ڕەگەزەکانی (گەل، هەرێم، دەسەڵات) دووەم: تیوریای ڕاگەیەنەرە واتا دانپێدانانی ڕووڵی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی نوێدا دەبێ، واتا دەوڵەتی نوێ تەنیا بەتەواوبوونی ڕەگەزەکانی (گەل، هەرێم، دەسەڵات) دەبێتە کەسێکی نێودەوڵەتی کەئەم بۆچوونەش ئێستا پشتی پێ دەبەسترێ لەناوەندی نێودەوڵەتیدا کۆمەڵی قانونی نێودەوڵەتی لەکۆبوونەوەی برۆکسلی ساڵی 1936 بەبۆچوونی دووەمیان کردووە کە لەبڕگەی دووەمی مادەی یەکدا ڕایانگەیاندووە بوونی دەوڵەتی نوێ، بەو هاتنەکایەوە پاشکۆ یاساییەکانیشی بەدوادادێ ڕەتکردنەوەی دانانی وڵاتێم یان زیاتر کاری تێ ناکات. بڕوانە د.عەلی سادق ئەبو هێف سەرچاوەی پێشووی ل169–170.

[11] د. محەمەد سامی عەبدولحەمید یاسای ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، ئەسکەندەرییە 1967،ل14.

www.pertwk.com

أ- رەگەزی بەردەوامی و هەمیشەیی: واتا رێکخراوە سروشتێکی هەمیشەیی و جێگیری هەبێ، واتا دامودەزگاکانی رێکخراوەکە تایبەتمەندییەکانی پێی سپێردراوە بەشێوەیەکی رێك و پێك پیادە بکات بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندیی و ئامانجە هاوبەشەکانی کەرێکخراوەکەی لەپێناودا دامەزراوە، وەك ئەوەی لەرێککەوتنامەی دامەزراندنەکەیدا هاتووە، بەردەوام بێت بەو پێکهاتە دیارو هەمیشەیەیی خۆی تا ئەو کاتەی بەچالاکییەکانی هەڵبستێ و تا ئەو رێککەوتنەی دایمەزراندووە کاریگەری مابێت.

ب - ویستی سەربەخۆ، واتا بۆ ئەوەی رێکخراوەکە بوونی هەبێ دەبێ کەسایەتی یاسایی سەربەخۆی هەبێ و بتوانێ پیادەی ویستە تایبەتییەکانی خۆی بکات و هەڵسوکەوتەکانی جیابکرێتەوە لەهەڵسوکەوتی وڵاتانی دامەزرێنەری.

کەسایەتی یاسایی هەر رێکخراوەیەکی نێودەوڵەتی لەسنووری ئەو نەخشەیەدا دەبێ کەپەیماننامەی دامەزراندنی بۆی کێشاوە، لەڕاستیدا کەسایەتییەکی یاساییە کەسروشتێکی تایبەتی هەیە جیاوازە لەو کەسایەتییە یاساییەی کەدەوڵەت هەیەتی کەلەبوونی خۆیەوە بەدەستی دەهێنێ و لەخودی خۆیدایە، نەك لەو پەیماننامەیان سیستمە نێودەوڵەتییە تایبەتەی دایمەزراندووە.

بەوپێیەی کەڕێکخراوەکە ویستی خۆی هەیەو جیای دەکاتەوە لەو هەڵسوکەوتەی وڵاتانی دامەزرێنەری دەیکەن، پاشماوەی ئەو هەڵسوکەوتانە ناچێت بۆ ئەو وڵاتانە هەر یەك بەتەنها، بەڵکو بۆ رێکخراوەکە خۆی دەگەڕێتەوە بەو پێیەی کەسێکی یاسایی نێودەوڵەتییە لەژیانی یاساییدا لەو وڵاتانەی دایان مەزراندووە سەربەخۆیە لەوەی کەوڵاتان لەبەشداریکردنیان دەیانەوێ ئامانجێك یان چەند ئامانجێك بەدی بهێنن[12].

[12] د. محەمەد سامی عەبدولحەمید، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، پێشەکیەکی لێکلۆینەوەی یاسای نێودەوڵەتی گشتی بێروت ل123-124

ویستی رێکخراوەکە بەدروست دانانرێ تەنیا مەگەر ئەو رێسایانە پەیڕەو بکات کەلەدەستورەکەیدا هاتووەو پیادەی بکات لەسنووری ئەو تایبەتمەندیانەدا کەئەو دەستوورە دەقی لەسەر هێناوە[13].

جـ - رەگەزی نێودەوڵەتی لەڕووی سەرەتاوە پێویستە ئەندامێتی رێکخراوەی نێودەوڵەتی بەتەنها وڵاتان بێت، نوێنەرایەتی ئەو وڵاتانەش لەڕێکخراوەکەدا بەهۆی فەرمانڕەوایەتییەکەیانەوە بێت، بەوەش جیاوازی دەکەین لەنێوان رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی دەوڵەتان پێکی دەهێنن و ئەو رێکخراوانەی کەفەرمانڕەوایی وڵاتانی تێدانییەو لەڕێی رێککەوتننامەوە دادەمەزرێنرێ لەنێوان دەستە دامەزراوە تایبەتەکانەوە کەبەسەر رەگەزنامەی جیاجیان وەك کۆمەڵەی خاچی سووری نێودەوڵەتی[14].

سەرەڕای ئەوەی ئەندامێتی لەڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا لەبنەڕەتدا مافی وڵاتانە بەڵام ئەو سەرەتایە هەندێ بەدەرکردنی تێدایە، هەندێ رێکخراو رێگە دەدەن بەوەی هەندێ کۆمەڵەی هەرێمی ببنە ئەندامیان کەبەدەوڵەت دانانرێن بەواتای ورد، وەك رێکخراوی تەندروستی جیهانی، یەکێتیی پۆستەی جیهانی، یەکێتیی نێودەوڵەتی گەیاندنی تەل و بێتەل ئەم رێکخراوانە رێگە بەهەندێ کانتۆن و هەرێم دەدەن کەئۆتۆنۆمییان نییە، بێنە پاڵ رێکخراوەکەو ئەندامێتییان هەبێ.

هەروەها رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی لەکۆنگرەکانیدا نوێنەرانی حکومەت و کرێکاران و خاوەن کارەکان تیایدا کۆدەبنەوە.

[13] د. عائیشە راتب رێکخراوەکان سەرچاوەی پێشوو ل32

[14] بڕیاری ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی نەتەوەیەکگرتووەکان ژمارە 288 لە 1950/2/27، هەر رێکخراوێکی نێودەوڵەتی دانەمەزرێت لەڕێی رێککەوتنەکانی نێوان وڵاتانەوە بەڕێکخراوێکی ناحکومی دەژمێردرێ، و ئەوەش کەمادەی 71 لەبڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بەو دەقەی دەڵێ: ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆی هەیە راوێژی گونجاو بکات لەگەڵ دەستە ناحکومییەکان کەگرنگی دەدەن بەو پرسەی دەچنە ناو تایبەتمەندیانەوە.

www.pertwk.com

د- ڕەگەزی ڕێککەوتن، واتا ڕێکخراوی نێودەوڵەتی لەبوونیدا پشت دەبەستێ بەڕێککەوتنی نێودەوڵەتی کەئامانج و تایبەتمەندییەکانی ڕێکخراوەکە لەخۆ دەگرێ و دام و دەزگا جۆراوجۆرەکانی دیاریدەکات، کەکاردەکەن بۆ بەدیهێنانی هاوکاری نێوان وڵاتانی دامەزرێنەری بۆ گەیشتن بەو ئامانج و بەرژەوەندییانەی کە لەپێناویدا دامەزرێنراوەو ئەو بنچینانەی کەفەرمان بەسەر بەڕێوەچوونی کارەکاندا دەکەن لەرێکخراوەکەدا.

ئەوانەو ڕەزامەندیی وڵاتان لەسەر دامەزراندنی بەبنچینەی یاسایی بوونی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی دادەنرێ، یانکوف لەو بارەوە نووسیویەتی ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی بەچاکی ناوەڕۆکی یاسایی و بەوردبینییەوە پەیوەند بەڕێککەوتنەکەوە، وادەردەکەوێ کەرێگەیەکی گونجاوتر بێ لەڕووی یاسایی و هونەرییەوە لەپێناو دامەزراندنی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی[15].

دوای خستنەڕووی پێناسی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕەگەزەکانی دەتوانین لەسەر کەسێتی یاسایی ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی بدوێین.

کەسایەتی یاسایی بریتییە لەدەربڕین لەو پەیوەندییەی هەیە لەنێوان یەکەیەکی دیاریکراوو سیستمێکی یاسایی سنووردار.

ئەوەش ئەنجامێکی گرنگی لەسەر ڕێکدەخرێت، کەبریتییە لەوەی کەلەسیستمی یاساییدا کەسانێکی سروشتی نین، بەڵکو کەسانێك هەن لەم سیستەمەدا بەڕادەو بەپێی سنووری ئەو سیستمە بڕیاری بۆداوە کە ئەوەندە ماف و ئەوەندەش پابەندی بکەوێتەسەر، واتا لەسیستمێکی یاسایی دیاریدا کەسانی سروشتی نین بەڵکو کەسانێك هەن بەپێی ئەو سیستەمەو لەچوارچێوەی ئەو بازنەیەی نەخشەی بۆ دەکێشرێ[16].

پایەکانی کەسایەتی یاسایی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان:

أ- مەبەست، واتا هۆکاری پێکهێنانی کەسایەتی مەعنەوی (ڕێکخراوی نێودەوڵەتی) کەبڕوانامەکەی ئەو ئامانجە لەخۆ دەگرێ کەتێدەکۆشن بۆ بەدیهێنانی وسنووری لێهاتووی و تایبەتمەندییەکانی.

ب - ویست، وا دەبێ ڕێکخراوەکە ویستی خۆیی هەبێ و سەربەخۆیی لەوڵاتانی ئەندام تێیدا بۆ ئەوەی هەستی بەبەدیهێنانی ئامانج و ئەنجامدانی چالاکییەکانی.

ج **- دەسەڵات**، واتا دەبێ ڕێکخراوەکە دەسەڵاتی هەبێ و پیادەی بکات بەڕووبەڕووبوونەوەی وڵاتانی ئەندام و نائەندامدا، ئەو دەسەڵاتەش لەبڕوانامەکەدا دارێژرابێ، لەوانەیە دەسەڵاتەکانی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی تردا بێ، وەك ئەو دەسەڵاتەی کە نەتەوەیەکگرتووەکان هەیەتی لەڕووبەڕوونەوەی ڕێکخراوە هەرێمییەکان و ڕێکخراوە تایبەتمەندییە گشتییەکان کەلەچوارچێوەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا کاردەکەن.

د- ڕێکخستن، بریتییە لەو دام و دەزگایەی کەڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەتوانن لەو ڕێیەوە هەستن بەئەرکەکانی و بەدیهێنانی ئامانجەکانی.

ه - بەشداریکردن لەداهێنانی ڕێسای یاسای نێودەوڵەتی، واتا بۆ ئەوەی دان بەکەسایەتی یاسایی نێودەوڵەتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا بنرێ پێویستە بەشداری بکات لەداهێنانی بنەمای یاسایی نێودەوڵەتی[17].

پێناسەی کەسێتی یاسایی و پایەبنچینەییەکانی وەك لەپێشەوە باسمان کردو، چەسپاندنی بەسەر ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا، بۆ ئەوەیە بگەینە شیکردنەوەیەکی ڕاست بەکردەوەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، دەپرسین ئایا ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتییان هەیە،؟ ئایا لێهاتوویی یاسایی نێودەوڵەتییان هەیە؟ ئایا داننانرێت بەکەسایەتی یاساییان؟

یان ئەوانە تەنها بۆ وڵاتانە! خاوەن دوایین بۆچوون باوەڕ بەتیوریی کلاسیکی یاسای نێودەوڵەتی دەکەن بەوەی کەپەیوەندییەکانی نێوان وڵاتان ڕێکدەخات، لەو پێناسەیە بۆمان ڕووندەبێتەوە کەدەوڵەت تەنها کەسی یاسای نێودەوڵەتییە، بەمەش پشتیان بەستووە بەپێوەری سەروەری بۆ کەسایەتی یاسایی نێودەوڵەتی بەو

[15] ئەلسکەندەر یانکۆف ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان صوفیا 1965، ل26

[16] د. حامد سوڵتان یاسای نێودەوڵەتی گشتیی لەکاتی ئاشتیدا قاهیرە 1972،ل81

[17] د. عەبدولعەزیز محەمەد سەرحان، وانەکان لەڕێکخراوی نێودەوڵەتیدا قاهیرە 1968 ل175، ل179

www.pertwk.com

شێوەیە نکۆڵی لەکەسایەتی یاسایی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەکەن، کەئەمەش بۆچوونێکی باوی یاسای کلاسیکییە، بەڵام ئەو بۆچوونە سەبارەت بەزۆربەی شارەزایانی یاسایی گۆڕاوە کەئەویش داننانە بەکەسایەتی یاسایی بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی لەئەنجامی زۆربوونی ژمارەی ڕێکخراوەکان هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوەو بەتایبەتیش دوای جەنگی جیهانی دووەمو پێکهێنانی چەندین ڕێکخراوی هەرێمی خاوەن بۆچوونی گشتیو تایبەتمەندو پێکهێنانی نەتەوەیەکگرتووەکانو ڕێکخراوە تایبەتمەندەکانی لەچوارچێوەیدا کاردەکەن واتا چالاکی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانو ئەو ڕۆڵە بەجەستەیەی سەلماندی لەپەیوەندییەکانی نێودەوڵەتیدا، چەسپاندی بنچینەکانی ئاسایشو ئاشتی نێودەوڵەتی بێجگە لە هاوکاری لەبوارەکانی تردا لەئابووریو کۆمەڵایەتیو کلتووری هیتریشو ڕۆڵیان لەبواری نێودەوڵەتیو پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتی دووپاتکرایەوە. ئەوانە هەموو بوونە هۆی ئەوەی دان بەکەسایەتی یاساییاندا بنرێت، ئەوەش وای دەسەپاند کە دەسەڵاتو تواناو حەسانەی دبلۆماسیان بدرێتێ بەپێی دەستوورکانیانو بڕوانامەی دامەزراندنیان، واتا وادابنرێن کە کەسێکن لەکەسەکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتیو توانای هەڵسوکەوتی سەربەخۆییان هەیە لەبواری نێودەوڵەتیدا، واتا کەسایەتی یاسایی نێودەوڵەتیان هەیە، بەوپێیەش کەکەسایەتی یاسایی نێودەوڵەتییان هەیە ئەوا لێهاتوویی بەدەستهێنانی مافو لەئەستۆگرتنی پابەندیەکانیشیان دەبێو هەڵدەستن بەهەڵسوکەوتە یاساییەکانو ئاکامەکانی لەئەستۆك دەگرن.

بۆ ئەوەی هەست بەرۆڵی خۆیانو ئامانجەکانیان بەدی بهێنن، کەواتە پێویستییەکانی وادەخوزاێ دان بەکەسایەتی یاساییدا بنرێ.

بڕیارێك لەدادگای نێودەوڵەتییەوە دەرچووە، کەباس لەکەسایەتی یاسایی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەکاتو دەڵێ: (ئەو یەکێتییەی حەسانەی دیاریکراوی هەیەو مافی هەیە بەیەکسانی بچێتە ناو پەیماننامەکانەوە لەگەڵ وڵاتانی ئەندامیان بریتییە لەیەکێتییەك دەبێت دان بەکەسایەتی یاساییاندا بنرێت).

ئەو فەتوایەی دادگای دادی نێودەوڵەتی دەریکردووە لە پرسی قەرەبووکردنەوەی نەتەوەیەکگرتووەکان لەو زیانانەی بەری کەوت بەهۆی دەستدرێژی کردنە سەر فەرمانبەرانیان، ئەوەش بەهۆی کوشتنی برنادوت بوو لەساڵێ 1948 کەناوبژیکەری نەتەوەیەکگرتووەکان لەفەلەستیندا لەسەر دەستی تیرۆریستانی جولەکە پێش ئەوەی ئیسرائیل ببێت بەئەندامی نەتەوەیەکگرتووەکان[18].

بۆچوونی سێیەم هەیە کەدان بەلێهاتوویی یاسایی ڕێکخراوەکاندا دەنێ, دان بەکەسایەتی یاساییاندا نانێ، واتا ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان (دەزگای نێودەوڵەتین) لێهاتوویی یاسایی پێویستیان بەئەنجامدانی ئەرکەکانیان هەیە کەئەویش لێهاتووییەکی تایبەتو سروشتی نێودەوڵەتی هەیە لەبەرئەوەی لەچوارچێوەی نێودەوڵەتیدا کاردەکات، بەڵام ئەم بۆچوونە پەیڕەو ناکرێ چونکە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کەسایەتی یاسایی نێودەوڵەتیی گشتییان هەیە، لەبەرئەوەی هیچ لکاندنێك نییە لەنێوان لێهاتوویی کەسایەتی نێودەوڵەتیدا، ئەو وڵاتانەی سەروەری ناتەواوە لێهاتوویی تەواوی نییە لەناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا، ئەمەش واناکات کەئەو وڵاتە کەسی یاسایی نێودەوڵەتی گشتی نەبێت، چونکە ئەم یاسایە ڕاستەوخۆ چاودێری وڵاتێکی تەواوی دەکات وەك وڵاتانی دیکە کە لێهاتووییان تەواوە.

ئەمەش پێگەی دامودەزگای نێودەوڵەتی نییە، ئەو دامو دەزگایانەش جێگای چاودێری بەم یاسایە نین لەبەرخودی خۆیان، بەڵکو ئەوەی لێرەدا هەیە ئەوەیە کە ئەم یاسایە دایهێناوەو ڕێکی دەخات بەتەنها بۆ پەنابردنی لەسەر جێبەجێکردنی فەرمانەکانی، ئەمەش لەوەدەرناچێ کەئامرازێك بێت دەیخاتەگەر لەچەسپاندنی ڕێساکانیدا بەسەرکەسایەتییە ڕاستەقینەکانەوە، کەسانی یاسایی نێودەوڵەتی بریتیین لەوانەی ئەم یاسایە هێنراوەتە ئاراوە، بوونی ئەم یاسایە لەئەنجامی بوونیان دایەو هیچ مافێکیشی نییە، ئەو کەسایەتییەی کە دەوڵەت هەیەتی لەم یاسایەوە وەرنەگیراوە، بەڵکو لەبوونی خۆیەوە هاتووە یاسای نێودەوڵەتی توانای نییە کەگۆڕان لەو کەسایەتییەدا بکات ئەگەر بۆ دەوڵەتێك جێگیر بوو بەهۆی بوونییەوە، ناشتوانی

---

[18] د. محەمەد تەلعەت ئەلغەنێمی سەرچاوەی پێشوو ل252–253

www.pertwk.com

کەسایەتی نێودەوڵەتی بەهیچ دامو دەزگایەك ببەخشێ کەرەگەزەکانی دەوڵەتی تێدا کۆنەبوو بێتەوەچونکە دەوڵەت خۆی دێتە ئاراوە لەسەر رەگەزە تایبەتەکانی خۆی، دانامەزرێنرێ بەدەقێکی یاسا یان لەرِێگەی رێککەوتنێکەوە.

ئەو دامودەزگایەی دەوڵەت بوونی خۆی لەدەقێکی یاساییەوە دەهێنێ کەکۆمەڵی وڵاتان لەسەری یەك رایان هەیە، ژیان بەند دەبێ بەو دەقەوە ملکەچی ویستی ئەو کۆمەڵە دەبێ وڵاتانیش بۆیان دەبێ ئەو گۆڕانکارییەی دەیانەوێ تێیدا بیکەن بەپێی ئەو بارودۆخەی لەسەری رێکدەکەون، بەڵکو بۆیان دەبێ کۆتایی بەژیانی یاسایی بهێنن بەهەڵوەشاندنەوەی ئەو دەقەی کەدایان مەزراندووە، کەواتە ئامرازێك دەکرێ دەستی لێهەڵگیرێ ئەگەر ئەو وڵاتانە وایان بینی بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکانیان کەڵکی نەماوە، ئەو کۆمەڵە وڵاتە ناتوانن ئەوە دەرهەق بەئەندامێکی خۆیان بکەن چونکە بوونی ئەو ئەندامە لەسەر ویستی ئەوان بەند نییە بەڵکو مەلکەچی فاکتەری دی دەبێ کەئەوان بەسەریدا زاڵ نین[19].

بەڵام بۆچوونی باوی تیوریی سۆسیالیستی یاسای نێودەوڵەتی بریتییە لەوەی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کەبیرێکن لەبیرەکانی یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخ[20]

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەو بوارە بکەین کەجیاوازی هەیە لەنێوان ناوەرۆکی کەسایەتی یاسایی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانو وڵاتان، لەبەر جیاوازی ئەو رەگەزانەی کەهەردووکیان پێکدەهێنێ، پێکهێنانی دەوڵەت، پشت دەبەستێ بەبوونی هەرسێ رەگەزەکەی (هەرێم، گەلو دەسەلات، سەروەری) لەکاتێکدا رێکخراوە

[19] د. عەلی سادق ئەبولهێف سەرچاوەی پێشووی ل273–274

[20] میخائیل کینوفسکی سەرچاوەی پێشووی ل17–118" بیتکو رادرنیوی سەرچاوەی پێشووی ل68 یانکۆفیکیلوف سەبارەت بەپرسی کەسێتی یاسای نێودەوڵەتی رێکخراوە هەرێمییەکان بۆ ئاسایشی بەکۆمەڵ، کتێبی سالأنەی زانکۆی صۆفیا، صوفیا 1972،ل179" موروزوف رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان مۆسکۆ 1962ل196–202، ئەلسکەندەر یانکوف سەرچاوەی پێشوو ل48" مارسلاروفا، بنچینەی یاسای کەسێی یاسای رێککەوتننامەکانی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، گۆڤاری بیری یاسایی ژمارە 4 صۆفیا 1976 ل41

نێودەوڵەتییەکان پێکهێنانیان بەرێککەوتنی نێوان وڵاتان دەبێ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەرێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کەبیرێکی یاسایی پێکدەهێنن هەڵقوڵاوی یاسای نێودەوڵەتی سەردەمن، واتا لەئەنجامی یەکانگیری ویستی خودی وڵاتان پێکهێنراون.

رادینوف بەشێوەیەکی دروست ئەوەی دەستنیشانکردووە(دوای ئەوەی وڵاتان بەشێوەیەك لەشێوەکان دان بە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا دەنێن وەك کەسانێکی یاسای نێودەوڵەتی سەردەم، سەرەڕای ئەوەی کەسی ناوەنجین دوو دەسەڵاتی بنچینەیان دەبێ.

1. بەدەستهێنانی مافو پابەند بوونی دیاریکراو.
2. بەشداری دەکەن لەدانانو پێکهێنانی بنەمای یاسای نێودەوڵەتیدا[21].

رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کار دەکەن بەناوی کۆمەڵێ وڵاتەوە کەئەندامن تێیدا بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان دەقی لەسەر ئەوە هێناوە کەلەبەر ئەو ئارەزووەی ئەو کارانەی نەتەوەیەکگرتووەکان پێی هەڵدەستن خێراو کارا بێت.

ئەندامانی ئەو رێکخراوە ئەرکە سەرەکییەکان بەئەنجومەنی ئاسایش دەسپێرن لەکاروباری پاراستنی ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتیدا، قایلن بەوەی کەئەنجومەن لەبری ئەوان هەستێ بەئەرکەکانی کەئەو بەرپرسیاریەتییە دەیسەپێنی (بڕگەی أ مادەی 24ی بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان).

واتا رێکخراوی نێودەوڵەتی کەسایەتی یاسایی نێودەوڵەتی خۆی هەیە، ئەو کەسایەتییەش یەکانگیر نییە لەگەڵ کەسایەتی یاسایی هەر وڵاتێکی بەشدار لەئەندامێتی ئەو رێکخراوەدا، واتا رێکخراوی نێو دەوڵەتی کەسایەتی یاسایی سەربەخۆی هەیە لەکەسایەتی یاسای وڵاتانی بەشدار لەپێکهێنانیدا، ئەو کەسایەتییەش توانا دەداتە رێکخراوەکە کەبەچالاکیەکانی هەستێو بچێتە ناو پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکانی کەیاسای نێو دەوڵەتی گشتی رێکی دەخات.

[21] ب رادوینوف، سەرچاوەی پێشووی صوفیا 1975ل227

www.pertwk.com

پێشکەوتنی نوێ لەیاسای نێو دەوڵەتی گشتیدا بەلای ئەوەدا دای دەشکێنی کەکەسایەتی ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان بسەلمێنێ، وەك کۆمەڵەی گەلانو نەتەوە یەکگرتووەکانو، ڕێکخراوە هەرێمییەکانو کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبو ڕێکخراوی وڵاتانی ئەمریکاییو وەکالەتە تایبەتمەندە جیهانییەکان وەك ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیو هتد...

هەروەها بەراشکاوی داننان بەکەسایەتی ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکاندا نراوە لەمادەی 104ی بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکانداو, لەو ڕاوێژکارییەدا دادگای دادی نێودەوڵەتی دەریکرد لەپرسی قەرەبووکردنەوەکاندا، پرسی کونت برنادۆت نێردراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەفەلەستین دا ساڵی 1948، واتا نەتەوە یەکگرتووەکان بۆی هەیە ئەو داوایە بجوڵێنێ دژی فەرمانڕەوایی ئەو وڵاتەی تاوانێکی دەرهەق بەفەرمانبەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجام دراوە.[22]

ئەو وڵاتانەی خاوەن سەروەری تەواون کەسایەتی یاسایین لەسیستمی یاسای نێودەوڵەتیدا، چونکە دەتوانن بنەمای یاسایی پێك بهێنن، لەبەر ئەوەش ئەوانن کەفەرمانەکانی یاسای نێو دەوڵەتیان ئاراستەکراوە، ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان دەبێ بۆ ئەوەی بتوانێ ئامانجەکانە بەدی بهێنی پێویستی بەدان پێنانی کەسایەتی یاسایی دەبێ بۆی، ئەویش بەپێی فەرمانەکانی بڕوانامەی پێك هێنەری کەبەدەستی دەهێنی، بەراشکاوی کەلەبڕوانامەکەدا دەق لەسەر کەسایەتی بەمەرج نەهاتبێ بەڵکو دەبێ مافو تایبەتمەندییەکانی کەهاتوون دەربڕێ ویستی خودی ڕێکخراوەکە بن.[23]

ئەگەر نەگونجان هەبێ لەنێوان دانایان دا سەبارەت بەدانان بەکەسایەتی یاسایی بۆ ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان، بۆچونی هەندێك لەلایەنگرانی تیۆریی کلاسیکی یاسای نێودەوڵەتی گشتی ئەوەیە کەکەسایەتی ئەم یاسایە بەتەنها وڵاتانن، بەڵام ئەمڕۆ بۆچونی زۆربەی دانایان بریتییە لەدانان بەکەسایەتی ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان، بۆ ئەو ڕۆڵەی کەرێکخراوە نێودەوڵەتییە جیهانیو هەرێمییەکان دەیگێڕن لەدانانی بنەمایی یاسای نێو دەوڵەتیو لە ڕێکەوتنو پەیماننامە نێو

[22] د. محەمەد عەزیز شوکری سەرچاوەی پێشوی ل170–171

[23] د. موفید شیهاب سەرچاوەی پێشوی ل91–92

دەوڵەتییەکاندا، بۆ ئەوەی ئەرکەکانی پیادە بکات پێویستە دان بەکەسایەتی نێو دەوڵەتیدا بنرێ.لەم بوارەدا فیکیلوف ئەوەی دەستنیشان کردووە" کەبەشداری کردن یان توانای بەشداری کردن لەپەیوەندییەکانی یاسای نێو دەوڵەتیدا نهادێك پێك دەهێنێ لەگرنگترین نهادەکانی لەکاتی سەلماندنی کەسایەتی یاسای ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان".[24]

لەکاتی لێکۆڵینەوە لەکەسایەتی یاسایی ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان پێویست بەگەڕانو شیکاری فەرمانەکان دەکات کەلەبڕوانامەی دامەزراندن داهاتوون بۆ ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان بەشێوەیەکی گشتی. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەم سەردەمەدا بەرێکخراوێکی جیهانی دائەنرێو کەسایەتی یاسایی نێو دەوڵەتی هەیە ئەركو بەرپرسیارییەتی گرنگترو گەورەتری دەکەوێتە سەرشان لەو ئەرکانەی دەکەوێتە سەر شانی ڕێکخراوە هەرێمییەکان. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کەکەسایەتی یاسایی ڕێکخراوە هەرێمیەکان لەکەسایەتی یاسایی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هەڵقوڵابێ بەڵکو سوودی لەکەسایەتی یاسایی نەتەوە یەکگرتووەکان وەرگرتووە، بۆ دیاری کردنی شوێنو توانای کەسایەتی یاسایی ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان، فیکیلوف باس دەکاو بەراوردی دەکات" بەوەی کەتایبەتمەندی ڕێکخراوە هەرێمییەکان بۆ ئاسایشی کۆمەڵو کەسانی یاسایی بریتییە لەتایبەتمەندی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەب خۆیو ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقیا".[26]

3- کەسایەتی یاسایی ڕێکخراوە هەرێمییەکان.

ئەو ناکۆکیەی لەنێوان دانایاندا سەری هەڵدا لەهەڵسەنگاندنو دیاری کردنی کەسێتی یاسایی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، لەکاتی پێکهێنانی ڕێکخراوە هەرێمییەکانیشدا سەری هەڵدا، لەبەر ئەوەی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەب کۆنترین ڕێکخراوی نێودەوڵەتییە سێ مانگ پێش نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزرێنراوە،

[24] ی فیکیلوف، سەرچاوەی پێشوی ل179

[26] ی فیکیلوف سەرچاوەی پێشوی ل192

www.pertwk.com

بەنموونە دەی هێنینەوە بۆ ڕێکخراوە هەرێمییەکان، لێکۆلینەوە لەسەر سروشتی یاسایی کۆمەڵەی ولاتانی عەرەب و کەسێتی یاسایی و ئەو بۆ چونانەی سەبارەتی هەن دەکەین بۆ دیاری کردنی کەسایەتی نێو دەوڵەتی هەرێمی.

ئەو ناکۆکیەی هاتەکایەوە لەنێوان دانایاندا لەقۆناغی یەکەمی ژیانی ڕێکخراوی کۆمەڵەی ولاتانی عەرەب سەبارەت بەسروشت و کەسێتی یاسایی هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی لەپێش نەتەوە یەکگرتووەکان دابمەزرێنرێت، ئەو بیرۆکەیەی بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕوونی‌کردۆتەوە بۆ ڕێکخستنی هەرێمی لەبەشی هەشتەم دا لەلای دانەرانی بڕوانامەی کۆمەڵەی ولاتانی عەرەبدا روون نی‌یە هەربۆیەش بڕوانامەکەی بەهەژاری ماوەتەوە بۆ چەندین لایەنەوە کەگرنگن و ڕێکخستنی کاری ناو ڕێکخراوەی هەرێمی دەیانخوازێ کەئامانجی گشتی‌یان هەبێت، لەو کەم و کوریانە نەبوونی دەق و دیاری نەکردنی سروشتی کۆمەڵەو کەسایەتی یاسایی بەشێوەیەکی ورد، سیستمی یاساییەکەشی بەڕوونی دیاری نەکرابوو، ڕێکخستنی ناوخۆی تەواو بوو بوو.

ئەو بارودۆخە وای لەهەندێ داناکرد وەکو جورج سیل و، قەدوری و، محەمەد تەلعەت غەنێمی و، کەنکۆلی لەکەسایەتی یاسایی کۆمەڵە بکەن، بیانوی ئەمانەش بریتی‌بوو لەوەی کەولاتانی ئەندام تێیدا بەکردەوە دەستیان هەڵنەگرتووە لەهیچ دەسەلاتێکیان بۆ کۆمەڵە ئەوەش وای کردووە کەئاسان نەبێ تایبەتمەندی‌یەکانی ڕاستەوخۆی لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دیاری کرێ کەدام و دەزگای ئەم ڕێکخراوە هەیەتی.

غەنێمی لەوەش زیاتر دەڵێ" کە کۆمەڵەی عەرەبی کەسایەتی یاسایی ناوخۆیی هەیە" چەمکی کەسێتی بەواتای ناوخۆی سنووردارترە لەچەمکی کەسێتی یاسایی بەواتای نێودەوڵەتی ئەویان لێهاتوی گرێبەستی دەدوێ نەك لێهاتووی پەیمان بەستی, جیاوازیش هەیە لەوەدا کە کۆمەڵەی عەرەبی گری بەستێك ببەستێ لەوەی

کەپەیماننامەیەك ببەستێ. گرێ بەست بۆچوونێکە لەبۆچوونەکانی یاسای ناوخۆی‌داو پەیماننامەش بۆچوونێکە لەبۆچوونەکانی یاسای نێو دەوڵەتی.[27]

غەنێمی کورتەی بۆچونەکەی لەکەسایەتی کۆمەڵەدا دەردەبڕێ بەوەی کەسایەتی یاسایی نێو دەوڵەتی نی‌یە بەڵکو ئەوەی ناوی دەبات کەبەخۆیەتی یاسایی نێو دەوڵەتییە کەوای لێدەکات لێهاتوویی بەدەستهێنانی هەندێ ماف و پابەندبێ بەهەندێ ئەرکەوە، زیاتریش دەڵێ لەبەر ئەوەی کۆی دەنگ ڕەسەنە لەبریار وەرگرتندا دەچەسپێ و هەر بڕیارێك بەزۆرینەش بێت تەنها ئەوانە پێوەی پابەند دەبن کەقایلن پێی ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە کۆمەڵەی ولاتانی عەرەب ویست و ئیرادەی لەویست و ئیرادەی ولاتانی ئەندام تێیدا جیا نییە.[28]

بەلام بۆچوونی باو لەناو دانایی نێو دەوڵەتی عەرەبی‌دا بۆ ئەوە دەچێت دان بەکەسایەتی نێو دەوڵەتی کۆمەڵەی ولاتانی عەرەبی‌دا بنێ،[29]

هەروەها سەبارەت بەدانایانی نێودەوڵەتی ناعەرەبیش کەوای دادەنێن کۆمەڵەی ولاتانی عەرەب ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی هەرێمییە بەو واتایەی کەلەبەشی هەشتەمی بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا هاتووە لەبەرئەوەی مەرجەکانی ڕێکخستنی نێودەوڵەتی هەرێمی تێدا هەیە کەبریتییە لەئاشتی و ئاسایشی هەرێمی و هاوکاریکردن لەبواری کەلتووری و کۆمەلایەتی و ئابووری‌دا بەهاوکاریکردن و خۆ گونجاندن لەگەڵ نەتەوەیەکگرتووەکاندا بۆ بەدیهێنانی ئامانج و سەرەتاکانی هەردوو

---

[27] د. محەمەد تەلعەت ئەلغەنیمی کۆمەڵەی ولاتانی عەرەب، ئەسکەندەریە 1974، ل248

[28] د. محەمەد تەلعەت ئەلغەنێمی سەرچاوەی پێشوی ل252–253

[29] د. موفید شیهاب سەرچاوەی پێشوی ل452، محەمەد حافز غانم پەیوەندی‌یەکانی نێو دەوڵەتی عەرەب قاهیرە 1965 ل355، د. محەمەد عەبدولعەزیز سەرحاب ڕێکخراوە هەرێمییەکان قاهیرە ل135، د. عائیشە رایت ڕێکخراوە نێو دەوڵەتی قاهرە ل 221–222، محەمەد عەزیز شوکری کۆمەڵەی ولاتانی عەرەب ئاژانسە تایبەتەکانی لەنێو تیوریاو واقعدا کوێت 1975 ل32 ل36“ ئیبراهیم مستەفا مکارم کەسایەتی یاسای ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان قاهیرە 19756ل158.

www.pertwk.com

ڕێکخراوەکە، بۆیە ئەوانە دان بەکەسایەتی یاسایی نێودەوڵەتی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەب دادەنێن[30].

کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەب کەسایەتی نێودەوڵەتی هەیە چونکە مافی هەیە هەندێ کاری دیاریکراو بەئەنجام بگەیەنێ لەپەیوەندییەکانیدا لەگەڵ وڵاتانی دامەزرێنەری کۆمەڵەکە بەتایبەتی مافی چوونە ناو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی ماف و پابەندی نوێ پێکدەهێنن بۆ کۆمەڵەکە بەبێ هاتنە ناوەوەی هیچ سیستمێکی یاسایی تر[31].

بڕوانامەی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەب دەقێك یان فەرمانێکی لەخۆنەگرتووە بەراشکاوی کەپەیوەند بێ بەکەسێتی یاسای نێودەوڵەتییەوە، بەڵام دەق هەن ئاماژەی بۆ دەکەن. بەڵام شیکاری ئێمە بۆ سروشتی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەب لەو پێناسەیەوە هەنگاو دەنێت کەبۆمان دانابوو بەوەی کەرێکخراوێکی نێودەوڵەتییەو کۆمەڵێ لەوڵاتانی عەرەب دایانمەزراندووە بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی هاوبەشی دیاریکراو لەبڕوانامەکەیدا ویستی خودی خۆی هەیەو لەڕێی دام و دەزگاکانییەوە دەری دەبڕێ.

ئێمە وادەبینین کەهەر چوار ڕەگەزە سەرەکییەکەی ڕێکخراوەی نێودەوڵەتی لەکۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبدا هەیە کەبریتین لەرەگەزی بەردەوام بوون، ویستی سەربەخۆ، ڕەگەزی نێودەوڵەتی، ڕەگەزی ڕێککەوتن، هەروەها چالاکییە نێودەوڵەتییەکانی و ڕۆڵگیرانی لەپشتگیریکردنی ئاسایش و ئاشتی جیهانیدا وامان لێدەکات بتوانین کەسایەتی یاسایی نێودەوڵەتی بۆ کۆمەڵە بسەلمێنین.

کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەب بەشداری دەکاو دەچێتە بواری پەیوەندی نێودەوڵەتیی و ڕێسای یاسا نێودەوڵەتی گشتی ڕێکدەخەن، یەکێك لەومافانەی پێی بەخشراوە بەستنی ئەو ڕێکەوتننامەیە کەپێویستن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی.

مادەی سێ لەبڕوانامەی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەب بەدەق دەڵێ: ئەرکی ئەنجومەنی کۆمەڵە بریتییە لە بڕیاردان لەسەر ئامرازەکانی هاوکاری لەگەڵ دام ودەزگا

[30] کۆجیفینکۆف سەرچاوەی پێشووی ل451

[31] محەمەد عەبدولوەهاب ساکت ئەمینداری کۆمەڵەی گشتی وڵاتانی عەرەب قاهیرە 1974 ل57

نێودەوڵەتییەکانی کەلەئایندەدا دادەمەزرێن بۆ مسۆگەرکردنی ئاشتی و ئاسایش، بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان.

مادەی 19 دەڵێ: بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی کۆمەڵە بەودام و دەزگایانەی لەداهاتوودا پێکدەهێنرێن بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایش و ئاشتی.

ئەو دوومادەیەی سەرەوە پەیوەندن بەپێکهێنانی پەیوەندی بەمەبەستی هاوکاری لەبواری پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیدا لەنێوان کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەب و نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێکخراوە تایبەتمەندەکاندا کەپێوەی پەیوەندن و ڕێکخراوە هەرێمییەکانیش وەك ڕێکخراوی وڵاتانی ئەمریکاو ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقی هتد.. ئەگەر دان نەنرێ بەکەسێتی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەب دا ناتوانێ بچێتە هەموو ئەو پەیوەندییانەوە یان بەواتایەکی دی ناتوانرێ لێهاتوویی کۆمەڵە بسەلمێنرێ بۆ پیادەکردنی ئەو پەیوەندییانە بەبێ داننان بە بەکەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی کۆمەڵەدا.

بەڵام ئەوەی پەیوەندە بەویستی خودی کۆمەڵەوە سەربەخۆیە لەویستی وڵاتانی ئەندام، کۆمەڵە ویستی خودی خۆی هەیە بەسەربەخۆیی کە ئەمینداری گشتی دەری دەبڕێ لەسنووری چوارچێوەی بڕوانامەی کۆمەڵەدا

بڕیاری تایبەتی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان [32]، هەیە کەلەبانگهێشتی ئەمینداری کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەب دەکات بۆ ئامادەبوون لەو کۆبونەوانەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەیبەستێ بەوپێیەی نوێنەری کۆمەڵەیەو دەربڕی ویستی کۆمەڵەیە.

کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەب بۆی هەیە ماف بەدەست بهێنی و پابەندییەکان لەئەستۆ بگری لەپەیوەندییەکانیدا بەکەسانی تری یاسای نێو دەوڵەتییەوە، لەتواناشیدایە کەپیادەی ئەو ماف و پابەندانە بکات کەیاسای نێو دەوڵەتی بڕیاری لەسەر داوە ئەمەش ئەوە ئەگەیەنی کەلێهاتوویی هەیە بەپێی یاسای نێو دەوڵەتی بۆ ئەوەی

[32] بڕیاری ژمارە /477/ خولی پێنجەم کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

بتوانێ بەئامرازە یاساییەیە تایبەتەکانی بەرگری لەخۆی بکاو بەرپرسیاریەتی کردارەکانی خۆی لەئەستۆ بگرێ.

لەبواری ناوخۆیشدا کۆمەڵەی ولاتانی عەرەب بۆی هەیە کەسامانی گوازراوەو خانوو بەرەی هەبێ و هەڵسوکەوتی تێدا بکات و هەستێ بەگرێبەست و کاروبارەکانی تایبەت بەوەرگرتن، بەڵام لەبواری دەرەوەدا کەسایەتی نێو دەوڵەتی کۆمەڵەی ولاتانی عەرەب لەبەستنی پەیماننامەکاندا دەردەکەوێ مافی ئەوەی هەیە پەیماننامەی نێو دەوڵەتی ببەستێ لەگەڵ ولاتان و رێکخراوە نێو دەوڵەتییەکانی دی، نەبوونی دەقێکی وا لەبڕوانامەکەدا ئاماژە بەو مافە بکات ئەوە ناگەیەنی کەکۆمەڵە بۆی نەبی پەیماننامە ببەستێ، لەڕاستی‌دا کۆمەڵە بەکردەوە پیادەی ئەو مافەی کردووەو چەندها پەیماننامەی بەستووە لەگەڵ رێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان و ولاتاندا لەو رێکەوتنامانە. ئەو رێکەوتنامانەی لەگەڵ رێکخراوی کاری جیهانی‌دا بەستی لە ئاداری 1958 و لەگەڵ یۆنسکۆ لەتشرینی دووەم ساڵی 1957و لەگەڵ رێکخراوی تەندروستی جیهانی ساڵی 1961، لەگەڵ رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خواردەمەنی و کشتوکاڵ ساڵی 1960. گومان لەوەدا نی‌یە کەئەم رێکەوتنانە بەپێی بڕوانامەی کۆمەڵەی ولاتانی عەرەب و بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بەتایبەتیش بەشی هەشتەم لەبڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بەستراون.

کۆمەڵەی ولاتانی عەرەب بەبەستنی پەیماننامەکان لەگەڵ کەسانی یاسای نێودەوڵەتی‌تر بەشدارە لەپێکهێنانی رێسای نێودەوڵەتی بۆ رێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان کەسانی تر (کەسانی یاسای نێودەوڵەتی) لەرێی ئەو بڕیارانەی کەدەری دەکات و هاوبەشی دەکات لەپێکهێنانی نەرێتی نێودەوڵەتیدا، کۆمەڵەی ولاتانی عەرەب مافی ئاڵوگۆڕی نوێنەرایەتی دبلۆماسی هەیە سەبارەت بەو کاروبارانەی دەچنە ناو تایبەتمەندییەکانییەوە، ئێستای بواری نوێنەرایەتی دبلۆماسی کۆمەڵە فراوان بۆتەوە، کۆمەڵە مافی نوێنەرایەتی هەمیشەیی هەیە لە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا، هەروەها کۆمەڵە چەندین نووسینگەی هەیە لە ولاتە بێگانەکاندا.

لەدیاردەی کەسایەتی یاسای نێودەوڵەتی کۆمەڵەدا ئەو حەسانەی دبلۆماسی کەنوێنەرانی ولاتانی ئەندام لەئەنجومەنی کۆمەڵەو لیژنە تایبەتمەندیەکانی هەیەتی، بێجگە لەمانەش ئەو حەسانەیی کەفەرمانبەرانی کۆمەڵە هەیانە لەکاتی هەڵسانیان بەکارەکانیان[33].

لەبەر رۆشنایی ئەوانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین، کەرێکخراوی ولاتانی عەرەب رێکخراوێکی نێودەوڵەتی هەرێمییە کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی هەیە بەپێی فەرمانەکانی بەشی هەشتەمی بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان لەبەر هەبوونی مەرجەکانی رێکخراوەی نێودەوڵەتی هەرێمی تێیدا، کەبرتیین لەپارێزگاری ئاشتی‌و ئاسایشی نێودەوڵەتی، ئەو کەسایەتییەش یاسای نێودەوڵەتی دەیسەلمێنێ لەرێی رۆڵ‌و چالاکی کردەوەی کۆمەڵی‌دا وەك رێکخراوێکی نێودەوڵەتی هەرێمی فەرمان‌و ئامانجەکانی یەکانگیرە لەگەڵ فەرمان‌و ئامانجەکانی بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان. کۆمەڵەی ولاتانی عەرەب بەشداریکرد لەپاراستنی ئاشتی‌و ئاسایشی نێودەوڵەتی لەرێی هەندێ رووداوە هەرێمییەکانەوە لەناوچەی عەرەبدا وەك هەردوو تەنگەژەی لوبنانی ساڵی 1958-1975،و تەنگەژەی کوێت 1961، نەتەوەیەکگرتووەکانیش لەچەندین بۆنەدا دانی ناوە بەکۆمەڵەی ولاتانی عەرەبیدا وەك رێکخراوێکی هەرێمی لەوانە بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ژمارە (120) کەلەخولی دووەمی‌دا لە 1947/9/16دا دەرچوو.

هەروەك چۆن گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کەرێکخراوی ولاتانی عەرەب رێکخراوێکی نێودەوڵەتی هەرێمییە کەسێتی یاسای نێودەوڵەتی خۆی هەیە، ئەوەش بەسەر سەراپای رێکخراوە نێودەوڵەتییە هەرێمییەکانی تردا دەچەسپێ کەرەگەزی رێکخراوی نێودەوڵەتییان تێدایەو ئامانج‌و سەرەتاکانیشی لەگەڵ ئامانج‌و سەرەتاکانی نەتەوەیەکگرتووەکان یەکانگیر دەبێ‌و دەبێ مەرجەکانی پێکهێنانی تێدابێ بەگوێرەی ئەو فەرمانەی کەلەبەشی هەشتەمی بڕوانامەی

[33] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە رێککەوتننامەی حەسانەو ئیمتیازاتی کۆمەڵەی ولاتانی عەرەبی هەروەها مادەی (14) بڕوانامەی کۆمەڵەی ولاتانی عەرەب

www.pertwk.com

نەتەوەیەکگرتووەکانـدا هـاتووە، وەك ڕێکخـراوی یـەکێتیی ئـەفریقیایی و ئەنجومـەنی ئەوروپایی و، ڕێکخراوی وڵاتانی ئەمریکا.. ئەوانی تریش.

***** *****

کۆتایی

www.pertwk.com

ژ	کوردی	عەرەبی	ژ	کوردی	عەرەبی
1	ئامانج	هدف	23	خێرا- بەتاو	بسرعة
2	ئامرازەکان	وسائل	24	ئه نجومەنی راسپێری	مجلس الوصايا
3	ئازاردان	اذاء	25	ئاوەژوو	مقلوب- معكوس
4	ئاسایش	أمن	26	ئۆردو	جند- عكسر- جيش
5	ئاشتی	سلم، سلام	27	ئەتوار	اخلاقية
6	ئاراستە	ا تجاه	28	ئومێدەوار	متأمل
7	ئاگریبەتین	هول	29	ئەدگار	خاصية
8	رێگه- ئامراز	وسيلة	30	ئاوات	أمل
9	ئاسۆ	افق	31	ئەشێ	ممكن
10	ئەرك	مهام- مهمة	32	بارەبوو	اكتتاب- اعانة
11	ئه نجامدان	تأدية	33	بار	حال
12	ئاشتبوونەوە	تسوية المشاكل	34	بارستە	كتلة
13	ئاوێتەکراو-	تركيبة- مركب	35	بارمتە	وديعة- تأمين

ژ	کوردی	عەرەبی	ژ	کوردی	عەرەبی
	ئامێتە- ئاوێتە				
14	ئاژانس	وكالة	36	بارە	قضية- صدد
15	ئاژاوەنانەوە- ئاشوبەنانەوە	اثاره الفتن	37	بالأدەست	مهيمن- مسيطر
16	ئابرِوبەر	فاضح	38	بایەخدار	ذو اهمية
17	ئارەزوو	خيار	39	بەرامبەری	ازاء
18	ئاشکرا	واضح	40	بانگێشت	دعوة
19	ئاسا	مثل	41	بەشدار- پشکدار	مساهمة
20	ئاکام	عاقبة	42	بەرەو	نحو
21	ئاشوبە	فتنة	43	بەڕاشکاوی	صراحة
22	ئاگرباران- بوردومان	القصف بالمدافع	44	بەسەرچوون	تقادم
ژ	کوردی	عەرەبی	ژ	کوردی	عەرەبی
45	بەرگر	مدافع	70	بەرەو	نحو
46	بەدەرکردن	استثناء	71	بەئاگا	مستيقظ
47	بەزاندن	خرق	72	بەڕاشکاوی	صراحة
48	بەردەوام	مستمر	73	بروبیانوو	مبرر
49	بەرەنگاربوونەوە	تصدى	74	هێزی فریاگوزاری	قوات طوارىء
50	بەتاو	بسرعة	75	بزوتنەوە	حركة
51	بەرەو پیری چوون	استقبال	76	بڕیارماندا بەخۆماندا بچینەوە	اعتز منا ان ناخذ على انفسنا
52	بەڕێو جێ	ملائم	77	هێزی یاسایی	قوة قانونية
53	بەزارەکی	شفهي	78	بیانو	حجة
54	بەزەبرو زەنگ	عنيف	79	بریکارنامە	وكالة
55	بەزین	تقهقهر	80	بنبڕ	قاطع
56	بەسوێ	مؤلم- موجع	81	بەستەڵەك	جمود
57	بەکام	متكامل	82	بەزاندن	خرق
58	بەکەم زانین	احتقار	83	بەردەوام	مستمر

www.pertwk.com

59	بەگوڕ	نشيط- فعال	84	بەگوێرەی	بحسب
60	بەگیان	معنوى	85	بێجگە	عدا
61	بەگیر	عنود	86	بەجێهێنان	تطبيق- ا نجاز
62	بەلەسە	عاصي	87	بەکۆمەڵ	جماعي
63	بەلگەدار	دلالة	88	بەرپابوون	قيام- اشعال- تدمر
64	بەندوباو	اشاعة	89	وەرچەرخان	تحول
65	بەنگ	حشيشة- افيون	90	بەرێو جێ	ملائم
66	بەلا	هول	91	بێ ئەندازە	غير محدود
67	بە پیت	مثمر	92	بێبار	انتهازي
68	بنچینە- بناغە	اساس	93	بێهێز	منكود- منعوس
69	بوار	مجال	94	بێ پایان	بدون نهاية
ژ	کوردی	عەرەبی	ژ	کوردی	عەرەبی
95	بێهاوتا	منقطع النضير	119	پاراو	فصيح
96	بێ شومار	هائل	120	پاراستن	صيانة
97	بیانوو	ذريعة	121	پەیرەو	نهج
98	پشێوی	فوضى- اضطراب	122	پاس	حراسة
99	ویست	ارادة	123	پاسادان	تحقيق
100	پابەندکردن	الزام	124	پاشاگەردانی	فوضى
101	پابەندبوون	التزام	125	پاشبەند- پاشکو	ملاحق- لاحق
102	پەرۆش	حرص	126	پاشگەز	تراجع
103	پێسپێرێ	وصايا	127	پاشماك	وراثة
104	پێکهاتن	توفيق	128	پاشەرۆژ	مستقبل
105	پاوان	حصر	12	پرس پێکردن	استشارة

			9		
106	پێکهێنان	تواقف	130	پروپوچ	عبث
107	پێچەوانە- دژوار	متناقض	131	پشێوی	اضطراب
108	پێکگەیشتن	صلات	132	پوشت	لوطى، ديوس مضاجع ذكر
109	پیاچوونەوە	مراجع	133	پێش بەست	منع، حائل، حاجز
110	پرۆسە	عملية	134	پەراوێز	حاشية- هامش
111	پرۆسەی جەنگسازی	عمليات حربية	135	پرس	مسالة
112	پێسپاردن	اناطة	136	تێکرا	اجماع
113	پارێزگاری	حفاظ	137	تێپەڕی	تجاوز
114	پابەند	تقيد- وثاق	138	تێکۆشان	سعي
115	پاسگە	مخفر	139	ترازان	انفصام
116	پاداشت	اكرامية- مكافئة	140	تایبەت بەخۆ	خاصية
117	یەکلاکردنەوە	تسوية	141	تکاکردن	التماس
118	یەکانگیر	تلازم، توافق	142	توقاندن- تیرۆر	ارهاب
143	تۆکمە	متين- رصين	170	چر	مركز
144	تواز	ميزانية	171	چڕکردنەوە	تكثيف
145	توخم	عنصر	172	چە پارەدان- سپەر	احتراز
146	تونابوون	تشتيت	173	چاودێری	مراقبة
147	تەگبیرکردن	تدبير	174	چوونە نێوانەوە- ناوبژی	وساطة
148	تەلەکەباز	غشاش	175	چەندین	عديد
149	تەواتییر	اشاعة	176	چوونیەك	تشابه- تجانس

www.pertwk.com

150	تەوزیم	الزام- اجبار	177	چەرخەدەكات	تدور
151	تێشكان	فشل- احباط	178	چەرخان	دوران
152	تێفكرین	امعان نظر	179	خۆی دەرخست	تظاهر
153	تێوەگلان	تورط	180	خەباتگێر	مناضل
154	تیرەگەری	تعصب- طائفي	181	خرا پبوون	تدهور
155	تەقەلا	السعي- اجتهاد	182	خامۆش	سكون
156	تێهەڵچوونەوە	استئناف	183	خا پور	تدمير
157	جێگیربوون	استقرار	184	خورسك	طبيعي
158	جێبەجێكردن	تنفيذ	185	خوو پێوەگرتن	مدمن عليه
159	جەنگ	حرب	186	دەست وەردان	تدخل
160	جێگیربوون	ثبات	187	داننان	اقرار
161	جیاواز- جیا	مختلف- مغاير	188	دارشتن	صياغة
162	جۆراوجۆر	تنوع	189	دەر برین	تعبير
163	جیای دەكاتەوە	يميز	190	دەستەواژە	عبارة
164	جیاكردنەوە	تمييز	191	دەقی یاسایی	نص قانونى
165	جۆش وەرگرتن	متعة	192	دروست	سليم
166	جڵەوگیر	منع- صد	193	دەقاودەق	متطابق
167	جیا	مغاير	194	دەوڵەتی بەگژیەكداچوو	دول متازعة
168	چەسپاندن	تطبيق- ترسيخ	195	دانپیدانراو	معترف به
169	چارەسەر	حل- علاج	196	دیاردە	ظاهرة
197	دیمەن	منظر	226	دەستبەر	كفيل
198	هاواركردن	تعديل	227	دەسەڵات پیدان	صلاحيات
199	دژوار	متناقض	228	دەم و دەست	حالا- فورا
200	دیارو بەرچاو	مميز	229	دلنیا	تأكيد
201	دەزگا	جهاز	230	زەبرو زەنگ	قساوة
202	دوژمنكاری	العدوان	231	زانا	عالم
203	دەری دەكات	يتخرج	232	زاتكردن	جراءه بسالة
204	دەردەكەوێ	يتبين	233	زۆرەملی	اجبار
205	دەنوێنێ	يمثل	234	زەبوون	بائس
206	نواندن	تمثيل	235	زیرەوان- سیخوری	جاسوس

207	دیاریكراو	معين	236	زامنی	كفالة
208	دۆز	قضية	237	زەوتكردن	غصب
209	دانا	فقيه	238	زەمینە	ارضية
210	دوستانە	ودي	239	رۆڵ	دور
211	دۆستایەتی	مودة	240	رێو شوێن	تدبير
212	دیكۆمێنت	وثيقة	241	رێگر	مانع
213	درەخشاو	مشرق	242	رێككەوتن	اتفاق
214	درەوشاوە	لامع- ساطع	243	روداو	حدث- واقعة
215	درێغی كردن	تقصير	244	roوبەڕوونەوە	مواجهة
216	دژكار	مناويء	245	لەراستیدا	في الواقع
217	دڵدانەوە	مواساة	246	رەشنووس	مسودة
218	دلڕەقی	قساوة	247	رەها	مطلق
219	دلنیا	متيقن	248	رواڵەتی	سطحي
220	دڵەڕاوكێ	قلق	249	روونی دەكاتەوە	توضح
221	دۆخ	حالة	250	رونكردنەوە	بيان
222	دووان	حديث	251	راوێژ	مشورة
223	دەستبەردان	هجر- ترك	252	راستی	حقيقة
224	دەست پاك	امين	253	راست	صحيح
225	دەست مایە	رأس مال	254	رەوانەكردن	احالة
255	راگرتن	وقف	282	سازش	مساومة
256	وێرانكەر	مدمر	283	ستایش	مدح
257	راز	سر- خافية	284	سەربە	تابع له
258	رازنووس	سكرتيرة	285	سەرپەرشتی	اشراف
259	رایی بوون	تسهيل	286	سپارشت	تزكية
260	راڤە- راڤەكردن	تفسير	287	سەر پشك	اختيار
261	ركێف	سيطرة	288	شەقڵ	خصاص
262	روو لێنان	واسطة	289	شیاو	ملائم
263	رەفتار- هەڵسوكەوت	تصرف	290	خۆسە پاندن	هيمنة
264	ریسا	قاعدة	291	فەرمان	حكم
265	رێ لێگرتن	منع	292	فەرمانڕەوا	حكومة

www.pertwk.com

266	رق ئەستور	عنيد	293	فشار بۆ هێنان	ضغط عليه
267	ژیاری	حيوي	294	قەواڵە- قەباڵە	سند
268	ريشەيی	جذري	295	فرياگوزاری	طواريء
269	سازندە	ا يجابي	296	قەدەغە	منع
270	ناسازندە	سلبي	297	قێزەون	منبوذ
271	سەقامگیر	استقرار	298	قەبە	جسام
272	سەلماندن	اثبات- برهان	299	قەلاچۆكردن	مكافحة
273	سەرەڕای ئەوەی	بالرغم من	300	كێشە	نزاع
274	سەرەتا	مبدأ	301	كۆمەلگا	مجمع
275	سروشت	طبيعة	302	كاروبار- پرسەكان	مسائل
276	سەبارەت	حول	303	كەشتی بەندەر لەنگەریگرت	السفينة ارست في الميناء
277	سەقامگیر	ترسيخ	304	كوتومت	بالضبط
278	سكالا	شكوى	305	كۆنوس	محضر
279	سپاردن	ايداع	306	كوتوپڕ	طاريء
280	سەروەری	سيادة	307	كردەوەكان	اجراءات
281	سەركردن	قمع	308	كۆشش	بذل- سعي
309	كۆگر	جامع	336	لەنيواندا	ضمن
310	كەلەكەبووە	تراكم	337	لەسەر	بناء على
311	كردارەكان	اعمال	338	لاواز- بێ پیز	ضعيف
312	كارەسات	اهوال	339	لەئارادايە	قائم
313	كۆششی سازاندن	مساعي حميدة	340	مسۆگەر	ضمان
314	كاردانەوە	انعكاس	341	متمانە	ثقة
315	كردارەكانی تۆڵەسەندنەوە	اعمال الثار	342	يارمەتی	المعونة
316	گۆشەگیر	عزل	343	ناكۆكی	فراق
317	گوزارش	مصطلح	344	نكۆڵی	انكار
318	گیروگرفت	مشكلة	345	لەناكاو	غفلة
319	گوێڕایەڵی	اطاعة	346	نەهێڵێ	يفض
320	گومان	شك	347	ناوبژيوانی	التحكيم
321	گێڕانەوە بۆ	اعادته الى انصابه	.	ناوەرۆك	مضمون- جوهر

	بارودۆخی جاران		348		
322	گەورەبوونەوەی	تفاقم	349	نەژاد	اصل
323	گەياندن	اتصالات	350	نێردراو	مبعوث
324	گەماروودان	حصار	351	هاتنە پاڵ	انضمام
325	گونجاو	مناسب	352	هەلايسان	نشوب
326	گرژیو ئاڵۆزی	توتر	353	هەنگاو بۆنان	قدم
327	گەواهی دان	شهادة	354	هاوشان	ترافق
328	هەميشە	دائم	355	هێشتاكە	مازالت
329	لادان	مخالف	356	هاوكات	تزامن
330	لەنگەر	رسو	357	هەوڵدان	محاولة
331	لەراستيدا	في الواقع	358	هاوكاری	تعاون، تضامن
332	لە پێناو	من اجل- في سبيل	359	هەلوەشاندنەوە	الغاء- ابطال
333	لابردن	ازالة	360	هاتەكايەوە	اتى الى الوجود
334	لێكۆڵینەوە	تحقيق	361	هەرە گرنگەكان	الاهم
335	لوتشكاندن	ردع	362	هەوڵ	جهد
363	هاوسۆزی	تعاطف	366	وەكو	طبقا
364	هانابردن	استعانة	367	ولاتانی هەميشە ئەندام	دول دائم العضوية
365	وتووێژ- گفتوگۆ، دانوستاندن	مفاوضات			

www.pertwk.com

ئەم فەرهەنگۆكە :

واتای عەرەبی ئەو وشانەن، کەلەم وەرگێڕانەدا بەکارهاتوون، دەشێت بەشێکیان مانای دەقاو دەقیان نەپێکابێ، بەڵام لەڕووی شێوازو پێناسەی یاساییدا یارمەتی خوێنەری بەڕێز دەدەن، ئەگەر لەکاتی خوێندنەوە جۆرێك تێکەڵاوی لەلا دروست بووبگەڕێتەوە سەریان، هاوکاریان دەبێت لەبەر ئەو مەبەستە ئەم فەرهەنگۆکەمان بەپێویست زانی..

سەرچاوەکان

سةرضاوة عةرةبييةكان

1. ابراهيم العاني، الدكتور، التنظيم الدولي، القاهرة 1976.
2. ابراهيم مصطفى مكارم، الشخصية القانونية للمنظمات الدولية، القاهرة 1975.
3. اسماعيل صبري مقلد، الدكتور، الاستراتيجية والسياسة الدولية المفاهيم والحقائق الاساسية، بيروت، 1979.
4. أميل توما، الدكتور، جذور القضية الفلسطينية، دمشق 1980.
5. بطرس بطرس غالي، الدكتور، الجامعة العربية وتسوية المنازعات المحلية، القاهرة 1977.
6. بطرس بطرس غالي، الدكتور، العلاقات الدولية في اطار منظمة الوحدة الافريقية، القاهرة 1974.
7. تأريخ السياسة الخارجية للاتحاد السوفياتي، الجزء الاول، دار التقدم، موسكو 1975.
8. تونكين، القانون الدولي العام، القاهرة 1972.
9. تونكين، نظرية القانون الدولي، موسكو 1970.

10. تيسير النابلسي، الدكتور، الاحتلال الاسرائيلي للأراضي العربية، دراسة لواقع الاحتلال الاسرائيلي في ضوء القانون الدولي العام، بيروت 1981.
11. جميس امري جويس، قصة التعاون الدولي، القاهرة 1967 ترجمة عبدالحميد عبدالغني للعربية.
12. حامد سلطان، الدكتور، القانون الدولي العام وقت السلم، القاهرة 1972.
13. حسن الجلبي، مباديء الامم المتحدة وخصائصها التنظيمية، القاهرة 1970.
14. حسن العطار، الدكتور، المنظمات الدولية بغداد 1970.
15. زكي هاشم الدكتور، الامم المتحدة القاهرة 1951.
16. زوتوف، التعاليم اللينينية حول ثورات التحرر الوطني والعصر الراهن، دار التقدم، موسكو 1983.
17. سموحي فوق العادة، الدكتور، القانون الدولي العام، دمشق 1960.
18. عائشة راتب، الدكتور، التنظيم الدولي، الكاتب الثاني، التنظيم الاقليمي والمتخصص، القاهرة 1971.
19. الشافعي محمد بشير، الدكتور، القانون الدولي العالم في وقت السلم والحرب، القاهرة 1976.
20. عائشة راتب، الدكتور، المنظمات الدولية، القاهرة 1964.
21. عبد العزيز محمد سرحان، الدكتور، المنظمات الاقليمية والمتخصصة، القاهرة 1974.
22. عبدالعزيز محمد سرحان، الدكتور الاسس العامة للمنظمات الدولية، القاهرة 1986.
23. عبدالعزيز محمد سرحان، المنظمات الاقليمية، القاهرة 1975.
24. عبدالعزيز محمد سرحان، الدكتور، دروس في المنظمات الدولية القاهرة 1968.
25. عبدالمنعم جنيد، الدكتور، دروس في القانون الدولي العام، القاهرة 1975.
26. عليصادق أبو الهيف، الدكتور، القانون الدولي العام، القاهرة 1975.
27. فؤاد شباط، الدكتور، الحقوق الدولية العامة، الطبعة الخامسة، دمشق 1964.
28. كمال غالي، الدكتور، ميثاق جامعة الدول العربية، القاهرة 1948.

www.pertwk.com

29. لينين، حركة شعوب الشرق الوطنية التحررية، دار التقدم موسكو.

30ـ محمد المجذوب، الدكتور، محاضرات في المنظمات الدولية والاقليمية، بيروت 1978.

31. محمد حافظ غانم، الدكتور، العلاقات الدولية العربية، القاهرة 1965.

32. محمد حافظ غانم، الدكتور، المنظمات الدولية 1967.

33. محمد حافظ غانم، الدكتور، المحضرات عن جامعة الدول العربية، القاهرة 1960.

34. محمد سامي عبدالحميد، الدكتور، قانون المنظمات الدولية، الاسكندرية 1967.

25. محمد سامي عبدالحميد، الدكتور،العلاقات الدولية، مقدمة لدراسة القانون الدولي العام، بيروت.

36. محمد طلعت الغنيمي، الدكتور، التنظيم الدولي الاسكندرية، 1976.

37. محمد طلعت الغنيمي، الدكتور،جامعة الدول العربية، الاسكندرية 1974.

38. محمد عبدالوهاب الساكت، الامين العام لجامعة الدول العربية، القاهرة 1974.

39. محمد عزت دروزه، العدوان الاسرائيلي القديم والعدوان الصهيوني الحديث على الفلسطين وما جاورها، الجزء الثاني، بيروت 1980.

40. محمد عزيز شكري، الدكتور، الاحلاف والتكتلات في السياسة الدولية، الكويت 1978.

41ـ محمد عزيز شكري، الدكتور، التنظيم الدولي العالمي بين النظرية والتطبيق، دمشق 1973.

42. محمد عزيز شكري، الدكتور، التنظيم الدولي العالمي بين النظرية والواقع، دمشق 1973.

43ـ محمد عزيز شكري، الدكتور، المدخل الى القانون الدولي العام وقت السلم، دمشق 1973.

44. محمد عزيز شكري، الدكتور، جامعة الدول العربية ووكالاتها المتخصصة بين بين النظرية والواقع، الكويت 1975.

45ـ محمود رياض، مذكرات محمود رياش والبحث في السلام والصراع في الشرق الاوسط، بيروت، الطبعة الاولى، 1981.

46. مفيد شهاب، الدكتور، المنظمات الدولية، اقاهرة 1976.

47ـ مكسيم رودنسون، الياس نرقص، اميل توما، الامة والمألة القومية، الوحدة العربية والماركسية، بيروت 1971.

سەرضاوەكان بەزمانەكانى تر

1. اوبنهايم، القانون الدولي، الجزء الثاني، لندن 1952.

2. بويت، قانون المنظمات الدولية، الجزء الثاني لندن 1970.

www.pertwk.com

3. تيوشكيفيش، الماركسية اللينينية وقضايا الحرب والجيش، موسكو 1974.
4. رادينوف بيتكو، النظام الدولي للبلدان التابعة والمستعمرة، صوفيا 1961.
5. رادينوف بيتكو، الوظائف القانونية الابداعية للمنظمات الدولية، صوفيا 1975.
6ـ سافوشكي ديرين شيلياغن،الحروب العادلة، والحروب غير العادلة، مسوكو، دار الحقيقة 1979.
7. ستيفانوفا سلافا، للأمن في اوربا، صوفيا 1980.
8. شورشالوت، قانون العلاقات الدولية، موسكو 1971.
9. شيشكوف آنكل، ثورة اكتوبر الاشتراكية العظمى وحق الشعوب في تقرير المصير، مجلة الفكر القانوني، العدد 4 صوفيا 1977.
10ـ فاخر وشيف، الساية الاستعمارية بعد الحرب العالمية الثانية، موسكو، دار التقدم.
11. فيدروس، القانون الدولي، موسكو 1959.
12ـ فيلدمان، الاعتراف بالدولة في القانون الدولي المعاصر، اصدار جامعة كازان 1965.
13. كوجيفكيوف، القانون الدولي، صوفيا 1957.
14. كوجيفكيوف، درس في القانون الدولي، صوفيا 1970.
15. كيلسن، السلام من خلال القانون، 1944

16. كينوفسكي ميخائيل، أسس القانون الدولي، صوفيا 1974.
17. لوكاشوك، علاقات التعايش السلمي والقانون الدولي، كييف 1974.
18. ليفين، مبدأ الحل السلمي للمنازعات الدولية، موسكو 1974.
19. ليفين، مشاكل النظريات الحيوية للحقوق الدولية، موسكو 1974.
20. ماسلاروفا، الاساس القانوني للشخصية القانونية الاتفاقية للمنظمات الدولية، مجلة الفكر القانوني، العدد الرابع، صوفيا 1976.
21. مودجوريان، اسس القانون وواجبات الدولية، موسكو 1965.
22. مودجوريان، القانون الدولي، موسكو 1970
23. ممورزوف، ك، ي، المنظمات الدولية وبعض القضايا النظرية، 1967.
24. موروزوف، المنظمات الدولية موسكو 1974.
25. موروزوف، المظمات الامم المتحدة، موسكو 1962.
26. واترز، منظمة الامم المتحدة من الحلم الى الواقع، نيويورك 1967.
27. يانكو فيكيلوف، حلول مسألة الشخصية القانونية الدلوية للمنظمات الاقليمية والامن الجماعي، الكتاب السنوي لجامعة صوفيا، مجلد ل12 صوفيا 1972.
28ـ يانكوف ألكسندر، الامم المتحدة، الجوهر القانوني والمركز القانوني الدولي صوفيا 1965.
29ـ يانكوف الكسندر، الشخصية القانونية الدولية للامم المتحدة رسالة دكتوراه صوفيا 1963.
30. يانكوف الكسندر، منظمة الامم المتحدة، صوفيا 1965.
31ـ التحالف الغربي والعلاقات الاطلسية، سلسلة الدراسات الاستراتيجية، بيروت 1982.

سوپاس و پێزانین

زۆر سوپاسی حکومەتی هەرێم دەکەم بۆ ئەو هەنگاوە جوامێرانەی بەکردنەوەی (خانەی وەرگێران) کەزەرورەتێکی ژیاری نەتەوەکەمانە.

www.pertwk.com

هەروەها سوپاس بێ پایانی بەڕێوەبەرو کارمەندانی ئەو خانەیە دەکەم کە دڵسۆزانە شەو دەخەنەسەر ڕۆژ لەئە نجامدانی کارەکانیاندا..

وەرگێڕ

www.pertwk.com

پێرست

ژ	بابەت	لاپەڕە
1	پێشەکی وەرگێڕ	5
2	پێشەکی دانەر	7
3	دەروازەی یەکەم یەکلاکردنەوەی کێشە نێودەوڵەتییەکان لەیاسای نێودەوڵەتی کۆن و سەردەم دا	14
4	بەشی یەکەم: کێشە نێودەوڵەتییەکان پێش دروست بوونی کۆمەڵەی گەلان	15
5	بەشی دووەم: یەکلاکردنەوەی کێشە نێودەوڵەتییەکان بەپێی بڕوانامەی کۆمەڵەی گەلان	45
6	بەشی سێیەم: یەکلاکردنەوەی کێشە نێودەوڵەتییەکان بەپێی بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان	66
7	بەشی چوارە: یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێودەوڵەتی بەپێی بڕوانامەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە هەرێمییەکان	134
8	دەروازەی دووەم	150
9	بەشی یەکەم: پێناس و ناوەرۆکی ڕێکخراوە هەرێمییەکان لەیاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخدا	151
10	بەشی دووەم کەسایەتی یاسایی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە هەرێمییەکان	177
11	فەرهەنگۆک	202
11	سەرچاوەکان	211
12	سوپاس و پێزانین	217

218